ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# دیوان

ژمارە (٣) ئابی ٢٠٢١ زایینی
گەلاوێژی ٢٧٢١ی کوردی

**گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە**
**ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات**

سەرپەرشتیاری گشتی
**بێکەس حەمە قادر**

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**



کاری هونەرمەند: **بەشدار نوری فەتحوڵڵا**

هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری
نزیک کۆلێژی دەرمانساز
govaridiwan@gmail.com

دیزاین: **ئاسۆ حەسەن ئەحمەد**

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠٤٤٨٣٨٦٣

ئازادی.... بۆیە ئازادی، چونکە لە دەرەوەی ئازادی هەم ژیان هیچ بایەخێکی نییە، هەم میدیا و میدیاکاران ناتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕن کە لەئەستۆیاندایە، هەم حکومەت ناتوانێ شانازییەکی تەواو بە خۆیەوە بکات، هەمیش پایەکانی فەرمانڕەوایەتی لاسەنگ دەبێت، هەروەها کۆمەڵگەش ناتوانێ بەو ئازادییە بگات کە ڕۆسۆ بۆ بنەچەی مرۆڤی دەگێڕێتەوە (مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن، بەڵام لەهەموو لایەکەوە بەندن).

مەبەستم نییە ئازادی لەهەموو شتێک دابماڵم و پێم وابێت مرۆڤ چەقی ئازادییە، ئەو ئازادییە ڕەهایەی ئێستاشی دەگەڵدابێت، هەن بانگەشەی بۆ دەکەن.

بەڕای زۆربەی فەیلەسووف و ڕۆشنفکرانی دونیاش (ئازادی و دەسەڵات و یاسا) وەک سێکوچکەیەک وان، بە کەوتنی هەر یەکێکیان هاوسەنگییەکە تێکدەچێت، بەومانایەی کە ئازادی بوو بە یەکێک لەئایدیا هەرە مەزنەکانی ڕۆشنگەری و لەگەڵ یاسا و دەسەڵاتدا بە چەشنێکی والیک گرێ دران، فەیلەسووفێکی وەک کانت بڵێ: ( یاساو ئازادی بەبێ دەسەڵات، واتە (پشێوی) یاساو دەسەڵات بەبێ ئازادی، واتە (ملهوڕی) دەسەڵات بەبێ ئازادی و یاسا، واتە (وەحشیگەری).

لەم چوارچێوەیەشدا کە پێمان وایە ئازادی و قەڵەم پاسەوانی مافی خەڵکە، پێشمان وایە میدیا بەبێ کەشێکی ئازاد هیچ نرخ و بایەخێکی نابێت. هەر ئەمەش وادەکات بگەینە ئەو تێگەیشتنەی کە ددانینان بە ئازادی پێش هەموو شتێک ڕێزگرتنە لەئیرادەی میدیاکانی کوردستان.

هەروەها بە شێوەیەکی گشتیش هەست دەکەین بنەماکانی میدیای ئازاد لەکوردستاندا دەرکەوتوون، لەڕووی یاساییشەوە، هەر یەک لەیاسای ڕۆژنامەگەری لەکوردستان و یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری بە دوو دەستکەوتی یاسایی بواری ڕاگەیاندن ئەژمار دەکرێن کە تائێستاکەش ڕای گشتی بە بایەخەوە لێیان دەڕوانێ، هەرچەندە دەمێکە هەندێ لایەنی خراپی یاسای ڕۆژنامەگەری لەکوردستان دەرکەوتون و هەندێکیشمان پێمان وایە کاتی ئەوە هاتووە پرۆژەی هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە گەڵاڵە بکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە هەندێ کەس مەترسییان هەیە لەبەرتەسککردنەوەی ئەو ئازادییەی لەم یاسایەدا جێگیرکراوە، ڕایان وایە باش نییە قسە لەهەموارکردنەوەی ئەم یاسایە بکرێت.

**سەرنووسەر**

# لەم ژمارەیەدا

*** دۆسییە:**


١- مەلافەندی یەکەم کەس بووە لە هەولێر کچی خۆی ناردۆتە قوتابخانە / ستار محەمەد ئەمین ........ ل٤

٢- مەلا فەندی لە هەمووان بەڕێزتر بوو / محەمەد گۆران ........ ل٨

٣- لە کۆنەوە دۆستایەتی لە نێوان جەلیزادان و ماڵی باب و باپیرانی مەلا ئەفەندیدا هەبوو / محەمەد گۆران ........ ل١٢

٤- ئازاد عیزەددین مەلافەندی باسی چەند وێسگەیەکی مەلافەنی باپیری دەکات / سمکۆعەبدولکەریم ........ ل١٧


*** ڕەخنە و لێکۆڵینەوە:**


١- لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ئەفسانەی (شاماران)ەوە / هۆشەنگ شێخ محەمەد ........ ل٢٠

٢- چەند سەرنجێک لەسەر شێخی سەنعان لای عەرەب و فارس و کورد / د. محەمەد تاتانی ........ ل٢٦

٣- شیعر و گیندەر / ناڵە حەسەن ........ ل٣٠

٤-نەتەوە و حیکایەت نووسەکانی / نەبەز گۆران ........ ل٤٠

٥- وێنەی هونەری و زمان جوانکاری لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر/ و:عەبدولستار شارباژێری ........ ل٥٢

٦- ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگوان، قەندێک لە شەکرە داری فەرهادی / دڵشاد کاوانی ........ ل٥٦

٧- خواندنەکا دەروونی- جڤاکی بۆ کورتە چیرۆکا (ژ دەفتەرا سەرلدانێ)/ د. عارف حیتۆ ........ ل٥٩


*** دەق:**

شیعر:


١-بادەی ئەلەست / غەریب پشدەری ........ ل٦٦

٢-ئەو دڵەی لە جوانسەرایەکەوە گیری خواردووە / موحسین ئاوارە ........ ل٦٧

٣-مەرگ ..هێندە ناشرین نیە / مەولود ئیبراهیم حەسەن ........ ل٦٨


چیرۆک:


٤-قلنە / ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی ........ ل٧٢

٥-دوژمنێکی نادیار / مستەفا نادر ........ ل٧٤


*** ڕۆشنبیریی گشتی:**


١- ڕۆشنیر و ئەرک و بەرپرسیاریەتی / شآناز هیرانی ........ ل٧٨

٢- ژەنگی ئایدیۆلۆژیا و ئاوێنە کریستاڵەکانی ئەدەب / نەجات ئەسپیندارەیی ........ ل٨١

٣- زمانی چاوپێکەوتن لە ڕۆژنامەدا / بورهان قادر ........ ل٨٦


*** دیدار:**


١- لەگەڵ کەژاڵ ئەحمەد-دا / بێکەس حەمە قادر ........ ل٩٦


*** هونەری:**


١- تیپی شانۆی ئەزموگەریم چۆن دامەزراند؟ / هیوا سوعاد ........ ل١٠٠

٢- شانۆی پۆڵەندی لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا ١٩٤٥-١٩٨٨ / نیهاد جامی ........ ل١٠٢


*** خوێندنەوەی کتێب:**


١- تەونی بریا خستنی دەمامکێکی دیکەی هیچووپووچی / نوری بێخاڵی ........ ل١١٤


*** لەبری بیرەوەری:**


١- ئەرێ کەس نامەیەکی باوکمی نەدۆزیوەتەوە ؟ / فەرهاد جەمیل ........ ل١١٨

٢- بیرەوەری ڕەنگ دوور لە دەنگ/ شێرزاد هەینی ........ ل١٢٠

٣- بنەماڵەی سەید خەنجەر بەیەکێک لە دێرینترین بنەماڵەی شاری هەولێر ناسراون/ ڕەوەست نەوزاد ........ ل١٢٤


*** وێستگەی دیوان:**


١- شێرکۆ بێکەس بۆ ڕۆمانی نەنووسی/ سمکۆ عەبدولکەریم، مەسعودی مەلا هەمزە ........ ل١٣٠

٢- گوڵەبەڕۆژە فرۆشەکە / محەمەد ئیسماعیل ........ ل١٣٥

٣- نامەی مەلا عەولا بۆ محەمەدی ماملێ / تارق جەوهەر سارمەمی ........ ل١٣٦

٤- سەبارەت بە نازناوی (بێزار) / هەندرێن خۆشناو ........ ل١٤٠


*** باخچەی دیوان:**


٢-سالۆنی لاپەڕە نۆ ........ ل١٤٢


*** دوالاپەڕە:**


١- وەهمی نووسەر و ئەدیبی کورد / سمکۆ عەبدولکەریم ........ ل١٤٨

# دۆسییە
# مەلا فەندی

- **مەلا فەندی یەکەم کەس بووە لە هەولێرکچی خۆی ناردۆتە قوتابخانە**

ستار محەمەد ئەمین

- **دابلیو ئار هێی، حاکمی سیاسیی هەولێر لە سەردەمی داگیرکاریی بەریتانیادا: مەلافەندی لە هەمووان بەڕێزتر بوو، زۆرجار لەگوندەکەی خۆی لەباداوە سەردانم دەکرد**

محەمەد گۆران

- **مەسعود محەمەد: لە کۆنەوە دۆستایەتی لە نێوان جەلیزادان و ماڵی باب و باپیرانی مەلا ئەفەندیدا هەبووە.**

ئامادەکردنی: دیوان

- **ئازاد عیزەددین مەلافەندی باس لە چەند ویستگەیەکی مەلافەندی باپیری دەکات**

ئازاد عیزەددین مەلافەندی

# مەلا فەندی یەکەم کەس بووە لە هەولێر کچی خۆی ناردۆتە قوتابخانە



ستار محەمەد ئەمین

هەولێر کۆنترین شارە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، بەدرێژایی ئەو مێژووە کۆنەی هەولێر، گەلێک کەسایەتی ناوداری تێدا هەڵکەوتووە، شارەزایی باشیان هەبووە و جێ پەنجەیان دیاربووە.

هەولێر زیاتر لەپێنج هەزار ساڵ پێش زایین ژیانی تێدا هەبووە، هەربۆیە لەگەڵ دروست بوونی حکومەتی نوێی عێراق و دروست بوونی جۆرێک لە ئەمن و ئاسایش لەم وڵاتەدا، جۆرێک لەبزووتنەوەی ئاییینیش لەهەولێر پەیدا بووە و ڕۆژ دوای ڕۆژیش لەسەردەستی پیاوە ئایینیەکان و زاناکان پەرەی دەسەند، بۆیە لەوکاتەدا مامۆستا ئاینییەکان دەورێکی باڵایان هەبووە، خەڵکەکە ڕوویان تێدەکردن و دەچوونە لای مەلاکان بۆ خوێندن کە جێگای باوەڕی خەڵکەکە بوون، هەربۆیەش بە هەزاران کەس بۆ خوێندن هاتوونەتە هەولێر و لای مەلاکانی هەولێر خوێندوویانە، یەکێک لەو ناوە درەوشانەش مەلا فەندیە.

لەم بارەیەوە دکتۆر جەواد فەقێ دەڵێ: جگە لەشاری هەولێر و باشووری کوردستان لەپارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەزاران خوێندکار هاتوونەتە هەولێر و لەسەر دەستی مەلافەندی و مەلا ئەبوبەکری باوکی و چەندین مەلای گەورەی دی پێگەیشتوون و وایان کردووە بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری ئایینی پتەو سەرهەڵبدات، بەشێوەیەکی گشتیش هەموو لایەک سوودی لێ وەربگرن، دەتوانین بڵێین هەولێر لەو سەردەمەدا بووە زانکۆیەکی گەورە، بەشێوەیەک چەندین دەرچووی پێ بگەیێنێت.

مەلافەندی یەکێک بووە لەپیاوە ناودار و کەسایەتییە ئاینییەکان و ئەشرافەکانی هەولێرێ کە دەوری زۆری هەبووە لەبواری سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی، هەر ئەوەش وایکردووە دەوری گرنگی تاکو ئێستاش نەوە لە دوای نەوە بۆ یەکدی بگێڕنەوە.

مەلافەندی ناوی تەواوی (مەلا ئەبوبەکر)ی چوارەمی کوڕی (مەلا عومەر)ە ساڵی ١٨٦٤ لەقەڵای هەولێر لەدایک بووە، ئیجازەی مەلایەتی لە(مەلاعومەر)ی باوکی وەرگرتووە، ئەو بەدرێژایی ژیانی هەرخەریکی دینداری بووە، ساڵی ١٣٠٩ کۆچی و لەتەمەنی (٣٠) ساڵیدا کاتێک باوکی کۆچی دوایی دەکات. مەلا ئەبوبەکر (مەلا فەندی) خوێندنی لەهەموو زانستەکانی ئایینی ئیسلامی تەواو کردبوو و ئیجازەی مەلایەتی لە مەلاعومەری باوکی وەرگرتبوو، بۆیە دوای کۆچی دوایی باوکی شوێنی ئەو دەگرێتەوە.

لەم بارەیەوە مامۆستا مەحمود ئەحمەدەفەندی کوڕی یەکەم موتەسەرفی هەولێرێ، کە ئامۆزای مەلافەندی بوو، باس لە مەلا فەندی دەکات و دەڵێت: مەلا فەندی دەورێکی زۆر دیاری هەبوو، هەر لەسەر ئاستی هەولێرنا، بەڵکو لەسەر ئاستی تەواوی کوردستان و هەموو عێراق، لەبەر ئەوەی زانایەکی ئایینی دیاربوو، ئەوانەی



ڕێپێدانیان لەوی وەرگرتووە، هەر لەهەولێر نەبووینە، بەڵکو لە عێراق و وڵاتانی دەوروبەریش هەن ئیجازەی مەلایەتییان لەسەر دەستی مەلافەندی وەرگرتووە.

هەروەها جگە لە لایەنی ئایینی لەسیاسەتیشدا دەورێکی باڵای هەبووە، هەروەک وتەو قسەکانی بەهەند وەردەگیرا، لەهەمان کاتیشدا جێگای متمانەی خانەوادەی پاشایەتی بوو، هەربۆیەش سەرۆک وەزیران و بەرپرسە ئیدارییەکانی عێراق لەهەموو پرۆژە و کێشەیەکدا ڕاوێژیان پێدەکرد و ڕای ئەویان وەردەگرت، بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام لەقەسرەکەی خۆی لەباداوە سەردانیان دەکرد.

خوالێخۆشبوو دکتۆر مەلا محەمەد گەزنەیی باس لەبنەماڵەی مەلافەندی دەکات و دەڵێت: لەزەمانی ئەبوبەکری یەکەم، کە ئەو بنەماڵەیە مەلا ئەبوبەکری کوڕی مەلاعومەری کوڕی مەلابەکری بەم شێوەیە

**لەسەردەمی مەلافەندی مزگەوتی قەڵا ڕۆڵی زانکۆی ئەزهەری دەبینی**

دووباره دەبێتەوە تاوەکو مەلا ئەبوبەکری گەورە لەساڵی ١٠٦٠ کۆچی لەدایک بووە، ئەوەبوو لێرە لەساڵی (١١٠٠)کۆچی هانیاندا بچێت لە ئەستەنبوڵ بخوێنێت، ئەوەبوو پێیان گوت: ئەگەر بچی لەئەستمبوڵ بخوێنی ئەوە چەند گوندێکی پێدەدەن و مەدرەسەکەشی زیاتر ئیعترافی پێدەکرێت، ئەوەبوو دەچێت لەوێ خوێندن تەواو دەکات، ئەو نازناوەی ئەفەندی لەوێوەوە وەردەگرێت. لەسەر نازناوی ئەفەندی بۆمەلا ئەبوبەکر لەدوایش بۆ بنەماڵەکەی، مامۆستا مەحمود ئەحمەدئەفەندی لەسەر ئەم نازناوە قسەدەکات و دەڵێت: لەسەردەمی عوسمانییەکاندا بۆچوونەکان و قسەکانی لە قوستەنتینییە زۆر بایەخی پێدەدرا گوێیان لێرادەگرت، زۆربەی کێشە و ململانێی نێوان هۆزەکان لەناوچەکە بە ئەو دەسپێردران و بەزووترین کات کێشەکانی چارەسەر دەکرد، هەربۆیەش سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم یەکێک لەو ویسامە گەورە و بەنرخانەی دەوڵەتی عوسمانی بە مەلافەندی بەخشی، کەپێی دەڵێن (ویسامی بەرقەدێین) هەروەها لەهەمان کاتیشدا ئەفەندی گەورەترین لەقەب بوو کە بەکاریان دەهێنا ئەوان ئەو لەقەبەیان دا بەمەلا ئەبوبەکر (مەلائەفەندی).

ئازاد مەلا فەندي کە کوڕی (مەلا ئەبوبەکر)ە دەڵێت: هەرچەندە کتێبخانەکەی مەلافەندی لەساڵی (١٩٥٨) زۆربەی فەوتا، بەڵام یەکێک لەو کتێبانەی پارێزراوەوە و تاکو ئێستاش ماوە، بەناوی (موختارسەحیحی) بوخاری کە لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمید پێیبەخشراوە بەدەستوخەتی خۆی، ئیمزای سوڵتانی لەسەرە. دوای ئەوەی عوسمانییەکان هەولێر بەجێدەهێڵن ئینگلیزەکان لەو ناوچەیە دەمێننەوە، مەلا فەندی بەهەمان شێوەی عوسمانییەکان لەلایەن ئینگلیزەکان ڕێزلێگیراو دەبێت. ئیحسان موفتی کوڕی ڕەشاد موفتی کەئەویش سەر بەو بنەماڵەیەیە دەڵێت: دوای شەڕی جیهانی یەکەم کە شەڕ تەواو دەبێت هەولێر دەکەوێتە قۆناغێکی دی، لەوماوەیەدا وەکو بنەماڵەی ئەفەندی (هەولێر) یان لەشەرمەزارییەکی زۆر گەورە ڕزگار کرد، ئەوەبوو عوسمانییەکان کە هەولێریان بەجێهێشت ئەو قسەیەیان بڵاو کردەوە، گوایە مەسیحییەکان هەموویان سیخوڕ و پیاوی سەر بە ئینگلیزن و دەبێ هەر هەموویان وەکو ئەرمەنەکان قەتلوعام بکرێن، ئەوەبوو دانیشوانی عینکاوە ڕوویان لەباداوە کرد.

(مەلافەندی) بەپەلە بانگێشتی هەموو سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکانی ناوچەکەی کرد و پێیگووتن پارێزگاری کردن لەمەسیحییەکانی عینکاوە و کوردستان ئەرکی ئاینی ئیسلامە بەهیچ شێوەیەک جایز نییە دەستیان بۆببەن، بەڕاستی ئەگەر ئەوە ڕووی بدابوایە بۆ هەتاهەتایە دەبووە لەکەیەکی قێزەون بۆ دانیشتوانی هەولێر و کوردستان.

هەروەها ئازاد مەلافەندی هەر لەم بارەیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: دیارە لەبەر ئەوەی عینکاوە زەویەکی بەپیت و بەرەکەتی هەبوو، فەرماندەیەکی سەربازی عوسمانییەکان لەکاتی خۆی ویستبووی دەریان بکات و دەست بەسەر زەوی و زارەکانیاندا بگرێت، دیسان مەلافەندی فریایان دەکەوێ و لێناگەڕێت دەریان بکەن، جاری دووەمیش هەندێ لەعەشیرەتەکانی ناوچەکە ویستیان گەلەکۆمەیان لێبکەن، دیسان مەلافەندی هەر هەموویانی بانگ کرد و لێنەگرا و نەیهێشت زوڵمیان لێبکەن، ئەوەش شتێکی مەعلومە، ئێستاش خەلکی عینکاوە، هەندێکیان باسی ئەو دوو ڕووداوە دەکەن، بۆیە ئەگەر باسی ئاشتەوایی لەهەولێر بکرێت، کەکێ دەوری هەبووە لەئاشتەوایی نێوان نەتەوەکان و ئایینەکان لەم شارەدا، ئەوە دەبێت پێش هەموو کەسێک باسی مەلافەندی بکرێت.

لەهەمووشیان گرنگتر ئەو قوتابخانە ئاینییەی مزگەوتی قەڵاتێ بوو، کە سەردەمی مەلافەندی بە گەشاوەترین و ئاوەدانترین سەردەم دادەنرێت، لەبەر ئەوەی ئەو قوتابییانەی لەم قوتابخانەیەدا دەیانخوێند تەنیا خەڵکی شاری هەولێر و دەوروبەری نەبوون، بەڵکو لەزۆربەی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ڕوویان تێکرد بوو، لەمبارەیەوە مامۆستا ئیحسان ڕەشاد موفتی بۆمان دەگێڕتەوە و دەڵێت: لەیەکێک لە نامەکانی کاکە ئەحمەدی شێخ کە پێش ١٣٠ ساڵ نوسراوە و ئێستاش لای من پارێزراوە،




فتى العراق

ذكرى الاربعين لوفاة سماحة العلامة

المغفور له الشيخ الزعيم الجليل المرحوم الملا ابي بكر افندي الكبير

كل من عليها فان ويبقى وجه ربك ذو الجلال والاكرام

وما كان لنفس ان تموت الا باذن الله كتابا مؤجلا

دوای سڵاو ئیحترامی بۆ حاجی عومەرەفەندی داوای لێدەکات و دەڵێ: ئەم دوو قوتابیەت بۆ رەوانە دەکەم که خەڵکی بانەن و لەخانەوادەن، رەجاتان لێدەکەم لە مزگەوتی قەڵا لەقوتابخانەکەی خۆتان وەریانبگرن، ئەوەی لەم نامەیەدا هاتووە وەک ئەوە وایە بەبێ تەزکییە هەمووکەس لەم قوتابخانەیەدا وەرنەدەگیرا، هەربۆیە پێش ١٣٠ ساڵ کاکە ئەحمەدی شێخ ئەو نامە پشتگیرییەی بۆ باوکی مەلافەندی ناردووە، بۆ ئەوەی ئەم دوو قوتابییەلای خۆیان وەربگرن، ئەوە و چەندین نموونەی دی ئەوە نیشان دەدەن کە مزگەوتی قەڵا ڕۆڵی ئەزهەری بینیوە لە کوردستان.

هەروەها لەسەر شوێنی گرنگ و توانای ئەم قوتابخانەیە خوالێخۆشبوو دکتۆر مەحەمەد گەزنەیی لەیەکێک لەدیمانە تەلەڤزیۆنیەکانمدا لەگەڵیدا لەکاتی خۆی بۆ گەلی کوردستان کەناڵی هەولێر دەڵێت: ئەگەر قوتابییەک لەو مەدرەسەی قەڵا دەرچووبایە و مۆری وانی پێوەبووبایە ئەوە دەیتوانی لەدەوائیری حکومەت دابمەزرێت هەتا دەیانکرد بە قازیش، هەروەها ئەوەی بیویستبایە زیاتریش بخوێنێ لەوێ دەیتوانی ببێتە فەرمانبەری گەورەی دەوڵەت. مەلافەندی لە قوتابخانەکەی لە قەلای هەولێر زۆر بایەخی بە زانستەکان داوە جگە لەخوێندنی ئایینی هەروەکو لە ئەستێرەناسی توانیوێتی چەندین کتێب بنووسێتەوە، هەر لەم بارەیەوە ئازاد مەلافەندی دەڵێت: بێگومان کەسایەتی مەلا فەندی چەندین شتی جۆراو جۆری لێ کۆکرابۆوە، هەر ئایین نەبوو ڕاستە لایەنە سەرەکییەکەی دین بوو لای ئەو لەهەمان کاتیشدا زانایەکی گەورەبوو، هەروەها موئەلەفاتی زۆری هەبوو، بەڵام بەداخەوە لەکارەساتی قەسری باداوە هەرهەمووی سووتا و لەناوچوو و نەما، بەتایبەتی بابەتەکانی ئەستێرەناسی کە دەتوانم بەیەکێک لەزانایە گەورەکانی ئەستێرەناسی دابنێم، لەهەموو دونیا، بەڵام بەداخەوە هەر هەمووی لەناو چوو. مەلافەندی پیاوێکی ڕۆشنبیر و ڕۆشنفکریش بوو لەزۆر بواردا پێشەوا بووە، زۆر بایەخیشی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی داوە، شارەزاییەکی باشی لەو سێ زمانەدا هەبووە. مەلافەندی وەک پیاوێکی ڕۆشنبیر، دەتوانم بڵێم لەزۆر مەجال ئەو تەوقە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەی شکاند، لەم بارەیەوە مامۆستا مەحمود ئەحمەد عوسمان دەڵێت: لەو سەردەمەی خەلک ئەوەیان بەکوفر دەزانی کەمنداڵەکانیان جگە لە خوێندنی ئایینی بنێرن بۆ هیچ قوتابخانیەکی دی، ساڵی (١٩٢٧) کە قوتابخانەی کچان لەهەولێر دەکرێتەوە مەلافەندی یەکەم کەس بووە کە کچی خۆی ناردووە بۆ مەکتەبی کچان لەهەولێرێ کەناوی (نەفیسە) بوو، ئەوەبوو خەڵکی دیش چاوی لەوکرد و دوای ئەو کچی خۆیان نارده مەکتەب، ئەو دیوارەی خەڵکانێکی کۆنەپەرست دروستیان کردبوو مەلا فەندی لەهەولێر و مەلای گەورەش لە شاری کۆیە ئەو تەوقەیان شکاند. هەرهەمان کات لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی هەستی نەتەوایەتی لەباشووری عێراق پەرەی سەند و جموجۆڵی کوردایەتی شاری هەولێریشی گرتەوە، لەسەردەمی مەلا ئەبوبەکر، لەم بارەیەوە مامۆستا مەحمود ئەحمەد ئەفەندی دەڵێت: لەفەترەی ئینتدابی بەریتانی مەلافەندی زۆر شتی کرد، لەوانە ئیستقرای سیاسی، دروست کردنی موئەساساتی دەوڵەت، هەروەها ویلایەتی موسڵ دەورێکی باڵای هەبوو، کاتێک حکومەتی عوسمانی لەگەڵ حکومەتی ئینتدابی بەریتانی و عوسبەت ئومەم ویستی ڕیفراندۆم لە عێراق بکات، بۆئەوەی بزانێ موسڵ لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە، یان لەگەڵ تورکیا، لەو کاتەدا مەلافەندی دەورێکی باڵای هەبوو لەسەر ئەوە، لەدۆکیومێنتەکانی دەوڵەتی بەریتانیش ئاماژە بەدەوری مەلافەندی دراوە. هەروەها مەلافەندی لەسەرەتای بزووتنەوەکانی کوردایەتی لەگەڵ شێخ مەحمودی نەمر دۆستایەتییەکی بەهێز و پەیوەندییەکی زۆر پتەوی هەبووە، لەم بارەیەوە ئیحسان ڕەشاد موفتی دەڵێت: شێخ مەحمودی نەمر زۆرجار سەردانی مەلافەندی کردوە لەقەسری باداوا، ئەویش میوانداری کردووە ئەو پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە، لەو کاتانەی شێخ مەحمود دەستگیر دەکرێ مەلافەندی، دەنگی خەڵکی هەولێر بەگشتی و سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە بەتایبەتی دەگەیێنێتە ئینگلیزەکان و پێیان دەڵێ: نابێت حوکم بدرێ و دەبێ بەزووترین کات بگەڕێندرێتەوە شاری سلێمانی.

مەلافەندی کەسایەتی و دیاردەیەکی تایبەت بوو کە دەورێکی گرنگی هەبوو لەنیوەی سەدەی بیستەم لەکوردستان

و عیراق و جیهانی ئیسلامیدا، وەکو مەرجەعێک دەرکەوتبوو، بەتایبەتی بۆ شاری هەولێر، هەرکاتێک باسی مەلافەندی بکەین دەبێت گرنگی قەسری مەلافەندی لە باداوا لەبیر نەکەین، چونکە بەڕاستی ئەگەر مزگەوتی قەلا وەکو زانکۆیەکی ئەو سەردەم ناوبانگی دیاربووبێ، ئەوە قەسری باداوەش وەک دیوانێکی دانیشتن و گفتوگۆی زانایان و پیاوماقوڵان و سیاسییەکانی ئەو سەردەم بووە، لەم بارەیەوە مەحمود ئەفەندی بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: من قەسری باداوەم باش لەبیرە کە باڵەخانەیەکە زۆر جوان نەخشێندرابوو، بە نەخشی داری هونەری زۆرجوانی ئەوسەردەم دروستکرابوو،لەدوو شوێنی جیا پێکهاتبوو، یەکیان بۆ خانەوادەکەی مەلا فەندی بوو ئەوەی دیکەشیان بۆ میوانەکان تەرخان کرابوو. هەروەها (ئازاد مەلافەندی)یش لەمیانی چاوپێکەوتنەکەماندا کە لەگەڵی ئەنجامم دابوو دەگێڕێتەوە و باس لەشوێنی جوگرافی قەسرەکە دەکات و دەڵێ: قەسرەکە زۆر جوان بوو، باغێکی گەورەی هەبوو لەسەر ڕووبەری ٥٦ دۆنم دروست کرابوو، هەرکە لەبەغدا دەهاتی بۆ هەولێر بەر لەقەلا و منارە، هەر لەدوورەوە قەسرەکەت دەبینی، تاکو شەستەکانیش ئەو قەسرە هەرمابوو بەداخەوە سووتا و چاک نەکرایەوە، ئەو قەسرە کلتور و شوێنەواری ئەم شارە بوو لەبەر ئەوەی زۆر ڕووداو و کەسایەتی بەخۆوە دیتبوو.

مەحمود ئەحمەد عوسمان ئەفەندی یادەوەرییەکانی ئەم قەسرەمان بۆ دەگێڕێتەوە دەڵێت: لەساڵی ١٩٤١ هەرکە بزوتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی دەستی پێکرد دژی حوکمی پاشایەتی، بارودۆخی بەغدا بۆ ماوەیەک تێکچوو، بۆیە خانەوادەی مەلیک بەتایبەتی عالیەی دایکی مەلیک فەیسەل و بەدیعەی پلکی هاتنە قەسری باداوە، مەلیک فەیسەل کە ئەوکاتە منداڵ بوو، ئەویشیان لەگەڵ بوو، لەژێر چاودێری (مەلا فەندی)دا بوون، ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا باسی بکەم لەو کاتەدا یەکێک لە ئینقلابییەکان هاتەلای مەلافەندی و داوای کرد کە مەلیک فەیسەل ڕادەستی ئەوان بکاتەوە، بەڵام مەلافەندی قبوڵی نەکردوو ئەم داوایەی ئەوانی ڕەتکردەوە و گوتی: هەرگیز قبوڵی ناکەم لەناو ماڵەکەی مندا ئەوە ڕووبدات، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەڵوێستەی مەلا فەندی، (ئەمیرە بەدیعە)ی کچی برای مەلیک فیسەڵ-ی یەکەم و ژنی مەلیک غازی دووەم پاشای عێراق لەیادەوەرییەکانی خۆیدا لە کتێبی (وريثة العروش) ئەو ڕاستیانە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ئەو کاتەی ئێمە هەڵاتین، هاتینە هەولێر، هەموومان ئافرەت بووین، مەلیک فەیسەڵ منداڵ بوو، خەڵکی هەولێرم بینی، فرمێسک لەچاوەکانیاندا دەهاتنە خوارێ، بۆ بارودۆخی ئێمە نارەحەت بوون و دەگریان، هەروەها باسی دەوری خەڵکی هەولێر و هەڵوێستی مەلافەندی دەکات کە لەم بارودۆخەدا چەند بەکەڵکی خانەوادەی پاشایەتی هاتوون و لەم کاتە تەنگەدا دڵدەیان داون و چۆن لە کۆشکی باداوە ئارام ژیاون، هەربۆیە بەدیعە خانم لەم کتێبەدا سوپاسیان دەکات.

ساڵی ١٩٤٣ مەلافەندی لەشاری هەولێر کۆچی دوایی دەکات و ئەم شارە کەڵە پیاوێکی گەورە لەدەست دەدات، مردنی مەلافەندی بووە ڕووداوێکی گەورە، نەک بە تەنیا بۆ هەولێرییەکان، بەڵکو بۆ هەموو عێراقییەکان، هەربۆیە هەولێر لەم



ڕۆژەدا سەراپای ماتەمباربوو بۆ مەلافەندی، کە تاکو ئێستاش لەهزر و هۆشی هەولێرییەکاندا یادەوەرییەکانی بەشێکی زۆری



بووە بە مێژووی شاری هەولێر، هەربۆیەش هەواڵی کۆچی دوایی مەلا فەندی بوو بە سەردێر و مانشێتی زۆربەی ڕۆژنامەکان. بۆدواجار لەگۆڕستانی خانەوادەکەیان لەباداوە بە خاک سپێردرا، هەر بەهۆی ئەو گەورەییەشیەوە قوتابخانە و شەقام گەلێک لە هەولێر بەناوی مەلافەندی کراون.

## دابلیو ئار هێی، حاكمی سیاسیی هەولێر لە سەردەمی داگیركاریی بەریتانیادا:

# مەلافەندی لە هەمووان بەڕێزتر بوو، زۆرجار لەگوندەكەی خۆی لەباداوە سەردانم دەكرد



محەمەد گۆران

«باداوە شوێنێكی جوانە، بێستان و كەپری مێوە دەوریانداوە. لەلای ڕۆژهەلاتیدا حەوزی ئاوێكی لێیە كە گوڵی وەرزیی گەشاوەی لێ چێنراوە. لەنزیكیەوە بۆنی گوڵان دێ و بینایەكی دوو نهۆمی كە لەهەر یەكێكیان ژوورێكی فراوانی ڕوولەباكوور هەبوو، لەخواریشەوە ئاوپرژێنێك (نافورە) ژووری سەرەوە بەدارێك، كە بەنەخشێكی جوان هەڵكۆڵرابوو لەهەوای دەرەوە جیا دەبۆوە. ژووری ناوەوە زۆربوو بەبەرە و ڕایەخی جوان فەرش كرابوون، لەهەندێكیاندا كورسی و داری نەخش تێچنراوی نایابی لێبوو. شێوازی بینایەكە بەگشتی خاوەن نەخشێكی نایاب بوو، بنمیچەكەی بەزۆر جۆر بۆیەی كراوە بۆیە كرابوو، هەندێ پارچە مایكاش لێرە و لەوێ هەبوون.

مەلافەندی ڕۆژی لەمزگەوتی گەورەی هەولێر بەسەر دەبا، ئێوارانیش دەچێتەوە ماڵەكەی، ناوی ڕاستەقینەی (ئەبوبەكر)ە، بەڵام هەمیشە بەمەلافەندی، یان مەلای گچكە ناسراوە. باڵای كورتە و شێوەیەكی هەڵۆیی هەیە و كاری لەخواترسانە. هەرگیز دەستی ناسكی وەك دەستی ئەوم لەژیانمدا نەدیوە، ئەو هەمیشە جبەیەكی شۆڕی ڕەنگ خۆڵەمێشی لەبەردەكا كە دەگاتە سەر پێیەكانی، تەربووشێكیش لەسەردەنێ كە بەقوماشێكی موسڵی (موسلین)ی شینی كاڵ دەورە دراوە. ئەو لەهەموو كوردستاندا ڕێزی هەیە و خەڵكەكەی بەقسەكانی دڵخۆش دەبن و دەگەشێنەوە وەك گەشانەوە بەبۆنی گوڵان، ئەمەش هەمووی لەبەر زانست و لەخوا ترسی ئەو. باپیرانی ئەویش ڕێز و پایەیەكی لەو جۆرەیان هەبووە، دەڵێن كە كەسێك لەخانەوادەی ئەو هەرگیز شكاتی لەكەسێك نەكردووە، لەگەڵ ئەوەی كە خانەوادەكەیان زۆر دەوڵەمەندن، كاری ئەوقافی مزگەوتی گەورە لەدەست مەلافەندی دایە.

ئەو هەمیشە ڕۆژانی هەینی خوتبە بۆ نوێژكەران دەدا. بەپێچەوانەی هەموو ئەندامانی چینەكەی، ئەو پێشكەوتنخوازە. ئەو بڵاوكراوانەی كە لەمیسر و توركیاوە دێن دەیانخوێنێتەوە، قسەكردنەكانی زیرەكانەن و بابەتە سیاسی و زانستییەكان لەخۆ دەگرێ. ڕۆژێكیان دەربارەی باری سەرنجی خۆی لەسەر ئەو بارودۆخەی كە لەمیزۆپۆتامیا هەیە پرسیارم لێكرد، لەوەڵامدا وتی: هەموو كەسێك شەیدای ئەوەیە نیشتمانی (دایك)ی ئازاد بێ، بەڵام ئێمە ئێستا، بەهەر حاڵ، ئیرەیی بەرامبەر یەكتر بەخراپترین شێوە لێكی كردووین، كەسێكیش نییە شایانی حوكمڕانی بێ. دەمانەوێ ئێوە كاروبارەكانمان بەڕێوە ببەن تا ئاشتی و ئاسایشمان بۆ دەگەڕێتەوە و دەتوانین حوكمی خۆمان بكەین. بەرامبەر بەو سیاسەتەش بەڕاستگۆیی و دڵسۆزی مایەوە هەرچەندە كە ئەو لەحكوومەت و حكوومەتیش لەئەو نزیك بوو كەچی هەموو پۆستەكی حكوومی ڕەتكردەوە و هەمیشەش بەهەموو توانایەوە یارمەتی حكوومەتی دەدا. ئەو لەهەموو كەس زیاتر سەرۆكی ڕای گشتی بوو لەهەولێر».

دابلیو ئار هێی، حاكمی سیاسیی هەولێر لەنێوان سالانی ١٩١٨ بۆ ١٩٢٠ لەسەردەمی داگیركاریی بەریتانیادا، بەوجۆرە وەسفی باداوە و كۆشكەكەیی و مەلافەندی دەكات. كاتەكیش باس لەهەر كەسایەتییەكی ئیداری و ئایینی و خودان پاوانی زێدە بەرهەم و ئابووری دەكات، بۆ ئەوەی پێگەكەی چاكتر و باشتر ڕوون بكاتەوە، بەپێگە و نزیكی لەئەفەندی بەراوردی دەكات.

هەر بۆیەش كاتەك بۆ یەكەمجار پێ دەنێتە هەولێر و چاوی بە (ئەحمەدە فەندی) سەرۆكی شارەوانی هەولێر دەكەوێ، دابلیو ئار هێی، وەهای وەسف دەكات: «ئەو پیاوەكی لێوەشاوەیە و تەواو كامڵە، نزیكی چل ساڵ دەبێ. ئەو سەر بەیەكێك لەخێزانە

هەرە بەڕێزەکانی هەولێرە و کوڕە مامی مەلافەندیە، یەکێک لەپێشەنگە ڕۆحییەکانە لەکوردستانی باشوور، باوک و باپیریشی بەر لەو پیاوی ئایینی بوون»، لەبارەی پەیوەندی نێوان مەلافەندی و ئەحمەدە فەندی، حاکمی سیاسی ئینگلیز دەڵێ: «مەلافەندی زۆر پشتیوانی لە ئەحمەدە فەندی ئامۆزای دەکرد، بۆیەش ئەحمەدە فەندی هەمیشە بەئامۆژگاری مەلافەندی کاری دەکرد».

حاکمی سیاسی هەولێر، دیسانەوە کاتەک باس لەکەسایەتی دیاری هەولێر (شێخ مستەفا ئەفەندی) دەکا، بەراوردی دەکاتەوە بەمەلافەندی و دەڵێ: «لەسەرەتاکانی کانوونی دووەمدا یەکەمجار بوو سەردانی شێخ مستەفا ئەفەندیم کرد، کە لەخانەقاکەی دایە و بریتییە لەمزگەوت و خەڵوەتگایەک و دەکەوێتە کۆتایی ڕۆژهەڵاتی هەولێر. ئەو پیاوە دەموچاوێکی ڕەنگ بواردوی هەیە، لەگەڵ ڕیشێکی چوارگۆشەی ڕەش و دووچاوی بەقووڵدا چوو، ئەو پیاوە لەهەرە لەخوا ترسەکان بوو کە من بینیومن و لەهەمووان دەروون فراوانتربوو. ڕواڵەتی ئەو دەربڕی تەسەوفەکەیەتی، نیشانەیە بۆ ئەو سەعاتە درێژانەی کە بەبێداری و نوێژ کردنەوە بەسەری بردوون. ئەو یەک لەو دووانەیە کە دەتوانم بەپاکیز (قدیس) ناویان ببەم کە لەژیاندان. هەرچەندە کە لەپلە و پایەدا لەدوای مەلافەندی دێ بەهۆی ئەو دوورە پەرێزییە گشتییەی کە بەرامبەر کاروباری دنیا هەیەتی، بەڵام ناوبانگێکی پیرۆزی ئەوتۆی هەیە کە لەسەرووی ئەو شتەوەیە. ئەو بووە برادەرێکی مەزنم، لەبەر ئەوەی بەئاسانی خۆی لەئامادەبوونی کۆبوونەوەکانی پیاوماقوولان دووردەگرت، ئیدی لەماڵەوە و بەشێوەی تایبەتی سەردانی دەکردم».

دابلیو ئار هێی، لەدوای هاتنی بۆ هەولێر و جێگیربوونی وەک حاکمی سیاسی ئەو شارە، وەها پلانی ڕۆژانی کارەکانی خۆی دادەڕێژێ کە «دوای نیوەڕۆی هەردوو ڕۆژانی هەینی و یەکشەم پشوو بوو بۆ من، ڕۆژی یەکەم پیاوماقوڵانی شار سەردانیان دەکردم و بەخواردنەوەی چا و قاوە لەمەسەلە گرنگەکان دەکۆڵرایەوە. من ئەوەم ناونابوو (پەرلەمانەکەم) چونکە هەلی ڕاوێژی ڕای گشتیم تیایا هەبوو دەربارەی مەسەلەکانی حوکم. ئەوانەی بەردەوام دەهاتن بریتی بوون لەمەلافەندی و سەید عەبدوڵا پاشا و موفتی و عەلی پاشا و حاجی ڕەشیداغا و ئەوانی دیکە بوون کە پلە و پایەیان لەوان کەمتر نەبوو. لەهەمووان بەڕێزتر مەلافەندی بوو، کە زۆرجار لەگوندەکەی خۆی لەباداوە سەردانم دەکرد، کە ئەو گوندە شانۆی ئەو دانوستانە بوو لەگەڵ سەرۆکە دزەییەکاندا کرا».

کاتەک حاکمی سیاسی ئینگلیز لەهەولێر باس لەمەلافەندی دەکات و لەوەسفی باداوەدا دەڵێ، شانۆی دانوستان بوو لەگەڵ سەرۆکە دزەییەکان، مرۆڤ حەزدەکا بزانێ پێش زیاتر لەسەت ساڵ، دەبێ ئاغا دزەییەکان چ کێشەکی ئاوا قوڵیان هەبووبێ، پێویست بەدانوستان و کۆبوونەوەیان بکات لەلای مەلافەندی و قەسری باداوە؟.

دابلیو ئار هەی، وەها باس لەدزەییەکان و وردەکاری دانوستانەکەی باداوە دەکات: «بەڕاستی برایم ئاغا بێ ڕکابەر سەرۆکی دزەییانە، هەموو تاکێکی ئەو عەشیرەتەش، تەنیا خزمە نزیکەکانی نەبێ دان بەو دەسەڵاتەیدا دەنێن. ئەو لەگەڵ برایەکانی نزیکەی 30 گوندیان هەیە، لەکاتێکدا زۆربەی خەڵکەکەی دیکە بەسەرۆکی خۆیانی دادەنێن. ئەو لەگەڵ خزمەکانی دیکەی بەناوی بنەماڵەی (بایز) ناسراون لەناو دزەییان کە بەناوی باوکی کراوە. دەتوانم ناوی حەوت هەشتێکیان بێنم کە لەڕووی جەستە و ڕەفتارەوە زۆر لەسەرووی ڕکابەرەکانیانن لەناو ئەو عەشیرەتە، جگە لە (خدر)ی کوڕی ئەحمەد پاشا نەبێ.

با بێینە سەر ئەو (ئەحمەد پاشا)یە، ئەو زۆر قسە دەکا و جەستەیەکی چکۆڵە و پتەوی هەیە، تەمەنی 60 ساڵ بەسەرەوەیە، لەخوێندنا شانسی وەک هەڵسوکەوتی کەمە، ئەو پتر لەبازرگانێک دەچێ کە مەبەستی قازانج بێ نەک سەرۆک هۆز، بەناوی (کافرۆش)ەوە ناسرابوو، تاکە ئامانجی کۆکردنەوەی سامان بوو، ئەو نەیدەتوانی زمانی خۆی بگرێ و ئاقڵیش نەبوو، مرۆڤ ئارەزوو ناکا نەدۆستی بێ و نەدوژمن. شێوازی ژیانی سەیر و سەمەرەیە. لەسەرەتاکانی تەمەنی نەدار بووە پوشێکی نەبووە، لە قاوەخانەکانی هەولێر و لەڕێی یاری (نەرد) بژێوی ژیانی پەیدا دەکرد. هەرکە لەو کارەش



**ئاغاکانی خۆشناو لەگەڵ ئاغاکانی سورچی هەموو پێکرا بەچەک و جبەخانە هاتنە ناو هەولێر و سەرەتا لەڕێگای گفتوگۆ، ئەگەرنا بەهێز مەرجەکانی خۆیان بەسەر ئینگلیزدا بسەپێنن، لەدوای چەندین دانیشتن، مەلافەندی توانی قەناعەتیان پێ بکا پاشەکشە بکەن و هەولێر جێ بهێڵن**

بێزاربوو دوو هێستری دزی و بەرەو کەندێناوە هەڵات، دەیویست نیشتەجێ بێ، دەستی بەدروستکردنی گوندێک کرد و ژمارەیەک کشتیاری ڕاکێشان، بەڵام بەروبوومی ساڵی یەکەم نەهاتبوو. داوایەکی پێشکەشی حکوومەت کرد و داوای قەرزی بۆ خۆیی و دەوروبەرەکەی کرد تا بتوانن بۆ بەهاری داهاتوو تۆو بکرن. هەر هێندە بڕە پارەیەکی زۆری دەستکەوت ئیدی بۆ خۆی گلدایەوە، کە دەبوایە بەسەر کشتیارەکاندا دابەشی بکا. ئیدی پارەی دەدانێ بەسوێکی زۆر، دوای ئەوە ناوودەنگی بڵاوبۆوە و حاڵوباڵی باشبوو لەگەڵ کورانی عەشیرەتەکەی نزیکەی هەژدە گوندیان هەبوو وەک دەڵێن دووسەت هەزار جونەیهی زێڕی لەماڵەوەدا هەڵگرتووە، ئەمە جگە لەبڕێکی زۆری پارە کە بەسوو بەخەڵکی داوە.

بەو دەوڵەمەندییەی هەمیشە دەیتوانی پشتیوانی حکوومەتی تورکی بکڕێ. ئەمەش لەزەوی داگیرکردن و ململانێی لەگەڵ (برایماغا) کە ئەوەی دواییان پیاوێکی هەژارە، چونکە ئەو بەزۆر پارە لەجووتیارەکانی وەرناگرێ بڕێکی کەم نەبێ و پارەش لەڕێی میوانداری کردنەوە خەرج دەکا. لەبەر ئەوە (ئەحمەد پاشا) هەر هێندەی بینی کە دادپەروەری بەریتانیا ناکردرێ ئیدی بەپەلە وەک شەبەنگێ کە لەوەنەوزێک دابێ لایەنگری خۆی بۆ حکوومەت دەرخست، کە ڕەنگە ئەو دادپەروەرییەش بزوێنەری یەکەمی پشێوییەکانی ئێستا بێ.

حاجی پیرداود جۆرێکی جیاوازە. ئەو پیاوێکی وردیلەی ڕووکار جوانە، پەنجاوپێنج ساڵ دەبێ، دوو چاوی ڕەشی تیژ و سمێڵێکی درێژ، دەنگێکی خۆش و نەرمی هەیە، گوێم لەهیچ کەس نەبووە وەک ئەو شیعری فارسی بخوێنێ، بەڵام دڵی شەیتانی هەیە. خۆی و ئەندامانی خانەوادەکەی هەموویان موو سوورن و جەستەیان لەخوار مامناوەندیە و زۆربەیان نەخۆشن. ئەو خوێندەوارێکی باش و پیلانگێڕەکی لێهاتووە، پەنجەی لەگەڵ (ئەحمەد ئاغا) لێکدابوو بەرامبەر حکوومەت، ئەقڵی ڕاوێژکاری پێشکەش بەبزووتنەوەکە کرد، وەک چۆن هاوبەشەکەی پارە و ماڵی بۆ دابینکردن. ئەو پیاوێکە بەهەوەسی خۆی دەکا و فێڵبازێکە جلەو ناکرێ، بەڵام هەمیشە لەخوا ترسییەکی بێ وێنە نیشان دەدا، چووەتە حەج و دەڵێن لەبەر ئەوە چووە چونکە ئەودەم بارودۆخی وڵاتەکەی کەشەکەی بۆ ئەو گەرمبوو، خۆی و خەڵکانی عەشیرەتەکەی نزیکەی ١٨ گوندیان هەیە. چوارەمی دەستەی سەرۆکەکان (ڕەسوڵ ئاغا)یە و ئەگەر بەوانی دیکە بەراوردی بکەین لەحاڵی نەبوو دایە!.

ئەوانە ئەو کەسانە بوون کە لەدیوەخانی (مێرخواز)دا بینیمن. ئێستا لەترسان یەکیان گرتووە، هەریەک لەوانیش چاودێری ئەوەی دیکە دەکات نەوەک هەولدا بەتەنها بێتە هەولێر و بەر لەهاوڕێکانی سوودێکی پێ ببرێ. نەمدەتوانی هیچ مەرجێکیان بخەمە بەردەست، ئەوان وایان بەخەیاڵدا دەهات کە چەندین جۆر ئازار چاوەڕێیانە. پێشنیاری برایم ئاغام کرد کە بەئۆتۆمبێلی من لەگەڵم بێ، بەڵام ئەوانی دیکە نەیانهێشت. دواتر و دوای گفتوگۆیەکی زۆر هەمووان ڕازی بوون کە ڕۆژی دواتر بێنە ماڵی (مەلافەندی) لەباداوە کە تەواو لەدەرەوەی هەولێر بوو.

سەرانی دزەییەکان بەڵێنەکەیان بەجێ نەهێنا و ڕۆژی دواتر ئامادە نەبوون، ئازایەتیش بەهانایانەوە نەهات تا لەباداوە کۆ ببنەوە. چەند ڕۆژەک مانەوە بەڵام لەمەبەستی من بەگومان بوون، بەشێوەیەک کە لەژێر تاریکی شەودا دەکشانەوە یەکێک لەگوندەکانیان، بەهۆی مەلافەندی و ئەحمەدە فەندی مەرجی خۆم گەیاندە ئەو سەرۆکانە کە بریتی بوو لەسزایەک بڕەکەی ٢٠٠ تفەنگ و ١٥٠٠ لیرەی عوسمانی بوو، لەماوەی شەش مانگ دەبووایە بیدەن.

دابلیو ئار هیی، حاکمی سیاسی ئینگلیز، ماوەی ئەو دوو ساڵەی لەهەولێر، لەناو سەنتەری شار بەهۆی باڵادەستی مەلافەندی و تەبا بوونی لەگەڵ سیاسەتی بەریتانیادا، لەهەندێ کێشەی لاوەکی بترازێ ئەگینا گرفتی قوورس و بێچارەسەری بۆ نەهاتنە پێش، دیسانەوە باشوور و ڕۆژئاوای هەولێر، بەهۆی هاوسنووری لەگەڵ عەرەب و هەبوونی سوپای بەریتانیی لەموسڵ و کەرکووک، کێشەیەکی ئاڵۆز نەهاتە پێش سیاسەتەکانی حاکمی سیاسی، بەتایبەت باشووری هەولێر کە جێی هەژموونی دزەییەکان بوو، هەر زوو لەگەڵ دەسەڵاتی تازەی ئینگلیز کەوتنە سەودا و دواجار پێکهاتن. ئەوەی هەمیشە گرفت بوو لەبەردەم حاکمی سیاسی هەولێر، ڕۆژهەڵات و باکووری هەولێربوو، چونکە لەلایەک شێخ مەحموود کۆیەشی بەشوێن نفوزی حکوومەتەکەی خۆی لەسلێمانی دەزانی و بەم هۆیەوە هەمیشە گرفتگەلێک هەبوون بەتایبەت لەسەرەتای هاتنی حاکمی سیاسی هەولێر، کێشەی ناوچەی بیتوێن و پشدەریشی لەئەستۆ گرتبوو. هاوکات لەباکووری هەولێریش، کێشەی عەشایر هەبوو، بەتایبەت قادر

بەگی سەرۆک عەشیرەتی خۆشناو و سورچییەکان و ئاغا و بەگەکانی رواندوز و دەوروبەری، هەردەم داواکاری زیاتریان هەبوو و ئینگلیزیش نەدەچووە ژێرباری هەموو داواکارییەکانیان.

یەکێ لەو جارانە، کێشەی نێوان حاکمی سیاسی ئینگلیز لەگەڵ خۆشناو و سورچییەکان بوو کە دەگا بەو ئاستەی داوا لەهێزی بەریتانی لەموسڵ بکرێ بەرەو هەولێر بجولێنری و ئامۆژگاری (دابلیو ئار هێی) یش بکرێ، هەولێر بەرەو گوندێکی رێگای گوێڕ جێبهێڵێ. ئەوجارە قادر بەگ و تەواوی ئاغاکانی خۆشناو لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵا و ئاغاکانی سورچی هەموو پێکڕا بەچەک و جبەخانە هاتنە ناو هەولێر و سەرەتا لەرێگای گفتوگۆ، ئەگەرنا بەهێز مەرجەکانی خۆیان بەسەر ئینگلیزدا بسەپێنن، بەڵام ئەمجارەش لەدوای چەندین دانیشتن و هەواڵگۆڕینەوە، مەلافەندی توانی قەناعەت بەخۆشناو و سورچییەکان بهێنێ بەرەو بنەسڵاوە پاشەکشە بکەن و پاشتر ئەوێش جێبهێڵن و بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، کە ئەمە سەخترین جموجۆڵ و ناوبژیوانی مەلافەندی بوو لەماوەی ئەو دوو ساڵەی ١٩١٨ بۆ ١٩٢٠ حاکمی سیاسی ئینگلیز لەهەولێردا فەرمانڕەوا بوو.

دابلیو ئار هێی، باس لەو پاش نیوەڕۆیە دەکات، کە تازە دەمێکە دۆخەکە ئاسایی بۆتەوە و خۆشناو و سورچییەکان، هێزەکانیان لەدەوروبەری هەولێر کێشاوەتەوە و ئارامی بۆ شارەکە گەڕاوەتەوە، دەڵێ: «دوای نیوەڕۆ بەسواری ئەسپەکەم چوومە سەردانی مەلافەندی لەماڵەکەیدا کە لەباداوە بوو. دیتم کە ئەوەندە بەو ترس و لەرزەوە کاریگەر نەبوو کە بڵاوببۆوە. وەک دەمناسی بەنیشانەکانی سۆز و رێزەوە پێشوازی لێکردم و گفتوگۆیەکی خۆشمان کرد و چەند ئامۆژگارییەکی باشی دامێ. ئەوبوو کە ورەی خەڵکەکەی بەرز کردەوە و وای لەهەمووان کرد دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکەن و سەرکردایەتی ڕای گشتی کرد. هەر ئەو بوو کە بەئەحمەدەفەندی دەگوت چی بکا و هەر ئەویش بوو کە غەریزە دڕەکانی خورشید ئاغای کەوی کرد و هەر ئەویش بوو کە گفتوگۆی لەگەڵ ئاغا خۆشناوەکاندا کرد، تا هەڵوێستەکی ڕاست و دروست وەرگرن. لەگەڵ ئەوەشدا بەدەگمەن نەبێ پیاوەکی وەک ئەو سادە و ساکارم نەدی. ئەو گوێ لەسوپاسگوزارییەکانی من ناگرێ، بەڵکو دەڵێ کە ئەو هەوڵ دەدا و هەمیشەش هەوڵی داوە، بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەی و میللەتەکەی».

دابلیو ئار هێی حاکمی سیاسی ئینگلیز لەهەولێر، لەکتێبەکەی خۆیدا (دووساڵ لەکوردستان) بەوردی ئاماژە بەو سەردانەی سەید تەهای شەمزینی بۆ هەولێر دەکا، کە چۆن لەتەک مەلا فەندی سەردانی ئەویان لەماڵەکەی خۆیدا کردووە. سەید تەها لەو گەشتەیدا لە ساڵی ١٩٢٠ بۆ هەولێر کە ماوەی شەش ڕۆژ دەمێنێتەوە. لەڕۆژی کۆتایی و شەشەمی گەشتەکەی سەید تەها، لەماڵی مەلافەندی لەباداوە لەگەڵ حاکمی سیاسی هەولێر، دوا دانیشتن و دانوستان دەکەن و پاشتر هەولێر بەجێدێڵێ.

حاکمی سیاسی ئینگلیز، لەماوەی ئەو دوو ساڵەی کە لەهەولێربوو، زانیاری زۆر وردی لەباری جوگرافی و ئابووری و کولتووری هەولێر کۆکردبۆوە، بەتایبەت ئاغا و بەگ و پیاوماقووڵ و کەسایەتییە ئایینی و ئیداری و عەشایرییەکانی هەولێر، خاڵی بەهێز و لاوازی هەموانی دەزانی و لەکتێبەکەیدا، بەوردی باس لەهەمووان دەکا، هەم کار و هەڵویستی ئەرێنیان، هەم ڕەفتار و کرداری نەرێنیان، بەڵام ئەو کەسایەتییەی کە هەمیشە بەڕێزەوە باس لەناو و پێگەکەی دەکات مەلافەندییە.

ئەو پیاوەی ئینگلیز، لەگەڵ ئەوەی زۆر بەوردی لەمەلافەندی ڕوانیوە و ئاگاداری وردودرشتی ژیانی ئەو بووە، بەتایبەت کاتەک لەبارەی مەلافەندی دەڵێت: «هەموو ئەندامەکانی بنەماڵەی مەلافەندی دووچاری سیل بوون، بۆیە ژنەکەی و سێ کچەکەی مردبوون، تەنیا کوڕە بچووکەکەی کە تەمەنی پانزە ساڵ دەبوو، مابوو».

دابلیو ئار هێی، لەپاش دوو ساڵ لەحوکمڕانی شاری مێژوویی هەولێر، لەساڵی ١٩٢٠ ئەرکەکەی لەهەولێر تەواو دەبێ و بەکۆمەڵێ یادگاری تاڵ و شیرین ئەو شارە بەجێ دەهێڵێ. لەدوای بەکۆتاهاتنی ئەرکەکەشی لەهەولێر، کۆتا سەردان و دیداری لەگەڵ مەلافەندی لەقەسری باداوە ئەنجام دەدات، وەک خۆی دەڵێ بەسەردانێکی تایبەت «دوای نیوەڕۆ سواری ئەسپەکەم بووم و بۆ بینینی مەلافەندی رێگای باداوەم گرتەبەر».

**باداوە شانۆی ئەو دانوستانە بوو لەگەڵ سەرۆکە دزەییەکاندا کرا**



## مەسعود محەمەد:

# لە کۆنەوە دۆستایەتی لە نێوان جەلیزادان و ماڵی باب و باپیرانی مەلا ئەفەندیدا هەبووە

مەلا ئەفەندی لەبنەماڵەیەکی گەورەی کوردی هەولێرە، وەختی خۆی لەدیوی کوردستانی ئێرانەوە هاتوون، چەند پشتێکیان بەسەرچوون تا مەلا ئەفەندی بوو بەبرا گەورە و وارسی وەجاهەتی ئەو بنەماڵەیە، لەمەلایەتیدا بەرەو ژوور چووبوو تا پلەی هەرە دوایی ئەو کەسبە، لەقەڵاتی هەولێر مزگەوتی جومعە هی ئەوان بوو، رۆژانە دەرسی بەفەقێیان دەگوت و بەمەسرەفی خۆیشی دەیژییاندن، ئەوەی ئیجازەشی لێ وەرگرتبایە شوێنێکی بۆ دەدۆزییەوە مەلایەتی تێدا بکات. لەلایەن شۆرەتی دنیاییشەوە کەس نەبوو لەکوردستانی خۆمان لەوی تێپەڕاندبێ. لەپێش جەنگی یەکەمەوە خانوویەکی قەشەنگ و دیوەخانەیەکی زەنوێڵی لەدێی (باداوە) بنیات نا، ئەوسا باداوە سێ کیلۆمەتر دووربوو لەشار، لەسەرەتاوە بەعەرەبانە، دواتر بەسەیارە رۆژانە هاتووچۆی مزگەوتی قەڵاتی دەکرد تا دوای نوێژی نیوەڕۆ بەدەرس و مێوانداری خەریک دەبوو نانی نیوەڕۆی دەهێنایە باداوە.

**ئامادەکردنی: دیوان**

عەسران لەدیوەخان دەبوو تا پێش نوێژی ئێوارە. شەو ئەگەر میوانی هەبایە دوای نانی خەوتنان (وەکو نوێژی خەوتنان) لەگەڵیاندا دەدوا تا دەمی نووستن. مێوانی کوردەواری کە ڕووی لەمەلا ئەفەندی بکردایە دوو جۆر بوون، هەندێکیان حەزیان بەوە دەکرد لەشار بمێننەوە، شەو لەمزگەوتەکەی قەڵات دادەمەزران، هەندێکیشیان دەهاتنەوە باداوە، ئەوەی ئۆتۆمبێلی نەبایە بەئۆتۆمبێلی خۆی هاتوچۆی پێ دەکرا، سبەینان لەباداوەوە بۆ هەولێر ئێوارانیشی بەعەکسەوە. زۆربەی هەرە زۆری عەشایری لیوای هەولێر پێوەندیان بەمەلا ئەفەندییەوە هەبوو، لەبەری بادینانیش دۆست و خزمی عەشیرەتەکانی هەرێمی ڕەواندز و شەقڵاوە سەریان لەباداوە دەدا. برا گەورەکانی ئەو عەشیرەتانە هەمیشە لەپێویستدا فەرمانبەرداری مەلا ئەفەندی دەبوون، موتەسەڕیفێکی مەلا ئەفەندی ڕای لێی نەبایە نەیدەتوانی لەهەولێر بەردەوام بێ.

بەدەوری دایەرەی حەرەم و دیوەخانەوە، لەچوار لاوە، باغێکی ئەوەندە بەرین هەبوو، ئێواران کە پیاسەمان بەتەنیشتیەوە دەکرد هەتا سووڕمان لێ دەدایەوە مەیلەو ماندوو دەبووین. لەدوورایی سێ سەعات ڕێگا بەپێیان، ئاوێکی ئاشگێڕی لەکارێزی دێی (بنەسڵاوە)وە هەفتەی جارێک ئەو باغەی ئاو دەدا. هەرچی مێوەیەکی وڵاتی خۆمان هەیە

> **من لەژووری خۆمەوە گوێم لەدەنگی شەهاب بوو قۆریاتی دەگوت بەڵام دەتگوت ئاگر لەهەناوی دەردێت. ئەو شەوە هەتا درەنگێکی زۆر درەنگ شەهاب گوتی و ڕامز بەگ گریا**

لێی ناشترابوو. بەشێکی بەرژینی باغەکە (گوڵەباغ) بوو، بەهاران دوکانداری هەولێری گوڵەکەیان بەزەمان وەردەگرت و لەبازاڕی هەولێر دەیانفرۆشت. موبالەغە لەوەدا نییە ئەگەر بڵێم داهاتی ئەو گوڵەباغە لەداهاتی ئەوسای بۆرجوازییەکی مامناوەنجی گەلێک زیاتر بوو. باغەکە دابەش کرابوو بەپێی ژمارەی ئەو مێوەیەی لێی چاندرابوون. باغی هەنجیر، باغی سێو، باغی قەیسی، باغی فستەق (ئەمیان شوورەی تایبەتی بەدەورەوە هەبوو). لێرە و لەوێ بنە تووی هەمە چەشنە، بەشی هەرە زۆری باغەکەش مێوەی ترێ بوو. بەهارێکیان لەدەمی گەیشتنی قەیسی، شێخ محەمەدی شێخ حیسامەددینی تەوێڵە هاتە سەردانی مەلا ئەفەندی ئێوارەکیان بەناو باغەکەدا گەڕا، کە هاتەوە بەمەلا ئەفەندی گوت، چەند بنە قەیسیەک لەباغەکەتدا هەیە تەنها لەباغەکانی (گوڵپ و باغەکۆن)ی باوکم دیتوومن، هەتا بڵێی پەسەندن بەڵام باوەڕ ناکەم باغەوانەکانت ئاشکرایان بکەن.

لەسەر ڕاسپاردەی شێخ محەمەد پێ تەرازۆیەکیان لەو قەیسییە هێنا. بەدیمەن سەوزی نەباتی دانە هەراش بوون. هەرچی دەستی دەگەیاندە قەیسییەکە لەشوێن پەنجەکانی ئاو دەزایەوە، هێندەش بەتام و شیرین بوون، ڕاستییەکەی، پێشتر شتی وەهام نەدیتبوو، لەوە بەولاوە چەندێکی لەکژی ئەو قەیسییەدا مێوانی نیوەڕۆژ لەباداوە نانیان




خواردبایە ئەو قەیسییە بەناوی مێوە پێشکەش دەکرا. هەر لەبیرمە، کە (المحكمه الكبرى) لەهەولێر پێکهات، نیوەڕۆ دەستە و دایەرەی حاکمەکان بەسەرۆکیانەوە، کە پیاوێکی ئینگلیز بوو، لای مەلا ئەفەندی نانیان دەخوارد. ئەوانیش لەو قەیسییەیان خوارد و زۆری لێ ڕازی بوون.

مەسعود محەمەد بۆ یەکەمینجار لەسەرەتای ساڵی ١٩٣٠ ئەو کاتەی لەقۆناغی پۆلی چواری سەرەتایی دەبێ، لەگەڵ باوکی دێنە هەولێر و لەوێوەش دەچنە باداوە و قەسرەکەی مەلافەندی. لەبارەی یەکەم دیدار و هاتنی بۆ هەولێر، ئەو کوڕە گەورەی مەلای گەورەی کۆیە (مەسعود محەمەد) دەڵێ: گەیشتبوومە پۆلی چوارەم، باوکم لەسەفەرێکی بۆ هەولێر منیشی برد بۆ دنیایەکی تازە بابەت. من ئاگاداری هیچ شتێک نەبووم کە ڕۆژێکیان باوکم تێی گەیاندم لەگەڵە خۆیدا دەمبا بۆ سەفەری لای هەولێر بەبۆنەی وەفاتی شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجی کە سەرۆک و براگەورەی بنەماڵەکە بوو. ماڵیشی لەدێی هەڵەجە، لەدوورایی سێ سەعات ڕێ بەسواری وڵاغە بەرزە بەرەو ڕۆژهەڵاتی مەیلە و باشوورەوە بوو، باوکم بۆ تازیخانەی بنەماڵەکە دەچوو. من دەمزانی شێخ مارف وەفاتی کردووە، بەڵام کە باوکم بردمی بۆ هەولێر نەمدەزانی چ مەبەستێک هەیە لەو سەفەرەدا، دواتر تێی گەیشتم.

باوکم مێوانی مەلا ئەفەندی دەبوو، لەکۆنەوە دۆستایەتی لەنێوان جەلیزادان و ماڵی باب و باپیرانی مەلا ئەفەندیدا هەبوو، وا پێ دەچێ پێشتر مەلا ئەفەندی پێشنیازی کردبوو کە لەدەرفەتێکدا باوکم من بۆ خزمەت ئەو ببات. شێخ مارفیش هەر وەک دۆست و خزمی جەلیزادان بوو، لەگەڵ

**بەهارێکیان لەدەمی گەیشتنی قەیسی، شێخ محەمەدی شێخ حیسامەددینی تەوێڵە هاتە سەردانی مەلا ئەفەندی ئێوارەکیان بەناو باغەکەدا گەڕا، کە هاتەوە بەمەلا ئەفەندی گوت: چەند بنە قەیسیەک لەباغەکەتدا هەیە تەنها لەباغەکانی (گوڵپ و باغەکۆن)ی باوکم دیتوومن**

مەلا ئەفەندیش هەتا بلێی دۆست بوو. وەک ئێستاکە ڕوونی دەکەمەوە موناسەبەی سێقۆڵی دۆستایەتی باوکم و مەلا ئەفەندی و وەفاتی شێخ مارف وەهای کرد کە ئەو دەرفەتە لەبارترین دەرفەت بێ بۆ ئەو مەبەستە بچووکەی چوونی من بۆ خزمەت مەلا ئەفەندی، شتی بچووک کە پێوەندی بەگەورانەوە هەبوو ئەویش بایەخ پەیدا دەکات.

ماڵی مەلا ئەفەندی لەدێی باداوە بوو کە لەسنووری شاری هەولێری ئەوساوە سێ کیلۆمەتر دووربوو (ئێستاکە کەوتۆتە ناو شاری هەولێر). ماڵەکەی لەهەموو کوردستانی عێراقدا هاوتای نەبوو لەقەشەنگی و خۆشی و ڕێکوپێکی و ئوسوولدا. دیوەخانەکەی ئەوسای (دواتر ژووری دیکە و تارمە و زیادی زۆری بەسەرەوە نرا) بریتی بوو لەدوو قات، قاتی سەرەوەی ژوورێکی گەورەی دیوەخانە و ژوورێکی نووستن و تارمەیەکی کراوەی هاوینان و هەیوانێکی بچووکی نێوان دوو ژوورەکە و ڕاڕەوێکی بۆ قادرمەی بەرەو لای ماڵەوەی هەبوو. قاتی ژێرەوەی دوو ژوور و مەتبەخێک و قاوەجاغی هەبوو. دیوی ماڵەوە پێی دەگوترا (قەسر) لەڕاستیشدا بۆ وڵاتی ئێمە بەقەسر دەژمێردرا، چ دیوەخانەی قاتی سەرەوە بێ و چ ژوورەکانی دیوی ماڵەوە بێ هەمووی بەنەقش و نیگار و سەقفی لەدارهەڵکەندراو بوو کە وێنەی نەدەدیترا. ئەمانە هەمووی بەلاوە بنێ و تەنها باسی باغ و ڕەزی دیوەخانە و قەسرەکەی لێی بەکۆتایی ناگەم. ڕێگایەکی قیرتاونەکراو ئۆتۆی پێدا دەگەیشتە باداوە، لەدەمی دەرگای باغەکەوەش تا بەر هەیوانی دیوەخانەکە بەردڕێژ کرابوو کە نەیەڵێ قوڕوقڵێ ڕۆژی بارانە بەپێچکەی ئۆتووە بگاتە دیوەخانەکە.

هەرچەندە ماڵی مەلا ئەفەندی بەولای هەموو شتێکەوە بوو کە من دیبێتم، دیسانەوە چونکە وەها بەگەشی و ڕووی خۆش و دڵی فەراحەوە بەخێر هێنراین، مەلا ئەفەندیش هێندە لەگەڵم بەلوتف و بەزەیی بوو دەتگوت چوومەتە ماڵی مامم. ئەو پێشوازییەی لەباوکم هی گێڕانەوە نییە. دواتر کە لەساڵانی خوێندنی ناوەندیمدا هاتمە باداوە ئینجا دوو شتم بۆ ڕوون بۆوە: یەکەم ئەوە بوو کە پایەی باوکم لای مەلا ئەفەندی لەچ ڕادەیەکدایە. دووەم ئەوە بوو کە شکۆ و سامی مەلا ئەفەندی و بەرودیوەخانەی بۆ خەڵقی دیکە چ ڕادەگەیەنێ. من هەستم نەکرد چووبێتمە جێگەیەکی غەریب. کەچی دواتر دەمدیت ئەو پیاو ماقووڵانەی دێن بۆ دیدەنی مەلا ئەفەندی چلۆن لەدەرەوەی سنووری باغەکە تا دیوەخانە بەوپەڕی خودداری و هەنگاو لەباری و داپێچراوی و بێدەنگییەوە بەپێیان ڕێ دەبڕن و ئەو ماوەیەی بەدیار هاتنی مەلا ئەفەندیشەوە لەدیوەخانە چاوەنۆڕی دەکەن وەک لەحزووری مەلیکێک دانیشتبن بەویقار و بێجووڵە دەمێننەوە، خولاسە، مەسەلەکە زۆر دوور و قووڵ بوو.

مەسعود محەمەد، باس لەیەکەم دانیشتن و نانخواردنی لەقەسری باداوە لەگەڵ مەلافەندی هێندە بەتامەزرۆوە دەگێڕێتەوە، وەک ئەوەی یەکەم ژەمی نانخواردنی بێ لەهەموو ژیانیدا. دەڵێت: یەکەم ژەمی خواردنمان هی شەو بوو، باوکم ئەگەر مێوانی بێگانە نەبوایە حەزی نەدەکرد بەعادەتی کوردەواری لەسەر زەوی و بەدەوری سینییەوە نان بخوات، هەر بەو عادەتە لەباداوەش نانیان لەسەر سینییەکی زۆر گەورەی بان کورسییەکی نزمەوە دانا. جگە لەمن وەستا تەها و دوو بەردەست لەگەڵماندا بوون، کە چووین بۆ نانخواردن باوکم وەستا تەهای تەکلیف کرد، مەلا ئەفەندی (سەد هەزار ڕەحمەت لەگۆڕی) ئیلحاحی کرد کە دەبێ دووەکەی دیکەش بێنە سەر سینی، باوکم ڕێی نەدا هەر نەبێ لەبەر دوو سەبەب، یەکیان ئەوە بوو کە نانیان بۆ ئاوا نەدەکرا لەوەزعی وەهادا، دووەمیان ئەوە بوو کە بەعومری خۆیان لەدیار باوکم نانیان نەخواردبوو. لەبیرمە ئەو خواردەمەنییە جۆراوجۆرە قەشەنگە پرلەزەتە کە سینییەکان بەپڕی ڕازاندبوەوە جۆرێک شیرینی تێدا بوو یەکجار بەدڵم بوو، کوردی گوتەنی لێی تێر نەدەبووم.

باوکم لەبارەی ئەو شیرنییەوە بەمەلا ئەفەندی گوت: تۆ دەزانی


سەردانی مەلیک فەیسەڵی یەکەم بۆ شاری هەولێر لە کۆشکی مەلا ئەفەندی

من خواردنێکی هێلکەی تێکەڵاو بێ ناخۆم. شەوی دواتر کە نان دانـرا ئـەو شیرنییەی لەگەڵدا نـەبـوو، نـەمکردە شـەرمگیری بەمەلا ئەفەندیم گوت ئەفەندی خـۆ ئـەمـن هـێـلکـە دەخـۆم. قسەکەمی هێندە پێ خۆش بوو پێوەی گـەش بـۆوە. سبەینێ نیوەڕۆ کە لەهەولێر گەڕاینەوە بۆ بـاداوە دیتم یەک بەڵەمیان لـەو شیرنییە بـۆ مـن بـەجودا هەڵگرتووە.

پاش دانیشتن و نانخواردنیان بەیەکەوە، ئەمجارە مەلافەندی دەسـتـی دەگـرێـت و دەیـبـاتـە دیوی حەرەم و کەسوکارەکەی پـێ دەنـاسـێـنـێ، (مـەسـعـود محەمەد) وەها وەسفی ئاداب و هـەڵـسوکـەوتی مـەلافـەندی و ناسینی کـەسـە نزیکەکانی مەلافەندی دەکا و دەڵێ: دوو ڕۆژێک دواتر کە پێش نوێژی مەغریب مەلا ئەفەندی بەعادەتی خۆی هەڵستا بـۆ لای ماڵەوە بچێتەوە دەستی گرتم و لەگەڵ خۆی بردمی بۆ دیوی حەرەم. هەموو قەسرەکەی نیشان دام، ئنجا بردمیە ژووری خۆی. لوتفێکی وەهای نواند لەخەیاڵ بەدەر بێ، کە بانگی مەغریبی دا دەستی گرتم و بردمی بۆ ژووری عیززەدین بەو نیازە تا لەنوێژ دەبێتەوە تەنها نەبم. ڕاستییەکەی لەگەڵ منداڵیشمدا ئەو هەموو نەوازشتەم پێ هەزم نەدەکرا. لەدەرفەت دەگەڕام بۆی دەرچم، ژوورەکەی عیززەدین ژوورێکی پڕ تاقم و ڕازاوە بـوو، خێزان و خوشکی مەلا ئەفەندی لەگەڵ چەند ئافرەتێکی کە نەمدەناسین لەسەر فەرش دانیشتبوون عیززەدینیش لەسەر کورسییەک، منیش لەتەنیشت ئەوەوە بەسـەر کورسییەکەوە گیرسامەوە. خێزانی لەبنەماڵەی یەعقوبی هەولێر، خاتوونێکی لێوەشاوە بـوو، خوشکی مەلا ئـەفـەنـدیش کـە بـەنـازنـاوی (خـاتـوون)ەوە ناویان دەهێنا، هـەروەهـا هـەردووکـیـشـیـان لەگەڵ دایکمدا ئاشنا بوون، زۆر ئەحواڵپرسیان کرد و گەلێکیان بەخێر هێنام. قاسم منداڵ بوو خۆم لێی نزیک کردەوە و دەستیم گرت و بەناوی پێکەوە گەڕان لـەژوورەکـە دەرچـوویـن، پێم گوت ڕێگەی چوونە دیوەخانەم نیشان بدات، ئیتر هاتمەوە لای باوکم. مەلا ئەفەندی لەشەوان زووتر هاتەوە دیوەخانە هەر بۆ ئەوەی بەنوازشتەوە گلەییم لێ بکا.

هـەمـوو شـەوێـک دوای بەسەرچوونی دانیشتنی پاش نانی خەفتنان، مـەلا ئەفەندی لەماڵەوە یەک قتووی پڕاوپڕی شـەوچـەرە و شـەکـەراتـی هەمەچەشنەی هەرە مومتازی بۆ دەنـاردم، شـەوی یـەکـەم بەناوی عیززەدینەوە، شەوی دووەم بـەنـاوی قـاسـمـەوە، شەوی سێیەم بەناوی خۆیەوە کە ئیتر حورمەت بۆ منداڵێکی یازدە ساڵی لەوە تێپەڕ ناکات. سبەینان من و وەستا تەها و یەکێک لەیارمەتیدەرانی باوکم، دوای بـەرچایی، دەهـاتین بۆ شار بەئۆتۆی مـەلا ئەفەندی، پاش چێشتەنگاو مەلا ئەفەندی و بـاوکـم دەهـاتـنـە شـار لەمزگەوتەکەی قەڵا دادەنیشتن، ئێمە دەگـەڕایـن و دنیامان بەسەر دەکردەوە هەتا نزیکی ئـەو دەمـەی کـە لـەقـەڵاتـەوە دەگـەڕایـنـەوە بـۆ بـاداوە. ترمبێلـەکـەی مـەلا ئـەفـەنـدی بـەدوو جـاران دەیبـردینـەوە. جاری دووەم مەلا ئەفەندی و باوکم و من دەهاتینەوە. پێشتر وەستا تەها و ئەوانی دیکەی دەگەیاندەوە.

دوای چـەنـد شـەوان سبەینەیەکیان پاش بەرچایی بـەئـۆتـۆکـەی مـەلا ئـەفـەنـدی لەخزمەت باوکمدا چووین بۆ هـەڵـەجـە. خەڵقەکە ئاگاداری ئەو سەردانە بوون، قەڵەباڵغی لەهەڵەجە کۆببووبۆوە. باوکم بەگەرمی سـەرەخۆشی لەشێخ عـەزیزی کـوڕەگـەورەی شێخ مارف و لەهەموان کرد، بەدڵ و بـەکوڵ و بـەردەوامـێـک بۆ شێخ مارف گریا. لەو سەفەرەدا بۆ یەکەم جار جەباری شێخ عـەزیـزم دیت، برایانی لەخۆ گـەورەتـری و مـامـەکـانـی و ئامۆزاکانی باوکی و گەلێکی دیکەش لەدانیشتوانی هەڵەجەم ئـەم جارە دیتبوو باسی کاک جەبـاریـشـم بیستبوو، زۆر کـەیفـم بـەدیتنی هـات و ئـەو چەند ڕۆژەی لەهەڵەجە ماینەوە من و ئـەو هـەر بەیەکەوەمان ڕادەبوارد.

ڕۆژێکیان چێشتەنگاوی قاییم کردبوو مەلا ئەفەندی گەیشتە هەڵەبجە، تومەز من نەمدەزانی ئەم سەفەرەی باوکم و هاتنی مـەلا ئەفەندی پێشتر بڕیاری لـەسـەر درابـوو. زووتـر مـەلا ئەفەندی هاتبووە پرسەی شێخ

مارف، ئەم جارەش تازیمانەی نوێ کردەوە. دوای ئیسراحەتێک بوخچەیەک کە لەئۆتۆی مەلا ئەفەندی هێنرابۆوە خواری بەدەستی باوکم و مەلا ئەفەندی کرایەوە، کەشیدەیەکی زەردی حاجییانە و عەبایەکی بەنرخی تێدابوو، یەکێک لەو دوو مەلایە زلە کەشیدەکەی لەسەری شێخ عەزیز بەست، ئەوی دیکەش عەباکەی لەبەر کرد و بەموسافەحەی قۆڵ بۆسی موبارەکبادییان لێ کرد و لەجێی شێخ مارفیان دانا. ئێستاکە نایەتەوە بیرم لەمەلا ئەفەندی و باوکم کامیان کەشیدەکەی لەسەری شێخ عەزیز بەست و کامیان عەباکەی لەبەر کرد، بەڵام چاکم لەبیرە ئەو خەڵقە هەموو لەشکۆی ئەو دیمەنە دەستی کرد بەگریان. دوای نانی نیوەڕۆ پێش عەسر لەخزمەت مەلا ئەفەندی و باوکم دا گەڕاینەوە بۆ باداوە.

**چی لە بارەی ڕێز لەخۆنانی کاوێساغاوە نووسراوە هەمووی ڕاستە چونکە دانیشتنی لەمەجلیسی مەلا ئەفەندی بەو شێوەیەی خۆم دیتم هەموو ئەو باسانە دەسەلمێنێ**

مەسعود محەمەد ساڵی ١٩٣٤ قۆناغی سەرەتایی لەکۆیە تەواو دەکات، بۆ تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی و بەرەو سەرتریش، بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی، ناچار ڕوو دەکاتە هەولێر و ماوەی پێنج ساڵ لەقەسری باداوە لای مەلافەندی دەمێنێتەوە و وەک عیززەدین و قاسم دەبێتە کوڕی ئەو ماڵە و پێکەوە دەخوێنن. لەو ماوەدا (مەسعود محەمەد) خەڵکانێکی زۆر دەبینی و دەناسی، لەکتێبی (گەشتی ژیانم)دا باس لەوردەکاری بەسەرهات و سەردان و میوانەکانی قەسری باداوە و مزگەوتی گەورەی قەڵاتی تێدایە و کەم تا زۆر هەمووانی بەسەر کردۆتەوە:

داماو سەید حوسێن حوزنی موکریانی، ناوناوە سەردانی مەلا ئەفەندیی دەکرد لەمزگەوتەکەی قەڵات، کە باوکم هاتبایە هەولێر و حوزنیش لەهەولێر بایە دەهاتە لای. سەید حوسێن لەمەسەلەیەکدا سەغڵەت کرا. مەلا ئەفەندی و باوکم پشتگیرییان لێ کرد. من، بێ ئەوەی لەنزیکەوە چەندوچۆنی مەسەلەکە بزانم، هەستم دەکرد لەهەندێ سەردانەکانیدا، سەید حوسێن بێئارامی پێوە دیارە. هەتا پتر هۆشم بەدنیا دەشکا پتر خەفەتم بۆ سەید هەڵدەگرت. تۆ وەرە وەکو پشیلە بێچووەکانی بەدەم دەگێڕێ بۆ شوێنی سەلامەت، چاپخانەیەک لەسووریەوە بەشان و مل هەڵگرە بۆ خزمەتی کوردایەتی و چوارگۆشەی وڵاتی پێ بکە، بەئەرک و مەسرەفی ژیانی کولەمەرگی کتێب دانێ لەزیندووکردنەوەی ناو و مێژووی میللەتەکەت ئنجا لەجیاتی پاداشتی چاکە و مەردایەتی قەبرت بۆ هەڵکەنن!! پەحا کە ئەم دنیایە ناوناوە خۆی وەها خوێڕوو دەکات کەڵکی پێوە نامێنێ.

هەوەڵ ساڵی خوێندنم لەباداوە، ڕامز بەگی عەبدوڵا سافی یەعقووبی کەرکووک کە قایمقامی کۆیە بوو بەمێوانی هاتە لای مەلا ئەفەندی. شەو ژوورێکی بۆ تەرخان کرا و خۆی و شەهاب تێی خزان. من لەژووری خۆمەوە گوێم لەدەنگی شەهاب بوو قوڕیاتی دەگوت بەڵام دەتگوت ئاگر لەهەناوی دەردێت. ئەو شەوە هەتا درەنگێکی زۆر درەنگ شەهاب گوتی و ڕامز بەگ گریا و لەسەر و پۆتەڕاکی خۆی ڕادەکێشا. پیاوەکانی مەلا ئەفەندی لەکەلێنی پەردەی پەنجەرەوە ئەوەیان لەڕامز بەگ دیتبوو دواتر من زانیم ڕامز برینداری عیشقێکی ناکام بوو. شەهاب بەدەردی سیل ئۆغری کرد، سەرەتاکانی عومریشی بوو لەچاو ئەو عومرەی کە مامۆستای خۆی سەیید مەردان ڕایبوارد. حیکایەتی سەید مەردان و شەهاب و بەدوا ئەوانیشدا هی حەیدەر (مەشوور بەحەیدەرە کەچەڵ) بەسفتوسۆیە بەڵام لێرە جێی نابێتەوە.

لەموناسەبەی گۆرانی و گۆرانیبێژ بەبیرم دێتەوە، هەر لەو ساڵەی یەکەمی خوێندنم بوو جارێکیان میرانی قادر بەگی شەقڵاوە بەدەستەودایەرەی خۆیەوە هاتە باداوە لەنێوانیاندا کاوێساغاش پەیدا بوو. کاوێساغا لەڕیزی براکانی قادر بەگ دەژمێردرا و بەشداری دانیشتن دەبوو لەمەجلیسی مەلا ئەفەندی. چی لەبارەی ڕێز لەخۆنانی کاوێساغاوە نووسراوە هەمووی ڕاستە چونکە دانیشتنی لەمەجلیسی مەلا ئەفەندی بەو شێوەیەی خۆم دیتم هەموو ئەو باسانە دەسەلمێنێ.

لەو جۆرە مێوانانە جارەها دەمدیتن سەردانی مەلا ئەفەندییان دەکرد و بەتێڵگەی پڕەوە بەرەو ماڵ دەبوونەوە. جارێکیان مەلایەکی ئەوتۆیی قسەزانی شاعیری باخەبەری نوکتەباز یا لەفەلەستینەوە یا لەمیسرەوە هاتبوو چەند ڕۆژێک لەباداوە مێوانی مەلا ئەفەندی بوو.

# ئازاد عیزەددین مەلافەندی باس لە چەند ویستگەیەکی مەلافەندی باپیری دەکات

**ئیسماعیل کێ بوو؟**

کاتی خۆی کەماڵ مەزهەر لە ڕێگەی دکتۆر ئیسماعیل شوکر کە ئەویش کتێبێکی باشی لەسەر هەولێر هەیە و زۆر شتی تێدایە ئاگاداری کردمەوە لە بەڵگە نامەکانی بەریتانیادا، کە بۆ ساڵی ١٩٣١ دەگەڕێتەوە، مەندوبی سامی بەریتانی هاتۆتە هەولێر و لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی کۆبۆتەوە بۆ ئەوەی گوێبیستی داخوازییەکانی کورد بن، بۆ ئەوەی بزانن چیان دەوێت، لەو بەڵگەنامەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە عیزەددین مەلا فەندی یەکێک بووە لەو کەسایەتییە کوردانە، کە ئەو کاتە تەمەنی پازدە ساڵان بووە، قوتابی ناوەندی بووە و لە جیاتی ( مەلا فەندی) باوکی ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بووە.

لەو دانیشتنەدا یەکێکی لە گەڵ بووە بە ناوی (ئیسماعیل) کە لەگەڵ خۆی قوتابی بووە، دکتۆر کەمال مەزهەر دەیویست بزانی ئەو (ئیسماعیل)ە کێیە

ئازاد عیزەددین مەلافەندی ئەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ئەوکاتی باوکم لە ژیاندا مابوو، منیش لە باوکم پرسی گوتم ئەو ئیسماعیل-ە کێیە؟

باوکم چیرۆکەکەی هەموو بۆ گێڕامەوە و گوتی: مەندوبی سامی بەریتانی داوایان کرد مەلا فەندیش بێت، بەڵام مەلا فەندی گوتی: من لە قەسر ناچمە دەرەوە، کۆبووەنەوەکە لە بینای موتەسەریفەی هەولێر دانرابوو

بۆیە مەلافەندی داوای کرد، باوکم عیزەددین بچێت و بەشداری بکات.

ئەوکات بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان مامۆستا ڕەفیق حلمی بوو، مەلا فەندی بە عیزەددین-ی باکم دەڵێ: بۆ نیوەڕۆ ڕەفیق حلمی لەگەڵ خۆت بێنەوە ماڵ بۆ نانخواردن (ڕەفیق حلمی)یش داوایەکە قبول دەکات و سەردانی مەلا فەندی دەکات، دوای گفتوگۆیەکی کورت مەلا فەندی داوا لە ڕەفیق حلمی دەکات کە شتێک بنووسێت بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی کە بڕیارە لەگەڵ مەندوبی سامیدا بکرێت، پێشی دەڵێ ئەوەی تۆ پێت باشە منیش پێم باشە چی دەنووسی بینووسە، بۆ ئەوەی عیزەددین کە بە نوێنەرایەتی من بەشدار دەبێت لەگەڵ خۆی بیبات و بیانداتێ.

معاونی بەڕێوبەری قوتابخانەکە کوڕێکی هەبوو ناوی (ئیسماعیل) بوو زۆر تکای لە ڕەفێق حلمی کرد کە کوڕەکەی ئەویش ئیسماعیل، کە هەر لەوێ قوتابی بوو لە گەڵ عیزەددین بچێتە ئەو کۆبوونەوەیە، ئەو (ئیسماعیل) ەی دکتۆر کەمال مەزهەر باسی دەکرد و دەیویست بزانێ ئەو کەسە کێیە، ئەوە، ئەو کوڕە بوو، کە هیچ پەیوەندی بە کۆبوونەوەکە نەبووە بەڵام بەمشێوەیە لەوێ بووە.

**لە سێدارە نەدران**



لە سییەکان کە ئەو کات حوکمی عورفی ڕاگەێنرا بوو ژمارەیەکی زۆر لەکاتی خۆپیشاندانێکدا کە کاتی خۆی هێچی وای لەسەر نەنووسراوە و منیش باشم لە بیر نییە، ژمارەیرکی زۆر لە بەشداربووان دەستگیر کران و لەموسڵ حوکمی لە سیدارەدانیان بۆ دەرچوو، کە زۆر کەسی دیاری خانەوادەی هەولێری تێدا بوو، کەسوکاری ئەوانە ڕوویان لە مەلا فەندی

کرد بۆ ئەوەی فریایان بکەوێت و ڕەجایان بۆ بکات، ئەوەبوو دوای ئـەوەی مـەلا فـەنـدی دەبێتە کەفیلیان هەر هەموویان ئازادکاران و لە سێدارە نەدران

## چیرۆکێکی نەبیستراو

ڕۆژێـکـیـان لـەگـەڵ ئیدریس هـادی سـەردانی مـەلا ئەحمەد خانەقامان کرد، کە چووینەلای گـوتـی چـیـرۆکـێـک هـەیـە بـۆت دەگێرمەوە: وەخـتـی خـۆی دوای تـێـکـچـوونـی شـۆڕشـی ئەیلول ئاوارەی ئێران بووین لە گەڵ برادەرێک لـەسـەقـز سـەردانـی مـەلایـەکـی نـاسـروی ئەوێمان کرد دوای ئەوەی زانی من مەلایەکی هەولێریم یەکسەر پرسیاری خـانـەوادەی مـەلافـەنـدی و قەسرەکەی کرد، دوای ئەوەی بیستی قـەسـرەکـە نـەمـاوە و ئـەوەی هـەبـوو هیچی لەسەر هیچ نەماوە یەکسەر بووراوەوە، دوای وەخۆ هاتنەوەی گوتی: چۆن ئەو قەسر و ئەو ناوەندە زانستییە هیچی نەماوە، دەزانن ئەوە چی بوو؟

**دکتۆر کەمال مەزهەر دەیویست بزانی ئەو (ئیسماعیل)ە کێیە**

جا ئـەو مـەلایـە گـوتـی: با ئەو چیرۆکەتان بۆ بگێرمەوە: ئێمە چەند کەسێک بووین لەسەر دەستی مەلا فەندی ئیجازەی مەلایەتیمان وەرگرت، عادەتیش وابوو هەرکە تـەواو دەبووین مەلا فەندی دەستێک قات و جلی بۆ دەکرین و برێک پارەشی دەدایێ، نووسارویشی دەدایێ بۆ دامـەزرانـدن لـە حکومەت، هەندێکیشیان نووسارۆێکی بۆ ئاغای گوندی دەکرد دەیگوت ئەوە بکەنە مەلا لەلای خۆتان.

گـوتـی: لـەبـەر ئـەوەی لـەو دەورەیـە تـەنـیـا مـن خەڵکی کوردستانی ئێران بووم پێم گوت: ئەی من ئەفەندی، مەلا فـەنـدی پێی گـوتـم حیسابی تۆ جیاوازە لـەبـەر ئـەوەی لە هەموویان زیرکتر بوویت قەت لە بیرت ناکەین ئەگەر لێرەش دەمێنیەوە زۆر باشە، منیش گـوتـم: مـن لـێرە نامێنمەوە بەڵام مەکتوبێکم بدێ بۆ شای ئێران، مەلا فەندیش گوتی: من شا ناناسم، منیش گوتم باشە ئەو تۆ دەناسێ، داوی بینەو بەردەیەکی زۆر لەبەر ئەوەی منی زۆر خـۆش دەویـسـت مـەکتوبیکی بۆ شـای ئێران نووسی و گـەڕامـەوە، یەکسەر چوومـە تـاران و مەکتوبەکەم گەیاندە نووسینگەی شا و لێیان وەرگرتم گەڕامەوە سەقز.

هـەرکـە گەیشتمەوە سـەقز لە ڕێگەی پـارێـزگـارەوە ئاگادار کـرامـەوە کـە یـەکـسـەر بگەمە کۆشکی شـا لـە تـاران، منێس یـەکـسـەرە و دوای ئـەوەی کـەسـێـکـیـان لـەگـەڵـم نـارد گـەڕامـەوە تـاران، بۆ ڕۆژی دوایـی چـاوم بـەشـا کـەوت، پێی گوتم: تۆ سـەری ئێمەت بڵند کـردوە لـەسـەر دەسـتـی ئەو زانایە گـەورەیـەی یەکەم دەرچوویت، زۆر ڕێزی لێمنا گوتی: فـەرمـوو چیت دەوێت، گوتم: دەمەوێ دابمەزرێم گوتی: ئەوە دامەزرایت، ئەوەش خانوو، پاداشتێکی باشیشی کردم، بۆیە ئـەو نـاز نیعمەتیەی دەیبینن هەمووی هی مەلا فەندییە

## قەسر بۆ تێکدرا؟

ئـازاد عیزەددین مـەلافـەنـدی لـەم بـارەیـەوە دەڵـێ: ئـەوە حیکایەتێکی دوورودرێژە، بەڵام بەکورتییەکەی و ڕاستییەکەی ئەوە بوو کەس خاوەندارییەتی نەکرد عیزەددینی باوکم لە دەرەوەی وڵات بـوو، منیش منداڵ بووم، کەسێک نەبوو پێیان بڵێ ئەو قەسرە بۆ تێکدەدەن، تاساڵی ١٩٦٥هەر مابوو کاتێک دوای شۆڕشی ١٩٥٨ بارزانییە گەڕانەوە ماوەیەک لەو قەسرەدا مانەوە.

لەسەردەمی (بەدرەدین عەلی) یش کە ئەو کات موتەسەریفی هـەولـێـر بـوو داوای کـرد خانەوادەی شێخ ڕەشیدی لۆلان تێیدا نیشتەجێ بکرێن، ئەو بوو تا ساڵی ١٩٦٥تێدا مانەوە. دواتر باوکم لـێرە نـەبوو وەکیلێکی هەبوو، ئەو وەکیلە قەسرەکەی ژوور ژوور بـەکرێ دابـوو، نان و شتی وایان تێدا کرد تا ئەوەبوو ڕۆژێکیان سووتا، واتە سووتانەکە ڕووداوێـک بـوو ڕوویدا، بە ئەنقەست نەبووە

## یـەکـەم ئۆتۆمبێل بووهـاتـە هەولێر، بەلام ژمارە (٣) بوو

سەبارەت بە ئۆتۆمبێلەکەی مەلا فەندیش زاد عیزەددین فەندی گوتی: ئۆتۆمبیلی مـەلا فەندی یەکەم ئۆتۆمبێل بوو، دواتر چەند ئۆتۆمبیلی دیکەشیان هێنا، بەلام دواتر کە ژمارەیان پێدان ئۆتۆمبیلە حکومییەکان و ئەوانی دیکەش بەیەکەوە ژمارەیان پـێـدان، ژمـارە (١)یـان دایـە موتەسەریفی هەولێر، ژمارە (٢) شیان دایە بەڕێوەبەری پۆلیس، ژمارە (٣) بووە ئەهلی، چونکە حکومەت دوو ئۆتۆمبیلی هـەبوو، دواتـر لـە چلەکان کە ئۆتۆمبیل زیادی کرد حکومی و ئەهلی لێک جودا کرانەوە.

## شووفێرەکەی مەلا فەندی

شـووفـێرەکـەی مـەلا فـەنـدی تورک بوو، لە تورکیا هێنابووی، ناوی جەمال بوو، چونکە ئەو کاتە کەس نەیدەزانی ئۆتۆمبیل باژوات.

# رەخنە و لێکۆڵینەوە

**لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ئەفسانەی (شاماران)ەوە.**
هۆشەنگ شێخ محەمەد

- **چەند سەرنجێک لەسەر (شێخی سەنعان) لای عەرەب و فارس و کورد**

د. محمد تاتانی

- **شیعر و گێدەر**

ناڵە حەسەن

- **نەتەوە و حیکایەت نووسەکانی**

نەبەز گۆران

- **ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان .. قەندێک لە شەکرە داری فەرهادی**

دڵشاد کاوانی

- **خواندنەکا دەروونــی - جڤاکی بۆ کورتە چیرۆکا «ژ دەفتەرا سەرهەلدانێ...»**

د. عارف حیتۆ

- **وێنەی هونەری و زمانی جوانکاری لە شیعرەکانی (کەژاڵ ئیبراهیم خدر)دا**

ن: سەعد ئەلساعدی - و: عبدالستار شارباژێڕی

# لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ئەفسانەی (شاماران)ەوە



هۆشەنگ شێخ محەمەد

## (١)

چیرۆکی شاماران، لەنێو کورد و گەلێک میللەتی تری ئەم ناوچەیەدا بەچەند جۆرێک گێڕدراوەتەوە و پارێزراوە، لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە گواستراوەتەوە. هەندێک سەرچاوە دەڵێن شاماران خواوەندێکی دێرینی مێینەی کوردە، خواوەندی زانین و پارێزەری نهێنییەکان بووە. ئەم چیرۆکە لەزۆر دەڤەری کوردستاندا بڵاو بۆتەوە، بەڵام پتر لە باکووری کوردستاندا بڵاوە و لە ناوەندی بازاڕی شاری ماردیندا پەیکەرێکی گەورەیان بۆ داناوە.

## (٢)

یەکێک لە گێڕانەوەکانی ئەفسانەیی بە شێوەی ئەم چیرۆکەی خوارەوەیە:

کچێکی جوانکیلەی ڕەند و زیرەک و وشیار، بێ دایک و باوک، لەگەڵ داپیرەکەی لەگوندێک دەژیا، ئەویندار کوڕێکی هەژار دەبێت، کوڕە مامەکەی کە ئاغای گوندەکەشە، بە چیرۆکی ئەوینداریيەکەی دەزانێت، شێتوهار دەبێت! دەچێتە لای و پێی دەڵێت: (ئێستا زانیم بۆ شوو بە من ناکەیت، چونکە تۆ ئەویندار کوڕێکی دیکەی! بزانە ئەگەر تۆ بۆمن نەبی، بۆ گڵ دەبیت!). بەڵام کچەکە بەردەوام ڕەتی دەکاتەوە کە شووی پێ بکات و دەڵێت: (بۆ من مردن لەهاوژینی تۆ خۆشترە، بمرم شوو بە ئاغای گوند ناکەم، چونکە زۆردارە)

ئاغا لە ڕێی پیاو و خوڵامەکانی، کوڕەکە دەگرن و دەیبەن لەماڵی کچەی گرێ دەدەن، ئاغا پێی دەڵێت: (بۆ دوا جار داوات لێدەکەم شووم پێ بکەیت، ئەگەر شووم پێ بکەیت دەهێڵم کوڕە بڕوات، ئەگەر نا تۆ و ئەو دەکوژم!) کچەکە دیسان ڕەتی دەکاتەوە شویی پێ بکات و پێی دەڵێت: (ژیان لەگەڵ تۆ مردنە!)

ئاغا یەکسەر کوڕەکە دەکوژێت و لەنێو گونددا بڵاوی دەکاتەوە، کە کچە پاکیزە نەبووە، بۆیە شووی پێ نەکردەووە، ئەوەتا لەگەڵ کوڕەی تاوانبار هەردووکمان پێکەوە گرتوون! خەڵکی گوندەکە شاماران بە خیانەت تاوانبار دەکەن، ئاغا هانیان دەدات کە کچەکە بکوژن، بەڵام داپیرەی کچە پێی دەڵێت: (ڕاکە، ئەگەر نا ئاغا وا دەکات خەڵکی گوند بتکوژن، تا دەتوانی هەڵێ و بڕۆ!)

کچەکە هەڵدێت و خەڵکی گوندی دوای دەکەون، تا بیگرن و بیکوژن. کچەکە بەردەوام هەڵدێت و شەوی بەسەردا دێت، دەگاتە دارستان و تاریکە، بێ ئەوەی بەرپێی خۆی ببینێت ڕادەکات، دەکەوێتە بیرێکی قووڵەوە، لەهۆش خۆی دەچێت. کاتێ خەڵکی گوندەکە دەگەنە سەری و دەبینن لە بن بیری کەوتەوە، وادەزانن مردووە، دەڵێن ئەوا سزای خۆی وەرگرت! لەوێ بە تەنیا بەجێی دێڵن و دەگەڕێنەوە.

دوای ماوەیەک کچەکە بەهۆش خۆی دێتەوە، دەزانێت کە هەردوو پێیەکانی شکاون، هەست بە تینوێتی و برسییەتی دەکات، هەوڵ دەدات خۆی بجووڵێنێتەوە و پێیەکانی بەدوای خۆیدا بکێشێت، بەڵکو لەنێو بیرەکەدا هەندێ ئاو پەیدا بکات. کونێک دەبینێت، دەچێتە نێوی، تەماشا دەکات رووبارێ، ئاوێک دیارە، میوەجات و گەوهەران دەبینێت. ئاوەکە دەخواتەوە و دەبینێت لەدوورەوە هەندێک مار بەرەو لای ئەو دێن و نزیک دەبنەوە. پێی دەڵێن: (مەترسە تۆ لە جێیەکی ئەمینی، لەشت بخە ناو ئاوەکەوە و چاک دەبیتەوە!)

کچەکە لەشی خۆی دەخاتە نێو ئاوەکە و بەتەواوی چاک دەبێتەوە، ئێش و ئازاری نامێنێت، بەڵام لەشی وەک ماری لێدێت. کچەکە لەگەڵ مارەکان لەشاری ماران دەژیەت. ناوی لێدەنێن شاماران!

شاماران شەوان لە شاری ماران کە لەژێر زەویدایە، بۆسەر زەوی سەردەکەوێت و هاوکاری خەڵکی بەلنگاز و هەژار دەکات. ئەوەی پێویستی بەپارە بێت، بڕێکی بۆ لەبەر دەرگا دادەنێ ئەوەی نەخۆش بێت دەرمانی بۆ دەبات.

گەنجێکی گوند، بەناوی (جاماسپ) بیرە هەنگوینێک دەدۆزێتەوە، لەگەڵ هەڤاڵێکی خۆی، کە جێی متمانەیەتی، دەچن بیرەکە دەربێنن و بیبەن لەبازاڕ بە پارە بیفرۆشن. کاتێ (جاماسپ) دەچێتە نێو بیرەکە تا هەنگوینەکە بخاتە مەشکەکەوە و برادەرەکەی سەری بخاتە سەر زەوی، برادەرەکەی (جاماسپ) لەبنی بیرەکەدا بەجێدێڵێت! (جاماسپ) بەتەنیا لەبنی بیرەکەدا دەمێنێتەوە و ناتوانێت بێتە دەرەوە.

(جاماسپ) گوێی لەفیشکەی ماران دەبێت، مارێک دەبینێت لەشی نیەوەی مرۆڤە و نیوەی مارە، لەکەمەری بەسەرەوە کچێکی شەنگ و شۆخە و

لەخوار کەمەریشییەوە مارە!

(جاماسپ) باسی خۆی و بیری هەنگوین و خیانەتی برادەرەکەی بۆ دەکات، شامارانیش باسی چیرۆکی خۆی و ئاغا و تۆمەتبارکردنی بە خیانەتی و هەلاتنی بۆ دەکات.

(شاماران) بە (جاماسپ) دەڵێت: لێرە دەربازت دەکەم، بەڵام بەمەرجێک نابێت لای کەس باسی شاری ماران بکەی، شوێنی من بەکەس نەڵێی. جاماسپ بەڵێنی پێ دەدات، کە بە هیچ شێوەیەک شاری ماران بەکەس نیشان نەدات.

پادشای ئەم سەردەمە تووشی نەخۆشییەکی وادەبێت، کە هیچ نوژدار و حەکیم نەتوانن چارەسەری بکەن، جادووگەری پادشا دەڵێت: (دەرمانی دەردی پاشا لەسەری شاماراندایە!) ئەوانەی تر دەڵێن: شاماران چیرۆک و چیڤانۆکە و لەڕاستیدا نییە، کەس شامارانی نەدیووە. جادووگەر دەڵێت: (ئەوەی شامارانی دیتبێت، لەشی پنت پنت بووە، ئەمە هێمایە!)

پاشا فەرمان دەردەکات، کە هەموو وڵات بگەڕێن تا ئەوکەسە بدۆزنەوە، کە شامارانی بینیووە.

دەگەڕێن تا (جاماسپ) دەدۆزنەوە. بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابێت شوێنی شامارانیان نیشان بدات، بەڵام لەژێر فشاری ئازار و ئەشکەنجەدانێکی زۆر و گەفکردن بە کوشتنی دایکی، جاماسپ شاری مارانیان نیشان دەدات.

کە دەگەنە سەر بیرەکە، جادووگەر هەندێ وێرد دەخوێنێت و هەندێک تۆز و دەرمان بە بیرەکەدا شۆڕ دەکاتەوە، هەندەی پێ ناچێت شاماران دێتە دەرەوە.

(جاماسپ) داوا لەپاشا دەکات، بۆ دواجار دەفەتی بداتێ، کە شاماران ببینێت و قسەی لەگەڵ بکات. پادشا ڕێگەی پێ دەدات.

جاماسپ بە شاماران دەڵێت: (لێم ببوورە)

شاماران دەڵێت: (جاماسپ لە تۆ دەبوورم، خیانەت هەمیشە دووبارە دەبێتەوە! بەڵام ئاگاداربە، کاتێ کە سەری منیان بڕی، سێ پیالە خوێن دەردەدەم، یەکەم ژەهراوییە، جادووگەر بەتۆی دەدات تابمریت. پیالەکەی دووەم دەرمانە بۆ دەردی پادشا. پیالەی سێیەمیش حیکمەت و مەعریفەتە.)

دوای ئەوەی سەری شاماران دەبڕن (جاماسپ) دەتوانێت سێیەم پیالە ببات و حیکمەت و مەعریفەت وەربگرێت. پیاڵەی دووەم پادشا دەیخواتەوە. پیاڵەی یەکەم جادووگەر دەیخواتەوە و پێی دەمرێت.

لەگێڕانەوەیەکی تردا وای دەگێرنەوە: (شاماران لاوێکی چاونەترس و چەلەنگ بووە، دژی پادشایەکی ستەمکار ڕادەپەڕێ، کە سەرچڵی و ستەمەکەی تەنگی بە خەڵک هەڵچنیبوو. بەڵام هەڤاڵانی سەرراست و ڕاستگۆ نەبوون و ناپاکییان لێکرد. لەبەر ئەمە شۆڕشەکەیان دامرکایەوە، بۆیە هەڵهات و پەنای وەبەر کێوان برد. ساڵانێک لەکونەئەشکەوتان و لێل ماران ژیا. نیوەی جەستەی وەک ماری لێهات. جا لەم سۆنگەوە هاوڕێ مارەکانی ئەویان بە پادشای خۆیان هەڵبژارد. پاش مردنیشی، کچەکەی بووە جێنشینی و نازناوی شامارانیشی بۆ مایەوە.)

**(٣)**

لەم ئەفسانە گرنگ و قووڵەدا، زۆر بابەتی سەرنجراکێش دەبینین، کە ئەو بابەتانە دەبنە بەڵگە لەسەر هزرکردنی فەلسەفیی کوردان لەکۆندا، بۆنموونە بابەتەکانی وەک (پێوەندی مرۆڤ و مار و بوونەوەرەکانی دی، سرووشت و ژینگە لەکۆن و ئێستادا، ئەزموونکردنی جیهان لای کورد، زانین و ناسین و گواستنەوەی ئەم زانینە لەژنەوە بۆ پیاو. پرسیارگەلی وجوودی لەبارەی هەبوون و ژیان و مردن و چارەنووسی مرۆڤەوە، هێزی عیشق و ئەوینداری، ئازادی و ڕاپەڕین و شۆڕش و سەربەستی مرۆڤ، ستەمکاری و دەسەڵات و نەدادپەروەری، جەوهەری ژیان و بەرخۆدانی مرۆڤ و هتد...،)

هەروەها لەم چیرۆکەدا گرنگی و بایەخ و هێزی کتێب دەبینین، هێزی وشە و نووسین و زانین. کەسێک هەیە بەناوی (زریال) زریال کەسێکی دانا و زانا و شارەزایە. بە گوێرەی وەسفکردنی چیرۆکەکە،



زریال هەموو سیفەتەکانی مۆغەکانی زەردەشتی هەن. ئەندامانی پیرانی مۆغانی زەردەشتی، کۆمەڵێک یارانی زانا و ژیری زەردەشت بوون، کاریان چاودێری و پەرەپێدانی دینی بەهدینی بوو. کەسەکانی ئەو ئەنجومەنە کەسانێک بوون، کە باوڕی تەواویان بە راهێنانەکانی زەردەشت هەبوو. لەژێر سەرپەرشتی ئەو بنیاتنرا بۆ گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و بەرگریکردن لە دین لادان بەرەو ناڕاستی. لەئەندامە بەناوبانگەکانی ئەو ئەنجومەنە، کە لەئاڤێستا ناویان هاتووە، مەدیامانگ، جاماسپ و فرەشەوشتر)١

ئەنجومەنی (پیری موغان) کە لەدوو ناو پێکهاتووە (پیر) و (مۆغان). ئەگەر شییان بکەینەوە دەبینین بەو شێوە دەردەچێ:

پیر: ناوی پیر بەواتای پیرەک، پێشەوا، رێنما، شێخی تەریقەت، ڕابەری دینی بەهدینی و بەرزترین ئاستی دینییە لەنێو دینی زەردەشتدا. کە دەتوانێ هەم ژن و هەم پیاو بێ. لەهەندێک شوێنی کوردستاندا بۆ ژنی پیر وشەی (پیرەک) بە کاردێ. بۆ دایکی باوک، یان دایکی دایک، لەزۆر شوێندا تائێستاش بە (مامان) دەڵێن پیرەک.

مۆغان: موغ، مەغ، ناوی مەوبدە، پیری مۆغان، سرووشی زەمان، رزگارکەر، ڕێپیشاندەر، پێشەوا، پەیامبەر، ئازادیخواز، سوودگەیەنەری وڵاتان، کەدەبێ لەهەموو سەردەمێکدا هەبن و بەرپرسیاریی دینی خۆیان بەئەنجام بگەیەنن. پیران و دانا و بەرپرسیارانی ئایینی بەهدینی کەسانێکن، کە بەفەلسەفە و ئامۆژگارییەکانی زەردەشت شارەزا بوون و بێجگە لەبابەتی دینی، شارەزای زانستی سەردەمیش بوون وەک: کشتوکاڵ، ماتماتیک، کیمیا، ئەستێرەناسیی، کەشناسیی، پزیشکی و هتد... واژەی مۆغ لەنێو زمانە ئەورپییەکاندا هەیە.

یۆنانییەکان ئەمەیان بەلاوە سەیربووە، کە مرۆڤێک شارەزای ئەو هەموو زانستە بێ، بۆیە برێکیان پێیان وابوو ئەمانە جادووگەر، یا خەڵکێکی زۆر مەزن و سەیرن. ناوی مۆغ بۆ ئەوان بەواتای ئاوەڵناوی جادووگەر، یان مرۆڤێکی فرە بەرێزە. تائێستاش بەهەردوو واتا لەزمانی خۆرئاوایی بەکاردێ. وشەکانی (مەجیک) بەواتای جادوو، یان (مەجستیک) یا (مەجیستی) بە واتای مەزنی و گەورەیی بەکاردێ. کە لەواژەی (مۆغ) وەرگیراوە. لەزمانی یۆنانی مۆغ بە (ماگۆ)هاتووە. لەلاتینیش بە(ماگی) هاتووە. لەزمانی ئەرمەنیدا بووە بە (مۆگ). عارەبەکانیش لەوانیان وەرگرتووە و کردوویانە بە(مەجووس)٢

زریال یان پیر زریال، خاوەن کتێبێکی گرنگە لەبارەی جوگرافیا و سرووشت و جیهانەوە. جێگەی سەرنجە لەنێو چیرۆکەکەدا، کاتێک وەزیرکانی شا باسی ئەم کتێبە دەکەن، وەک مەترسییەک و گەفکردنێک بۆسەر دەسەڵات و بەرژەوەندی و فەرمانڕەوایی خۆیان دەیبیننەوە. لێرەدا ڕۆڵی کتێب و زانین و وشە دەردەکەوێت، وەک سەرچاوەیەک بۆچاندنی بیری ئازادی مرۆڤ و پاراستنی سرووشت و پێوەندی لەگەڵ سرووشت و تێکنەدانی ئەو هارمۆنیایەی لەنێو مرۆڤ و بوونەوەرەکاندا هەیە.

بایەخی کتێب لەم چیرۆکەدا، بایەخی بیرکردنەوەی کورد لەبارەی وشە و کتێب و وشەی موقەدەس و مێژووی موقەدەس نیشان دەدات، کورد ئەگەر خاوەن کتێبی ئاڤێستا، یان سەرئەنجام و زەبوری حەقیقەت و مەسحەفی ڕەش و هەر کتێبێکی کۆنی دیکەی موقەدەس بێت، ئەوا زانین و ناسین و بیرکردنەوەی فەلسەفی و مرۆڤایەتی خۆی لەنێو ئەم کتێبانەدا هەڵگرتووە، لەم کتێبانەدا پێوەندی خۆی لەگەڵ سرووشت و جیهان و دیاروناديارا ڕێکخستووە. کتێب واتا زمانی نووسین، یان زمانی نووسراو و تۆمارکراو لەبارەی مرۆڤ و جیهان و خودا و پێوەندی ئەو سێ یەکە سەرەکییە پێکەوە. زمانی کتێبەکان، واتا ئەو ڕێکخستنەی کورد بۆ بوون و بوونناسی دایمەزراندووە. دامەزراندنێک بە ناوەڕۆکێکی سرووشتی و بنەڕەتی کە خۆرهەڵاتییە و هەڵگری ڕووناکیی ڕاستی و نووری وشەیە. کتێب هێزی مرۆڤە تا ڕووبەڕووی دەسەڵاتی ستەمکار ببێتەوە.

کتێب، یان وشە، واتای ئەوە دەدات، کە مرۆڤ دەتوانێت بیر بکاتەوە، درک بکات، لە»لۆگۆس«ی بوون بگات. واتا مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاقڵە. دەتوانێ بنووسێت و بخوێنێتەوە، دەتوانێت لەخۆیدا، لەناوەوەیدا بەرەو هەمەکی بوون بکرێتەوە. بیرکردنەوە، لەڕاستیدا کردنەوەی ناوەوەی مرۆڤە بەرەو بوون.

فەیلەسوفانی یۆنان وشەی «لۆگۆس»یان بۆ ئەو دەربڕینە زمانییەش بەکارهێنا، کە مرۆڤ بۆ بیرکردنەوەکانی دەریدەبڕێت. واتا بۆ ئەو لۆگۆسەی لەناوەوەیەتی. ئەم دەربڕینە دەرەکییەش «وشە» یە. کە بەیۆنانی هەر «لۆگۆس»ی پێدەوترێت. وشە دەربڕینی دیار و دەرەکییە بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ و لەوێوە بە ئەوانیدیکەی دەگەیەنێت. لێرەدا پێوەندی نێوان «بوون» و «بیرکردنەوە» و «وشە» دەردەکەوێت. ئەم سێ وشەیە خۆیان لەبۆتەی (لۆگۆس)دا دەتاوێننەوە.

## (٤)

یەکێک لەم خاڵانەی جێی سەرنجە، پێوەندی

نێوان مرۆڤ و سرووشته. پێکەوە ژیانی مرۆڤ و بوونەوەر و زیندەوەرەکانی دی، یەکبوونێکی وجوودی لەنێوان مرۆڤ و سرووشتدا هەیە، کە ئەوەمان نیشان دەدات، کورد و زۆربەی خۆرهەڵاتییەکان لەگەڵ سرووشتدا لەنێو یەکبوونێکی ڕەسەن و بنەڕەتیدا بوون. لای کورد سرووشت و خۆزایی تەنیا بۆ زیندوبوون و ژیانکردن بە ئارامی و خۆشی و سەلامەتی بەتەنیا شوێن نەبووە، بەڵکو سرووشت پارچەیەکە لەمرۆڤ خۆی، مرۆڤیش پارچەیەکە لەسرووشت. واتا تێگەیشتنێکی جیاواز لەنێوان سرووشت و ژینگەدا هەیە، سرووشت لەنێو خۆیدا، مرۆڤی گەورەیە و مرۆڤیش لەخۆیدا سرووشتی بچووکە. کە ئەم تێزەش دژە لەگەڵ ئەوەی ئێستا لەدنیای مۆدێرندا بەناوی (ژینگە)وە دەگوزەرێت.

ناوی سرووشت و ژینگە، دوو چەمکی جیاوازن، بۆ دوو تێگەیشتنی جیاواز. سرووشت مرۆڤ کامل دەکات و مرۆڤیش سرووشت کامل دەکات. مرۆڤ لەپێوەندییەکی گونجاودا ئەزموونی سرووشت دەکات، بەڵام ژینگە ناوێکە بۆ خۆشکردن و دەستکاریکردن و کۆنترۆڵکردنی سرووشت بۆ بەرژەوەندیگەلی ماددیی لەدونیای مۆدێرندا. بۆیە کە پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ سرووشت بۆ پێوەندی لەگەڵ ژینگەدا گۆڕا، پێوەندییەکە لەپێناو قازانجدا، لەکاملبوونەوە گۆڕا بۆ کۆنترۆڵکردن و هەژموونکردن و زاڵبوون بەسەر سرووشتدا!

لەم ئەفسانەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، کاتێ پێوەندی سرووشت و مرۆڤ دەبێتە پێوەندی قازانج و فرۆشتن و پارە، وەک لەفرۆشتنی هەنگوینی بیرەکەدا دەردەکەوێت. دەبینین کاتێ پێوەندی نێوان مرۆڤ و سرووشت لەبارە سرووشتی و ڕەسەنەکەی خۆی دەردەچێت و دەبێتە موڵک و قازانج و فرۆشتن، پێوەندی نێوان مرۆڤەکانیش تێک دەچێت. برادەری جاماسپ، لەپێناو پارەی فرۆشتنی هەنگوینەکەدا، جاماسپ لەبنی بیرەکەدا بۆ چارەنووسێکی نادیار و مردن بەجێدێڵێت! لەپێناو پارەدا، خیانەت لەهاوڕێیەتی و برایەتی دەکات. چونکە لەم کاتەدا مرۆڤ وەک قازانج خوازێک ڕەفتار دەکات. نەوەک وەک ئەوەی هەست بە سرووشت دەکات.

مرۆڤ و سرووشت لەنێو یەکدیدا، لە کردەی خەلق و تەکویندا، «پەیدابوون و شێوەگرتندا»، دیارین بۆ یەکدی، بەڵام کاتێک تێگەیشتنی سرووشت لەدیاری بوون، یان خوداوەندەوە، بۆ قازانج و پاوانکردن دەگۆڕێت. ئەوا سرووشت لەبەخششێکی بوون و خواوەندییەوە، دەبێتە مادده! لەبازنەی هەقیقەت دەردەچێت و دەبێت بەسێبەر.



تەماشای مرۆڤ بۆ سرووشت ئەگەر وەک دیاری نەبێت، ئەوا هەڵسوکەوتی لەبەرابەردا دەگۆڕێت. ئەگەر هەنگوینی بیرەکە، وەک دیارییەکی خواوەندی، یان بوون دەستی لێدرابایە، هەر وەک خۆی، بێ چاوچنۆکی و چڵێسی ئارەزووی مرۆڤ بۆ پارەپەیداکردن و دەست بەسەرداگرتنی دیارییەکە، ئەوا چیرۆکەکانی خیانەتی مرۆڤ و بێ متمانەیی لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤدا، مرۆڤ و ماردا، مرۆڤ و سرووشتدا، مرۆڤ و جیهان و خوداوەنددا پەیدا نەدەبوون.

سرووشت وەک دیارییەک، وشە و بیرکردنەوە و ڕوحی مرۆڤ لەمادده و ئارەزووی دنیایی دەپارێزێت. کاتێ سرووشت بە جوانی و هێز و وردەکاری خۆی بۆ مرۆڤ دەکرێتەوە، مرۆڤ وابەستەی کۆمەڵێ بەهای مرۆیی دەبێت تاببێت، نەوەک هەیبێت. جیاوازی مرۆڤی سرووشتی و ناسرووشتی لێرەدایە. ئەوەی لەسرووشتدایە دەیەوێت بوونە مرۆییەکەی ببێت. ئەوەی دەیەوێت سرووشت بۆ قازانجی خۆی بەکاربێنێت، دەیەوێت هەیبێت. یەکێک دەیەوێت لەنێو سرووشتدا بێت، ئەوەیدی دەیەوێت سرووشت هی ئەو بێت. مرۆڤ لەنێوان ئەوەی سرووشتی ببێت و سرووشتی هەبێت. دوو هەڵسوکەوت و بنیاتی بیرکردنەوەی جیاواز پەیدا دەکات.

ئەمڕۆ، جیهان وەک بیرێکی هەنگوین وایە، ئەوەی دێت دەیەوێت، لەڕێی بردنی زیاترین هەنگوینەکە، وەک ڕەمزێک بۆهەموو سامانەکانی سرووشت. بوونی مرۆڤانەی خۆی بەدی بێنێت، وەک ئەوەی پارە و دەسەڵات و هێز، دەمانکەن بە مرۆڤ. نەوەک ئەوەی ئێمە لەڕەسەندا مرۆڤین و پێویستە مرۆڤبوونی خۆمان لەڕێی بوونی ڕەسەن و سرووشتی خۆماندا ئاشکرا بکەین.

ئێمە کە دەمانەوێت وەک «مرۆڤ» بژین، بەو واتایە نایەت، مرۆڤبوونمان لەنێو سرووشتدا هەیە و تەنیا ئێمە دەریدەخەین. بەڵکو وەک «مرۆڤ» بژین، واتا پارە و دەسەڵات و هێز و ئابووری و خۆشگوزەرانیمان هەبێت. بەهەبوونی شتەکان.

# هەندێک سەرچاوە دەڵێن شاماران خواوەندێکی دێرینی مێینەی کوردە

لەڕێی کۆنترۆلکردنی سرووشت و جیهان، ئێمە بوونی مرۆڤانەی خۆمان بەدی دێنین.

لەم ئەفسانەیەدا، لە بیرۆکەیەکی جەوهەری دەگەین، ئەویش ئەمەیە، لەمێژووی دووردا، مرۆڤ دەیەوێت، هەبێت، نەوەک ببێت، بۆیەشە بەردەوام چیرۆکەکانی خیانەت دووبارە دەبنەوە. «کاوێس ئاغا» سەد ساڵێک بەر لەئێستا، ئەم هاوکێشەیەی درک کردوە و لە لاوکی «شێخ مەحمود»دا. «کورد خائینۆ»ی ئاشکرا کردووە.

پێوەندی نێوان سرووشت و بوون و دەرکەوتنی مرۆڤی کورد، لەبووندا، وەک زەردەشتی و وەک نەتەوەیەکیش، تێکهەڵکێشە بەهاوکێشەیەکی سەرەکی، هاوکێشەی پێوەندی نێوان مرۆڤ و بوون، مرۆڤ و سرووشت، مرۆڤ و هەقیقەت!

لەم ئەفسانەیەدا، وەک ئەفسانەیەکی خۆرهەڵاتی، لەمە دەگەین، کە تێکچوونی پێوەندی مرۆڤی خۆرهەڵاتی بە سرووشتەوە، پێوەندی مرۆڤی خۆرهەڵاتی بە هەقیقەتیشەوە تێک دەدات. بۆ ڕوونکردنەوەی پێوەندی مرۆڤی خۆرهەڵاتی بە سرووشت و هەقیقەتەوە، دەیان شیعر و چامەمان هەن، ئەو ڕاستییە دەردەبڕن، لەشیعری کورددا، سرووشت، پێگە و بایەخێکی گەورەی هەیە. زۆر لەشاعیران، هەست بە هەموو شتێکی ئەم سرووشتە دەکەن، چونکە مرۆڤی خۆرهەڵاتی هەست دەکات، لەسرووشتەوە زۆر نزیکە، ئەم هەستکردنە بە سرووشت، هەست و بیرکردنەوەی دەجوڵێنێت، لەگەڵ گۆمە ئاوێک، گوڵێک، لەرینەوەی گەڵایەک، زیخی ناو کانیاوێک، تولە ڕێیەک، بەفر و باران و تەرزە و زریانێک، مێشهەنگێک و زەرنەقووتەیەک و باڵندەیەک، خونچەیەک ڕایدەچەنێت! لەجوانی و ناسکی و نەرمی و سەرمەستی و شادیدا پڕی دەکات. لەڕێی سرووشتدا لەقووڵایی نهێنی بوون دەگات. دڵی لەگەڵ خۆشەویستی بوون و خوداوەندا دەلەرزێت، بە نهێنییەکانی بوون دەگات، بەهەق دەگات! کاتێ ئەم پێوەندییە تێک دەچێت، ئەوا بینین هەق و هەقیقەتیش تێک دەچن، چونکە سەمتی بینین و بیرکردنەوەکە بەرەو هەق و هەقیقەت ناڕۆن.

(٥)

کاتێ جاماسپ دەیەوێت لەگەڵ شاماراندا، هاوژینی پێک بێنێت. ئەنجوومەنی شاری ماران، کە هەر بە شێوەی ئەنجوومەنی پیرانی مۆغانی زەردەشتی کۆدەبنەوە و ڕاوێژ دەکەن و بڕیار دەدەن. سێ پرسیاری سەرنجڕاکێش لە(جاماسپ) دەکەن. پرسیارەکان پرسی فەلسەفین، لەبارەی بوون و ژیان و مردن و ئەو هێزەی زەوی و جیهان و زیندووبوون و ژیان رادەگرێت؟

لێی دەپرسن، پێناسەی ژیان و مردنمان بۆ بکە، پێمان بڵێ چ هێزێک دەتوانێت ئەم گەردوونە ئاوا بەم سستمە رابگرێت؟

بێ گومان لێرەدا تێدەگەین، کە لە(شاماران)دا، ئەوەی مەعریفە بەرهەم دەهێنێت، پرسیارکردنە نەوەک وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. لە(یۆنان)ی کۆنیشدا، بەرهەمهێنانی مەعریفە، فەلسەفە و زانین لەڕێی پرسیارێک و وەڵامێکی هەڵەوە دەستی پێکرد! ئەو پرسیارەی تالیس کردی و گوتی: چی بنەڕەتی ژیانە؟ وەڵامەکەی هەر چییەک بێت، بووە بناغەی بەرهەمهێنانی مەعریفە و زانینێکی بەردەوام. ئەگەر وەڵامەکە لەسەرەتادا (ئاو) بوو، دوایی (هەوا) یان (خاک) یان (ئاگر) و یان هەر چوار پێکهاتە پێکەوە. ئەوا تائێستا لێکۆڵینەوە لەم پرسیارە بەردەوامە و ڕۆژبەڕۆژیش بەرهەمهێنانی مەعریفە و زانیاری و زانینی نوێتر بە مرۆڤ دەبەخشێت. لەگەڵ ئەمەشدا خاڵێکی دی سەرنجڕاکێشتر لەبەرهەمهێنانی ئەو مەعریفەیە لەشاماراندا دەیبینینەوە، دەبێتە زانینێکی موقەدەس، موقەدەس بەو واتایەی، وەڵامەکان لەپێناو ئەمەدایە، ئەزموونی مرۆڤ لەنێو جیهاندا بەرز رابگرێت، لەگەڵ ناسینی جەوهەری ئەو هێزەی کە مرۆڤ و گەردوون و جیهان رادەگرێت، کە ئەویش (ئەوین)ە، و پێوەندی نێوان بوونەوەرەکان و شتەکان دەخاتە نێو گونجانێکی ئەبەدییەوە! ئەم جۆرە زانینە و بەرهەمهێنانی ئەم مەعریفەیە، جیاوازە لەمەعریفەی نوێ کە بەرەو ڕواڵەتی و مەتریالی ڕۆیشتووە. ئەم زانینە زانینێکی موقەدەسە، چونکە پایەی مرۆڤ و هەموو ئەو چەمک و سیفەتانەی لەخزمەت ئەزموونکردنی سرووشت و ژیان و جیهانن بۆ مرۆڤ بەرز رادەگرێت و بە هێزی عیشق و ئەویندارانەی دەبەستێتەوە، واتە زانین لێرەدا لەپێناو بەرزکردنەوەی ئەزموونکردنی خودی مرۆڤبوونە لەنێو جیهاندا. ژیان و زیندوبوونی زیندووەکان لەپێناو باڵاکردنی ئەقڵ و ڕۆحی مرۆڤە بەرەو موقەدەس.

لەڕێی ئەم دەقەدا جێی خۆیەتی سوود وەربگرین، تا باسی پێوەندی ئێستای موقەدەس و نووسەر و ڕۆشنبیری کورد بکەین. بەتایبەتی لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق و پەیدابوونی بزاوی رزگاریخوازی کورد و دواتریش تا بە ڕاپەڕین گەیشتین، لەوێوەش بۆ ئێستا. لەماوەی ئەم سەد ساڵەدا موقەدەس وردە وردە بەرەو نەمان ڕۆیشت، تا وای لێهات، پیرۆزی جێی گرتەوە! بە تایبەتی دوای ڕاپەڕین، ڕۆشنبیری علمانی کورد، بۆ دواجار موقەدەسی تەفروتونا کرد!

لێرەدا دەبێت بڵێین ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییەی

توانی بابەتی موقەدەس بڕوخێنێت و دڵخۆش و بەختەوەر بێت بەم رووخانە، دەبێت ئێستا تووشی دڵەڕاوکێیەکی مەعریفی و ویژدانی بکەین و لێی بپرسین، لەپێناو چی ئەم داڕووخانە؟ دوای سی ساڵ لەمیتافیزیکی ڕاپەڕین و ڕۆشنبیری نەوەیەکی خوێندەواری خۆرئاوایی، بەکوێ گەیشتین؟ ئەو ڕۆشنبیرییەی بەحسێب علمانییەکان سازیان کرد و کردیان بە بەهایەکی ڕۆشنبیری، ئەمڕۆ لەوشیاری گشتیدا چی پەیدا کردووە؟ جگە لەعەدەمێکی ڕەش، ئایا هیچ ئاسۆییەکی ئەخلاقی لەبەرابەر نەوەی دوای ڕاپەڕین کردۆتەوە، تا ئەزموونکردنی خۆی لەگەڵ سرووشت و جیهان و ژیاندا بگونجێنێت؟ هاوکاری وشیاریی گشتیان کردووە، وەک مرۆڤێک حزوورێکی کوردانە، یان خۆرهەڵاتییانە، یان مرۆڤانە پەیدا بکەن و بەم حزوورەوە بژین؟!

ئاگاداریش بن، با کەس واتێنەگات کە موقەدەس بە دینێک، یان کۆمەڵە دینێک دەبەستمەوە، نەخێر هەرگیز، موقەدەس بابەتێکی خودییە و لەدەرەوەی دینەوە ئەزموون دەکرێت. پێوەندی بە دەرەوەی خودەوە نییە، لەهەمان کاتیشدا (پیرۆز) نییە، چونکە ڕۆشنبیری کورد بە علمانی و زانایانی دینییەوە، بێبایەخدان بەخود و ئەزموونکردنی مرۆڤ لەنێو جیهاندا لەگەڵ موقەدەسدا، هەروەها لە وتاری سیاسیش هاتوو، بە ناوی پیرۆزییەکانی نەتەوە و گەلەوە، پیرۆزیان بە زۆر شێوە ورد و خاش کرد و وەک بابەتێکی ئایدیۆلۆژی و سیفەتێک بۆ کەس و شتەکان سەودای لەگەڵ کرا. بەمەش موقەدەس و پیرۆزی بوونە دوو شتی جیاواز و جوودایش. پیرۆزی بووە سەرمایەی ڕەمزیی و مەعنەوی وتاری سیاسی و دینی و ڕۆشنبیری. کە تەنیا پێوەندی بە بیرۆکەی حزب و کەسیی سیاسی، بە دین و زانایانی دینی و کتێب و نووسەر و ئەدیبانەوە هەبوو، پیرۆزی کە خۆی (ڕەنگ)ە، وەک ڕەنگ بەکەس و شتەکانەوە نووسا. ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە موقەدەس لەڕێڕەوە لاتینییەکەیدا هەیبوو، کە وەک سیفەتێک دەچووە سەر شت و کەسەکان. لەڕۆشنبیری ئێمەدا، موقەدەس نەبووە چەمک وەک ئەوەی (دۆرکهایمەر) لەگەڕانیدا بۆ بنەمایەکی سۆسیۆلۆژی لەکۆنە دینەکانی ئۆستڕالیدا کردی. لێرەدا پیرۆزی فرۆیدیانە بووە پێویستی و حاجەتێکی ئەو کەسانەی لەپێناو بەرژەوەندییەکانیاندا دەبوایە شتێک و کەسێک و کتێبێک و حزبێک و نووسەرێک و هتد... پیرۆز بکەن. ئیدی پیرۆزی جێگەی ئەو موقەدەسەی گرتەوە کە خودی بوو، سیفەت و خاسییەت و خەسڵەت نەبوو. بەڵکو قووڵایی پێوەندی و ئەزموونی خود بوون لەگەڵ جیهاندا! ئەم جیاکردنەوەیەی موقەدەس لەخوددا، بەتایبەتی لای ڕۆشنبیرانی دوای ڕاپەڕین، بەشێک بوو لەجیاکردنەوەی دەق لەهەقیقەت، نووسەر لەواتا ڕۆشنبیرییەکەی، لە هزر و بیرکردنەوە و ململانێیەکی هزرییانە. خاڵیکردنەوەی خودی کوردی لەموقەدەس و ئەو وزەیەی لەهێزگەلی دیارونادیاری مرۆڤدا بۆ هەقیقەت و واتادا دەگەڕێت خەفە کرا و لە سنووری پیرۆزیدا مت بوو. هەر کەسە و پیرۆزی خۆی و واتای خۆی بۆ خۆی؟! هیچ موقەدەسێک نەما هی هەموومان بێت، هی گشت بێت و لەوشیاری گشتیدا بەهایەکی کۆمەڵایەتی درووست بکات. پیرۆزی بووە موڵکی ئەو کەسانەی سەودای پێ دەکەن، جا لەوتاری سیاسیدا بێ، یان دینی، یان رۆشنبیری و فەرهەنگی. بۆیەشە لەنێو یەک وتاردا، پیرۆزی بەسەر یەکە و کوتلە بچووکەکاندا دابەش بووە، لەئاییندا بەسەر هێڵ و ڕەوتە جیاواز و زۆرەکاندا دابەش بووە، لەڕۆشنبیریشدا بەسەر کتێب و نووسەر و ناوچە و برادەر و دەزگە و وەشانخانەکاندا دابەش بووە! ئیدی دەرفەتێک نەما باسی موقەدەس وەک بنەڕەتێک لەخودی گشت مرۆڤێکدا بکرێت. بە پێچەوانەوە بەناوی دونیای مۆدێرن و تایبەتبوون و پسپۆری و پۆستمۆدەرێنیزم و کۆمەڵی ناوی دی، موقەدەس بووە شتێکی عەیبە!

ئەم پرسانەی لەم چیرۆکەدا دەکرێن، پرسیارگەلی فەلسەفین، دەربرین لەبیرکردنەوەی کورد و خۆرهەلاتییەکان دەکەن، لەبارەی گرنگی و بایەخی زانین و ناسینی ژیان و مردن و ئەوین و هێزەکانی مرۆڤ و چۆنییێتی ئەزموونکردنی ئەم ژیانە.

ئەم چیرۆکە وەڵامێکە بۆ ئەو ڕۆشنبیرە عەدەمیانەی دوای ڕاپەڕین، لەنێو میتافیزیکی پیرۆزی خۆیاندا؟! خنکان و نەیانتوانی هزر پەیدا بکەن. زۆربەی نووسینەکانیان لەبێ بیرکردنەوەییدا بوون بەدارشتنی درێژ و گەمەکردنێک بەزمان و دەستەواژە و ناو و زاراوە و چەمک و سیفەتەکان.

ئەم چیرۆکە پێمان دەڵێت، کورد نەوەک هەر بیری کردۆتەوە، بەڵکو فەلسەفییانە بیری کردۆتەوە!

**تێبینی:**

ئەم بابەتە، تەنیا بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی درێژتر لەبارەی ئەفسانەی شامارانەوە، لەگەڵ دەقی ئەفسانەکە، پڕۆژەی کتێبێکە، تەواو بووە و هیوادارین لە ئایندەیەکی نزیکدا، چاپ بکرێت و بڵاو بکرێتەوە.

بڕوانە جەلال ئەمین بەگ. ئاوێستا. چاپی یەکەم ١٩٩٩ ل ١٤٣ . هەروەها زۆر سەرچاوەی تریش بە زۆر شێوە ئەو ئەفسانەیە دەگێڕنەوە.

بڕوانە هەمان سەرچاوە.

# چەند سەرنجێک لەسەر (شێخی سەنعان) لای عەرەب و فارس و کورد



د. محمد تاتانی

داستانی (شێخی سەنعان)ی فەقێی تەیران لەناو کوردا زۆر بەناوبانگەو کەم کەسە هەیە شتێکی لەبارەوە نەبیستبێت. نەک هەر ئەمە بەڵکو زۆر شاعیری کورد لە شیعرەکانیاندا هەندێک لایەنی سەرەکیی ئەم داستانەیان مەزراندووە. پێش فەقێی تەیران نوسەری فارس (ابو حامد محمد بن أبي بكر ابراهيم)، کە بە (فريدالدين العطار) ناسراوە، لە کتێبی (منطق الطير)ەکەیدا، یەکێک لەو حیکایەتانەی باسی دەکات، حیکایەتی (شێخی سەنعان)ە. وەرگێڕ و لێکۆڵەری کتێبی (منطق الطير) بۆ زمانی عەرەبی (بديع محمد جمعة)ش هاوڕای هەر یەک لە مجتب مینوی و فروزانفر (بديع الزمان)ە، کە یەکەمیان لە وتاری (من الخزائن التركية) و دووەمیان لە کتێبەکەیدا (شرح ونقد وتحليل آثار فريد الدين محمد عطار نيشابوری)دا پێیانوایە فەریدەدینی عەتار ئەم حیکایەتەی لە (الباب العاشر)ی کتێبی (تحفة الملوک)ی (أبي حامد الغزالي) وەرگرتووەو لەو کتێبەی غەزالیدا کەسەکە ناوی (عبد الرازق الصنعاني)یە. (یاقوت الحموي) لە کتێبی (معجم البلدان)دا، بەرگی پێنج لەژێر بابەتی (صنعاء)دا، لە کۆتایی قسەکردنی لەبارەی یەمەنەوە باسی (عبد الرازق بن همام بن نافع أبوبكر الحميري) دەکات، کە زانایەکی بەناوبانگ بووە، چاوی بە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کەوتووە. بەوە تۆمەتبار کراوە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا بووە بە شیعە. لە داخی ئەوەی بووە بە شیعە دوژمنەکانی ئەم چیرۆکەیان بۆ هەڵبەستووەو زۆر زیادڕۆشتوون لە تاوانبارکردنیداو تا گەیشتووەتە ئەوەی تۆمەتباریان کردووە بە کوفر و چوونە ناو ئاینی مەسیحی. بێگومان ئەم کەسە هەمان (عبد الرازق)ەکەی لای غەزالییە.

بە بۆچوونی من فەریدەدینی عەتار بە نوسینی ئەو حیکایەتە لەسەر شێخی سەنعان، ناڕاستەوخۆ بەرگری لەو کەسێتییە دەکات، چونکە لە حیکایەتەکەی ئەمدا هەم شێخ دەگەڕێتەوە ناو ئاینی ئیسلام، هەم دەبێتە هۆی ئەوەی کچە مەسیحییەکەش بێتە ناو ئاینی ئیسلامەوە. لەو بڕوایەدام هۆکاری ئەم بەرگرییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە (عبدالرازق) بەوە تۆمەتبارکراوە، بووە بە شیعە، فەریدەدینیش شیعە بووە و بەرگرییەکەی لەم روانگەوە بووە.

هەردوو حیکایەتەکەی غەزالی و فەریدەدین لە زۆر ڕووەوە لەیەک دەچن و لەهەندێک ڕووی ترەوە لەیەک جیاوازن. بەهەمان شێوە داستانە کوردییەکەی فەقێی تەیرانیش لەهەندێک ڕووەوە لەو دوو حیکایەتە دەچێت و لەهەندێک ڕووەوەش لێیان جیاوازە. پاشان لەهەندێک شوێندا هەندێک بابەتی ناو داستانەکەی فەقێی تەیران لەحیکایەتەکەی ناو کتێبی (تحفة الملوک)ی غەزالی دەچێت، کە لەو شوێنەدا (شێخی سەنعان)ەکەی ناو (منطق الطير)ی فەریدەدینی عەتار لەحیکایەتەکەی ناو (تحفة الملوک)ی غەزالی جیاوازە. ئەمەش واتای ئەوەیە فەقێکەی لەمەڕ خۆمان ئاگاداری هەردوو دەقی حیکایەتەکەی لای غەزالی و فەریدەدین بووەو چ لایەنێکی ئەو دوو حیکایەتە لەگەڵ تێڕوانین و دنیابینیی ئەمدا گونجابێت وەری گرتووە. کەواتە ناکرێت بوترێت فەقێی تەیران تەنها ئاگاداری دەقە فارسییەکەی داستانی شێخی سەنعانی فەریدەدینی عەتار بووە، بەڵکو ئاگاداری دەقە عەرەبییەکەی غەزالیش بووە و هەردووکیانی خوێندووەتەوە و سوودی لەهەردووکیان وەرگرتووە. لەهەمان کاتدا فەقێی تەیران لەکاتی نوسین و داڕشتنەوەی شێخی سەنعاندا بەزمانی کوردی، لەهەندێک ڕووەوە حیکایەتەکەی ئەم لەگەڵ هەردوو حیکایەتە عەرەبی و فارسییەکە جیاوازە. ئەمەش لەوێوەیە فەقێی تەیران دنیابینی و ڕوانینی خۆی

فەرامۆش نەکردووە و لە دەقەکەیدا ڕەنگیان داوەتەوە و جیاوازیی دەقەکەی ئەم لەگەڵ دوو دەقە عەرەبی و فارسییەکە ڕەنگدانەوەی ئەم دنیابینی و ڕوانینەی خۆیەتی.

لێرەدا هەندێک لەوجیاوازییانە دەخەینەڕوو کەڕەنگدانەوەی دنیابینییەکەی فەقێی تەیرانن:

ژمارەی موریدەکانی شێخ لە حیکایەتەکەی غەزالیدا سێ سەد کەسن١ لە حیکایەتەکەی فەریدەیندا چوارسەد کەسن٢ بەڵام لای شێخی سەنعان پێنج سەد کەسن.

شەیخەک هەبوو صەنعانی یا سەرداریٚ پانصەد صۆفی یان٣

لێرەدا فەقێی تەیران ژمارەی موریدەکانی زیاد کردووە، لەوەدەچێ مەبەستی لەم زیادکردنەی ژمارەی موریدەکان ئەوە بوویێت گەورەیی شێخی سەنعان دەربخات، کە ئەو هەموو موریدەی هەبووە.

لای غەزالی شەوێک شێخ لەخەویدا دەبینێت بتێک لەتەنیشتیایەتی. بۆیە دوای ئەم خەوە دەڕوات بۆ وڵاتی ڕۆم، لەوێ لەسەر بانی کەنیسەیەک کچێکی مەسیحی جوان دەبینێت و عاشقی دەبێت. لای فەریدەدین شێخ چەندین شەو لەسەر یەک ئەو خەوە دەبینێت، کە لەمەککە ڕۆشتووەو لەوڵاتی ڕۆم نیشتەجێ بووەو لەوێ بەردەوام سوجدە بۆ بتەکان دەبات. بۆیە بڕیار دەدات بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخی خەوبینینەی بچێتە وڵاتی رۆم. بە وڵاتی رۆمدا دەگەڕێت و چاوی بە باڵەخانەیەکی بەرز دەکەوێت، کە کچێکی مەسیحی لەسەر بانی باڵەخانەکە دانیشتووە و شێخ عاشقی کچەکە دەبێت. بەڵام لای فەقێی تەیران شێخ لەخەویدا لەسەر بانی کەنیسەیەک کچەکە دەبینێت و عاشقی دەبێت. پاشان لە واقیعدا دەچێت بۆ ئەو شوێنەی کەنیسەکە و کچەکەی لێیە. واتە لێرەدا و لە داستانەکەی فەقێی تەیراندا ڕووداوی عاشقبوون و چۆنیەتی بینینی کچەکە لەهەردوو حیکایەتەکەی غەزالی و فەریدەدین جیاوازە. بەڕای من لێرەدا چنینی حیکایەتەکە لای ئەوان جوانتر و هونەریترە، چونکە لای ئەوان شێخ لەخەویدا کچەکە نابینێت، بەڵکو دوای خەوبینینەکە دەڕواتە وڵاتی رۆم و لەوێ کچەکە دەبینێت و ئەمەیان زیاتر ڕێگەی تێدەچێت، نەک وەک ئەوەی شێخی سەنعان پێش ئەوەی لەواقیعدا کچەکە ببینێت و عاشقی ببێت، لەخەویدا بینویەتی و عاشقی بووەو دواتر لەواقیعدا دەیدۆزیتەوە. لەهەمان کاتدا لای فەقێی تەیران بینینی کچەکە لەخەودا و عاشقبوونی پێش ئەوەی لەواقیعدا بیبینێت، بۆ ئەوەیە گەورەیی شێخ دەربخات لەڕووە مەعنەوییەکەوە، چونکە بینینی کەسێک لەخەودا و عاشقبوونی، پێش ئەوەی لەواقیعدا بینیبێتی ئەوە دەگەیەنێت ئەم ڕووداوی عاشقبوونە شتێکی نائاساییە و تاڕادەیەک لەسەروو ئیرادەی مرۆڤەوەیە. سەبارەت بە شوێنی بینینی کچەکەش لای غەزالی و فەقێی تەیران کچەکە لە کەنیسەدایە، بەڵام لای فەریدەدین لەسەر




باڵەخانەیەکی بەرزە، بەبێ ئەوەی وەک کەنیسە ناوی باڵەخانەکە ببات. ئەمەش واتای ئەوەیە فەقێ شوێنی کچەکەی لە غەزالی وەرگرتووە، نەک لە فەریدەدین.

لای غەزالی شێخ موریدێکی هەیە لەخوراسان، پیاوێکی گەورەیە و کاتێک بە حاڵەتەکەی شێخی سەنعان دەزانێت دەچێت بۆ مەککە و هەواڵی شێخ دەپرسێت و دۆخەکەی بۆ باس دەکەن.

پاشان ئەم موریدە لەخەویدا پێغەمبەر دەبینێت کە هاتووە شێخ رزگار بکات و دوای ئەم خەوە شێخ دەگەڕێتەوە ناو ئاینی ئیسلام و دێتەوە بۆناو موریدەکانی. لای فەریدەدین شێخی سەنعان هاوڕێیەکی هەیەو لەکەعبە دادەنیشێت، ئەو کاتەی شێخی سەنعان چووە بۆ وڵاتی ڕۆم ئەم هاوڕێیەی لە دەرەوەی مەککە بووە، کە گەڕاوەتەوەو شێخی نەبینوە هەواڵی پرسیووە و لەدۆخەکەی ئاگاداربووە. سەرزەنشتی موریدەکانی شێخ دەکات و دەڵێت: نەدەبووایە بەجێی بهێڵن. ئەوانیش دەچنەوە بۆ وڵاتی ڕۆم و چل ڕۆژ لەوێ دەمێننەوە. دوای چل ڕۆژ هاوڕێکەی شێخ لە خەڵوەتدا کەشفێکی بۆ دێت و پێغەمبەر دەبینێت و داوا لە پێغەمبەر دەکات هیدایەتی شێخەکەی هاوڕێی واتە شێخی سەنعان بدات، چونکە گومڕا بووە. پێغەمبەریش پێی دەڵێت بچۆ بۆ لای شێخ، چونکە هیدایەتی وەرگرتووە و ڕێگەکەی بۆ ڕۆشنبووەتەوە. ئەویش دەچێت بۆ لای شێخ و شێخ دەگەڕێتەوە ناو ئاینی ئیسلام و لەگەڵ موریدەکانی دەگەڕێتەوە. بەڵام فەقێی تەیران لێرەدا (فەریدەدین عەتار) دەکات بەم کەسێتییەی ناو داستانەکەی خۆی و موریدەکانی شێخی سەنعان بۆ رزگارکردنی شێخەکەیان پەنای بۆ دەبەن:

تو شەیخ عەطارێ صادقی
راست و دوروستی، خالقی

ئیرۆ وەکیلێ موطلەقی
عەونەت ژ فەرمانا تە تێ٤

واتا فەقێی تەیران نوسەرە فارسەکەی کردووە بەیەکێک لە کەسایەتییەکانی ناو داستانەکەی خۆی، ئەمەش لەوێوەیە فەریدەدین لەواقیعدا پیاوێکی زۆر گەورە و خواناس بووە و فەقێی تەیرانیش سودی لەم لایەنەی کەسایەتییەکەی وەرگرتووە و کردوویەتی بەیەکێک لەکەسایەتییەکانی ناو داستانەکەی.

لای غەزالی کە شێخ دەگەڕێتەوە ناو ئاینی ئیسلام و کاتێک کچەکە بەمە دەزانێت، دێت بۆ لای شێخ و دەبێت بە موسڵمان و پێکەوە دەگەڕێنەوە بۆ کەعبە. واتە ئەم ئاماژە بە مردنی کچەکە ناکات. لای فەریدەدین کاتێک شێخ دەگەڕێتەوە بۆناو ئیسلام و کچەکە بەجێ دەهێڵێت، کچەکە شوێن شێخ دەکەوێت و دەچێتە سەر ئاینەکەی ئەو و هەر لەویادا دەمرێت و لەگەڵ شێخ ناژێ. بەڵام لای فەقێی تەیران، کاتێک شێخی سەنعان دەگەڕێتەوە ناو ئاینی ئیسلام و دەچێتەوە بۆ لای موریدەکانی، کچە مەسیحییەکەش دەچێت بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی شێخی سەنعان و لەسەردەستی شێخ دێتە سەر ئاینی ئیسلام. لەم دۆخەدا کچەکە و شێخ ئەوەندە دڵیان خۆش دەبێت بەرگەی ئەو شادییە ناگرن و پێکەوە دەمرن و دەبنە بووک و زاوای ئاخیرەت.

ل حضرەتا هەڤ ناگرن
ل بەر سورێ نا صەبرن

هەردو ب هەڤرا دمرن
ل وێ گهانە وەصلەتێ

ژ وەصلەتا حالک وە دی
هەردو ب لبسێ جەسەدی

چوونە حەیاتا ئەبەدی
زاڤا و بووکێ ئاخرەتێ ٥

واتە لای غەزالی ئاماژە بە مردنی کەسیان نەکراوە، لای فەریدەدین تەنها کچەکە دەمرێت و شێخ نامرێت، بەڵام لای فەقێی تەیران هەردووکیان پێکەوە دەمرن و دەبنە بووک و زاوای ڕۆژی دوایی.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، لەڕووی ناوەڕۆک و وردەکارییەوە شێخی سەنعانەکەی فەریدەدین پڕە لە گفتوگۆی جوان و گوزارشتکردن لەعیشقێکی قووڵ، کە مرۆڤ سەرسام دەبێت بەو دەبڕینانەی فەریدەدین، بەڵام لە داستانەکەی فەقێی تەیراندا ئەم وردەکاری و جوانکاری و قوڵییە لە گفتوکاندا ڕەنگی نەداوەتەوە. ئەمەش یەکێک لە گفتوگۆکانی نێوان موریدەکان و شێخەکەیانە، لەو کاتەدا کە شێخ عاشقی کچەکە بووە و ئەوان دەیانەوێت لەو عەشقە ساردی بکەنەوە. گفتوگۆکە ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان ئیمان (کە لە قسەی موریدەکاندا دەنوێنرێت) و عیشقە (کە لە شێخدا دەنوێنرێت):

یەکێک لە هاومەجلیسەکانی پێی گوت: ئەی شێخی شێخەکان، هەستەو خۆت بشۆرە لەو وەسواسییە.

شێخ گوتی: هەی نەزان، من ئەمشەو سەد جار بە خوێنی جگەرم خۆم شۆردووە.

یەکێکی دی پێی گوت: تەسبیحەکەت لە کوێیە؟ چۆن بێ تەسبێح کاری تۆ ڕاست دەگەڕێ؟

شیخ گوتی: تەسبیحەکەم فرێ دا، تا بتوانم زنارەکە لە ناوقەدم ببەستم.

یەکێکی دی پێی گوت: ئەی شێخی بە تەمەن، گەر هەڵەیەک ڕووی داوە، خێرا تەوبە بکە.

شێخی گوتی: تەوبەم لە ناموس و حاڵ کردووە تا لە شێخایەتی

و گوتی گوتی رزگارم ببێت.

یەکێکی دی گوتی: ئەم مشتومڕە تا کەی، هەستەو لە خەڵوەتێکدا سوجدە بۆ خوا ببە.

شێخ گوتی: ئەگەر خۆشەویستە جوانەکەم لێرە بێت، حەزدەکەم لەبەردەمیدا سوجدە ببەم.

یەکێکی دی پێی گـوت: ئایا پەشیمان نیت لـەم کـارە؟ لەم ساتەدا لەدەستدانی ئاینەکەت ئازارت نادات؟

شێخ گوتی: ناتوانم لەوە زیاتر پەشیمان بم، کە پێشتر عاشق نەبووم.

یەکێکی دی گـوتـی، شەیتان ڕێگەی لێگرتووی، لەناکاو تیری سەرشۆڕی ناوە بە دڵتەوە.

شێخ گوتی: بەو شەیتانە ڕێگرە بڵێ: ڕێگەکە بگرە، ڕێگەگرتنێکی چەند جوانە!

یەکێکی دی گـوتـی: هـەموو شـارەزایـەک دەڵێت: چۆن ئەم شێخـە بـەویـقـارە ڕێـگـەکـەی ونکرد؟

شێخ گوتی: بـەتـەواوی لەناو و ناوبانگ بـەتاڵبوومـەتـەوە، بە بەردێک پێکی دووڕوویيم شکاندووە.

یەکێکی دی گوتی: هاوڕێکانی پـێـشـووت هــەر هـەمـوویـان ئازاریان چەشت و هەموویان دڵیان شکاوە.

شـێـخ گـوتـی: ئـەگـەر کچە مەسیحییەکە دڵخۆش بێت، دڵ ئاگای لە ئازاری ئەم و ئەو نییە.

یەکێکی دی گوتی: وەرەوە لای هاوڕێکانت بائەمشەو بـەرەو کەعبە بگەڕێینەوە.

شێخ گوتی: ئەگەر کەعبەش نەبێت، دێر هـەیـە. لـە کەعبە هۆشیار بووم، بەڵام لە دێرەکەدا مەستم.

یەکێکی دی گوتی: لەم کاتەدا بـەردەوامبـە لـەسـەر ڕێگەکە، پاشان لەحەرەمی مەککە دانیشە و داوای لێخۆشبوون بکە.

شێخ گوتی: وازم لێ بهێنە، من سـەری خـۆم لـە ئاستانەکانی یـاردا دانـاوە و لـەو داوای لێخۆشبوون دەکەم.

یەکێکی دی پێی گوت: دۆزەخ لە ڕێگـەدایـە، کەسێک زانست و بـەصـیـرەتـی هـەبێت نابێ دۆزەخی بێت.

شـێـخ گـوتـی: ئـەگـەر قـەدەر وایـە دۆزەخ لـەڕێـگـەی خۆشەویستەکەمدا بێت، ئەوا حـەوت دۆزەخ بـە ئـاهـی من دەسوتێن.

یـەکـێـکی دی پـێـی گـوت: بە ئومێدی بەهەشت بگەڕێرەوە، تۆبە بکە لەم کارە ناشیرینەو بگەڕێرەوە.

شێخ گـوتـی: خۆشەویستێکم هەیە ڕوخساری وەک بەهەشتە، ئەگـەر هـەر دەبێت بەهەشتم هەبێت، ئەوا ئەو بەهەشتمە.

یەکێکی دی پێی گوت: شەرم لە خوا بکە، ڕاستگۆیانە خوا بە گەورە بزانە.

شێخ گوتی: ئەگـەر خـوا ئەو ئاگرەی پێ بەخشیبم، ناتوانم بە ویستی خۆم واز لەو ئاگرە بهێنم.

یەکێکی دی گوتی: بڕۆ، بێدەنگ بەو دووبارە بگەڕێرەوە سەر ئیمانەکەت و دەستی پێوە بگرە.

شێخ گوتی: جگە لە کوفر هیچ شتێک لە منی سەرگەردان داوا مەکە، داوای ئیمان لە کەسێک مـەکـە، کـە بـەرگـی کـوفـری پۆشیوە.

کاتێک قسەکردن لەگەڵی سودی نەبوو، هەموویان بێدەنگ بوون و دڵیان پڕ بوو لە خوێن بۆی...




**سەرچاوە و پەراوێز:**

١- بروانە: فريد الدين عطار، منطق الطير، ص ٧٦

٢- بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ٢١٨.

٣- سەعید دێرەشـی، دیوانا فەقێی تەیران، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆک، چ١، ٢٠٠٥ ، ل٣٢٣.

٤- سەعید دێرەشـی، دیوانا فەقێی تەیران، ل٤١٥.

٥- سەعید دێرەشی، دیوانا فەقێی تەیران، ل٤٤٣-٤٤٤.

٦- سەعید دێرەشـی، دیوانا فەقێی تەیران، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆک، چ1، 2005.

٧- فريد الدين العطار، منطق الطير، ترجمة وتقديم: بديع محمد جمعة، الطبعة الأولى ٢٠١٤، دار آفاق للنشر والتوزيع.

# شیعر و گێندەر



**نالە حەسەن**

نووسینی ئەو بابەتەم، یان دیاریکردنی پەیوەندییەکانی (شیعر و شاعیر و گێندەر ـ ڕەگەز) بەوەوە دەست پێدەکەم، زۆرجاران لەدیمانەکان، یان قسەکردن لەبارەی شیعر و شاعیران دەڵێن، ژنە شاعیر (کەژاڵ ئەحمەد) یان خانمە شاعیر (ئاوێزان نووری، یان هێرۆ کوردە) یان هەر کەسایەتییەکی ژن یان کچ، ئەوانەی کە شاعیرن. بەڵام هەرگیز نەمان بیستووە و نەمان بینیوە بڵێن پیاوە شاعیر (سەباح ڕەنجدەر، یان کەریم دەشتی) زیتر دەڵێن: (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر، یان (کەریم دەشتی) شاعیر، بۆ شاعیرەکانی دیکەش بەهەمان شێوە، ئێمە لەنێو ڕووبەری ئەم باسەماندا کە ڕاناوی کەسی دووەم بۆ شاعیرەکە بەکاردەهێنین، مەبەستمان خودی کەسەکە، یان کەسایەتییەکە نییە هێندەی مەبەستمان (ئەوی شاعیرە) بۆ ڕاناوی کەسی یەکەمیش (مەبەستم خۆم نییە، بەڵکو مەبەستم (منی شاعیرە) بۆیە کە باس لە(کەژاڵ ئەحمەد) دەکەین مەبەستمان لە(کەژاڵ ئەحمەد سەعید) نییە بەڵکو، مەبەستمان لە(کەژاڵ ئەحمەد)ی شاعیرە، واتە (ئەوی شاعیر) یان بۆ (سەباح ڕەنجدەر) مەبەستمان لە(سەباح سابیر حەسەن) نییە بەڵکو مەبەستمان لە (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیرە. لێرەدا پرسیارێکی جەوهەری دەکەین، ئایا دەکرێت بڵێین (ژنە شاعیر تەرزە جاف، یان پیاوە شاعیر شێرکۆ بێکەس) یان (خانمە شاعیرەکان و پیاوە شاعیرەکان) لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارە نادەینەوە، دواتر لە سیاقی قسە لەبارە کردن و ڕوونکردنەوە و باسکردن لەنموونە و فاکتەکان، وەڵامەکە بەشێوەیەکی ڕۆشن و ڕوون خۆی دەدات بە دەستەوە و منیش وەک نووسەری ئەم بابەتە وەڵامی کۆنکرێتی خۆم دەخەمەڕوو، هێندە هەیە لێرەدا تەنها ئەو تێبینییە دەخەمەڕوو، یان بیرتان دەهێنمەوە کاتێک دەڵێن: خانمە شاعیرەکان، یان پیاوە شاعیرەکان ئەوە باس لە کەسایەتییەکان دەکەن، نەک ئەوانی شاعیر ..! چونکە بەبڕوای ئێمە خودی کەسەکان و کاراکتەرەکانییان جیاوازن لەگەڵ ئەوانی شاعیر، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە و بۆ شۆڕبوونەوە بۆ نێو قووڵایی مەبەستەکانم ، لێرەدا لە ئەزموونی شیعر و (منی شاعیر) دەستپێدەکەم و چەند نموونەیەک لە شیعرەکانم دەهێنمەوە و باسیان دەکەم. لە کۆپلەی یەکەمی (سروودی بەرەو یەکسانی) دا دەڵێم:

لەو ڕۆژەوەی نرخی مرۆڤ
بۆتە کاڵا
پشتم لەژێر قورسایی کار کۆم
بۆتەوە
مۆری زەعیفە و کۆیلەتی بەناو
چاوم لکێندراوە
هەوری ڕەشی پیاو سالاری
بە قووڵایی ڕۆحی گەشم
شۆڕبۆتەوە

ئەم شیعرە لەناوەڕاستی نەوەدەکان نووسیومە، کراوەتە سروود و لەلایەن مۆسیقاژەن (پایەدار بەرزنجی) ئاوازی بۆ دانراوە، دوو سێ ساڵ لە مەراسیمی(هەشتی مارس) لە هەولێر بە کۆرس گوتراوەتەوە، کە ناوەڕۆکەکەی باس لەجێگە و ڕێگەی ژنان و ئازار و ستەمێک لەسەر ژنان دەکات، لەنێو دەقەکەدا ژنێک باس لەخۆی دەکات و دەڵێت: (لەو ڕۆژەوەی نرخی مرۆڤ بۆتە کاڵا، واتە لەو ڕۆژەوەی موڵکدارێتی لە(گشتییەوە گۆڕاوە بۆ تاک و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کەوتونەتە دەست پیاوان) لەو کاتەوە چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دەستی پێکردووە و چینەکان دروست بوونە و یەکەمین قوربانییانی ئەم چەوساندنەوەیەش ژنان بووینە، لەقۆناغی بێ ڕەحمی سەرمایەداری و لەژێر سایەی سیستەمی پیاوسالاریشدا ژان و ئازارەکانی ژنان بەوپەڕی گەیشتوون، بۆیە دەڵێ (هەوری ڕەشی پیاو سالاری بە قووڵایی ڕۆحی گەشم شۆڕبۆتەوە) ئەگەر لەم کۆپلە شیعرە و لە ناوەڕۆکەکەی ورد بینەوە دەبینین، ئەوە ژنێکە قسە دەکات و باس لە ئازارەکانی خۆی دەکات، بەڵام (منی شاعیر) ئەم شیعرەی نووسیوە، واتە دەنگێکی مێیینە لەنێو منی شاعیردا هاتۆتە قسە (منی شاعیر) لەنێو ئەم دەقە شیعرییەدا کەسێکی مێینەم،

یان دەنگێکی مێینەم لەخۆمدا بەرجەستە کردووە، بەدەر لەوەی خۆم وەک کەسایەتی چیم و چ گێندەرێکم هەیە، من باس لە (منی شاعیر) دەکەم لەنیو ئەو دەقەدا، لە شیعرێکی ترم بەناوی (شەباهەنگی بەفر) لەشوێنێکی شیعرەکەدا دەڵێم:

خۆم دەخزێنمە نێو باوەشی
هەڵمی ڕووبارە شەرمنەکان
لەگەڵ کازێوەی عەشق پێکەوە
سەفەر دەکەین
دەمەوێ لە ئاهەنگی لەدایکبوونی
خۆر سەما بکەم
تا لەبەهەشتی خەونە سک
پڕەکانی بەهار
دەسکە گوڵێک بۆ تەمەنی کچێنی
خۆم و بۆ گەڵا پایزییەکانی
ئەم دەڤەرە بە دیاری بهێنم.

ئەم شیعرە بەروارەکەی لە (ئازاری ١٩٩٦) نووسراوە و دواتر لە ساڵی (١٩٩٩) لەگەڵ کۆمەڵە شیعرێکی دی لەکتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو) بڵاوبۆتەوە، شیعرێکە باس لەعەشق و نائومێدییەکی گەورە دەکات، لەبارەی خەمی کچێنی و خەمی گەورە کچان دەدوێت، لەشوێنێک بەڕۆشنی دەڵێت: (ئەمشەو هەردوو مەمکی تەمەنی کچێنی عەشق بەسەر شانم شۆڕبۆتەوە، لە قووڵایی دڵە خەمناکەکانییان، تف لەئاوێزانبوونی هەوری ئافات و خەونە کابووسییەکانی قەدەر دەکەن) لێرەدا مەبەستمان نییە خوێندنەوەیەک بۆ دەق و ناوەڕۆکی (شەباهەنگی بەفر) بخەینەڕوو، هێندەی مەبەستمان ئەو کۆپلە شیعرەی سەرەوەیە کە شاعیر باس لەکچێنی خۆی دەکات و دەڵێ: (دەمەوێت، دەسکە گوڵێک بۆ تەمەنی (کچێنی خۆم) و بۆ گەڵا پاییزییەکانی ئەم دەڤەرە بەدیاری بهێنم) ئیتر چی لەمە ڕۆشنتر و ڕوونتر هەیە کە شاعیر، لەنێو ئەم دەقە شیعرییەدا باس لەکچێنی خۆی و خەمێکی قووڵی کچانە دەکات، واتە دەنگێکی مێینەی لەنێو خۆیدا بەرجەستە کردووە و کچێک، یان گەورە کچێک لەنێو ئەودا هاتۆتە قسە، یان لەقەسیدەی (ڕەشبەڵەکی ڕۆح) کە قەسیدەیەکی درێژە، لەساڵی (١٩٩٥) نووسراوە، لەشوێنێکی ئەم قەسیدەیە دەڵێم:

ئێستا
ڕووباری نێوان مەمکەکانم
ئاوێکی شێلووی
پێدا دەڕوات
ئێستا من لەناو گێژاوی
سەرگەردانی، هاژەی
تاڤگەیەکی دڵ تەنگم
دەی گوڵە گیان دەی،
دەوەرە لەسەر نینۆکەکانم
لەسەر پشتی هەردوو دەستم
لەسەر پەڕەکانی لێوم بڕوێ
تا بەتۆوە بئاخڤم و بە تۆوەش
هەناسە بدەم
تا بە تۆوە بمناسنەوە و لەم
غەریبییەدا
ڕەنگی ڕۆیشتووم بێتەوەبەر
دەی گوڵەگیان
دەماچمکە
دەبمگوشە
دەبۆنمکە
دەی گوڵەکەی خۆم دەی

دەقی (ڕەشبەڵەکی ڕۆح) قەسیدەیەکی درێژە، یەکێکە لەئەزموونە سەرەتاییەکانی من لەگەڵ هەناسە درێژیم لەنێو دەقی شیعریدا، قەسیدەیەکە ناوەڕۆکێکی پڕ لەبەرز و نزمی و پڕ کێشمەکێشی هەیە، بەزمانێکی تەڕ و ناسکی شیعری، ئێمە مەبەستمان ئەو کۆپلەیەیە کە شاعیر باس لە (مەمکەکانی) خۆی دەکات، وەک کەسایەتی و دەنگێکی مێیینە دەردەکەوێ، ئەگەر ناوی شاعیری بەسەرەوە نەبێت، خوێنەران وا دەزانن خانمێک ئەم شیعرەی نووسیوە، لەنێو شیعرەکانم نموونەی دیکەی لەم بابەتە بەرچاو دەکەون، با دیوێکی دی و چەند وێنەیەکی دی شیعری بخەمەڕوو کە لەوێدا شاعیر ئەمجارەیان وەک دەنگێکی نێرینە دەردەکەوێت، بۆنموونە لەشیعری (بۆ چاوە گەشەکانی ڕەها) ئەو شیعرەش شیعرێکی درێژە بەڵام تەنها یەکدوو کۆپلەی دەخەینەڕوو:

کچم ڕەها
چەند ڕۆژێکە هاتییە دنیا
چەند بە جوانی و چەند بە
نەرمی
لە ناخەوە پێدەکەنی
کچم ڕەها
کە گەورە بووی بیرت نەچێت
لە ڕۆژانی کۆچەریما هاتییە دنیا
......................
ڕۆحی بابەی
ڕۆڵە نەکەی کە گەورە بووی
خوێنی ناو دەمارەکانی
پەنجە ناسکە شووشەییەکەت
شەختە بکا
گوڵە هێرۆی بەرسێبەری
چاوی گەشی ئەفسووناویت
ئازاربدا
لەژێر کەپری مەزارەکان چۆک
دابدەی
لەپی دەستت سەیری ئەستێرە
و مانگ بکا

ئەم شیعرە لەسەرەتای مانگەکانی ساڵی (١٩٩٤) نووسراوە و دواتر لە کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو) بڵاوبۆتەوە ، ئەوکاتە ڕەهای کچم تەمەنی سێ چوار مانگ بوو، لەبار و زروفێکی سەخت و وەزع و گوزەرانێکی دژوار، بێ خانە و لانەیی و هەرجارەی لە کونج و کۆڵانێک ژوورێکمان بە کرێ دەگرت، ڕۆژێک لەسەر سیسەمەکە ڕەها لەسەر پشت ڕاکشابوو منیش یاریم لەگەڵدا دەکرد، ڕەهاش بەشێوەیەک پێدەکەنی، منیش لەهەموو ژیانم ئەو پێکەنینە ئەفسوناوییەم لەمنداڵێکی ئەو تەمەنە نەبینیبوو، دوای یاریکردن خەواندم. ئیدی پێکەنینەکەی لەخەیاڵما مایەوە و

بوو بەسەرەتای شیعرێکی درێژ و نووسیم: (کچم ڕەها چەند ڕۆژێکە هاتییە دنیا دەپێمبڵێ ئارەزووی ئەم هەموو پێکەنینەت لە کوێ هێنا؟) ئیدی ئەم خەیاڵە تێکەڵ بە ژیان و گوزەران و ئاسۆ و ئومێد و خەونەکان و زۆرشتیتر بوو، وەکو باوکێکی دڵسۆز ئومێد خواستن بۆ ڕەها کە لەداهاتوودا چۆن مرۆڤێک و کەسایەتییەک بێت، یان ژیانی چۆن بێت و بەچ ئاراستەیەکدا بڕوات، زۆر بە ڕۆشنی هاتووە کە دەڵێ: (کاتێک پەنجە ناسکە شووشەییەکەت شەختە دەکات، گوڵە هێرۆی بەر سێبەری چاوی گەشی ئەفسووناویت ئازار دەدات) واتە دەخوازێ کە کەسێکی بەهێز و بەتوانا بێت لەسەر قاچەکانی خۆی بوەستێت، لەکاتە ناخۆشەکان و ڕووبەڕوو بە کێشە و میحنەتەکان، نەچێت لەژێر کەپری مەزارەکان چۆک دابدات و لەپێ دەستەکانی سەیری ئەستێرە و مانگ بکەن، واتە دەست پان نەکاتەوە لەبەر هیچ کەسێک و تەنانەت هێزە ئاسمانییەکانیش، لێرەدا دەبینین شاعیر وەک باوکێک قسە بۆ کچەکەی دەکات واتە، دەنگێکی نێرینەی لەخۆی بەرجەستە کردووە، نموونەیەکی دی لەقەسیدەی (مـن) کە وەکو ئەزموونێکی نوێ ناومان ناوە (دەقی تەمەن) لەبەشی یەکەم لەکۆپلەی پێنجەمدا دەڵێم:

لەنێو خەڵوەتگەی ژینی من
ژنێک سەرسامە بە پەنجەکانم
ژنێک سەرسامە بە قژی خاوم
ژنێک سەرسامە بە سمێڵی سوورم
ژنێک سەرسامە بە نیگاکانم
ژنێک سەرسامە بە شیعرەکانم
سەیرەکە لەوە دایە
لەنێو ئەو هەموو ژنە سەرسامانەم
منیش سەرسامم بەخۆم
هەرخۆم و هەرخۆم و هەرخۆم
خۆمی تاک و تەنیا
خۆم تا ئەبەد خۆم

دەبینین لەم کۆپلە شیعرەشدا شاعیر لەنێو نەرجسیەتێکی توخ دایە، خۆشەویستی بۆ خود لەئاستێکی زۆر بڵند دایە، بە دیدێکی (نیچە)ییانە و لەئاستی باڵا لەمن و بوونی خۆی دەڕوانێت کە ئەو بیرکردنەوەیە بۆخود بیرکردنەوەیەکە لەتەواوی (دەقی تەمەن) ئیشی لەسەر کراوە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، ئەو دێرەیە کە دەڵێت: (ژنێک سەرسامە بە سمێڵی سوورم) سمێڵ هێمایە بۆ پیاو، واتە لێرەشدا شاعیر دەنگێکی نێرینەیە، لەم نموونانە بینیمان منی شاعیر لەیەککاتدا لەنێو ڕووبەری شیعرەکاندا، هەم دەنگی مێینە و هەم دەنگی نێرینەی لەخۆیدا بەرجەستە کردووە، هۆکارەکەش ئەوە بووە هەر لەسەرەتای ئەزموونی نووسینی شیعریم، ویستوومە جیاواز بیربکەمەوە و جیاواز بنووسم، چونکە ئەوە بیرکردنەوەی جیاوازە فۆرم و ناوەڕۆکی جیاواز بەدوای خۆیدا دەهێنێت، نوێخوازیش هەر لەنێو ئەم هاوکێشەدا مانا پەیدا دەکات، تائێرە چەند دیمەنێکمان پیشان داوە، هێشتا هۆکار و وەڵامی پرسیارە جەوهەرییەکەمان نەداوەتەوە، بەڵام زۆرباشم لەبیرە لەناوەڕاستی ساڵی نەوەدەکان، ئەوکات بە ئێمەیان دەگوت (شاعیرە لاوەکان) لەگازینۆی (مەچکۆ) ڕۆژنامەنووسێکی برادەرم پرسیارێکی لێکردم و گوتی: (ناڵە حەسەن) تۆ لەنێو شیعرەکانتدا زۆر باسی (مەمک) دەکەیت و وەکو (کچێک) دەردەکەویت، ئەگەر ناوت لەسەر شیعرەکانت نەبێت، یان وێنەت لەگەڵیان نەبێت کەس نازانێت تۆ کوڕیت یان پیاویت، منیش لەناخی ناخەوەم پرسیارەکەم زۆر پێخۆش بوو، لەوەڵامدا گوتم: ئاخر من کە دەچمە نێو جەوی شیعری و بەنێو دنیای خەیاڵدا ڕۆدەچم و قووڵ دەبمەوە لەوێدا، لە واقیع و لەخۆم دادەبڕێم، لەوێدا من نازانم نێرم یان مێ، منداڵم یان پیر، تەنها مرۆڤێکم هیچی دی برادەرەکەشم سەرسام بوو بەوەڵامەکەم و قەناعەتی بە قسەکانم هات. ئیدی لەمبارەوە (نوکتە و سەرگوزشتە و باسی خۆش خۆشیش هەن) ئیدی ئەم حاڵەتە لەنێو خەیاڵ و باری دەروونیم مایەوە، تائەزموونم بەرەو سەرووتر دەچوو کاریگەری ئەم بارە دەروونییەم لەنێو ڕووبەری شیعر و خەیاڵە شیعرییەکانمدا توختر دەبوو، بەڵام نەمدەتوانی بەشێوەیەکی گونجاو تەعبیری لێبکەم، یان لەنێو پانتایی لێکۆڵینەوەیەکدا تیۆریزەی بکەم.

زەمەن هات و ڕۆیشت، چەند ساڵێک لەمەوبەر لە (یوتوب) گوێم لەدیمانەیەکی (ئەدۆنیس) ی شاعیر ڕاگرت، زۆر جەریئانە لە وەڵامی پرسیارێکدا کە باسی خۆی دەکرد گوتی: (کەسایەتییەکی مێینە، یان دەنگێکی مێینە لەنێو منی شاعیردا هەیە) دڵخۆش بووم بەو قسەیەی (ئەدۆنیس) شیعرەکانی خۆم و پرسیارەکەی ئەو ڕۆژنامەنووسە و وەڵامەکەی خۆمم بیر کەوتەوە، گوتم: نا من هەڵەنیم، شاعیر (بەدەر لەڕەگەزە بنەڕەتییەکەی خۆی) دەتوانێ هەم دەنگی مێینە و هەستەکانی مێینە، هەم دەنگی نێرینە و هەستەکانی نێرینە، لەخۆیدا بەرجەستە بکات، چونکە لەدواجاردا شاعیر مرۆڤێکە بەهەموو هەستە جیاوازەکانەوە، لێرەدا بینیمان شاعیر لەنێو ڕووبەری شیعر دەتوانێ دەنگی مێینە و دەنگی نێرینە لە شیعر

و دیمەنە جیاوازەکان لە خۆیدا بەرجەستە بکات، ئێستا باس لەدەقی (بەیان) دەکەین کە یەکێکە لە قەسیدەکانی (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر، پوختە و ناوەڕۆکی دەقی (بەیان) بەو شێوەیەیە، بەیان کچی دێیەکە سەر بەناوچەی مەریوان، کچێکە لەگەڵ موعاناتی خۆی و کۆمەڵگە چەوساوەکەی دەژی، ئەم ژیانە نابەرابەرەی بۆ قەبووڵ ناکرێت، چ وەک کچێک، چ وەک کەسایەتییەکی کوردی ژێردەستە، شەوانان تادرەنگی شەو سەدان پرسیار بەخەیاڵیدا دێت (شێرکۆ بێکەس) لەبەشێکی قەسیدەکەیدا دەڵێت:

ئێستا کەنیشکی ئەم دێیە
دێت و ئەڕوا و قسەی پێیە
قسەکانی لەلای هەندێ
وەک شەمامە هەڵئەگیرێ
ئەم کیژەمان وەکوو
چاوی بیری زیت بوو
گشت شەوگارێ
لەژێر لێفەی کون کونەوە
بە قەد ژمارەی ئەستێرەی
شەوی هاوینانی ناودێ
هەنگی پرسیار لەناو سەریا
ئەو ڕۆژان و
تا بەربەیان
نەیان ئەهێشت چاو لێک بنێ
ئەم بۆ ئەژی ؟ ئەو بۆ ئەمرێ
ڕەنج بۆ ئەخورێ ؟
ئەم بۆ دیلە ؟ چۆن ڕاپەڕێ ؟

بەیان، هۆشیارییەکەی دەگاتە ئەو ئاستە بڕیار دەدات چەک هەڵگرێ و ببێ بە پێشمەرگە. ئەم بڕیارەی لەلای پیاوانی ئایینی و هەندێ لەکەسەکانی دێکەی دەبێتە مایەی ڕەخنە و توانج، بەڵام بۆ کیژۆڵان و زۆرێک لەکەسانی هاودەمی خۆی مایەی دەستخۆشانە دەبێت، بەیان پێشمەرگەیەکی ئازا و چالاک دەبێت، دەبێتە سەردستەی گرووپەکەیان، دوای ماوەیەک نامەیەک بۆ ماڵەوەیان دەنێرێ، چونکە بەیان ئێستا هێندە کەسایەتییەکی خۆشەویستە نامەکە ئەودەست و ئەو دەست دەکات، لەماوەی یەکدووڕۆژدا نامەکە گەچراو و کۆن دەردەکەوێ، لەترسی دران و لەناوچوون دەیبەن لەمزگەوت بە مەکەبەرە دەیخوێننەوە، دواتر بەیان شەهید دەبێ، شاعیر لەکۆتایی قەسیدەکەیدا دەڵێت:

بەیان بەیان بەیان
ئیتر بەیان هەر بە تەنها
دار گێلاسی مەریوان و ئێران نییە
کانی سنە و بۆکان نییە
ئەمڕۆ و سبەینێ و داهاتووش
ئیتر بەیان کیژۆڵەکەی دایە گەورەی کوردستانە
ئیتر بەیان لە ئێستەوە
ئەستێرە سوورە گەشەکەی هەزارانی گشت جیهانە

تا ئێرە وەکو بەبیر هێنانەوەیەک پوختەیەکی کورتمان لەناوەڕۆکی دەقەکە باسکرد، بەڵام مەبەستی ئێمە لە باسکردنی ئەم دەقە ئەوەیە کە شاعیر، لەشوێنێکی دەقەکەدا، ڕوو لەژنان دەکات و وەک پەیامبەرێک، پەیامبەر بەمانا ئایینیەکە نا، بەمانای وەکو مرۆڤێک پەیامی پێیە، یان وەکو قسەکەرێک قسەی پێیە، چونکە دواجار شاعیر لەنێو شیعرەکانیدا قسەکانی خۆی دەکات، جا ئەو شاعیرە، یان ئەو پەیامبەرە دەکرێ کەسایەتییەکی مێینە بێت، چونکە لەسەر سەکۆیەک ڕووی دەمی لە ژنانە و قسە بۆ ژنان دەکات و دەڵێت:

ئەی ژنانی وڵاتە قژ سووتاوەکەم
بەیان زەنگە
گوێی لێبگرن !
دەستڕێژی ئازادیی
ناو ئێوەیە
سەر هەڵبڕن
بەیان دەمی ئەو پاچەیە
شەوە زەنگتان ئەڕوخێنێ
دەنگ هەڵبڕن
بەیان ئەو دار و خشتەیە
دنیای تازە پێکدەهێنێ
چاو هەڵبڕن
بەیان لوولەی ئەو چەکەیە
مەرگ ئەمرێنێ
کوان ؟ ! ڕاپەڕن ..!

لە وردبوونەوە لەم دیمەنە شیعرییە، هاوکات دەکرێ خوێندنەوەی ئەوەشی بۆ بکەین کە شاعیر، دەنگێکی مێینە نەبێت، دەکرێت دەنگێکی



نێرینەی ئازادیخواز بێت، واتە پیاوێکی ئازادیخواز بێت، هیچ لەناوەڕۆکی قسەکان و پەیامەکە ناگۆڕێت، واتە لەنێو ئەو پەیامە شیعرییەی (شێرکۆ بێکەس) ئەو هاوکێشەیە دەبینین کە (ئەوی شاعیر) لە یەککاتدا، توانیویەتی هەم مێ بێت، یان نێر، دواجار مرۆڤێکە لە قووڵایی هەستێکی ئینسانی باسی لەنابەرابەری و جەور و ستەمی سەر کۆمەڵگایەکی ژێردەستە کردووە، واتە (ئەوی شاعیر)

بەدەر لەوەی لەگێندەرەکەی هەرچییەکە، وەکو مرۆڤێک هەستەکانی خۆی لەڕوانگەی مرۆڤبوونەوە، بەرامبەر بەکەسێک و کێشەیەک خستۆتەڕوو.

لێرەدا دەمانەوێت باس لە دیمەنێکیتر، یان دیوێکیتری ئەم باسەمان بکەین و چەند نموونە و فاکتێک بخەینەڕوو ئەویش (ژن و مەسەلەی ژنان)ە یان کێشەی ژنان لەنێو ڕووبەری شیعریدا، لەکۆمەڵگەی تەقلیدی و دواکەوتووەکاندا (ژن بوون) کێشەیەکە و ژنان هەمیشە ڕووبەرووی ستەم و چەوسانەدنەوە دەبنەوە، بۆیە هەوڵدان و خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکان، هەم لەلایەن ژنانی وشیار و بەشێک لەپیاوانی ئازادیخوازیش ئامادەیی هەیە، بۆیە دەبینین زۆرێک لەژنان، ئەوانەی شیعر دەنووسن و شاعیرن، لەنێو ڕووبەری شیعرەکانییاندا باس لە هەستی ژنانەی خۆیان دەکەن و وەک دەنگێکی مێینە دەنگ هەڵدەبڕن، تا ئەو ئاستەی شانازی بە ژنبوونی خۆیان دەکەن، کە ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیف و شکۆدارە، یان لەپەنا ئەو دەنگهەڵبڕینە و دەربڕینەی هەستە مێینەییەی خۆیاندا باس لە کێشەکان و پەیوەندییەکان و خەمە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کلتوورییەکان دەکەن، بەڵام با بزانین دەربڕینی ئەم دەنگە مێینە و هەستە ژنانەییە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە چەمکی گێندەر ئەو کاریگەرییەی هەبێت لەنێو ڕووبەری دەق و تا ئەو ئاستەی مۆری گێندەری پێوە دیار بێت، لێرەدا باس لەشیعرێکی (کەژاڵ ئەحمەد)ی شاعیر دەکەین، بەناوی (باخەوان ماندووترە لەئاو) شاعیر لەسەرەتای شیعرەکەدا دەڵێت:



پێت سەیرە نانووشتێمەوە
بە تەنیا بۆ
بۆنکردنی گوڵێک نەبێت
یان بۆ ماچکردنی ڕوومەتی منداڵێک
سینگ و بەرۆک ناکەمەوە
بۆ شیردان بە شیعرێک نەبێت
یان ئەوینی لەبیرکراوی شەماڵێک ..

(کەژاڵ ئەحمەد) لە بەشێکی دی شیعرەکەیدا دەڵێت:

پێناکەنم بەدەم کەڕووی
جەستەی نیشتیمانێکەوە
بۆگەنی کردووە
ناشگریم لەبەردەم قەوزەیەکدا
بەهۆیەوە
حەوزی ژیانی ئەم خەڵکە لیقبووە !!
دیوارێک باشتر گوێ دەگرێت
بەردێک باشتر هەست دەکات
باڵندەیەک سەیر لەبەر من
خەمبار دەبێت و
سبەی دەمکات بە جریوەی
چیرۆکێک ...!

بەشێوەیەکی گشتی شیعرەکە لەڕووی زمان و شیعرییەتەوە، شیعرێکی جوان و نایابە، ناوەڕۆکێکی قووڵی هەیە، بەخێرایی لەدەرگای زۆر کێشە و ململانێی داوە، هەستێکی ژنانەی ڕۆشنی دەربڕیوە، بەتایبەت بەرامبەر بەوەی کە پێیان وایە ژنان زەعیفە و لاواز و بێهێزن، یان خەمەکانی نیشتیمان و کێشەکانی ڕۆژ و زۆر شتیتر، ڕەخنەیەکی تۆخ لە ئەوی بەرامبەری دەگرێت جا هەرکەسێ بێت، لێرەدا نامانەوێت بەقووڵی باس لەناوەڕۆکی دەقەکە بکەین، بەڵام هەر بە خوێندنەوەیەکی خێرا، دوو شت دەبینین شاعیر دەیەوێت کەسایەتیەکی بەهێز و متمانە بەخۆبوو بەمانای کەسایەتییەکی ئازا بەرجەستە بکات، کە بە بەرامبەرەکەی دەڵێت: پێت سەیرە نانووشتێمەوە، یان دەڵێ: پێناکەنم بەدەم کەڕووی جەستەی نیشتیمانێکەوە، یان ناشگریم لەبەردەم قەوزەیەکدا، ئەمانە هەمووی هێما و نیشانەی بەرجەستەکردنی کەسایەتییەکی بەهێزن، هاوکات باس لەهەندێ شت دەکات کە لای ئەو گەورە و پیرۆزن، بۆ نموونە نانووشتێتەوە بەتەنیا بۆ بۆنکردنی گوڵێک، یان ماچکردنی ڕوومەتی منداڵێک نەبێت، یان سینگ و بەرۆکی خۆی ناکاتەوە بۆ شیردانی شیعر نەبێت، دیارە شیردان لەڕێی مەمکەوە هێمایە بۆ ڕەگەزی مێینە، بەڵام ئەو لەو هەستە ژنانەیەوە دەیەوێت (گەورەیی و گەردوونیەتی شیعر)مان پیشان بدات، کە ئەوەش چ لەنەنووشتانەوەکەی بە تەنیا بۆ بۆنکردنی گوڵێک و ماچکردنی منداڵێک، یان سینگ و بەرۆک نەکردنەوە بۆ شیردان بە شیعر نەبێت، لێرەدا دیمەنێکی ناوازەی پڕ لەشیعرییەت و جوانکاری نەخشاندووە، ئەگەر زێتر ورد بینەوە و بپرسین، ئایا چەند کاریگەری گێندەر لەپشتی هەستەکانی نێو ئەم دەقە دەبینین، شاعیر لەپشتی هەست و خەیاڵەکانی خۆی باسی کەسایەتییەکی بەهێزمان بۆ دەکات، باسی

پیرۆزی گوڵ و منداڵ و گەورەیی شیعرمان بۆ دەکات، باسی خەمەکانی نیشتیمان و ئەزمەکانی ڕۆژ دەکات، کاریگەری گێندەر لەکوێی ناوەڕۆک و هاوکێشەکانی ئەم دەقە دایە؟ ئایا ئەگەر ئەم دەقە لە جیاتی ناوی کەژاڵ ئەحمەد، ناوی (سەباح ڕەنجدەر)ی بە سەرەوە با یان هەر شاعیرێکی دی، چی لەناوەڕۆک و مانا و هاوکێشەکان دەگۆڕی؟ دواجار هەستی ژنانەش هەستێکی مرۆڤانەیە و پەیوەندی بەوەوە نییە شاعیرەکە چ جۆرە ڕەگەز و گێندەرێکی هەیە، مەبەستمان (ئەوی شاعیر)ە نەک کەسەکە خۆی، بینیمان تەنانەت دەربڕینی هەستی ژنانە و دەنگی مێینەییش لەنێو ڕووبەری دەقی شیعریدا، گێندەری نووسەرەکە گرینگییەک و کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر دەقەکەدا نابێت، هاوکات، بۆ مەسەلەی کێشەی ژنان و ڕزگاربوون لەم کێشەیە ئەمە کاری شیعر و ئەدەب نییە، دەکرێ شیعر و ئەدەب یارمەتیدەر بن، بەڵام وا پێویست دەکات لە ڕێگای هۆشیاری کۆمەڵگا و لەڕوانگەیەکی ئینسانی و لەچوارچێوەی یاسا و دەستوورێکی مۆدێرن ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن، لەم بارەیەوە باس لەشاعیرێکی دی و شیعرێکی دی دەکەین، ئەویش (تەرزە جاف)ی شاعیرە (تەرزە جاف) شاعیرێکە لەنێو شیعرەکانی بەزمانی شیعری و بە ڕۆشنی باس لە خۆیی و هەستەکانی و هاوکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆیی و دەوروبەری دەکات، ڕاستگۆیانە و ڕاشکاوانە تەعبیر لەخۆی دەکات و خۆی دەنووسێتەوە، واتە (تەرزە جاف) هەوڵ دەدات لەنێو شیعرەکانی خۆی بێت، شاعیرێکە لەنێو ڕووبەری داهێنان و شیعردا هەوڵی جوانی هەیە، شیعرێکی ئەم شاعیرەمان بەناوی (جوانترین) دەخەینەڕوو، شاعیر لە شیعرەکەیدا دەڵێت:

تۆ چەند جوانی
کاتێک لە باڵا و سینە و
نیگای کچێکەوە
شیعرێک دەخوڵقێنی!
تۆ چەند زانای
ئەو کاتانەی لە کۆڕێکدا
یان بەرامبەر ژنێکی جوان
باس لە مافی
ئافرەت و
مافی ئازادی
ئاو دەکەی!
تۆ چەند بەرزی
ئەو کاتانەی لە
ڤیستیڤاڵێک
یان
لە سەنتەرێکی
گەنجان
بەسەر ئازادیی
دەربڕین و
سەربەخۆییدا
هەڵدەدەی!
تۆ چەنێک
جوانیت،
چەنێک زانا،
چەنێک بەرز!
کەچی ئەو
ڕۆژەی
کچۆڵەکەت
دەکەویتە عەشقەوە:
تۆ
چەند درۆزنیت
چەنێکیش گوناح!

ناوەڕۆکی شیعرەکە زۆر ڕۆشنە، باسی دووڕوویی و درۆزنی کەسێک، یان کەسەکان دەکات، ئەوانەی لەپشتی میکرۆفۆنەکانەوە، لەکۆڕ و ڤیستیڤاڵ و گۆڕەپانەکان و شوێنە گشتییەکان، باس لەئازادی و مافی ئافرەت و ئازادی تاک دەکەن و لەماڵەوەش بۆ کچۆڵەکەی خۆیان زیندانێکیان خوڵقاندووە، یان ناتوانن بەرگەی ئەوە بگرن کە کچۆڵەکەیان عاشق بێ، ئەوکات ئەوەی باوەڕیان پێی نەبێت، قسە بریقەدار و بێناوەڕۆکەکانی خۆیانە، یان شاعیرێک کاتێک لەڕوانینی قەدوباڵا و نیگای کچێکی شۆخەوە، شیعرێک دەخوڵقێنێ. دیارە دەقەکە ناوەڕۆکێکی جوانی هەیە، شاعیر ڕاستگۆیانە باسی لەزۆربەی (کەسەکانی) دەوروبەر و



کۆمەڵگاکەی کردووە، بەڵام ئێمە مەبەستمان لەکاریگەری (گێندەر و پەیوەندی گێندەرە لەنێو شیعرەکە و خودی گێندەری شاعیرەکەش) بابزانین لەنێو شیعرەکەدا ئەو (تۆ) یە کێیە؟ کە دەڵێت: (تۆ چەند جوانی، کاتێک لەباڵا و سینەی، نیگای کچێکەوە، شیعرێک دەخوڵقێنی!) ئەو (تۆ)یەی نێو ئەو وێنە شیعرییە لەڕووی ڕەگەزەوە (تۆ)یەکی نادیارە چونکە دەکرێت پیاوێک بێت لەقەدوباڵا و نیگای کچێکەوە، شیعرێک بنووسێت، یان دەکرێت ژنێکی لەزبیان بێت،

یان هەر ژنێک، بەهەمان شێوە، لە قە وبالا و نیگای کچێکەوە شیعرێک بنووسێت و جوانی ژنێک ببێتە ئیلهام بۆ نووسینی شیعرێک! بۆیە (تۆ)یەکە گێندەری نادیارە، لەهەمانکاتدا دیاربوونیشی گرینگییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە کەسی لەو بابەتە زۆرن لەنێو هەردوو ڕەگەزەکە، دەکرێت ژنێک بێت چالاکوانی نێو مەیدانی مافەکانی ژنان بێت و باس لەئازادی ژنان و ماف و ئازادی تاک بکات، بەلام لەماڵەوە پێچەوانەی ئەو قسانەی خۆی ڕەفتار بکات، بەتایبەت ئەو ڕۆژەی کە کچۆڵەکەی دەکەوێتە عەشقەوە، لەنێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بەهەزاران ژن و پیاوی لەمجۆرە هەن، بۆیە لەسەرتاپای شیعرەکەدا هەموو (تۆ)یەکان گێندەر و ڕەگەزیان نادیارە و دەکرێ مێ بن، یان نێر. هاوکات گێندەری شاعیریش هیچ لەناوەڕۆک و بەهای شیعرەکە ناگۆڕێت، باناوی (تەرزە جاف)ی شاعیری بەسەرەوە نەبێت، یان ناوی هەر شاعیرێکی تر بێت، هیچ لەبابەتەکە و لەناوەڕۆکی شیعرەکە ناگۆڕێت! تائێرە زێتر فۆکەسمان لەسەر گێندەری شاعیر بوو، ئێستا چەند کورتە شیعرێکی دی بەنموونە دەهێنینەوە کە فۆکەس دەخەینە سەر ناوەڕۆکی دەقەکان و گاریگەری گێندەر لەنێو دەقەکاندا، هاوکات مەبەستمان لەگێندەری شاعیرەکە و ئەو کەسایەتی و کاراکتەرانەشە کە لەنێو دەقەکان ئاماژەیان پێدەکرێت. (سەباح ڕەنجدەری) شاعیر، لە کتێبی (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم)دا لە شیعری (باوک و دایکم)دا لە دوا کۆپلەدا دەڵێت:

خونچە ئیسماعیل عومەر لە ١٩٥٦/١٢/٦ دا



بە جلی ڕەشەوە چووە
پەردەی بووکێنی و ئاهەنگی
خامۆشەییەوە
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش

ئێمە کاتی خۆی خوێندنەوەیەکمان بۆ ئەم کتێبەی (سەباح ڕەنجدەر) کردووە بە ناوی (شیعر و چەمکەکانی، ئیرۆس و ساناتۆس و ئەبەدییەت) لەنێو خوێندنەوەکەماندا ئەوکاتیش باسی ئەم کۆپلە شیعرەمان کردووە، بەلام ئێستا بۆ مەبەستێکیتر خوێندنەوەی بۆ دەکەین، بەر لەهەر شتێک لەنێو ئەم وێنە شیعرییەدا پارادۆکسێکی ناوازە دەبینین، لەنێوان (جلی ڕەش و پەردەی بووکێنی)دا کە بڕشتێکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە. (خونچە ئیسماعیل) واتە دایکی شاعیر، بە جلی ڕەشەوە چۆتە پەردەی بووکێنی و لەئاهەنگێکی خامۆشدا، لەپشتی جلی ڕەشەوە وێنەی هەموو زەحمەتی و مەینەتی و ژیانی قوڕسی ژنانی کوردەواریمان بۆ ڕەسم دەکات (جلێکی ڕەش ڕەش ڕەش ڕەش ڕەش) هێمایە بۆ ژیانێکی ئێجگار سەخت و نالەبار، خەمێکی ئێجگار گەورە، دیمەنێک تائاستی تراژیدیا غەمگین، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە، ئاستی فەرهەنگی و کلتووری کۆمەڵگایەک دەردەخات، ئەمانە هەمووی لەدوو دێری شیعری تەعبیری لێکراوە، هاوکات ئەلبوومێکی پڕ لەوێنە و یادەوەریش، هەستێکی مرۆیی گەورە، ڕاستە (خونچە ئیسماعیل) ژنێکە و دایکی شاعیرە، بەلام خوێنەر لەبەردەم ناوەڕۆکێکی گەورە و پارادۆکسێکی گەورەدایە، خوێنەر لەبەردەم دیمەنێکی هێندە خەمناکدایە تائاستی کارەسات، بۆیە ئەوەی بیر دەچێتەوە (خونچە) کێیە، گێندەر و ڕەگەزی چییە، گرینگ ئەوەیە کەسێکی زەحمەتکێش بووە، بە جلێکی ڕەشەوە گرینگترین شەوی ژیانی خۆی بەڕێکردووە، گێندەری کەسەکە هیچ گاریگەرییەکی لەئاست گەورەیی و کاریگەری ناوەڕۆکەدا نییە. تەنانەت گێندەری شاعیرەکەش، ئەگەر هەر شاعیرێکی دی ئەو دوو دێرەی نووسیبا هەمان ناوەڕۆک و هەمان کێشە و تراژیدیای بەرجەستە دەکرد، واتە لەم دیمەنە شیعرییەدا، ناوەڕۆکەکە ڕەنگەکانی گێندەری هێندە کاڵ کردۆتەوە تائاستی نادیار، یان ڕەشبوونەوە. نموونەیەکی دی (جوول کێلچێر) شاعیرێکی ئەمریکییە، کەسایەتییەکی ژنە، لەهەمانکات گۆرانی دەڵێ و شیعری لیریکیش دەنووسێ، لەکتێبێکی شیعری بەناوی (شەوێک بەبێ زریپۆش) لەشیعرێکی نێو کتێبەکە بەناوی

(خـۆت کـۆکـەرەوە) هـەرخـۆم شیعرەکەم کردووە بە کوردی و وا لەخوارەوە دەینووسمەوە و قسـەی لـەسـەر دەکـەیـن (جوول) لەم شیعرەدا دەڵێت:

له کەنار دەریا خۆت کۆکەرەوە
منیش دێم و لـەوێدا خۆشم دەوێی
خۆت کۆکـەرەوە لـەگەڵ شته کوێیەکاندا
لەگەڵ گۆرانییەکانی چۆڵەکه و کەفی دەریا
لێگەڕێ با جوانییەکی شێتانەش خۆی کۆبکاتەوە
لەنێو چاوەکانت بدرەوشێتەوە و بانگم بکا
چونکه من ئـارەزووی پیاوێک دەکەم
لەنێو قژیدا بۆ شته کێوییەکان هێلانه چێبکا
ئەو پیاوەی بڵێسه و گڕ ماچ دەکا

شیعرێکی نـاسـک و جـوان، ناوەڕۆکێکی قـووڵ و پڕ مانا، ئـەوە دەبـیـنـیـن ژنـێـک واتـه دەنگێکی مێ داوایەک لەپیاوێک دەکـات، کـەخـۆی کۆبکاتەوە، لەسەرەتادا هـەردوو ڕەگـەزی (نـێـر و مـێ) دیـارن، ژنـەکـه بـەردەوام دەبێ لەداواکەی که پیاوەکه خۆی کۆبکاتەوە، تاکو ئەویش خۆشی بوێت، لێرەدا خۆ کۆکردنەوە، وەک هێمایەک زۆر شتی لەپشته، وادیارە پیاوەکه کەسێکی هێندە نائومێدە تائاستی ڕەشبینی، دەستی لەخۆیی و ژیان و ئومێدەکانی بـەرداوە، ژنەکه داوای لێدەکات خۆی کۆبکاتەوە و بگەڕێتەوە نێو ژیان و دەست بە ئومێدەکانیی بـگـرێـتـەوە، خـۆی کـۆکـاتـەوە لەگەڵ شته کێوییەکان، دەکرێ شته کێوییەکان هێما بێت بۆ شته یاخییەکان، گۆرانییەکانی چـۆڵـەکـه هـێـمـابـێ بـۆ شته جـوانـەکـان، کـەفـی دەریـاش هێمابێ بۆ جووڵه و هەوڵدان، کەواته دەخـوازێ پیاوەکه لەم نائومێدییه گـەورەیـەدا خۆی ڕزگار بکات و بگەڕێتەوە نێو ژیان و لەگەڵ شتەجوانەکان بژی، بـەم شێوەیه دەبێتەوە بـەو کـەسـەی کـه ئـەویـش خۆشی بوێت، تائێره ئاساییه، ناوەڕۆکێکی جوان و پڕمانا و گێندەرەکانیش دەبینرێن، بەڵام کاتێک دەگەینه دوادێری شیعرەکە، که دەڵێت: (ئەو پیاوەی گڕ و بڵێسه ماچ دەکا) ئەم دێره هێندە پڕ مانا و هێندە دێره شیعرێکی ناسک و ناوازەیه، نـاوەڕۆکـەکـه قووڵتر پێشان دەدات، ژیان و عەشق جوانتر پێشان دەدات، لەبەرامبەریشدا نائومێدی و پـەرتـبـوونـەکـان گەورەتر دەردەکەون، خوێنەر لەبەرامبەر ناوەڕۆکێکی قووڵ قـەرار دەگرێت، گێندەرەکانی بیردەچێتەوە و دەکەوێته نێو بیرکردنەوەیەکی قووڵ، کەسێک گڕ و بڵێسه مـاچ بکات دەبێ کەسێک لێوانلێو بێت لەخەونی جوان لەهیواو ئومێدی جوان، نەک کەسێکی پەرت و لاکەوته و نائومێد، بۆیه لەژێر کاریگەری نـاوەڕۆکـێـکـی پـڕ لـەجـووڵـەی ئـیـسـتـاتـیـکـی، گـێـنـدەرەکـان لەمێشکی خـوێـنـەر ونـدەبـن کاریگەرییان نامێنێ، تەنانەت خـودی شـاعـیـرەکـەش گـەر (جوول) نەبێت هەر کەسێکیتر بێت هیچ لەمانا و نـاوەڕۆکی شیعرەکە ناگۆڕێت، نموونەیەکی دی شیعرێکی (خولیا حسێن) ی شاعیر، بـەناوی (دایکـم و دەریا لەیەک دەچن) ماوەیەک لەمەوبەر خوێندنەوەیەکیشمان بۆ ئەم شیعرە کردووە، بەناوی (شیعر و دایک و میهرەبانی) بەڵام لێرەدا بۆ ئەم وتارەمان دیسان قسه لەسەر دیوێکی دی ئەم شیعره دەکەینەوە، خولیا له سـەرەتای شیعرەکەیدا دەڵێت:

دەریا و دایکم له یەک دەچن
که غەریبیی دایکم دەکەم
دەچمه کەنارێکی دەریا
نیگاکانم نوقمی قووڵاییەکەی دەکەم
لەجوانی و
لەفراوانی و
لەهێمنی دەریادا
جوانی و
هێمنی و
دڵ گەورەیی دایکم دەبینم

یان لەشوێنێکی دی شیعرەکەدا دەڵێت:

هێندە دڵخۆش و هێندە ئارام و منداڵ دەبمەوە
وادەزانـــم لـەژێـر ئـاسـمـانـی چارۆکه شینه
ئەفسووناویەکەی دایکم
خۆم شاردۆتەوە
نه عەشق دەمسووتێنێ
نه خۆشەویستی ئازارم دەدا
نه خەم زەفەرم پێ دەبا
نه شەکەتی پێم دەزانێ
نه تەمەن لەگەڵ خۆی دەمبا
نه دۆڕان تێکم دەشکێنێ
نه غوربەتیش دەمگرییێنێ

ناوەڕۆکی شیعرەکه باسکردنه لـەڕۆڵـی دایـک و گـەورەیـی و مـیـهـرەبـانـی دایـک، وەک کەسێکی ئازیز و پیرۆزترین و خۆشەویسترین کەس، باوەشی دایک ئارامیترین کونج و جێگایه بۆ منداڵـەکانی، پەناگەیەکه پڕ لەمیهر و خۆشەویستیی، لێکچوواندنی دایـک لـەگـەڵ دەریـا هاوکێشەیەکی شیعری پڕ لەجوانکاری نەخشاندووە، لەهەمانکاتدا، وێنەیەکی قووڵی پڕ لەمانا، لێرەدا مەبەستمان نییه دووبارە لەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکـه قسه بکـەینـەوە، بەڵام ئایا لەم دەقه شیعرییەدا خوێنەر لەبەرامبەر ناوەڕۆکێکی بەرز و گەورەی ئینسانی دایه، یـان گـێـنـدەری؟ خـۆ ئـەگـەر خولیا بیگوتبا باوکم و دەریا لەیەکدەچن، خوێنەر لەبەرامبەر هەمان مانا و هەمان ناوەڕۆک قەراری دەگرت، چونکه باوکیش هـەمـان ئـەو کـەسـه گرینگه و گـەورەیـەیـه بـۆ منداڵـەکانی،

هەمان پاڵپشت و باوەشی باوکیش هەمان ئەوکەنارە ئارامە و هەمان ئەو کونجەیە کە پڕاوپڕە لەمیهر و خۆشەویستی، بۆیە لەم دەقە شیعرییەشدا گێندەر ئەو ڕووبەرە فراوانەی نییە، چونکە لەوکاتەدا مێشکی خوێنەر سەرقاڵە بە بیرکردنەوە لەمیهرەبانی و گەورەیی کەسێک ئەو کەسەش (دایک) ە خۆ لەجیاتی خولیا گەر هەر شاعیرێکی دی ئەم دەقە شیعرییەی نووسیبا هەمان ناوەڕۆک و مانای دەبوو، چونکە گێندەری شاعیریش هیچ کاریگەری بەسەر دەق و ناوەڕۆکەکەدا نییە و نابیندرێ. ئێستا دوای ئەم هەموو نموونە و فاکتانە، دەمانەوێت باس لەهۆکارەکان بکەین بۆچی گێندەری شاعیرەکان لەنێو ڕووبەری دەق ئەو کاریگەرییەیان نییە، یان شاعیرێک بەدەر لەکەسایەتی خۆی و گێندەری خۆی، دەتوانێت وەک (ئەوی شاعیر) گێندەری (مێینە و نێرینە) لەخۆی بەرجەستە بکات، یان کەسێک بێت ڕەگەزی نادیار بێت و تەنها وەکو مرۆڤێک دەرکەوێت. یەکێک لەهۆکارەکان ئەوەیە شاعیر لەنێو رووبەری دەقدا، بەهۆی زمانەوە دەتوانێت توخمەکانی سروشت وەک (با، درەخت، ئاو، ئاگر، هەور، ئەستێرە، مانگ، بەرد، ڕووناکی، هەتادوایی) بە کاراکتەر بکات و بەقسەیان بهێنێت، کاتێک دەڵێت: من ڕەشەبام کە هەڵدەکەم، ئیدی لێرەدا شاعیر ڕەشەبا وەقسە دەهێنێت، گێندەر هیچ ڕۆلێکی نابێت، گێندەری شاعیرەکە خۆی لەپەیوەند بە توخمەکان (چ مێ بێت یان نێر) هیچ لەبابەت و ناوەڕۆکی دەقەکە ناگۆڕێت، خاڵێکی دی شاعیر دوای بیرکردنەوە دەچێتە نێو قووڵایی خەیاڵ، هێندە قووڵ دەبێتەوە تا گەیشتن بە ڕووبەری ناخودئاگایی، ڕووبەری ناخودئاگاییش بەمانای (دابڕان لەئاگایی و هۆشمەدی خود، هاوکات دابڕان لەواقیعی مەوجودیش واتە واقیعی هەبوو) هەروەها لەواقیعی خۆیشی دادەبڕێت، بۆیە لێرەدا ئەگەر باسی کردەی (کوشتنی باوک) بکەین لەلای (فرۆید) و لەو سەرچاوانەش بکۆڵینەوە کە هاوکاری بوون بۆ نووسینەوەی ئەم تیۆرە، دەبینین چ لە(ئۆدیبی سۆفۆکلیس) و هاملێتی (شکسپیر) و برایانی کارامازۆفی (دەستۆفسکی) لەوێدا، ئەوە دەخوێنینەوە کە نووسەرەکان و پاڵەوانەکان لەوکاتەدا لەژێر کاریگەری پاڵنەرە (ناخود ئاگاییەکان) بوون، یان تەقاندنەوەی پاڵنەرێکی دەرەکی کە هەمیشە لەنێو ڕووبەری ناخودئاگاییان کاریگەرییەکی تۆخی هەبووە، ئەم پاڵنەرە دەرەکییەش (ململانێی سێکسی یە لەبارەی ڕەگەزی «مێ» وە) لەوکاتەدا چونکە لەنیو ڕووبەری (ناخود ئاگایی)دا بوون، دواتریش کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ باری (خودئاگایی) یان باری ئاسایی خۆیان، ئەوکات پەشیمان دەبنەوە، لێرەدا مەبەستم لە تاوانبار و توانبار نەبوونی کەسەکان و کردەکە نییە، مەبەستمە باری ئەو (دابڕانە) ە پێشان بدەم، کاتێک دەڵێین: کەسەکان لەباری (ناخودئاگایی) گەڕانەوە بۆ باری (خودئاگایی) و باری ئاسایی خۆیان واتە (دابڕابوون) لەواقیعی خۆیان و دەرەوەی خۆیاندا، بۆیە بە دیویکی دی دەتوانین بڵێین: شیعر نووسینەوەی چرکە ساتەکانی وڕێنەیە، واتە چرکە ساتەکانی دابران لەهۆشمەندی و ئاگایی خود، چونکە شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە، لێرەدا شاعیریش دەبێتە گەریدەیەکی گەردوونی کاری بەسەر ئەوەوە نییە خۆی لەدنیای واقیعدا چ ڕەگەز و گێندەرێکی هەیە، شاعیر لەنێو ڕووبەری خەیاڵ و لەنێو پانتایی زماندا بوونێکی جیاوازی هەیە، واتە تەنها مرۆڤە و هیچی دی، بۆیە گەر لێرەدا باسی (شیعری ژنانە و ئەدەبی ژنانە) بکەینەوە ئێمە زۆرجاران ئەم پۆلینکردنەمان بەناوی ئەدەبی (ژنانە و پیاوانە) یان (شیعری ژنانە و پیاوانە) ڕەتکردۆتەوە، لەکتێبی (ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا) شدا بەڕۆشنی قسەمان لەسەر پۆلینکردنی شیعر و ئەدەب کردووە و ڕەتمان کردۆتەوە، بەو هۆکارەی کە ئەدەب، یان شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە و لەنێو کایەی (مرۆڤ و بەها مرۆییەکان) ئیش دەکات، بە هەر هۆکارێک بێ ناتوانین ئەدەب، یان شیعر پۆلین بکەین و ڕووبەرە فروانەکەی بچووک و بەرتەسک بکەینەوە، بەڵام لێرەدا ئەو خاڵەش زیاد دەکەین کە ئەگەر بڵێین ئەدەبی ژنانە، یان شیعری ژنانە بەمانای (ئەوی شاعیر) لەنێو ڕووبەری بیرکردنەوە و خەیاڵ هێندە قووڵ نەبۆتەوە تا لەواقیعی دەرەوە و لەواقیعی خۆی دابڕێت، یان نەگەیشتۆتە ڕووبەری ناخودئاگایی و سنووری دابڕان، واتە هەر (خۆیەتی) نەک (ئەوی شاعیر) ئێمە لەسەرەتای ئەو باسەماندا گوتمان: ئێمە لەم وتارەماندا مەبەستمان خودی کەسەکە نییە بەڵکو، مەبەستمان ئەوی شاعیرە، بۆیە هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر بڵێین (ئەدەبی ژنانە یان شیعری ژنانە) چونکە من بیستوومە هەندێک لەخانمەکان، ئەوانەی شاعیرن و شیعر دەنووسن، لەدیمانەکاندا دەڵێن:

بۆیە باوەڕمان بە (شیعری ژنانە، یان ئەدەبی ژنانە) هەیە چونکە، شاعیرەکە (خۆی) ژنە و لەنێو شیعرەکەیدا هەستی ژنانەی خۆی دەردەبڕیت، یان لەنێو ئەدەبەکەیدا دەیەوێت بەرگری لەماف و ئازادییەکانی خۆی بکات، ئێمەش بە دیاریکراوی، ڕێک مەبەستمانە ئەوە ڕەت بکەینەوە، چونکە شاعیر بەدەر لەوەی چ گێندەرێکی هەیە دەتوانێت هەردوو هەستەکان (چ ژنانە، یان پیاوانە) لەنێو ڕووبەری دەق بەرجەستە بکات و بەرگریش لەماف و ئازادییەکانی تاک بکات، چونکە دواجار (هەستی ژنانە، یان پیاوانە) هەستەکانی مرۆڤن، ئامانجی شیعریش بەرهەمهێنانی جوانی و ئیشکردنە لەسەر جوانی بۆیە شاعیریش لەنێو ڕووبەری دەق بوونێکی ئیستەتیکی هەیە و (مرۆڤێکە گێندەری نادیارە واتە تەنها مرۆڤە و بەس) ئەو خاڵەش کە دەڵێن: چونکە (خۆیان ژنن) واتە ئەو شاعیرانە باس لە (خودی خۆیان دەکەن) وەک ئەوەی کە هەن، نەک وەک ئەوەی کە (شاعیرن) و بوونێکی ناجێگیری توخم ئامێزییان هەیە، خاڵێکی دی لە پەیوەند بە (شیعر و شاعیر و گێندەر) مرۆڤ چ (نێر بێت، یان مێ) کە دێتە نێو ژیان، لەسەرەتا بوونێکی ناتەواوی هەیە، مرۆڤەکان لەڕێگەی داهێنانەوە هەوڵ دەدەن بوونی خۆیان تەواو بکەن، یان مانا و شوناسێک بەبوونی خۆیان ببەخشن، جا ئەگەر شاعیر گێندەرەکەی هەر جۆرێک بێت، هەوڵدەدات لەڕێگەی داهێنانەوە بوونی خۆی تەواو بکات، بۆیە شاعیر بۆ ئەوەی داهێنانی گەورە بکات، دەبێت وەک شاعیرێک مامەڵە لەگەڵ خۆی بکات، وەک مرۆڤێک بتوانێ لەیەک کاتدا هەردوو گێندەر لەخۆی کۆبکاتەوە، چونکە شاعیری داهێنەر دەبێ بوونەوەرێک، یان گەریدەیەکی گەردوونی بێت، مرۆڤێک بێت خاوەن بوونێکی باڵا بێت. هەر بۆیە دەبینین (ئەلبێر کامۆ) لە کتێبی (ئەفسانەی سیزیف) لەشوێنێکدا دەڵێت: (داهێنان، واتە دووجار ژیانکردن) ئەگەر لەو وتەیەی کامۆ وردبینەوە لەپەیوەند بەشاعیر، ئەو مەبەستی لەشاعیرێکی داهێنەرە، شاعیرێک کە لەڕێگەی داهێنانە گەورەکانیدا بتوانێ دووجار بژییێت، واتە ببێتە موڵکی مێژوو، دوای مردنیش هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە، وەک (شکسپیر و دانتی و بۆدلێر و ناڵی و سەدان گەورە شاعیری دی) بە مانای شاعیرێک وەک مرۆڤێکی گەردوونی بتوانێ لەڕێگەی زمانەوە قسە لەبارەی هەموو شتێکەوە بکات، بەدەربڕینی هەستی پیاوانە و ژنانەشەوە، هەر خودی (ئەلبێر کامۆ) لەهەمان سەرچاوە لەپەیوەند بەداهێنانەوە قسەیەکی (نیچە) بەنموونە دەهێنێتەوە کە دەڵێت: (هونەر بەتەنها هونەر، ئێمە هونەر شک دەبەین، تا حەقیقەت نەبێتە مایەی مردنمان) ئەگەر لەناوەڕۆکی ئەم قسەیەی (نیچە) ورد بینەوە، یان لەپشتی دیوە نادیارەکەی ئەم قسەیە، گرینگی داهێنانمان بۆ دەردەکەوێت بەرامبەر بە بوون و ژیان، مەبەستییەتی بڵێت: ئەوکەسانەی داهێنانیان نییە، حەقیقەتیان وەک نەبوو وایە، واتە بوونێکی (بێ بەها و مردوو) یان (ناتەواو و بێ هێز) ئەوەی کە(مارتن هایدگەر) بە بوونێکی (نامۆ، یان نارەسەن) ناوی دەبات ، جا بۆیە ئەگەر لەخاڵی کۆتایی وەڵامی پرسیارە جەوهەرییەکەی سەرەتا بدەینە، دەڵێین: (نەخێر) من بە دروستی نابینم بڵێین: (ژنە شاعیر چنوور نامیق) یان (خانمە شاعیر ڤینۆس فایەق) وادروستترە بڵێین: (چنوور نامیق)ی شاعیر، یان (ڤینۆس فایەق)ی شاعیر بەپێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم: کەمن لەکتێبی (سارا تیسدەیل ژنە شاعیری ئەمریکی) بێئاگا کەوتوومەتە نێو هەمان هەڵەوە، بە دڵنیاییەوە گەر جارێکی دی ئەم کتێبە چاپ بکەمەوە هەڵەکەم ڕاست دەکەمەوە و لەبەرگەکەی دەنووسم: (سارا تیسدەیل شاعیرێکی ئەمریکی) چونکە هەروەک گوتمان شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە و شاعیریش ئەو بوونەوەرە گەردوونییەیە، ئامانجی بەرز ڕاگرتنی مرۆڤ و بەها مرۆییەکانە، بۆیە دواجار شاعیر تەنها مرۆڤێکە و هیچی دی.

**سەرچاوەکان :**


١- کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو) ناڵە حەسەن

٢- کتێبی (ڕەشبەڵەکی ڕۆح) ناڵە حەسەن

٣- کتێبی (دەقی تەمەن) ناڵە حەسەن

٤- کتێبی (حەز دەکەم ئەوەندە بژیم) سەباح رەنجدەر

٥- کتێبی (دیوانی شێرکۆ بێکەس) بەرگی دووەم

٦- کتێبی (من هەبم یاخود نا، ئەمەیە مەهزەلەکە) تەرزە جاف

٧- کتێبی (ئەفسانەی سیزیف) ئەلبێر کامۆ، و/ ئازاد بەرزنجی

٨- کتێبی (a night without armor) Jewel Kilcher

٩- شیعری (باخەوان ماندووترە لە ئاو) .. فەیسبووکی (کەژاڵ ئەحمەد) .

١٠ شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) فەیسبووکی (خولیا حسێن) .

# نەتەوە و حیکایەت نووسەکانی



نەبەز گۆران

لەناو مێژووی هەر نەتەوەیەکدا حیکایەتێکی گەورە، یان زیاتر بوونی هەیە. حیکایەت خوانێکە بۆ کۆکردنەوەی نەتەوە. هەموو نەتەوەیەک سەربەحیکایەت، یان حیکایەتەکانی خۆیەتی، ئیدی حیکایەتەکە رەگوڕیشەی لەناو مێژوودابێت، یان سەر بە دونیای مۆدێرن بێت. هەریەک لەو حیکایەتانە وێستگەیەکن بۆکۆکردنەوەی نەتەوە و سەرلەنوێ مانادانەوە بەو شوناسەی، کە نەتەوە پێیەوە بەستراوەتەوە. لە بەشێک لە نەتەوەکاندا حیکایەتەکان لە سەرکەوتندان، لە بەشێکی تریاندا لە دەستپێکردنێکی نوێ، یان لە کارەساتێکدا. زۆرێک لە میللەتەکانی رۆژهەڵات، لەناو جەوهەری حیکایەتەکانیاندا قوربانییەک هەیە، یاخود حیکایەتەکە خۆی لەناو کارەسات و قوربانییەوە سەرهەڵدەدات. ئیدی قوربانییەکە لەرووی مەعنەوییەبێت،یان لەرووەکانی دیکەوەبێت, دیوێک لە حیکایەت بەستراوە بە قوربانییەوە. بۆ نەتەوەی کورد هەریەک لە حیکایەتی (نەورۆز و ئەنفال) دوو لەو حیکایەتە گەورانەن، یەکێکیان مێژوویێکی دورو درێژی یەکلا نەکەرەوەی هەیە و، ئەویدیان لەسەردەمی مۆدێرنەدا دروستدەبێت. یەکیان تەقسێکی شادی بەخشە و ئەویتریان تەقسێکی کارەساتبارە. یەکیان لە ساتێکی دیاریکراوی دەسەڵاتێکی ناو مێژوودا دروستدەبێت و، ئەویتریان لە ساتێکدا روودەدات هەوڵی سڕینەوەی شوناس و بوونی نەتەوەیەک دەدرێت. ئەمما هەردوو حیکایەتەکە دوو لەو حیکایەتە گەورانەن دەبنە رووبەرێک بۆ کۆکردنەوەی نەتەوە و، سەرلەنوێ خۆهەڵچنینەوە. بیرکردنەوە و ڕامان لە حیکایەتەکان، لە هەمانکاتدا بیرکردنەوە و ڕامانیشە لە دەقی حیکایەت نووسەکانییان. هەریەک لە حیکایەتەکان لەگەڵ ئەوەی ڕوویانداوە و خۆیان بە پێی سیاقە مێژووەکەیان واتایەکی گەورەیان هەیە، بەڵام حیکایەت نووسەکانییان دێن جارێکی دیکە دەیانووسنەوە و لەڕێگەی زمانەوە حیکایەت دەخەنە ناو دونیای کلتوور و بیرکردنەوەوە، تا جوڵەیەک بخاتە ناو دونیای نەتەوە. هەرچۆن دوو حیکایەتە گەورەکە (نەورۆز و ئەنفال) لەناو سیاقە مێژووی و سیاسییەکەدا مانایەکیان هەیە، لە دیوە فەرهەنگی و کلتوورییەکەشدا مانایەکی قوڵتر هەڵدەگرن، هەردوو حیکایەتنووس (پیرەمێرد و شێرکۆ بێکەس) دوو لەو گێڕەرەوانەن بۆ زیندوو هێشتنەوە و سەرلەنوێ بیرکردنەوە لەحیکایەتەکان، سەرلەنوێ دەیانووسنەوە و دەیانکەنە ڕووبەرێک نەتەوە لێیانەوە لەخۆی و ئەویتری دەرەوەی خۆی بڕوانێت.

حیکایەتی نەورۆز، حیکایەتێکی گرێدراوە بەمێژووی ڕابردووی ئەفسانەکانەوە. بۆچونێکی یەکلاکەرەوە نییە ئەم حیکایەتە بەشێوەیەکی کۆنکرێتی ببەستێتەوە بەیەک نەتەوەوە. "ئەو جەژنە هەمان جەژنی تەمموز و عەشتارەکانە، پێش ئەوەی لە ئەشکەوتەکانەوە بێنە دەر و شار دروستبکەن."(١) ئەشێت ئەمە بۆچوونێک بێت لەو بۆچوونانە، نەک ئارگۆمێنتێکی کۆنکرێتی لەسەر مێژووەکەی. بەڵام ئەوەی ڕوونە بەشێکی میللەتانی ڕۆژهەڵات، جەژنێکیان هەیە، ئەو جەژنە ناوی _نەورۆز_ە. بەمانای ڕۆژێکی نوێ، یان سەرەتایەکی نوێ. ئەم رۆژ و سەرەتای نوێیە لە کۆیی جەژنەکانی میللەتە رۆژهەڵاتییەکاندا دەکەوێتە (٢١)ی مانگی سێی زاینی. واتە یەکەم رۆژی بەهار، بۆ ئەو سەرەتایە دەبێتە یەکەم رۆژی جەژنەکە. ڕەهەندێکی جەژنەکە بەستراوەتەوە بە ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، واتە مێژوویێکی ڕاستەقینەی نووسراوی نییە و تێکەڵە بە ئەفسانە کۆنەکان. ئەمما، بەپێی ڕۆژژمێرەکان کۆنترین ڕۆژژمێر لەناو میللەتەکانی رۆژهەڵاتدا، رۆژژمێری کوردییە، ئەو رۆژژمێرەی (٧٠٠) ساڵ پێش زاین نووسراوە و دەست پێدەکات. "ڕۆژژمێری کوردی، ڕۆژ ژمێرێکی هەتاوییە، واتە بەپێی سوڕانەوەی زەوی بەدەوری هەتاودا نووسراوە. (٧٠٠) ساڵ پێش زاین نووسراوە و یەکەم ڕۆژی ڕۆژژمێرەکە، ئەو ڕۆژەیە پاشای ماددەکان(دیاکۆ) ئیمپراتۆرییەتی پاشاییەتی ڕاگەیاند."(٢) ئەم ڕۆژژمێرە بەپێی بەراوردی ساڵەکان(٧٠٠) ساڵ پێش زاین دروستبووە. (١٣٢١)ساڵ دێرینترە لە ڕۆژژمێری ئێرانییەکان، زیاد لە (١٣٠٠) ساڵ کۆنترە لە ڕۆژژمێری کۆچی. ئەکرێت بگوترێت: تەنها سەرچاوەیەکی گرنگ لە ئەفسانەکان دورمانبخاتەوە و بمانبەستێتەوە بە واقیعەوە تامێژوویێکی بەرچاوی نەورۆز وەرگرین، ڕۆژژمێری کوردییە. ئەم ڕۆژژمێرە یەکەم ڕۆژی دەستپێکی دەبێتە یەکەم ڕۆژی نەورۆز. بەو

واتایە، حیکایەتی نەورۆز بۆ کورد، یەکێکە لە حیکایەتە دێرینەکان. پێش هەموو ئەو میللەتانەی سەربەم حیکایەتەن، کورد بەپێی ڕۆژژمێرەکەی یەکەمین میللەتە خۆی گرێدەدات بەحیکایەتەکەوە. هیچ کام لە ڕۆژژمێرەکانی دیکەی ئێرانی و ئەفغانی و بەشێک لە هیندییەکان..هتد کۆی ئەو نەتەوانەی ئەم جەژنە دەکەن، ڕۆژژمێرەکانیان ناکەوێتە پێش ڕۆژژمێری کوردییەوە و کۆنترین نەتەوە پەیوەستبێت بەو جەژنەوە کوردەکانن، کە ڕۆژی نەورۆز دەکەنە سەرەتای ڕۆژێکی نوێ بۆ ژیان. بەستنەوەی ڕۆژژمێرەکەش بەدروستکردنی دەسەڵاتێکی پاشایەتی و لەڕۆژێکی وەک نەورۆزدا، ئاماژەیەکی مێژووییە، کە ئەم حیکایەتە لە کوردەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەتەوەکانی دیکە و ئەشێت پێش کوردەکانیش حیکایەتەکە هەبووبێت. هێشتانیش ڕوون نییە کە پێش کوردەکان هەبووە یان نا، بەڵام ئەفسانەکان دەیگەڕێنەوە بۆ پێش ئەو ساتەی ئێمە لێرەدا لەرێگای بەراودی ڕۆژژمێرەکانەوە ئاماژەی پێدەدەین. (خوێنەری بەرێز بیرت نەچێت، ڕۆژژمێری کوردی لەسەردەمی کۆماری مهابادا ناوی مانگەکانی دەسکاریکران. واتە کۆی مانگەکان بەو جۆرە ناونران، پەیوەندی بەکشتوکاڵەوە بێت. مانگی گەڵارێزان، بەفرانبار، پوشپەڕ□ هتد. ئەم ناولێنانانە بۆ مانگەکان لەسەردەمی کۆماری مهابادا، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی پێشتر کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بووە و پێویستە مانگەکانیشی لەسەر ژیانی کشتوکاڵی ناوبنرێن و ئەم ناونانە لە مانگەکان لەسەر شێوازی کشتوکاڵی هی سەردەمی کۆماری مەهابادە، نەک سەردەمی مادەکان. بەڵام پێش ئەو ناونانە لەکۆماری مهابادا، ناوی مانگەکان لەشێوەزاری هەورامیدا هەبوون، بەڵام مانای کۆمەڵگەی گوندنشین و ڕاوچییان گەیاندووە، بۆنمونە: چێڵکڕ، ئەوکاتەی کەو کڕدەکەوێت کە دەکاتە مانگەکانی سەرەتای هاوین. پاژەرەژ، شوێنپێی کەو ئەوکاتەی بەفرباریوە و شوێنپێی دیارە. ئاوەوەرە، ئەوکاتەی کەو یان گیانەوەرەکان تینویان دەبێت و دەکاتە گەرمی ساتی هاوین. ئارگا، ئاگردان، ئەوکاتەی سەرمایە و پاییز هاتووە و ئاگردان دروستدەکرێت..هتد ئەم ناولێنانای ڕۆژژمێری شێوەزاری هەورامی، پەیوەندی بەسروشتی ژیانی خەڵکەکەوە هەیە، کە سەرقاڵی ڕاوکردن و کاری باخداری و دەستچنی بوو).

لەڕووی یادکردنەوەی تەقسەکەوە حیکایەتەکە دابەشدەبێت بەسەر میللەتەکاندا. پاش دابەشبوونەکەی هەر میللەتە و بەپێی مێژووی خۆی مامەڵە لەگەڵ حیکایەتە کۆنەکەدا دەکات. "میللەتەکانی ژێر دەسەڵاتی ئایینی زەردەشتی، هەموو ڕۆژێکی سەرەتای بەهار، بە (ئورمزد) ناودەبەن، واتە ڕۆژێکی نوێ، ئەم ڕۆژە نوێیەش دەبێتە جەژنیان و هەمان ناوە پاشان دەبێت بە نەورۆز."(٣) بە پێی ئەم سەرچاوەیە، ئایینی زەردەشتی وەک کۆنترین ئایینی ڕۆژهەڵات، سەرەتای وەرزی بەهار دەکاتە سەرەتایەک بۆ دەستپێکێکی نوێ و لەم ڕۆژەدا پەیرەوکارانی ئەو ئایینە، جەژنیان کردوە و جەژنەکەشیان هەمان جەژنی نەورۆزە و، ناوەکە لەودەقە ئایینەوە وەرگیراوە. پاشان لەسەردەمی ساسانییەکان و هاخامەنشینەکان و تادوایی. جەژنەکە کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. هەریەک لە میللەتەکانی (کورد، فارس، ئەفغانی و بەشێکی هیند، تا دەگاتە پاکستان) ئەم جەژنە بە جەژنی خۆیان دەزانن. بۆیە لای مێژوونووسانی ڕۆژهەکە، کۆمەڵێک ناکۆکی گەورە هەیە. بەڵام لەڕێگەی بە ئەفسانەکردنییەوە، وێنای ڕاستەقینەی جەژنەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و مێژووەکەی ئاوەژوکراوەتەوە. لەچاو مێژووە کۆنەکەی هەر یەک لەئەفسانە نوێیەکانی زوحاک و کاوە، جەمشید و هاتنە سەرتەخت، کوروشی گەورە و بابل،..هتد. مانایەکی تایبەت بە مێژووی خۆیان بە حیکایەتەکە دەدەن. بەڵام هەموو ئەو ئەفسانانە لەسەر ئەوە کۆکن سەرکەوتنەکەیان لەو ڕۆژەدا تۆمارکراوە، کە ئەمەش جگە لە ئەفسانە و بە ئەفسانەکردنی مێژووی ئەو ڕووداوانە، ئارگومێنتێکی مێژووی نییە بۆ ڕەگوڕیشەی حیکایەتەکە. هەرچۆنێک بێت لەڕووە مێژووییەکەوە لێدەگەڕێین بۆ مێژوونووسان. ئەم سەرنجە کورتە لەسەر مێژووەکەی دەرگامان بۆ دەکاتەوە بچینە سەر خودی حیکایەتەکە.

حیکایەتەکە حیکایەتێکی ڕۆژهەڵاتییە، حیکایەتێکە زۆرێک لە نەتەوە جیاوازەکان خۆیان بەخاوەنی دەزانن و دەسکارییەکی گەورەی مێژووەکەی کراوە. کورد وەک نەتەوەیەکی سەر بەم حیکایەتە، لە ڕووی مێژووییەوە خۆی بە خاوەنی ڕاستەقینەی دەزانێت، لەچەندین وێستگەی مێژوویدا هەوڵی گەرانەوەی حیکایەتەکەی داوە بۆناو خۆیی، لەچەندین وێستگەشدا دەستی لێبەرداوە و ئەوانیتر نەتەوەکانی تر حیکایەتەکەیان کردووە بە هی خۆیان. بەڵام لەسەردەمی مۆدێرنەدا، شاعیرێک دێت بەجۆرێکی دیکە کار لەسەر نەورۆز دەکات، کە ئەو فۆرمەی شاعیرەکە کاری لەسەردەکات، حیکایەتەکە دەهێنێتەوە شوێنی خۆی و بە تەقسێکی جیاوازترەوە دەیکات بە حیکایەتی نەتەوە. (پیرەمێرد) ئەکرێت بەسەرلەنوێ نووسینەوەی

حیکایەت و زیندووکردنەوەی حیکایەتی نەتەوە ناوی بهێنین. چونکە لەسەردەمی مۆدێرنەوە ئەو لەبەرامبەر حیکایەتی نەتەوەکانی دیکە، نەورۆز دەکاتەوە بە حیکایەتێک تا نەتەوە لەو ڕۆژەدا خۆی لەدەوری ئەو خوانە ببینێتەوە و بیکاتە وزەیەک بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە.

کاتێک (پیرەمێرد) دەست بە گەڕانەوە و زیندووکردنەوەی حیکایەتەکە دەکات، نەتەوەکانی دیکە هەریەکە و خاوەنی کۆمەڵێک حیکایەتی تایبەت بەخۆیانن. دەرککردنی بە حیکایەت، دەرککردنێکی مۆدێرنانەیە لەچوارچێوەی بیرکردنەوە بۆ نەتەوە. ئەو دەرککردنەیە نەتەوەکانی دیکە دەبینێت و نەتەوەکەی خۆشی دەبینێت، بۆیە دەیەوێت لەبەرامبەر ئەوانی دیکەدا نەتەوە حیکایەتی تایبەتی هەبێت. بۆنمونە: ئێرانییەکان دوو حیکایەتی گەورەیان هەیە. حیکایەتی (چوارشەممە سوورە، حیکایەتی عاشورا) ئەم دوو حیکایەتە، هەردووکیان لە ئایینی دیکەوە وەرگیراون، واتە ئاینێک لە بنەڕەتدا هی فارسەکان نەبووە، چ ئایینی زەردەشتی، یان ئایینی ئیسلام. بەڵام نەتەوە پێویستی بەوەبووە حیکایەت بۆخۆی دروستبکات و لەناو حیکایەتدا مانا بە بوونی شوناسەکەی بداتەوە. حیکایەتی (چوارشەممە سوورە) حیکایەتێکی ئایینییە و سەر بە زەردەشت و پاشان ئایینی ئێزدییە. بەڵام نەتەوەی فارس لە ئایینەکەوە وەریدەگرێت و لەڕێگەی ئەدەبەوە بە تەواوەتی دەسکاریدەکات. دەسکاریکردنەکەی، نەک تەنها جەوهەری حیکایەت دەگۆڕێت، بەڵکو فۆرم و تەواوی تەقسەکەشی دەگۆڕێت. شاعیران و مێژوونووسانی فارس، لەڕێگەی ئەدەب و مێژووەوە، دەسکاری حیکایەتەکە دەکەن و بەرەو ئەو شوێنەی دەبەن، لەگەڵ زمان و فەرهەنگی نەتەوەی خۆیان بگونجێت.(بۆ حیکایەتی نەورۆزیش هەمان کاریانکردووە.) لەسەردەمی نوێشدا، لەناو ئایینی ئیسلامەوە حیکایەتێکی دیکە وەردەگرێت، کە ئەویش(عاشورا)یە. ئەم حیکایەتە سەر بە مەزهەبی شیعە، شوێنکەوتەی ئەو مەزهەبەی چەمکی (شیعە)یان لە دەقی قورئانییەوە وەرگرت و کردیانە بنەمایەک بۆ مۆدێلێکی دیکە لەئایین پەروەری. فارسەکان لەناو مەزهەبەکەدا حیکایەتیان دروستکرد و کردیانە حیکایەتێکی نوێ بۆ نەتەوە. ئەگەر لەچوارشەممە سوورەدا نەتەوە وەک ڕۆژێکی خۆش سەیری بکات و بیکاتە ڕۆژێک بۆ یەکتر ئاشتکردنەوە و پەیوەندی دروستکردنەوە لەناو رایەڵە کۆمەڵایەتییەکەیدا، ئەوا لەحیکایەتی عاشورادا، نەتەوە لەپرسەیەکی راستەقینەدایە و لەو پرسەیەدا خەمبارە بۆ لەدەستدان، ئەو لەدەستدانە دەکاتە بنەمایەک بۆ بەدەستهێنانەوە. لەهەردوو حیکایەتەکەدا، فەزایەکیان بۆ دروستکراوە، فەزاکە گەر پەیوەندی بە عەقڵانییەتیشەوە نەبێت، پەیوەندی بەو هێڵە گشتییەوە هەیە، حیکایەت دەتوانێت نەتەوە کۆبکاتەوە و لەسەر هێڵە سۆزدارییەکە جۆشی بدات. لەنمونەیەکی دیکەدا، عەرەبەکان، ئەوانیش سەر بە حیکایەتی خۆیانن. ئایینەکان کە دێن، تەنها خۆیان حیکایەتی گەورە نیین، لەگەڵ خۆشیاندا حیکایەتی دیکە دروستدەکەن. حیکایەتی عەرەبەکان، وەک فارسەکان، بەستراوە بە ئایینەکەوە. هەردوو حەژنی (قوربان و رەمەزان) دوو لەو حیکایەتانەن، نەتەوە و پەیڕەوانی ئایینی عەرەب لەدەوری خۆیان کۆدەکاتەوە. هەڵبەتە ئەم دوو جەژنە وەک حیکایەت، پاشان دەبنە حیکایەتی زۆربەی ئەو میللەتانەی پەیڕەوی لەئایینی ئیسلام دەکەن. یەکێک لەسروشتی بەهێزی ئایین هێنانی حیکایەتە بۆ کۆکردنەوەی پەیڕەوکارانی.

جەژنی (قوربان و رەمەزان) دوو حیکایەتی ئایینین. لەو دوو ڕۆژەدا نەتەوە و پەیڕەوانی ئایینەکە، لەیەکتری نزیک دەبنەوە و سەرلەنوێ بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا دەچنەوە و هەوڵی بەیەکەوە گرێدانەوە دەدەن. گرێدانەوەی پەیوەندییەکان لەڕێگەی خوانی حیکایەتەوە، بەستنەوەی پەیمانی کۆمەڵایەتییە چ بۆ تاکەکان، چ بۆ نەتەوە.

ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە گەر لەڕێگەی کردەکانەوە درزی تێکەوتبێت، لە سەروەختی، یان لە ڕۆژی هاتنی حیکایەتەکەدا کارەکتەری ناو نەتەوە هەوڵدەدات ئەو ڕۆژە بکاتە دەرفەتێک بۆ نەهێشتنی ئەو درزە و سەرلەنوێ خۆ نوێکردنەوە لەگەڵ ئەویتردا و بەهێزکردنەوەی پەیوەندییەکان. بێگومان لەناو حیکایەتەکاندا ڕەهەندێکی سۆزدارانە هەیە، ڕەهەندێک نەتەوە و کارەکتەری ناو نەتەوە، لەڕێگەی دۆخێکی سۆزدارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەویتردا دەکات. حیکایەت دێت ئەو سۆزە دەجولێنێت و هەوڵی ئەوەدەدات کەسی ناو حیکایەت بەرگێکی نوێ لەبەربکات، جیاوازبێت لە بەرگی پێشوی. هەر ئەمەشە وەک خوانێک بۆ وزەبەخشینەوە بە نەتەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت.

(پیرەمێرد) لە چرکەساتێکی مۆدێرندا درک بەم حیکایەتانەی دەرەوەی نەتەوەکەی خۆی دەکات. دەزانێت ئەویتری(عەرەب، فارس) هتد. خاوەن حیکایەتی خۆیانن، ناشتوانێت حیکایەتی نوێ دروستبکات، بۆیە دەبێتە گەریدەیەک لەناو مێژوودا حیکایەتێکی مێژوو شێوێنراو زیندوو دەکاتەوە. نەورۆز لەلایەن نەتەوەکانی دیکەوە

مێژووەکەی بەجۆرێک شێواوە پێویستی بە سەرلەنوێ حیکایەتنووس هەیە، تا مانایەکی دیکەی پێببەخشێت. ئەو حیکایەتنووسەش خودی (پیرەمێرد)ە. ئەرکەکەی حیکایەت نووسەکە قورسە، بەڵام هونەری دەسکاریکردنی تەقسەکە، ڕووبەری کارکردنەکەی بۆ ئاساندەکات. حیکایەت زیندووکەرەوە، یان حیکایەتنووس دەزانێت فەزایەکی خەمبارانە ناتوانێت لەو قۆناغەدا ببێتە حیکایەتی گشتی، بۆیە تەقسێکی شادی بەخشانە دەکاتە بەری حیکایەت و لەڕێگەی ئەم تەقسە شادی بەخشەوە، کارەکتەرەکانی کۆمەڵگە دەهێنێتە دەرەوە و لەدەوری حیکایەت کۆیاندەکاتەوە، تا لەبەرامبەر هەموو ئەویدیکەی خاوەن حیکایەتدا، نەتەوە بکاتەوە بە خاوەن حیکایەتی تایبەت بەخۆی.

(تەقسی نەورۆزی پیرەمێرد تەقسێکی خۆشبەختانەیە. کارەکتەرەکان لەو ڕۆژەدا جلی کوردی لەبەردەکەن، خۆیان دەڕازێننەوە، بیر لەچونە دەرەوە دەکەن بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش. پاشان لەدەوری ئاگرێک کۆدەبنەوە و شیعر و گۆرانی بەرگریکارانە دەڵێن و شادی بەخشانە دەیکەنە ڕووبەرێک بۆ یەکتر ناسین و بەخشینی شادی بەیەکتری و کۆمەڵێک نمایشی کەلەپوری و نەریتی و سەرلەنوێ پەیوەندی بەستنەوە لەنێوان تاکەکانی نەتەوە دەست پێدەکات)* هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا هەمان دیمەن دووبارە دەبێتەوە، پاشان خۆشی وەک حیکایەت زیندووکەرەوە و نووسینەوە بە جۆرێکی دیکە، لەهەرێمی ئەدەب و زمان و هونەرەوە، کاری لەسەردەکات.

بێگومان حیکایەتنووس بەئاگایە لەوەی ئەو حیکایەتەی ئیشی لەسەردەکات، گەر نەچێتە ناو کلتوورەوە نابێتە حیکایەتی هەمیشەیی نەتەوە و لەشوێنێکدا دەوەستێت و کاڵدەبێتەوە. بۆئەوەی حیکایەتەکە کاڵنەبێتەوە، لەسێ گۆشە نیگاوە کاری لەسەردەکات و هەریەک لەو گۆشەنیگایانەش بەشێکن لەکلتوور و حیکایەت دەخەنە ناو کلتوور. لەگەڵ ئەوەی دەیخاتە ناو کلتوور و دەبێتە بەشێک لەنەریت، گوتارێکی نەتەوەی و سیاسیش دەبەستێت بە حیکایەتەکەوە. بۆئەوەی زیاتر لەسەر حیکایەتنووس و زیندووکردنەوە و مانادانێکی نوێ لەسەر حیکایەتەکە بوەستین، لەڕێگەی خوێندنەوەی دەقێکی خۆیەوە دەچینە ناو بەشێکی دیکە لەجەوهەری حیکایەتەکە. گەرچی دەقەکەی (پیرەمێرد) کۆمەڵێک خوێندنەوە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، لێ هێشتا سەرچاوەیەکە تالێیەوە لەکوێ ئەو ڕەهەندانە بروانین حیکایەتەکەمان بۆ ڕوندەکاتەوە کە چ جۆرێکە بۆ کۆکردنەوەی نەتەوە.

"ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە،
جەژنێکی کۆنی کوردە، بەخۆشی و بەهاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمەی پێ پەست بوو
تاکوپار، هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار"(٤)

ئاماژەکانی ناو دەقەکە روونن. جەژنەکە وەک حیکایەتێک دەکەوێتە سەرەتای ڕۆژێکی ساڵی نوێوە. جەژنێکی کۆنی کوردە و جارێکی دیکە بەخۆشی گەڕاوەتەوە. بەخۆشی گەڕانەوەکەی لەناو دەقەکەدا پێماندەڵێت، ئەم جەژنە دەمێکە لێمان سەنراوە و ونبووە، جارێکی دیکە بەخۆشییەوە گەڕێنرایەوە ناومان، هاتنەوەکەی دەنگێکە بۆ هاتنەوەی خۆشییەک بۆناومان. حیکایەتی ونکراو خەمگینە لە ونبوونی، بۆیە کاتی گەڕانەوەی وەک غەریبەیەک خۆشحاڵە دەگەڕێتەوە بۆ ناو ماڵە ڕاستەقینەکەی خۆی. حیکایەتە زنیدووکەرەوەکە خۆی دەکات بەزمانی حیکایەتەکە و لەو دوریی و غەریبییەی لە ماڵەکەی خۆیدا بینوویەتی، بە جۆرێک لەونبوون و خەمگینی دەزانێت، کاتێک کەسێک هاتووە ڕێگەی گەڕانەوەی ماڵەکەی خۆی پیشانداوە، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە هاتوەتەوە و هاوار بۆ خۆشییەک دەکات، کە ئەو خۆشییە ئاماژەیە بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوەی بۆ زادگەی ڕاستەقینەی خۆی. لەپاڵ ئەوەشدا چەندین ساڵ بە دیارنەبوونی فشار کەوتوەتە سەر نەتەوە و هیواکان و نائومێدییەکان زۆربوون و، خوێنی نەوەکانی نەتەوە شوێنی گوڵەکانی ئەویانگرتوەتەوە. لەم ئاماژەیەدا حیکایەت لەبەر ئەوەی سەر بە



ڕۆژێکی نوێیە، ڕۆژێک بۆ سەرەتایەکی نوێ، ئیدی کە دێت گوڵ لەگەڵ خۆی دەهێنێت و جەستەی نیشتمان پڕدەکاتەوە لە گوڵ. بەڵام لە غیابی ئەودا، لەبری گوڵەکان، خوێنی گەنجانی نەتەوە شوێنی گرتوەتەوە و بەهاتنەوەی ئەو ئیدی ئەو خوێنە دەگۆڕێت بۆ گوڵ.

حیکایەتنووس لەدەقەکەدا، گوتارێک رادەگەیەنێت لەپشت گوتارەکەوە ئایدۆلۆژیایەک دیارە، گوتاری دەقەکە جۆرێکە لەدروستکردنی ڕووبەرێکی پڕجۆش و هیوا، کە ئەو ڕووبەرە پڕجۆش و هیوایە، لەگەڵ هاتنەوەی حیکایەتەکەدا بۆناو میللەتەکەی خۆی دەست پێدەکات. ئەشێت ئەو تەقسەی بۆی دروستکردووە، هەمان ئەو دونیایەبێت کە لە دەقەکەدا وێنەی دەکات. نایەوێت هاتنەوەی حیکایەتەکە هاتنەوەیەکی خەمبارانە و پرسە ئاسابێت. وەک ئومێدێکی سەرەتایی ناو ئایدۆلۆژیا ناشەیەوێت ئیدی خوێن شوێنی گوڵاڵە سوورەکان بگرێتەوە، حیکایەت دەکاتە فریادرەسی نەتەوە و دروستکردنی جۆرێکی دیکە لە ژیان، کە ئەو جۆرە ژیانە شادی بەخشانە و خۆش هیوایانەیە. بەڵام ئەمە تەنها چەند ساتێکە و حیکایەت لەچەند ڕۆژێکدا خۆشی دەهێنێت و لەشوێنی خوێنی لاوەکان گوڵ دەچێنێت، دوای ئەوە ژیان دەچێتەوە ناو واقیعە سەختەکەی خۆی و هەرخودی ئەو حیکایەتەی خۆشی هێناوە لەبری بێ هیوایی، گوڵی هێناوە لەبری خوێن، دنەی لاوەکان دەدات بۆ بەرگریکردن و عەشقێک لەپێناو نەتەوەدا خوێنی خۆیان بڕژێنن. ئێمە ناتوانین نیگەرانبین لە حیکایەتنووس، بۆچی ئەم گوتارە پڕهیوایە بەرزدەکاتەوە و نەتەوە فریودەدات بۆ چەند ڕۆژێک دایدەبڕێت لەخوێن و گوڵی پیشاندەدات، پاشان بەگوتارێکی ئایدۆلۆژی دونیای جۆشدان دەستپێدەکات، چونکە ئەو قۆناغەی ئەوی تێداژیاوە قۆناغێک بووە نەتەوە لەناو فەزایەکی پڕترس و کوشتندا ژیاوە. فەزایەک هەمیشە ترسی سڕینەوە و کاڵبوونەوەی لەسەربووە. فەزایەک لەدونیایەکی مۆدێرندا کە جەنگەکان و دیوە زبرەکەی مۆدێرنە دێتە ڕۆژهەڵات و لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک شەڕی گەورە دروستدەکات. شەڕەکانیش شەڕی نەتەوەکانن بۆ سڕینەوەی یەکتر. لاوەکانی نەتەوە لەناو ئەم شەڕانەدا لەپێناو پاراستنی نیشتیمان و شوناسی خۆیان و نەتەوەدا لەبەرگریدابوون و بەردەوام بەرەو ماشێنە گەورەکەی مەرگی مۆدێرنە براون. حیکایەت زیندووکەرەوە، یان حیکایەتنووسی نوێ، لەبەرامبەر ئەو دونیا ترسناکەی مۆدێرنەدا حیکایەتێک دەهێنێت، سەرەتا دیوێکی دیکە ژیان بە نەتەوە پیشاندەدات کە پەیوەندی بە مەرگ و کوشتنەوە نییە، پەیوەندە بۆ خۆشی و هیواوە هەیە.

خۆشییەک ئەکرێت هەموو تاکێکی نەتەوە بەژداربێت تێیدا و بیکاتە شوێنی بەرگریکردن لە نەتەوە. بەڵام لەهەمان کاتدا، بە گوتارێکی ئایدۆلۆژیایەوە جەژنەکە دەکاتە ڕووبەرێک بۆ جۆشدانی نەوەکانی نەتەوە، تا لەرێگەی بەرگرییەوە بەرەو مەرگ هەنگاو بنێن!

دەقی بناغەی نوێبوونەوەی حیکایەتەکە، بە دیوێکدا حیکایەت دەکاتە فەزایەک بۆ شادی بەخشین و بە دیوکێکی دیکەدا دەیکاتە ڕووبەرێک بۆ جەنگێکی نوێ لەگەڵ ئەویتری نەتەوەکانی دیکەدا. ئەکرێت لێرەدا بۆ دەقەکە بڵێین: حیکایەت وێستگەیەکە بۆ پشوێکی کاتی نەتەوە، تا لاوەکانی لەم پشوەدا هەندێک خۆشی ببینن و خۆیان تەیار بکەن و، پاشان سەرلەنوێ بگەڕێنەوە ناو دۆخی بەرگرییەوە. سەرەتا لەو دونیا جوان و خۆشییەوە دەستپێدەکات، حیکایەتەکە لەگەڵ هاتنی خۆیدا دەهێنێت، پاش خۆشییەکان و پیشاندانی دیوێکی دیکەی ژیان، ئیدی حیکایەتەکە دەبێتە ئەو پانتاییەی لاوەکان هوشیاربکاتەوە بەنەتەوە و هەوڵدان و بەرگریکردن، هەریەک لەم کردانەش کردە گەلێکن پێویستیان بەخوێن هەیە. پێویستیان بەوەیە لە پێناو مانەوەی نەتەوە و شوناسەکەیدا لاوەکان بکەونە بەرگرییەوە و نەهێڵێن کۆتایی بە خەونەکانی نەتەوەبێت. بێگومان فراوانکردنی ڕووبەری حیکایەتەکە بۆ گوتاری سیاسیی و نەتەوەیی، ئیشی حیکایەت نووسەکەیە. بۆیە بە پێی مێژووەکەی باس لەوەدەکرێت: "جگە لەوەی بەردەوام  بە هەڵبەست و چیرۆک، بە ڕۆژنامە و گۆڤار، بە قسەی ناو قەلەندەرخانە و ناو کۆڕی قوتابیانی زانستی، بەهەموو توانای خۆیەوە هەوڵی دەدا هەموو ساڵێک لەکاتی خۆیدا برەوی پێبدرێت و جەژنەکە بکرێت."(٥) هەوڵی حیکایەت زیندووکەرەوە، بەردەوامە، بۆ ئەوەی نەتەوە لەناو بۆشاییەکدا نەبێت و ناچار نەبێت خۆی ببەستێتەوە بە حیکایەتی ئەویترەوە، دەیەوێت ساتی گەڕانەوەی جەژنەکە، بکات بە ساتێک هەموومان لەناویدا بۆ مانایەک لە شوناس و بوونێکی نوێ بگەڕێن بۆ نەتەوەکەیان. لەهەموو گۆشە نیگاکانەوە کاری بۆ کردووە و لەگەڵ کارکردنەکەشی حیکایەتەکەی خاڵی ناکاتەوە لەجەژنێکی پەتی شادی بەخش، گوتارێکی سیاسیی بارگاوی بە ئایدۆلۆژیا دەکاتە دەستپێکێکی نوێ بۆ نەتەوە.

"نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە،
لاوان بە عەشق ئەچوون بەرەو پیری مەرگەوە
تا ئێستا روینەداوە لە تاریخی میللەتا، قەلغانی گولە
سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا

پێی ناوێت بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین،
نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین."(٦)

ڕووبەرەکە گوتاری بەرگری تێدەکەوێت. گەرچی حیکایەت لەیەکەم ساتی دەرکەوتنییەوە دەیەوێت بە سیمایەکی شادیانەوە بێتە ناوەوە و، ببێتە ڕۆژێک کارەکتەری کۆمەڵایەتی خۆی برازێنێتەوە و بە جۆش و خرۆشێکی تایبەتەوە بەرەو پیری ڕۆژەکە بچێت و لەناو تەقسەکەدا، ئاگرەکەی بکاتە ڕوناکییەک بۆ پیشاندانی خۆی لەبەردەم نەتەوەی دیکەدا. لەهەمان کاتیشدا لەگوتاری حیکایەتەکەدا بەرگری و ڕووبەڕوو بوونەوە ئامادەیەکی گەورەی هەیە، ڕۆژەکە بەجۆرێک دەستدەبات بۆ ناوەوەی کارەکتەری نەتەوە، تا گەرمیانبکات شەیدایانە بەرەو پیری مەرگەوە بچین. ئەم دۆخە ئایدۆلۆژییەی دەقی حیکایەتنووس لەرێگەی زمانی ئەدەب و شیعرەوە پیشانماندەدات، دروستکردنی فەزایەکی ئایدۆلۆژییە. فەزایەک لەڕۆژی دوایخۆشی بەخشینەی حیکایەتەکەوە دەست پێدەکات و هەموو سوبێکتێکی بەژداربوو لەم کەرنەڤالە دۆشدەدرێت تا لەپێناو مانەوەی نەتەوەدا بە ئەویندارییەوە بەرەو پیری مەرگ بچێت. دنەدانی کارەکتەری سەرخوانی حیکایەت، دنەدانێک بەرەو ئایدۆلۆژیاییەک. ئایدۆلۆژیاکە کاتێک مانا بە سوبێکت دەدات کە لەپێناو نەتەوەدا ئەویندارببێت. ئەویندارییەک مەرگی بکاتە چرکەساتێک نەتەوە هەست بە زیندویەتی خۆی بکات. گوتارە ئایدۆلۆژییەکە هەمان ئەو گوتارەیە لەسەردەمی هاتنی مۆدێرنەدا بۆ خۆرهەڵات، نەتەوە و ئایدۆلۆژیاکان ئازادی و مانادان بە ژیانی تاکەکەسی لەناویدا دەسڕێتەوە و ئازادی و مانای ژیان دەبەستێتەوە بە ئازادی و ماناکانی نەتەوەوە. دەقەکەش بەهەمان شێوە لەرێگەی گوتاری ئایدۆلۆژییەوە، ئاڵوگۆرێک بەسەر حیکایەتەکەدا دەهێنێت و دەیکاتە سەنگەری بەرگری و لەو پێناوەشدا لاوان ئامادە دەکات بۆ جەنگێکی نوێ، جەنگێک کە نەتەوەکانی دیکە دەیانەوێت بمانسڕنەوە و تەنها عەشقی لاوان بۆ مەرگ لەم سڕینەوەیە ڕزگارمان دەکات. سەرسامی حیکایەتنووس بۆ هاتنە پێشەوەی کچان، سەرسامییەکی ڕەواڵەتییە. سەرسامییەکە پێی وایە حیکایەتەکە جیاوازی جێندەری نەهێشتووە و لەتەنیشت کوڕە لاوەکانەوە، کچانی لاویش هاتوونەتە پێش و هەمان ئەرکی بەرگریان هەیە. دەکرێت هاتنە دەرەوەی کچان و ژنان بۆناو کەرنەڤاڵە خۆشییەکەی نەورۆز، ئەو وێنایەی لای حیکایەتنووس دروستکردبێت، ئەم هاتنە دەرەوەیە و ئەم بەژداریکردنە دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لەبەرگری. ئیشی حیکایەت لای ئەو تەنها خۆشییەک نییە و تەنها بەژداریکردنێک نییە لەو ساتە نمایشییە، لەپشت کەرنەڤاڵەکەوە ئایدۆلۆژیایەک ئامادەیی هەیە، ئایدۆلۆژیاکە لەپێناو نەتەوە سیمای دەرەوەی حیکایەت بەخۆشی پیشاندەدات، ئەمما سیمای ناوەوەی کە جەوهەرەکەیەتی، دروستکردنی فەزایەکی ئایدۆلۆژییە بۆ ئامادەسازی لاوەکان تابچنە ناو کارخانە گەورەکەی مەرگەوە و تاقە ڕێگای رزگاری نەتەوە، مەرگی ئەوانە.

هەرچۆن جەژنەکە وەک حیکایەتێک خۆشحاڵە گەڕاوەتەوە بۆناو نەتەوەکەی خۆی، بەهەمان شێوەش بە گەڕانەوەکەی گوتارێکی نوێشی هێناو و گوتارە نوێیەکەی لەکەرنەڤاڵبوونەوە دەیکات بە وێستگەیەک بۆ هەوڵدان لەپێناو مانەوە. ئەوەی (پیرەمێرد) لەم دەقەدا دەیکاتە گوتاری حیکایەت کەمێک جیاوازی هەیە لەگەڵ گوتاری ئایدۆلۆژی نەتەوەکانی دیکە، چونکە لەم دەقەدا نەتەوە ئیشی ئەوەنییە هەوڵی سڕینەوەی ئەوانی تربدات، بەڵکو دۆخی نەتەوە لەئاستێکدایە تەنها دەتوانێت بەرگری لەمانەوەی خۆی بکات. دنەدانی لاوەکان بۆ عاشقبوون بە مەرگ، دنەدانێک نییە تابچنە سەر ئەویدی و بیسڕنەوە، بەڵکو دنەدانێکە تا لەشوێنی خۆیانەوە بەرگری لەبوونی نەتەوە بکەن. لەهیچ شوێنێکی دەقەکەدا، باس لەئازادی تاک و سەربەخۆی و مافی تاک ناکرێت، بەهەمان مۆدێلی ئایدۆلۆژی کۆی ئازادی و مافەکانی تاک فەرامۆش

دەکات و دەیانبەستێتەوە بە ئازادی و مافەکانی نەتەوەوە. ئەو ئەرکەی ئایدۆلۆژیا دەیخاتە سەر تاک بۆ نەتەوە، هەمان ئەو ئەرکەیە لەدەقەکەدا دەخرێتە سەر تاک بۆ نەتەوە. تەنها جیاوازییەک لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای نەتەوەکانی دیکە ئەوەیە، لەگوتاری حیکایەتنووسەکەدا بەرگریکردن لەبری سڕینەوەی ئەویدی دەبێتە بنەوانی گوتارەکە. جیاواز لەنەتەوەکانی دیکە بۆ مانەوەی خۆیان هەوڵی سڕینەوەی نەتەوەی دیکە دەدەن و ئەو سڕینەوەی نەتەوەی دیکە، دەبێتە وزەیەک بۆ بەردەوامی خۆیان. بەڵام لەم دەقەدا بەرگریکردن دەبێتە مانادان بە نەتەوە نەک سڕینەوەی ئەویدی دەرەوەی خۆی. لەنیگایەکی دیکەیدا، نایەوێت تەقسە شادی بەخشەکە بشێوێت و بکرێتە تەقسێکی پرسە ئاسا. بۆیە بانگەشەی ئەوەدەکات بۆ شەهید شیوەن پێویست نییە، چونکە ئەوان لە شوێنێکدا دەمێننەوە ئەو شوێنە دڵی نەتەوەیە. گەرەکییەتی حیکایەت لەناو تەقسی خۆی بەردەوام بێت، لەهەمانکاتیشدا هەڵگری ئایدیاییەکی نەتەوەیی بێت و لاوەکانی بە کوڕ و کچەوە، لە پێناو بەردەوامیدان بە بوونی نەتەوە تێبکۆشن. مەرگی ئەوانیش لەم پێناوەدا، مەرگێک

نییە بیانسڕێتەوە و کۆتاییان بێت، بەپێچەوانەوە مەرگێکە دەیانخاتە شوێنێکی گرنگ، شوێنێک دڵی نەتەوەیە و لەوێدا بە زیندویەتی دەمێننەوە. ئەمە هەمان ئەو ماشێنە ئایدۆلۆژییەیە، لەڕێگەی دەسکاریکردنی دۆخە سۆزدارییەکەی تاکەوە، زەمینەیەک دروستدەکات، تا کارەکتەرەکانی ناو فەزای حیکایەت و ئایدۆلۆژیاکە ئامادەسازی بکەن بۆ مەرگێک، کە ئەو مەرگە شوناسی نەتەوە بەهێز دەکات.

ئیشی حیکایەت زیندوکەرەوەکە ڕەهەندی زۆری هەیە. پاش هێنانەوەی حیکایەت بۆ ناو ڕووبەری خۆی، نەتەوە لەدەوری کۆدەکاتەوە. کاتێک نەتەوە لەدەوری کۆدەبێتەوە و ئیدی دەرک بەوەدەکات لەبەرامبەر نەتەوەکانی دیکەدا بووەتە خاوەن حیکایەتی گەورە، لەناو دونیای حیکایەتەکەدا گوتارێک بەرهەمدەهێنێت. گوتارەکەی سەر بە دونیا ئایدۆلۆژیاکەیە، ئەو دونیاییە تا ئەم چرکەساتەی ئێمەش کاریگەری هەیە و بەردەوام لەهەوڵی دروستکردنی جۆرێک لەسوبێکتدایە، ئەو سوبێکتە لەناو فەزایەکی هوشیاری ساختەدا، بۆ وەهمی گەورە هەوڵبدات. وەهمێک کە ساختەیی لێببێتە حەقیقەت و شێواوی لێببێتە ڕونییەکی پەتی. گەرچی لەماهیەتی گوتارەکەیدا ئایدۆلۆژیاک بانگەشی بۆ فۆرمێکی نوێ لەمرۆڤ و نەتەوە دەکات، بەڵام (پیرەمێرد) بە هەوڵەکانی خۆی جارێکی دیکە حیکایەتەکەی دروستکردەوە و نەتەوەشی لەدەوری کۆکردەوە، ئەو دیوەی پەیوەندی بە گوتاری ئایدۆلۆژییەوە هەیە، دیوێکە دەکرێت (وەک بیانوێک بۆ ئەو قۆناغە) بوترێت: ئەشێت ئەو ئایدۆلۆژیاییەی بەزمانی شیعر دێتەدەرەوە لەو سەردەمەدا بۆ نەتەوە وزەیەکی گەورەبوو بێت تا بەرگری لەناو خۆیدا دروستبکات. ئەگەرچی ئێستا حیکایەتەکە لەهەندێک شوێندا تەنها بەشێکە لەو تەقسە خۆشییەی لەسەرەتادا حیکایەتنووس بۆی دروستدەکات، بەڵام لەڕووی گوتاری ئایدۆلۆژییەوە لەشوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازی هەیە. وەک سەرنجێک ( نەورۆزی باشووری کوردستان لەگەڵ نەورۆزی باکوری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جیاوازی زۆر گەورەی تێدایە. باشووری کوردستان لەبەر ئەوەی بوەتە هەرێمێک تارادەیەک لەڕووی سیاسیی و شوناس و ئابوورییەوە، کەمێک سەربەخۆی هەیە، تەقسەکە لەناو چوارچێوەیەکی شادیدا ماوەتەوە و ڕۆژێکە بۆ نمایشکردنی کەلەپور و شوناس و فۆرمی نوێی ژیان. بەڵام لە پارچەکانی دیکە، گوتارە ئایدۆلۆژییەکەی بەهێزتربووە و جارێکی دیکە مانای نوێی بۆ خۆی هەڵگرتووە. ئەو ڕۆژە بۆ کارەکتەری پارچەکانی دیکە، تەنها ڕۆژێک نییە بۆ پیشاندانی فۆرمێک لەخۆشی و نمایشێکی تاکی ناو نەتەوە، بەڵکو ڕۆژێکە بۆ بەرزکردنەی گوتاری ئازادی بۆ نەتەوە و ماف بۆ شوناس و سەربەخۆی لەچوارچێوەی سیاسیی و فەرهەنگیدا. هەرچۆنێک بێت هێشتا بۆ پارچەکانی دیکە، لەژێر سێبەری هەمان گوتاری ئایدۆلۆژی ناو دەقەکەی پیرەمێردا حیکایەتەکە دەگوزەرێت و شێوازێکی دیکەی جیاوازی دروستنەکردووە.

بەهەموو خوێندنەوە جیاوازەکانەوە لەسەر گوتاری دەقەکە (پیرەمێرد) وەک حیکایەت زیندووکەرەوەیەک، یان حیکایەت نووسێکی نوێ، حیکایەتێکی هێنایەوە بۆناو نەتەوە. لەهەرچرکەساتێکیش بمانەوێت قسە لەسەر نەورۆز بکەین، دەچینەوە سەر کردەکان و دیدگاکانی ئەم حیکایەتنووسە. لەوەش تێدەگەین حیکایەتەکە مێژوویێکی کۆنی هەیە و سەر بە نەتەوەیەک نییە، بەڵام ئەو دیوەشی دەبینن کە کێ جارێکی دیکە زیندویکردەوە و مانایەکی دیکەی پێدا. لەئێستادا نەورۆز یەکێکە لەحیکایەتە گەورەکانی نەتەوە و لەڕێگەی شاعیرێکەوە کرایە خوانێک بۆ کۆکردنەوەی کۆی نەتەوە لە دەورووبەری.

حیکایەتی(ئەنفال) سەر بە دونیای مۆدێرنەیە. حیکایەتێکە بەبێ بوونی مۆدێرنە هەرگیز ئیمکانی ڕوودانی نییە. کردەکە کردەیەکی ئایدۆلۆژی (بەعس)ە. کردەیەکە ئایدۆلۆژیایەک بە کەرەستە مۆدێرنەکان دژی نەتەوەیەک ئەنجامی دەدات. ئەم کردەیە بۆ سڕینەوە و کۆتایی هاتنە. جینۆسایدێکە بە پشتبەستن بە نەخشەیەکی عەقڵانی ئەنجامدەدرێت. کردەیەک نییە لەغیابی عەقڵدا ئەنجامدرابێت، بەڵکو کردەیەکی وردە لەڕێگای عەقڵەوە نەخشەی بۆ کێشراوە، عەقڵێکی ئامێری سەر بەدونیای مۆدێرنە. ئەوەی نەخشەکە جێبەجێدەکات ئایدۆلۆژیا و هێزێکە تەواوی کەرەستە مۆدێرنەکانی سەردەمی مۆدێرنەی بەدەستەوەن. بەڵام پاش ئەنجامدانی کردەکە، زمانێکی پێویستە بۆ نووسینەوەی، زمانێکی پێویستە بتوانێت بچێتە قوڵایی ئەو مەرگەساتەوە و لەناو خەیاڵ و یادەوەری کارەکتەری کورددا وێنەی بکێشێت. زمانێک مەرگەکە وێنابکات و هەمان دونیا لەڕێگەی زمانەوە بگوازێتەوە بۆناو دەق، لەڕێگەی دەقیشەوە هەوڵی بەردەوام بیرکردنەوە لەحیکایەت بدات. زمانی نووسینەوە نەک زمانی حیکایەت گێرەوە. حیکایەت گێڕەوە و حیکایەتنووس، دوو جیهانی جیاوازن و سەر بە دوو زەمەنی جیاوازن. ئەوەی لێرەدا شوێنی بیرکردنەوەیە، حیکایەت نووسە، کە بەزمانێک

حیکایەت دەنووسێتەوە لەناو حیکایەتەکەدا بیر لەمەرگ و ژیانی نوێ بکرێتەوە. " مەرگ چارەسەری هەموو شتێکە کە حیکایەتخوان دەتوانێت بیگێڕێتەوە، ئەو دەسەڵاتی خۆی لەمەرگەوە هێناوە. (٧) ئەمە بۆ حیکایەت خوانێک کە لەڕێگەی دەنگەوە حیکایەت دەگێڕێتەوە. دەنگێک کە ئەویتری بەژداربوو دەتوانێت تەماهی لەگەڵ حیکایەتخواندا بکات و ببێتە بەشێک لەگفتوگۆی ناو حیکایەتەکە. ئیشی حیکایەتخوان لەڕابردوودا تەنها گێڕانەوەی حیکایەتێک نییە تامەرگ دەسەڵاتی خۆی لەناو حیکایەتدا دەربخات، ئیشی تەنها ئامۆژگاریکردن و ڕێنیشاندان نییە، بەڵکو ڕوودانی مەرگ ئەو دەسەڵاتە گەورەیەیە حیکایەتخوان لەڕێگایەوە دەبێتە پاڵەوانی ناو ژیان. هەموو مەرگێکی ناو حیکایەتی حیکایەتخوانی کۆن، ژیانێکی نوێیە بۆ حیکایەت خوێن. بەڵام جیاوازی لەحیکایەتخوان و حیکایەتنووسدا لەوێدایە، حیکایەتنووس سەر بەدونیای مۆدێرنەیە، لەکاتێکدا بە دیدی(بینامین) مۆدێرنە توانای حیکایەتخوانی لەناو بردووە. دونیای مۆدێرن دونیای فرە زانیارییە، دونیان چاپەمەنییەکانە، دونیای شاشەکان و دونیای بچووککردنەوەی وەهمە گەورەکان و زوو بەتاڵکردنەوەی خەیاڵە دوورەکانە. ئیدی حیکایەتخوان لەڕێگەی حیکمەتی ناو حیکایەتەکەیەوە ناتوانێت وەک سەردەمی پێش مۆدێرنە ببێتەوە بەحەکیم و حیکمەتی ناو حیکایەتەکانی بکاتە دەلاقەیەک بۆ گوێگران تا لەڕێگەی حیکایەتەوە حیکمەتێک بگەیەنێتە ئەویدی. حیکایەتنووس خۆی دەچێتە ناو حیکایەتەوە و لەڕێگەی زمان و بیرکردنەوە لەڕووبەری حیکایەت جەوهەری حەقیقەتی ژیان پیشاندەدات.

حیکایەتنووسی سەر بە دونیای مۆدێرنە، لەدەقی (گۆڕستانی چراکان) شێرکۆ بێکەس لەگێڕانەوەی ژیانێکی سەختەوە دەستپێدەکات. حیکایەتنووس خۆی دەچێتە ناو حیکایەت، نەک حیکایەت بهێنێتە ناو نەتەوە. حیکایەت لەشوێنێکی نادیاردایە و ڕوویداوە، شوێنێک کە شادراوەتەوە و بەشێکە لەپارچەی لێکراوەی نەتەوە. حیکایەتنووس لەگەڵ خۆیدا نەتەوە دەباتە ناو حیکایەت و لەناو حیکایەتەکەدا وێنەی نوێی نەتەوە پیشانی نەتەوە دەداتەوە. حیکایەتەکە لەدەرگای یەکەمییەوە دەبێتە جەستەی نیشتیمان. هەموو شوێنەکانی نیشتمان لەدەستپێکەوە ناویاندێت و ئاگاداردەکرێنەوە. شوێنێکی نیشتیمان نامێنێت لەگێڕانەوەکەدا ئاگادارنەکرێتەوە کە حیکایەتنووس سەرقاڵی سەفەرێکە. سەفەرێک بۆ ناو مەرگێکی دەستەجەمعی، سەفەرێک کە هیچ دیارنییە حیکایەتنووس خۆشی دەگەڕێتەوە، یان ناگەڕێتەوە و لەهەمان کاتیشدا دەیەوێت خۆشی و نەتەوە بچنە ناوی. ئاگادارکردنەوەی شوێنەکانی نیشتمان لەسەرەتای گێڕانەوەکەدا، جۆرێکە لەدروستکردنی شاهید، شاهیدێک کە بزانێت موسافیرێک دەیەوێت بچێتە شوێنێکی نادیار، شوێنێک ئەشێت لەناو هەمان ئەستێرەبێت و ئەشێت لەژێر لمی بیابانەکانی ئەو خوارەوە بێت. ئەم ئاگادارکردنەوە لەدەسپێکی دەقەکەدا، هەمان ئەو ئاگادارکردنەوەیە حیکایەتنووس بەئاگاییەوە دەیەوێت جەستەی نیشتیمان ببێتە جەستەی حیکایەتەکەی. ئاماژەیەکیشە بۆ نووسیینەوە مەرگێک کە ئەو مەرگە، بە مەرگی حیکایەتخوان کۆتایی نایەت، بەڵکو بە خۆناسینی کۆتایی دێت. دەسەڵاتی حیکایەتنووس لەم دەقەدا دەسەڵاتێک نییە لەمەرگەوە هاتبێت، بەڵکو



دەسەڵاتێکە بە گێڕانەوەی مەرگی پارچەکانی ناو جەستەی خۆی، وێنایەک بۆ خۆبینینێکی نوێ دەکات لەسەردەمی نوێدا. جیاوازی لەنێوان حیکایەت خوان و حیکایەتنووس لەم دەقــەدا، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر دەسەڵاتی حیکایەتخوانی ڕابردوو لەمەرگەوە وەربگیرێت، دەسەڵاتی حیکایەتنووسی نوێ لەژیانەوە وەردەگیرێت. نووسینەوەی مەرگێکی دەستەجەمعی کە ڕوویداوە، وزەبەخشیینە بە ژیانی ئەوانەی حیکایەتی ئەو مەرگە دەخوێننەوە. دەقەکە لەبری ئەوەی ناچارمان بکات گوێبگرین، ناچارمان دەکات بیربکەینەوە. لەبری ئەوەی تەنها مەرگ ببینین کە چۆن ڕوویداوە، ژیاندەبینین کەچۆن پاش مەرگێکی گەورە دەستپێدەکاتەوە. ڤیگەرەکانی ناو دەقەکە و هەموو ئەو بکوژ و جەلادانەی دەبنە کارەکتەری سەرەکی ناو

حیکایەتەکە، بریتین لەو کۆمەڵە مەخلوقە ئایدۆلۆژییەی هاتنیان بۆ ناو ژیان، هاتنێکە بۆ برەودان بە مەرگی ئەوانی دی. ئەگەر لەڕابردوودا پاڵەوانی حیکایەتەکان بریتیبن لەو کارەکتەرانەی لەپێناو ژیانی ئەوانی دیدا جەنگاون، کارەکتەر و پاڵەوانەکانی ناو ئەم حیکایەتە نوێیە، بریتین لەوانەی لە پێناو کوشتنی ئەوانی دیدا دەژین. ناشیەوێت تەنها خۆی بنووس و بینەری ناو ئەم مەرگە گەورەیە بێت، لەگەڵ خۆیدا نیشتمان و نەتەوەش دەباتە ناو ڕووبەرەکەوە، بۆئەوەی هەموو فەزا گشتییەکەی ناو حیکایەتەکە ببێتە وێنەیەک نەتەوە و نیشتیمان بە باشی بیبینێت و بیناسێت و، لەناو ڕووبەرەکەدا بۆ ئایدیایەک بگەڕێت ژیانی تێدابێت، تا حیکایەتی مەرگەکە بکرێتە دەلاقەیەک بۆ ڕوانینێکی دیکە.

دیمەنەکان ناو حیکایەتەکە، بەشێکی زۆریان دیمەنی ترسناکن. دیمەنگەلێکن لەهەموو چرکەساتێکدا بەر مەرگێکی جیاوازی مۆدێرن دەکەوین. مەرگی منداڵێک، کیژۆڵەیەک، ژنێک.. هەزاران جۆر لە مەرگ. مەرگی نوێ بە کەرەستەی نوێ، مەرگێک تەنها دونیای مۆدێرنە دەتوانێت لەو جۆرە لەمەرگ بەرهەم بهێنێت. هیچ کام لەوانەی بەرەو گۆڕستانەکان دەڕۆن، توانای بەرگریان نییە، توانان نییە بۆ ساتێکیش خەیاڵی ژیان بکەن، هەموو قوربانییەکان، ئەو قوربانییە پاک و بێگەرد و سادە و بێدەسەڵاتانە لەبەردەم جەلادەکاندا ئامادەن بۆ هەرجۆرە مەرگێک کە جەلاد دەیەوێت. حیکایەتنووس نایەت لەڕێگەی گوتارێکی ئایدۆلۆژییەوە کەسی قوربانی بکاتە پاڵەوانێک بۆ بەرگری، بەهەمان شێوەش وێنەی جەلاد ناگۆڕێت بۆ مرۆڤێک، کە ساتێک هەست بە مرۆڤ بوونی خۆی بکات. جەلاد و قوربانی، دوو فیگەری دیاری ناو حیکایەتەکەن، هەردوو فیگەرەکە لەشوێنی خۆیاندان و جەلاد دەبێت جەلادبێت و قوربانیش قوربانی بێت. بەڵام هەموو گێڕانەوەکە لای حیکایەتنووس، گێڕانەوەیەک نییە تەنها بۆ خودی حیکایەتنووسبێت، گێڕانەوەیەکە بۆ هەموو شوێنێکی نیشتمان و سوبێکتێکی ناو نیشتمان. چونکە پێش سەفەرکردنی بۆناو ئەو مەرگە گەورەیە و بۆناو حیکایەتەکە، چەندین سوبێکت و شوێن ئاگاداردەکات کە دەیەوێت بچێتە ناو حیکایەتێک و بینووسێتەوە، دەبێت هەموو نەتەوە ئاگاداربێت لەم حیکاتە گەورەیە. هەرچۆن لەقۆناغی پێشودا حیکایەتخوان پێویستی بەوەبووە لەناو مەجلیسێک دانیشێت و گوێگری هەبێت تادەستبکات بەگێڕانەوەی حیکایەتەکەی، بەهەمان تەکنیکی حیکایەتخوانی کۆن، حیکایەتنووسەکە دونیایەک شوێن و کەس لە ناو دەقەکەدا لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، تا ببنە گوێگری و گوێ لەو حیکایەتە بگرن کە بۆیان دەینووسێتەوە.

"ئەڕۆم و
سەفەرێکی تازەم لەبەرە
سەفەرێک بە پێی پەتی خەمان
سەفەرێک بەسواری تراویلکە و سەفەرێک بەسواری هەواڵی ناوەخت و
سەفەرێک بە سواری دووکەڵی پاشکۆ و خورجینی پڕکردووە لە چاوی کوژراوی باران.(٨)

لێرەوە دەستپێدەکرێت. سەفەرێک تازەیە بۆ دونیایەکی مەرگەساتاوی. سەفەرێکە حیکایەتنووس بە ئاگایە بۆ کوێ دەڕوات، بەڵام بە ئاگانییە لە گەڕانەوەی. پێخاوسییەکەی ئاماژەیەکە بۆ بیابانێک، بۆ شوێنێک مەرگی تێدایە و ئەوانەی مەرگە دەستەجەمعییەکە دروستدەکەن، سەر بەکلتووری بێ پێلاون. هەرکە هەڵدەستێت بیر لەسەفەرەکە دەکاتەوە یەکەم شتێک لەخۆی دوریدەخاتەوە (پێڵاو) ەکانییەتی. دەرخستنی پێڵاوەکانی بە پێی پەتی، هەمان ئەو وێنەیەیە ئەویدیکەی جەلاد کە دێت بۆ دروستکردنی مەرگەکە، بەپێی پەتی دێت. حیکایەتخوان بۆ ئەوەی بتوانێت بچێتە ناو قوڵایی حیکایەتی مەرگەکەوە، دەبێت ڕەواڵەتی خۆی لەسەر کلتووری ئەویدی جەلاد بکێشێت. چونکە گەر بە پێی پەتی نەچێت لەوانەیە هەمان چارەنووسی قوربانییەکانی هەبێت. پێی پەتییەکەی کلتوورێک نیشانی حیکایەتخوێنەکان دەدات، ئەوەی هاتووە بۆ دروستکردنی حیکایەتی مەرگ و ئەنفالی دروستکردووە، ئەوانەن بە پێی پەتی هاتوون. حیکایەتنووسیش تابتوانێت لەناو ئەو مەرگەدا بمێنێتەوە و بینووسێتەوە، پێویستی بەوەیە فۆڕمی خۆی وەک ئەوان لێبکات و دەرکی پێنەکەن لەئەوان نییە و هەموو نەتەوەش لەسەر ئەم کلتووره ڕادێنێت، تا لەسەفەرەکەیدا بەژداربن و بزانن حیکایەتنووس بەبێ گۆڕینی فۆڕمی خۆی، ناتوانێت خۆی بخاتە ناو ئەو واقیعەوە کە حیکایەتەکە تێیدا ڕوویداوە. پێش دەستپێکی سەفەرەکەی، ڕوونیدەکاتەوە سەر بە کوێیە و لە کوێوە دەچێت بۆ کوێ. ڕوونیشی دەکاتەوە بەرەو چ دونیایەک دەچێت، بۆیە بۆ حیکایەتخوێنەکان بەدگومانییەک دروستنابێت، گەر حیکایەتنووس فۆڕمی خۆی بگۆڕێت. گۆڕینی فۆڕمی خۆی بەم شێوازە تەکنیکییە، دیسان دەمانباتەوە سەر دونیای حیکایەتخوێنی ڕابردوو، کە لەزۆر شوێندا بۆ ئەوەی باشتر وێنەی حیکایەت بخەنە ناو یادەوەری گوێگرەوە، فۆڕمی خۆیان گۆڕیوە و لەگەڵ گۆڕینی فۆڕمی خۆیاندا ئەو

## (پیرەمێرد) ئەکرێت بە سەرلەنوێ نووسینەوەی حیکایەت و زیندووکردنەوەی حیکایەتی نەتەوە ناوی بهێنین

وێنانەیان پیشانی گوێگرداوە، کە خۆیان لەناو حیکایەتەکەدان و بەشێکن لەحیکایەتەکە. بەهەمان شێوە حیکایەتنووسەکەی مەرگی دەستەجەمعی، لەگۆڕینی فۆرمییەوە دەستپێدەکات و دەیەوێت وێنەیەک دروستبکات، پاش نووسینەوەی حیکایەتەکەی، حیکایەتخوێن هەستبکات خۆی لەناو حیکایەتەکەدایە.

"من بەشوێن ئێسک و پروسک و کاسەسەرم و
من بەشوێن خۆمدا ئەگەڕێم
ئەمجارە زۆر دورناڕۆم
بەڵام قوڵ قوڵ
بەرەو جیهانی بنەوە دائەگەڕێم"(٩)

ئەوەی بۆی دەگەڕێت تەنها مەرگی ئەوانی دی نییە، بەشێکە لەبوونی خۆی و بوونی خۆشی پەیوەستە بەبوونی نەتەوەوە. بەشوێن ئەو کاسەسەرەدا دەگەڕێت، ئەشێت هەمان کاسەسەری حیکایەت نووسبێت. بەشوێن خۆیدا دەگەڕێت، خۆێک بەشێکی لەناو جیهانی شاراوەدایە و بەشێکیشی لەئێستای گێرانەوەدایە. گەڕانێک بۆ دۆزینەوەی مەرگی ئەنفالکراوەکان، گەڕانە بۆ دۆزینەوەی خود. دۆزینەوەی ئەوان لەناو بیابانەکان و لەناو قوڵایی جیهاندا، دۆزینەوەی ئەو خودەیە لەئێستای نووسینەوەی حیکایەتەکەدا زمانی دێتەگۆ. حیکایەتنووس، ناسین و دۆزینەوەی ئەنفالکراوەکان دەبەستێتەوە بەناسین و دۆزینەوەی خودەوە، ئەو ناسین و دۆزینەوەی خودەش دەریدەخات ناسین و دۆزینەوەی نەتەوەیە. گەڕان بۆ ئەوان گەڕانە بۆ خود. ئەم ڕۆیشتنە بۆناو حیکایەتەکە، ڕۆیشتنی سوبێکتەکانی نیشتیمانە بۆناو ڕووبەرێک دەتوانن لەو ڕووبەرەدا خۆیان بدۆزینەوە و دەرک بە بوونی خۆیان بکەن. ئەنفال دەکرێت بکرێتە دونیایەک تا خۆمانی لێوە بناسین و لەڕێگای قسەکردن لەسەرییەوە، سوبێکتێکی هوشیاری بەئاگا دروستبێت. سوبێکتێک مەرگی دەستەجەمعی بکاتە شوێنێک بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی خۆی و لەڕێگەی بونیادنانەوەی خۆیەوە، بونیادی کۆمەڵگەیەکی بەئاگا بخاتەڕوو. ئەنفال حیکایەتێکی گەورەی بەهێزە بۆ وزە بەخشینەوە و بەهێزکردنی کۆمەڵگەیەک و نەتەوەیەک، کە مەرگی گەورە بەرەو ئاگاییەکی نوێی دەبات. هەمان ویستی حیکایەتنووس ئەوەیە، گەڕان بۆ ئێسک و پروسکی ئەنفالکراوەکان، گەڕانە بۆ کەلەسەری خود، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ عەقڵانییەتێک و ئاگاییەک لەخوددا. دۆزینەوەی ئێسک و پروسکەکانیش، لەبەرامبەریدا دۆزینەوەی سوبێکتێکی نوێیە لەناو ڕووبەری ژیاندا. ئەو جیهانەی ئەوانی تێدا

دەژین جیهانێکی قووڵە، قووڵ وەک پرسیارکردن لەدونیا، وەک پرسیارکردن لەمۆدێرنە و لەنەتەوە، وەک پرسیارکردن لەمەرگ و لەژیان و لەو ئایدۆلۆژیاییەی سوبێکتێک دروستدەکات بتوانێت مەرگی دەستەجەمعی دروستبکات. قووڵە بەمانا عەقڵانییەکەی و قووڵییەکەی بەرەو پرسیاری قووڵمان دەبات و دەمانخاتە سەر بونیادێکی بیرکردنەوە و قووڵی بینین بۆ ژیان و مەرگ، هەمان ئەو قووڵییەیە کە سوبێکتی هوشیار دروستدەکات. ئەگەر ئێمە لە ئێستادا لەناو دونیایەکی رووکەشدا بژین، بە گەڕانەوە بۆ ئەو قووڵییەی لەدەقەکەدا دەیخاتە بەرچاومان، دونیای ڕووکەشی پەراوێزدەخرێت و بە جۆرێکی دیکە سەیری مەرگ و ژیان دەکرێت. قووڵییەک بۆ ئێستا، ئێستایەک کە هێشتا ئایدۆلۆژیا و خاوەن کردەکە بەباشی نەناسراوە و ئەرکی سوبێکتی حیکایەتخوێنە، لەڕێگەی پرسیارە قووڵەکانییەوە بۆ مەرگی ئەنفالکراوەکان، لەئێستاو ئایندەی خۆی بڕوانێت و بیکاتە پەنجەرەیەک بۆ بینینی خۆی و ئەویتری خاوەن کردەکە."من ئەگەر پێشت نەکەوم، نە ئەسپی ئەفسانە و نە مەراڵی خەون و نە تەیری شیعر و نەبای جادووگەر، بەو مەرگانە نازانن."(١٠) زمانێک پێویستە، زمانێک بۆ نووسینەوەی حیکایەتەکان. لەغیابی زماندا حیکایەت وندەبێت و جەوهەرەکەی دەگۆڕێت بۆ ڕووداوێکی ئاسایی، زمان دێت ناهێڵێت حیکایەت لەناو رووداوی ئاساییدا بمێنێتەوە و دەیکاتە ڕووبەرێک تاڵییەوە لە مەرگ بڕوانێت

و ڕوانینەکەی بۆ مەرگ، بەرەو دونیایەکی جیاوازتر دەڕوات. دونیایەک بتوانێت بە گێڕانەوەی مەرگ، سوبێکتی ناو ژیان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و ئەو سوبێکتە بەئاگابێت لەخودناسی. هەمیشە بکەرێک پێویستە بیر لەڕووداوەکان، بیر لە حیکایەتەکان، بیر لە مەرگ و لە ژیان بکاتەوە، بۆ ئەوەی نەبینراوەکان بهێنێتە ناوزمان و بیانکات بە وێنەی ئێستای ناوژیان. هەنگاونانی حیکایەتنووس، هەنگاونانێکە بۆناو سیاقێکی مێژوویی، لەناو سیاقە مێژووییەکەدا بۆ وێناکردنێک دەگەڕێت بتوانێت لەڕێگەی زمانەوە ئەو وێناکردنە لە سیاقە مێژووییەکەی هەڵبنجێت و بیکاتە حیکایەتی زەمەنەکان. ئەرکی حیکایەتنووس تەنها نووسینەوەی ئەو فەزا حیکایەتییە نییە، بەڵکو ئەرکە گرنگەکەی ئەوەیە حیکایەت گەورەتربکات لەزەمەنەکان. ئەشێت هێزی گەورەی حیکایەتنووس لەم دەقەدا لەوەوە سەرچاوەبگرێت، حیکایەت لەناو زەمەنێکی دیاریکراوەوە دەردەهێنێت و دەیکات بەحیکایەتی سەر بەهەموو زەمەنەکان. هێزی گێڕانەوە و هێزی زمان لەم نووسینەوەیەدا، دەبێتە هێزێک بۆ حیکایەتە گەورەکە تابتوانێت وەک بنەمایەک لەهەموو سەردەمێکی جیادا بۆی بگەڕێیتەوە و بیکاتە بنەوانێک بۆ سەردەمە جیاوازەکان و بەرهەمهێنانی سوبێکتێک لەڕێگەی بینینی وێنەی حیکایەتەوە، بەشێکی نەبینراوی خۆی ببینێتەوە.

لەم دەقەی (شێرکۆبێکەس)دا حیکایەتنووس بە ئاگاییەوە بەرەو مەرگ دەچێت، هیچ پاڵەوانێ هەمیشەیی نییە، شوێنێک کەبۆی دەچێت شوێنێکی ونبوو نەزانراوە و ڕووداوێکی گەورە تێیدا ڕوویداوە، شوێنێکە بەشێک لەپارچەکانی بوونی حیکایەتنووسی تێدایە. شوێنی قوربانی و جەلاد. جەلادەکان بەڕوونی دیارن و قوربانییەکانیش کە دەدۆزرێنەوە بەڕوونی دیارن. هیچ هێزێک لەو نێوانەدا نییە، کەسی سێهەم غاییە، ئەوەی هەیە دوو دونیاییە، دونیایەک کارەساتی بەسەردا هاتووە، دونیایەکیش کارەساتەکەی ئەنجامداوە. هەریەکە لەو دوو دونیایە سەر بە جیهانی تایبەت بەخۆیانن. زمان دەبێتە ڕەگوڕیشەی حیکایەتەکە و گەڕان بەشوێن دیوە نەبینراوەکەی هەردوودونیا جیاوازەکەدا. بۆ ئەوەی حیکایەت وننەبێت و نەبێت ڕووداوێکی ڕابردوو، حیکایەتنووس، زمان دەکاتە ئەو ڕووناکییەی تا لێیەوە بچێتە ناو تاریکاییەکانی مەرگەوە. خەمی گەورە لەحیکایەتەکەدا ونبوونە. ئەو ونبوونەی بوەتە خەمی حیکایەتنووس، ونبوونێک نییە لەناو ڕووداوێکی سەر بە کاتێکی دیاریکراودا، ونبوونێکە سەر بەئێستاش. دەیەوێت کارەساتەکە بکاتە ئاوێنەیەک بۆ بینینی ئێستای هەموو خودێک. بەو جۆرە حیکایەت نانووسێتەوە حیکمەتی تیابێت بۆ مەرگناسی، بەوجۆرە دەینووسێتەوە بیرکردنەوەیەک بخاتە ناو دونیای حیکایەتخوێنەوە و لەڕێگەی ئاوێنەی حیکایەتەوە خۆی بدۆزێتەوە. جەوهەری چوونە ناو قوڵایی مەرگەکە، گەڕانەوەیە بۆ ژیانێکی سەربەرزانە و ژیانێکی هوشیارانە بەڕابردوو و بەڕووداونی حیکایەت. بەهای حیکایەتەکە لە حەقیقەتی حیکایەتەکەدایە، بەهایەک لەساتێکی دیاریکراودا ڕوویداوە، بەڵام ڕوودانەکە لەناوخۆیدا حەقیقەتێکی گەورەی هەڵگرتووە، بۆ حیکایەتنووس پیشاندانی ئەو حەقیقەتە، گەیشتنە بە بەهای حەقیقەتەکە. نایەوێت بۆ بێبەهاکردنی حەقیقەتی حیکایەتەکە هیچ ئەفسانە و جادوگەرێک بکەوێتە ڕێ، تا دیوێکی بەهای ڕووداوەکەمان بۆ دەرخات، بەڵکو بە زمانێکی باڵاوە خۆی وەک حیکایەتنووسێکی گەورە بەر لە هەمووان، دەکەوێتە ڕێ و ئەرکی گێڕانەوەی حەقیقەتەکە دەخاتە ئەستۆی خۆی. لەگەڵ ناسینی حەقیقەت و بەهای حیکایەتەکەشدا، دەمانگەڕێنێتەوە بۆناو دونیای پرسیار و گومان. دونیایەک لەڕێگەی حەقیقەتی ناو حیکایەتەکەوە بمانخاتە بەردەم بیرکردنەوە، تابزانین ئەو حەقیقەتەی حیکایەتنووس بۆی هێناوین، چ واتایەکی دەبێت بۆ بینینی خۆمان لەناو ڕووبەری ژیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەڕوونی ڕایدەگەیێنێت ئەو هەرگیز ناهێڵێت ئەو حەقیقەتە ونبکرێت و بکرێتە ڕووداوێکی بێبەهای ناو دونیای مۆدێرن. ناشهێڵێت لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا بمێنێتەوە و تەنها لەدونیای مێژوودا شوێنی هەبێت، بەڵکو دەیگوازێتەوە بۆناو زمان و بیرکردنەوە و ئاگایی و دونیای ئەدەب و فیکر. دونیایەک کە لەوێدا باشتر حەقیقەتی حیکایەتەکە و بەهاکەی دەدۆزرێتەوەو دەبینرێت. دەرککردن بەوەی ئەویتر لەبەهای حەقیقەتی حیکایەت کەم دەکاتەوە، حیکایەتنووس لەڕێگەی زمانەوە، دەبێتە ئەویتر و باس لەگۆڕینی بەهای حیکایەت دەکات" هەمووشتێک بەرەنگی خۆمان ڕەنگ دەکەین." ئەمە زمانی ئەویدیکەیە، زمانی ئایدۆلۆژیاییەکە دەیەوێت کۆی ڕەنگەکانی دیکە لەناو خۆیدا ونبکات. زمانێکە ئایدۆلۆژیای مۆدێرنە بەرهەمیهێناوە، تا لەناو یەک ڕەنگدا ڕەنگەکانی دیکە کۆتاییان بێت و بەهای ڕەنگەکانی دیکە نەمێنێت. حیکایەتنووس لەڕێگەی زمانی ئەویدیکەوە، ڕووبەڕووی حیکایەتەکە دەبێتەوە و ئاگایی پێدەدات ئەگەر نەنووسراێیتەوە زمانی ئایدۆلۆژیای ئەویدی، لە بەهاکان و ل حەیقیەقەتەکەت کەم دەکاتەوە و لەناو ڕووداودا وێنای دەکات. بۆیە دێت بۆ دەربازکردنی لەڕووداوبوون، بەهاو حەقیقەتی

حیکایەتەکە دەنووسێتەوە. لەیەک ساتدا بە دوو زمان قسە دەکات، زمانی قوربانی و زمانی ئایدۆلۆژیای جەلاد. زمانە ئایدۆلۆژیاکەی جەلاد هەمیشە هەڕەشەیە بۆ بەرووداوکردنی حیکایەتە گەورەکە و ونکردنی لەناو خۆڵی بیابانەکان. زمانی قوربانیش زمانێکە بۆ گەڕانەوەی جەوهەری حیکایەتەکە. زمانێکە لەشوێنێکدا مەرگ وێنا دەکات و لەشوێنێکی دیکەدا دەبێتە زمانی نەتەوە و باس لەخۆدۆزینەوە دەکات لەناو حیکایەتدا.

"من ناهێڵم
ئەم گریانە هەرگیز ڕەنگی بچێتەوە
من ناهێڵم
ئەم مردنە ژیان بیری بچێتەوە
من ئەم زوڵمە لەناو شوشەبەندی شیعردا دادەنێم
بۆ:
ئەو زارۆکەی دوای چەند قەرنێ دێت."(١١)

بێگومان یەکێک لەهونەرەکانی حیکایەت، گێڕانەوەیە بۆ ئەویدی منداڵ وەک نەوەی سەربە سەردەمێکی داهاتوو. منداڵەکان ئەو کائینانەن لەگەڵ هاتنە دونیاوە، بە حیکایەتەکان دەسکاری خەیاڵ و بیرکردنەوەیان دەکرێت. پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان حیکایەت و منداڵدا هەیە. پەیوەندییەک کە حیکایەت دەبێتە خەیاڵێک بۆ منداڵ، تا لەڕێگەی ئەو خەیاڵەوە خۆی و دونیا بەباشی ببینێت. حیکایەتنووس بە دەرککردن بەو پەیوەندییەی حەقیقەتی مەرگێک دەنووسێت و نایەڵێت کۆتایی بە حیکایەتەکەی بێت. جگە لەوەی لەسەردەمیخۆیدا حیکایەتەکە لەسیاقە مێژووییەکە جیای دەکاتەوە، بەهەمان بیرکردنەوەوە دەیگوازێتەوە بۆ نەوەکانی پاش خۆی، بۆ ئەوەی لەبەهای ئەو مەرگە تێبگەن. نەدەیەوێت لەبیرچێتەوە، نەدەیەوێت زەمەنەکان لەحیکایەتەکە بەهێزتربن. باڵادەستییەک بۆ حیکایەت دروستدەکات بیخاتە ناو کۆی زەمەنەکانەوە و نەوە دوای نەوە، ئەم حیکایەتە بەبەشێک لە بینینی خۆیان بزانن. حیکایەتی (ئەنفال) وەک حیکایەتێکی گەورەی پڕ بەها، بۆ حیکایەتنووسێکی وەک (شێرکۆبێکەس) گەڕانە بەشوێن حەقیقەتیبووندا. بوونێک لەڕێگەی نووسینەوەی مەرگەوە، ماهیەتی ژیان دەردەخات بۆ سوبێکت و نەتەوە. ئەگەر حیکایەتی (نەورۆز) بۆ پیرەمێرد هەوڵێک بێت بۆ کۆکردنەوەی نەتەوە تا لەبەردەم نەتەوەکانی دیکەدا ببێتە خاوەن حیکایەتی خۆی، حیکایەتی(ئەنفال) بۆ (شێرکۆ بێکەس) ئەو حیکایەتەیە تاهەموو دونیا لەبەردەم نەتەوەی کورددا، گوێگربێت و حەقیقەتی حیکایەتێک ببینێت و ببیستێت، کە بوویە ڕووبەرێک بۆ بەرگریکردن و بەهادان بە ژیانێکی شکۆمەندانە بۆ نەتەوە. حیکایەتی ئەنفال هێز دەبەخشێت بە نەتەوە لەبەردەم هەموو مەرگێکدا ڕابوەستێت و بەرگری لە ژیانێکی سەربەرزانە بکات. هێزی نەتەوە و چەمکەکانی ئازادی و ماف و سەربەخۆی و مانەوە لەناو ژیاندا، لەحیکایەتی (ئەنفال)دا لەناو دەقەکەی حیکایەتنووسدا فەزایەکی فراوانیان داگیرکردووە. حیکایەت دەبێتە ئەو وێستگەیەی ئیدی جارێکی دیکە نەتەوە هەڵسێتەوە سەرپێ و لەڕێگەی حەقیقەتی مەرگێکی دەستەجەمعییەوە لەخۆی و لەویدی دەرەوەی خۆی بڕوانێت و هەست بەشکۆیەک بکات، کە سڕینەوە نەیتوانیووە لەژیان دەری بکات و لەبەرامبەر ئەو هەوڵی سڕینەوەیدا بۆ بونیادنانی سوبێکتێکی نوێ و نەتەوەیەکی نوێ هەوڵدەدات. نووسینەوەی ئەم حیکایەتە، کردنی بە روانینێک بۆ بینینی حەقیقەتێکی بەبەها، تەنها ئەرکی کۆکردنەوەی نەتەوە نییە لەدەوری خۆی، بەپێی دەقەکە دروستکردنی دونیایەکی نوێ و مرۆڤێکی نوێیە، کە ویستی هێز و ئیرادەی بۆ ژیان گەورەترە لەویستی مەرگ. مەرگ ئەو ترسە نییە نەتەوە لەبەردەمیدا دەست لەبوون و شوناس و کلتووری خۆی هەڵگرێت، حیکایەتی مەرگ ئەو حەقیقەتەیە بەها بە ژیان دەداتەوە (شێرکۆ بێکەس) دەیەوێت حیکایەتی ئەنفال بەسەر زەمەنەکاندا تێپەڕێت و ببێتە چیرۆکێک نەوە دوای نەوە لێیەوە لە بوونی خۆیان بڕوانن و ئەویتری دەرەوەی خۆشیان بناسن.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- محەمەد هەریری. مێژووی کورد نەورۆز، بەخاتر جەمییەوە شاباشی بێگانە.
٢-نوروز ایین های مختلف ان گزشت و اکنون. ص، تاریخ، فردا.
٣-تاریخ پیدایش نوروز. ص، تاریخ، فردا.
_* ئەمە ئەو تەقسە نوێیەی نەورۆزە، لەسەردەمی پیرەمێردەوە دەست پێدەکات.
٤-محەمەد رەسوڵ هاوار، دیوانی پیرەمێرد. نشر سنندج، کانی کتیب. ١٣٩٧ لا١١٨
٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو لا١١٩
٦-هەمان سەرچاوەی پێشوو لا١١٨
٧- پێشرەو محەمەد. تۆفانێک لە بەهەشتەوە هەڵدەکات دەروازەیەک بۆ هزری فاڵتەر بنیامین. ناوەندی رەهەند چاپی یەکەم ٢٠١٩ لا١٥
٨-شێرکۆ بێکەس. گۆرستانی چراکان. ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتیمانی، سنە.١٣٩٤ لا١٣
٩-هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ١٧
١٠-هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٢٣
١١-هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٤٧

# وێنەی هونەری و زمانی جوانکاری  لە شیعرەکانی

# کەژاڵ ئیبراهیم خدر)دا

**نووسینی «رەخنەگرو لێکۆڵەری عێراقی» سەعد ئەلساعدی»**

**وەرگێڕانی «عبدالستار شارباژێڕی»**

وێنە جوانەکان لە سنورێکی دیاریکراوی یەک رەنگدا ناوەستن، ئەگەر بشوەستن و چەندیش بخایەنن، بەخێرایی هەنگاودەنێن.کاتێک خەونەکانی ڕوح لەناو ئەو تەوژمەدا نقووم دەبن، یان لە شەقەی باڵ دەدەن، لەدونیای خەیاڵدا نامەیەکی مرۆڤایەتی، لەو ڕێگەیەوە یەکەم تۆوی خۆشەویستی دەچێنن و ئاسودەیی و هیواکان دەکەونە ڕێ.

بنەمای فەلسەفی جوانکاری، ئەگەر هونەری یان دەقێکی ئەدەبی بێ، لەو ڕێگەیەوە چێژکردنێکی خودی بە ئەڵقەیەکی پێکەوە بەستراو دەگوێزرێتەوە، لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر، ئەمە ئەو کارەیە کە شاعیر پەیڕەوی دەکات لە دووتوێی قەسیدە ناوازەکاندا.

وەک دەربڕینێکی تەواو بۆ حاڵەتێکی رۆژانە جا ئەگەر ئازاربەخش بێ و هەڵگری ناخۆشی و دەردەسەری بێ. ئەوە بەختەوەری دەبەخشێتەوە و لەگەڵ ژیان ڕێگە دەکات یان وەک تۆمارکردنێکی مێژوویی بۆ شتەکانی دیکە کە هیچ سنورێکی دیاریکراویان نییە.

زۆرجار شاعیر کار لەسەر هێمایەک یان چەند هێمایەک دەکات. شیعرە ئاشکراکانی ئاماژە پێدراوە، کە بۆ من لەدوو توێی وشەکانی پەخش دەکات و قەسیدەکانی لەدایک دەبن. بە ئەوەی بە کورتترین ڕێگە بگاتە ئامانجەکانی و شوێن و زەمان لەبەردەمیاندا ڕێگر نەبن.

رۆحی شاعیر کارلێکی راستەوخۆ دەکات و زۆر بەڕوونی و بێ پەردە مەبەستەکانی دەگەیێنێ، لەکاتێکدا شاعیر خۆی بەدوور بگرێ لەگرێ و گۆڵی تێگەیشتن و گەیاندن. لێرەوە کردەی پەیوەندی سەرکەوتوو دەبێ لەنێوان «شاعیر» و گەیەنراو لەسەر خوێنەر» لێرەدا نامەی ڕاگەیاندن ئەرکی خۆی بەشێوازێکی باش دەگەیێنێت بەرامبەری، ئەمەش لە زهنی شاعیری کۆچکردوو خاتوو «کەژاڵ ئیبراهیم» ڕەنگیداوەتەوەو کاری لەسەر کردووە، بەسەر چیمەنە سەوزەکانی شارە جوانەکەی پارێزگای سلێمانی شوێنی لەدایکبوونی هەنگاو دەنێ و لەنێوان ئەزموونێکی ژیاندا و بەزمانێکی پاراوی شیعری و نوێگەرایی و جوانی ئەو پەیڤە شیعرانەی تێدا پەخش کردووە.

لەگەڵ ئەوانەی کە لە شیعرەکانیدا بەزمانی دایک نوسراون کەزمانی کوردییە، دواتر وەرگێڕدراون بۆسەر زمانی عەرەبی و زمانەکانی دیکە، تاموو چێژێکی زیاتری بە شیعرەکانی بەخشیوە، ئەم شاعیرەمان لە عێراقدا وەک شاعیرێکی ناوازەو دەگمەن دەردەکەوێت.

بەهۆی ئەو ئەزموونە رۆشنبیرییە درێژو چڕو پڕەی شاعیر گوزەری پێدا کردووە. بەندەش وەکوو شاعیرو رەخنەگرو لێکۆڵەرێک بەسەرهاتە مەیدانی و خەیاڵە شیعریەکانیم تاوتوێ کردووە کە خودی خۆی بۆتە ڕێبواری ئەو واقیعە تاڵەی کە تیایدا ژیاوە و پڕە لە خۆش بەختی و بەختەوەری، یان ئاوازو دڵتەنگی لەکاتی تێکەڵ بوونی شارستانیەتەکانی قەسیدەکەی. کاتێک شاعیر لەسەر تەختەی شانۆ دەردەکەوێت و ناوەستێ تا دەگاتە ئاستی رۆحی عاشق و دیوانەکەی بەناوی بە «پێنوسی ژنێک» لەدایک دەبێ وەک مەشخەڵێکی رووناک لەهەموو ساتێکدا دەبێتە جادووگەری روناکی و خۆی دەبینێتەوە.

شاعیر هەموو ئەو کەلێن و بۆشاییانەی ناو باخ پڕدەکاتەوە



و وەک پۆلە پەپوولەیەکی هەمیشە سود بەخش و وەک جوانترین گوڵ دەدرەوشێتەوە.

«کەژاڵ» پێش ئەم دیوانەی دیوانێکی تری بەناوی»چاوێک بۆ عشق، باوەشێک بۆ خۆشەویستی» کە لە ساڵی ٢٠٠٥ بەچاپی گەیاندووە و بڵاوی کردۆتەوە.

ئەم ناونیشانە هەروا بەئاسانی و لەخۆڕا نەهاتووە بەڵکوو هێمایەکی بڵند و وێنەی ئەو عەشقەیە کە لە ژێر باڵیدا چەندین عەشق لەدایک دەبن، یان دووبارە دەبێتەوە، کێ لە ئێمە عاشق نییە؟عاشقی ژیانین.

ئەوە تەکیەی ئێمەیە کە عاشقی خاکین، عاشقی هەموو شتە جوانەکانین کە ئەم دنیایە بڕازێنێتەوە، عەشق بەتەنها خەم نیە بۆعاشقەکان، بەڵکو وێنەی زۆر هەیە بۆ عاشق و مەعشقوق بوون جگە لە عاشقی کەسی دی هەست بە چێژەکەی ناکات عاشقێکی وەک «کەژاڵ» تیدەگات.

تێگەیشتن لەهێماکانی ناو ناخی دەقەکان خۆی مات داوە و مەبەست لەنوسینی بەشێوەی دەقی شیعری بۆ ئەوەیە ئەو هێماو نیشانانە وەک سەرچاوە بشەکێنێتەوە، ئەمە ئەو حاڵەتە دەرونییەی شاعیر دەردەخات کە پیایادا تێپەڕیووە، کە لەدوای نووسینی دەقەکانیش ناتوانرێ بەتەواوی تێبگەین و ماناکانی لێک بدەینەوە، کە شاعیر چەند بوێر بووە «خۆ ئەگەر ڕەخنەگرێک فەلسەفییانە هەقیقەتەکان و ماناو قوڵییەکانی وشەکانی بەجوانی ببینێ ڕۆبچێتە خوارەوەی شیعرو ئیلهامەکانی و لێکی بداتەوە، هونەری ڕاستەقینەی لەچنین و تاپۆی شیعردا دەبێ بدۆزێتەوە.

نوسەران و ڕەخنەگران لەهەندێ لەبۆچووندا یەکانگیرن لەبونیادی وێنەیدا، یان لەبونیاتنانی زمانەوانیدا، یاخوود لە درامای واقعییانە، یان خەیاڵ پڵاوی، یان هەر ڕێبازێکی دیکەی دەقی شیعری، بەڵام زۆر گرانە بوترێ ئەوەی نوسەر نووسیویەتی، ڕەخنەگر واقیع بینانانە، بتوانێت ئەوەی بەجێماوە درکی پێبکات.

دیوانی «بەپێنوسی ژنێک» گەڕێکی نوێیە لەئامێزی زمانێکی هونەری ڕەسەندا وەک ڕەسەنایەتی شاعیر»کەژاڵ» کە لەگەڵ هەستەکانیدا ڕووداوەکان و هەموو وێنە تەقلیدییەکانی شیعری تێپەڕاندووە، گەیشتۆتە نوێگەری هزرو پاکژی تەواو، ئەو شاعیرە شیعرەکانی لەناخیدا هەڵقوڵاوە لە ناخێکی پاک و بێگەردەوە سەرچاوەی گرتووە.

لەم دیوانەیدا کە لە ناوی قەسیدەیەکی ناودیوانەکە وەرگیراوە، هەموو دەقە ئەدەبییەکانی ئەو ژنە شاعیرە پتەوەو ئەدەبێکی ڕاستەقینەی لەخۆی گرتووە، هەڵگری ئەو وێنە شیعرییە جوانانەن کەنوێن و، توخمێکی پوختی زمانەوانی و هاودەمیانە یە، جگە لە یاریکردنی بەوشەی زمانەوانی لەیەک کاتدا دەگەنە ئامانجێک کە پێمان دەڵێت: دەستەکانم گشتگیریەکی ئاساییە و لە ڕۆحمەوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆمان دەسەلمێنێ کە زۆر شارەزایانە و بەوریاییەکی تەواوە شیعرەکانی چنیوون و لەدایک بوونە. بۆیە ئەم شیعرانە شوێنی تایبەت بەخۆیان دەگرن لەم ڕۆژگارەدا کە هەمیشە لە گۆران و تازەبوونەوەدایە.

هەرکەسێک دەقێک لەدیوانی «بەپێنوسی ژنێک» بخوێنێتەوە تێدەگات ئەوەی ئێمە دەڵێن، لەوبارەیەوە نوێ بوونەوە و تازەگەری دەستەواژەیەکی نوێ، یان زاراوەیەکی تازە لەدایک دەبێ، زۆرێک لەنوسینەکانی ڕەخنەگراندا کە بەر لەئێمەش هە بوون»دوای پێداچوونەوە» رووی ڕاستەقینەو مەودای کورت بینیان لە شیعرەکانی کەژاڵدا هەست پێدەکرێ

لەماڵی دڵەوە
بەبەرچنەیەک ماچەوە
دەبمە میوانی دڵەکەت
تا خونچەی حەزەکانم
لەکەناری موولوولە خوێنەکانی
دڵتدا بنێژم
من چیم دەوێ لەمە زیاتر
پێناسەیەک بۆ خۆشەویستیت
بدۆزمەوە

شاعیر دەقەکانی خۆی بە فەلسەفەیەکی واقیع بینانە بۆ نووسینەوەی شیعر دەربڕیووە، وێنەیەکی واقیعی سەپێنراوی بەهەموو یاساکانی ژیانەوە




ئاماژە پێداوە، کە هەرکاتێک ویستویەتی ڕووبەڕووی بێتەوە لەو واقیعە هونەریەی کە ڕێگەکەی هەڵگرتووە لەناو قەسیدەکانی بەناوی «بەپێنوسی ژنێک» کە دەستپێکی گشتی و سەرەکییە لەدیوانەکەیدا چونکە یەکەم ناونیشانە بۆ دەربرینی ناوەڕۆک، ئەمەش بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت کە دەڵێت:

ئاواتم بوو
تۆ ژن بوویتایەو منیش پیاو
بەڵام جیاوازییەک نەبوو
ئەوکاتە من تۆم دەچەوساندەوە
«««««««
ئێمە هەردووکمان زیندانین
تۆ زیندانی داب و نەریت
منیش زیندانی ترس
«««
کچەکەم ناوێرێ لەوانەی سرووددا
گۆرانییەکانی کازم بڵێ
چونکە لەوانەیەکی تردا (سفر) وەردەگرێ

لەقەسیدە پەخشنامە نوێکانی شاعیردا، ڕووبەرێکی فراوانی بەهێزی شیعری بوونی هەیە وەک شێوازێکی تاک. دەکرێت بڵێین کورتەی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەیەکی دیاریکراوە، یان هێمایەکە بۆ دۆزینەوەی ئەو مانا شاعیریەی کە شاعیر مەبەستییەتی وەک وێنەیەکی داهێنان و جوانکاری کە ڕۆژانە دوبارە دەبێتەوە، دوای بڵاوبونەوەی بەرفراوانی پەخشانە شیعرە نوێکەی، بەهەموو شێوازەکانییەوە، جا چ ئاسۆیی بێ، یان دێڕ بە دێڕ. لێرەوە ناونیشانێکی فراوان لەم دیوانەدا دەبینین هەموو شیعرەکان ناونیشانی خۆیان هەیە کەمانا گەلێکی زۆر دووردەبەستن بەیەکەوە جگە لەو جوانکاریانەی کە تێدایە «بۆنمونە»

«بە بۆنی عەتری هەناسەت ناژیم، بوونەوەرێک لەرەنگ، نیشتمانێک لەئەرخەوان، شەڕو ئاشتی پەنجەکان، بەبێدەنگی بۆت دەدوێم، وەرزێک لە روناکی مانگ، کیژۆڵەیەک پڕ لە هەتاو، پڕ لە پەلکەزێڕینە»

لەدیوانی بە»پێنوسی ژنێک« دا هەست بە دابەشکردنی هارمۆنی دەکەین کە درامایەکە تێدا مۆرکێکی گونجاو ریزبەند کراوە بۆ قەسیدەکە، هەیە وەک ئەوە وایە پەلکێشت بکات بۆهێنانی قەسیدەکە، بیەوێت لەژێر هەمان ناونیشانی پێشوودا لەشێوەی تروسکەکەیەکی بچووک و کورتدا جار جار بروسکەیەک بدات

ئەم شێوازە هونەری و تەکنیکییە لەشیعردا، هەندێ خەسڵەتی تایبەت بەشاعیرەکە دەبەخشن وەک تەکنیکی بونیاتگەری و وشەسازی.

بەکارهێنانی ناو و شوێن لای شاعیر بوونەتە بیرەوەری و ناتوانێ لەیادیان بکات.

ئەگەر لە هیچیشیان نەبووم
لەوانەیە بووبم بە کۆترێکی سپی
بۆ باڵای ئەم گەلە بخوێنم
یاخود بووبم بە شعریکی ناسک
بۆ کێڵی گۆڕستانەکان و
وەرینی خونچە گوڵی، ژاکاوی ئازیزانم

لەکاتی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەم دیوانەدا، هەست بە پەیوەندی دەکەین لەنێوان دوو حاڵەتدا، یان دوو دیاردەدا، لەناو جوانی زمانەوانیدا کە شیعرەکانی پێ نوسراون پشت بەستوو بەو پاشخانە کۆمەڵایەتییەی شاعیرەوە فەلسەفەی جوانی و فەلسەفەیەکی ئاشکراو دوور لە پارچە پارچە بوون، بۆئەوەی خوێنەرانی خۆی دابەش و کەرت کەرت نەکا ئەم پەیوەندیە وابەستە یە وادەکات رابردووی ژیانی بە زمانی خۆیەوە گرێ بدات، ژیانی کە شێوەی تایبەت بەخۆی هەیە، لەوانەیە مێژوویەکی تاک بێ، یاخود پروکێنەر بووبێ، یان سیستەمێکی تاریک و لێڵ بێ، ڕەنگە ژیانی پڕاوپڕ بووبێ لەعەشق و ئەوین کە بۆتە چەقی لەدایکبوونی هەموو قەسیدەکانی ناو دیوانەکە لێرەوە «کەژاڵ» هەنگاودەنێ، بەشێوازە واقیعییەکانی تایبەت بەخۆی کەدەنووسێ.

بەمناڵی زۆر رقم لەرەشەبا بوو
رۆژێک هات و
بووکۆکە و بێشکەکەمی برد
بەڵام ئێستا

لەوەتەی ئەم ڕەشەبایە دێ
دڵم شادە
دەڵێم ڕەنگە لەلای تووە
هەڵی کردبێ
بۆنی هەناسەی تۆی لێ بێ؟

لێرەدا سۆفیگەری «ڕێگەمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئاشکرابوونی پێکهاتەی شیعر کە لە سایکۆلۆژیای شاعیرەوە سەرچاوەی گرتووە. بریتییە لەو هەڵکەوتە سەر سوڕمانەی ڕۆژگارەوە، کە خەونەکانی ڕۆحی شاعیر پڕیەتی لەئازار، وەک عاشقێکی زیندوو زۆرێک لە شیعرەکانی دەبینین.

«کەژاڵ»ی شاعیر بۆ هەستەکانی هەنگاودەنێ، ڕێگا دەبڕێت ئەگەر خۆشەویستەکەی زوڵمی لێکردبێت، ئەگەر مەرگیش لەرێگەدا بووبێ، بۆیە لەقەسیدەی شیعری «شیعرو نەغمەی بولبولی سپی»دا وێنەیەکی شیعری جوان و تایبەتمان بۆ نمایش دەکات:

من نیشتیمانیکم هەیە جیا
هێندەی شەوانی تەنهایت
پڕ لەبارانی عەشقە و
هێندەی باڵای لاسە شۆڕێ
باڵا بەرزە و
هێندەی خەمی ژنێتیشم
چڕو پڕ
بۆیە هەردەم تیایدا دەسوتێم و
ناوم ناوە نیشتیمانی گڕ......

کاتێک زمانی وەسف دەگاتە پلەی باڵا و ماناکان ئاراستەی هۆی وەردەگرێت لەپێناو لەدایکبوونی شیعردا. لێرەدا تواناکانی شاعیر وەک سەرچاوەی کانییەک دەتەقێ و دەبێتە هەڵچوونی دارشتنی وێنەیەکی شیعری پاراو لەبەردەم خوێنەراندا، کە پڕدەبێ لەهەست و نەستی شاعیرانەی ڕاستەقینە، بۆیە پێموایە لە قەسیدەکانی ئەو شاعیرەدا، ئەو بەرچاوو ڕوونییە دەبینین کە دەڵێت:

رەمەزان بوو
پیرەمێردێکی ردێن سپی
ووتی کچم تۆکەی بەڕۆژوو دەبی
ووتم کاتێ، ڕێگەتان دام
لەبری لوقم، بەماچ بەربانگ بکەمەوە و
بەباوەشی ئەڤینەکەم ڕۆژووم بشکێ ؟

لەم دیوانەی شاعیردا بەناوی بە «پێنوسی ژنێک» دەتوانین هەندێک سەرنج بخەینەڕوو، بەشێوەیەکی جیاواز کە لێکۆڵەر، ڕەخنەگر، گوێگر، کاتێک شاعیر شیعرەکە دەگوازێتەوە بەشێوەیەکی ڕوون وشەکان وەسف دەکات، دەبینێت ناخی خۆی تەنها لەناو خودی خۆیدایە و ڕەنگێکی نوێ لەدڵ و ڕۆحییەوە سەرچاوەی گرتووە. کە ئەمەش تێڕوانینێکی وێنەییە. بۆیە دەبینیت سروشتەکەی شیعر جیاوازترە «وەک خۆشەویستی و لادان» دڵخوازو دوورکەوتنەوە»هیوا و دردۆنگی» لە شیعری «دەمەوێت بۆت بدوێم «شاعیر شێوازی جیاوازی بەکارهێناوە وەک شێوەی «ڕەنگی ڕەش» کە ڕەنگێکی ناشیرینە و خۆشەویست نیە، دواتر ئەم ڕەنگە دەگۆڕێت بۆ شێوازی خۆشەویستی و مانایەکی تر دەدات بەدەستەوە و لەڕۆحی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە.

کە باوکم مرد
دایکم بەرگی ڕەشی پۆشی
منی مناڵ
زۆر ڕقم لە ڕەنگی ڕەش بوو
کاتێ ڕەشی چاوانتم دی
هێندە شەیدای ڕەنگی ڕەشبووم
بەقەد ڕەشی چاوەکانت و ڕوخساری تۆ
وەکوو شەوە زەنگێکی ڕەش
تێکەڵ بەشەوقی مانگی تۆ
لەچاوانما بوون بە تابلۆ

ئەم تێڕوانینەو هەنگاوانەی شاعیر «کەژاڵ» لە نیشتمانەکەیدا ڕەنگە یەکەم شاعیر بێت کە بەشێوەی پەخشان نوسیبێتی «پێش ٤ هەزار ساڵ» لە سەردەمی «خەواریجەکان « کە ناوەوە و ناخی ژنی عاشق لەوێدا تەنها پەرستن بووە بۆ خۆشەویستەکەی ئەم خۆشەویستییە قودسیەتی خۆی هەیە «بۆیە «انخیدوأنا» کوڕی پاشای «سەرجونی ئەکەدی» کچی چیای بەشکۆفە و لوتکەکانی بەجوانی وەسف کردووە، ڕەنگە هەر لە بەرئەوەش بووبێت کە عاشقێکی دڵسۆزی شیعرە، سەرەتا بەو هەموو ناسکییەوە بەبۆنی خۆشی و خۆشەویستی بەجوانییەکانی ژیاندا هەڵیدەدا، سروشت و رەگەزی ژن و خۆراگریان فەرامۆش ناکات.

«کەژاڵ» بۆیە دەنوسێت، تاکوو لە یادنامە و بیرەوەرییەکانی خۆی تۆمار بکات، تاکو نەوەکانی داهاتوو بەدرێژایی زەمەن ئەم شاعیرە نوێخوازە لەیاد ناکەن»



# ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان
# قەندێک لە شەکرە داری فەرهادی



دڵشاد کاوانی

کتێبی ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان کتێبێکی (١٧٤) لاپەڕییە، بە بەرگ و دیزاینێکی جوان و نـاوازە لە ساڵی (٢٠٢٠) لە تاران چاپ بووە و لەکوردستان وەشێندراوە. لەنووسینی نووسەر و ئەدیبی دیاری کورد عەبدولڕەحمان فەرهادییە، کە لە (٣٣) بابەت و فەرهەنگیلەیەکی (١٣٧) وشەیی، لێکدانەوەی واتایی بۆ کراوە و غەریب پشدەری پێشەکیی بۆ نووسیووە.

**سەرەتا:**

ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان، کتێبێکی جوانکیلەی نایابی پڕ چێژە و بە زمانێکی پاراو و بێگەرد و خەوش نووسراوە، وەک ئەزموونێکی نوێی هەڵڕشتنی نیاز و ڕازی نووسین، خستنەڕووی گرفت و ئاریشە و چەمەسەرییەکانی ژیانی تاکی کورد و پەنجە خستنە سەر کەماسیی و دیاریکردنی کرێتی و ناجوورییەکانی ژیان، کە هەڵقووڵاوی ئاوی سازگاری ئەدەبی (عەبدولڕەحمان فەرهادی)یە، بە شێوەیەکی تەنز و چیرۆکیلە و یادەوەریی بە زمانێکی تایبەتی نووسەر نووسراوەتەوە.

**فۆرم لەماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان:**

تەنز لەڕووی فۆرمەوە تەنیا گاڵتە و گەپ و ترپقانەوە نییە بەڕووی دەقدا، تەنانەت هەندێکجار دەشێت ڕەوشتی بێ مێشکانەش لەخۆ بگرێت، بۆیە چەمکی تەنز دیاریکراو نییە، سروشتی وەک ئامێری میوزیک وایە کە دەتوانرێت بەچەند ڕیتمی جیاواز بژەندرێت. سەرەرای بوونی ئەم فۆرمە تەقلیدییانەی کەهەن، دەکرێت فۆرمەلەی جیاواز لەناوخۆی مانیفێست بکات.

شاراوە نییە، ئەدەبی تەنز ئامێز لەفۆڕمی جیاجیای وەک شیعر و پەخشان و چیرۆک و ڕۆمان و بابەتی ڕەخنەیی و تاد... خۆی نمایش دەکات، ئەگەرچی کتێبی ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان، بەگشتی بەفۆڕمێکی تەنزی ئەدەبیی نووسراوەتەوە، لەهەموو بەشەکانی ناو کتێبەکەدا زمانێکی تەنز و تیتاڵی توانج و تێوەژەنانی ڕشقانجاری لای نووسەر دەبینرێت، تا ئەندازەیەک نووسەر هەوڵی تەواوی داوە، کە بەم فۆرمە تیتواژییە زاڵبێت بەسەر فۆڕمی گشتی و تێیدا سەرکەتووبووە، لێ نووسەر بەهۆی دیاری نەکردنی یەک فۆڕمی و خۆیەکلانەکردنەوەی لەیەک بابەتیی کتێبەکەدا، هەرچەندە فەرهادی لێزانانە بارەتەقای دەق هاتووە، لێ هێزی فرە فۆڕمی دەقی تەنزی لەناو خۆیدا دەغەر کردووە.

**ناوەڕۆک لە ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان:**

هەموو دەقێکی ئەدەبی بێ ناوەڕۆکێکی بەهێز و زیندوو، جەستەیێکی مردوو و بێ ڕۆحە، بۆیە ناوەڕۆک چەقی سەرەدەرکردنی خوێنەرە و قووڵبوونەوەیەتی لەدەق، دیاریکردنی دەلالەتەکانی تێگەیشتن و مەعریفەی نووسەرە، کە لەدەلاقەی دەقەوە خوێنەر لەناوەڕۆک دەڕوانێت. لەئەدەبیاتی جیهانی و ئەدەبیاتی کوردیشدا، زۆرێک دەق دەبینرێن، کە لەناوەڕۆکیکی تەنزیی و گاڵتەجارییەوە خۆیان دەردەخەن، هەرچی تەنز و تیتاڵی کوردییە، لەناوەڕۆک وەک تەنزی جیهانی لەدەقدا قاڵ نەبۆتەوە.

لای نووسەرانی کورد ئەم چەشنە دەقە لەئەدەبی کوردیدا، گرنگییەکی وای پێ نەدراوە، کەچی لەئەدەبیاتی جیهانیدا بەتەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە، لەوانە (بۆکۆڤسکی) لەچیرۆک و ڕۆمانە تەنزئامێزەکانیدا، لە (ڕۆمانی بازاڕی) و کۆمەڵە چیرۆکی (سۆزانی ١٣٥ کیلۆیی ) بەروونی ڕەخنە لەدەسەڵات و بواری ئابووری و ڕامیاریی ئەمەریکا دەگرێت. ئەورووپا خاوەنی (مۆڕاڤیا)ی ئیتاڵی و لە ئەدەبیاتی ڕوسیایی سپیش (دۆستۆڤسکی و ئەنتۆن چیخۆف)، ڕۆژهەڵاتیش خاوەنی (عەزیز نەسین)ی تورکن. ئەم کەڵە نووسەرانە، لەبەرهەمە تەنزئامێزەکانیاندا، توانیویانە کۆمەڵگەی خۆیان بخەنە ژێر پرسیار.

هەرچەندە لە ئەدەبیاتی کوردیدا ناوەڕۆکی دەقی تەنزئامێز کەمتر بەرچاو دەکەوێت، لێ

ئەدەبی کوردییش لەڕێگەی هەجووی شیعریی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و دەقی تەنزئامێزی پەندەکانی پیرەمێرد و ڕشتەی مرواریی عەلائەددین سەجادی، لەدەلاقەی گۆشە ئەدبییەکانی سەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، کوردیش لەئەدەبی تەنز، بەتەواوی بێبەش نەبووە.

لێ ناوەڕۆک لەدەقی ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان، لەهیچیان ناچێت و بێبەشیش نییە لەهیچیان. ناوەڕۆک لای فەرهادی لەدەقدا زۆر دەوڵەمەندە و ڕێچکەیەکی سەربەخۆی هەیە و زۆر بەدیقەت و بەوردی تەنزی ڕیالیستی و پۆستمۆدێرنیی تێکەڵ بەهەم کردووە. توانیوییەتی لەناوەڕۆکدا پەنجە بخاتە سەر برینەکانی کۆمەڵگە و کولتوور و ئایین و ڕامیاری، گەلێ بە جوانی ڕاڤەی کردووە و توانج و تیزی تێوەژەندووە و لێهاتووانە سەری مارەکانی بە کوتکی پەلار پانکردۆتەوە. دەتوانم بڵێم ناوەڕۆک لەدەقی تەنزییدا، لەماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان قەندێکە لەشەکرە داری فەرهادی، کە خۆی وێنا کردووە.

## ئایرۆنییەت لە ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان:

ئەوەی کە دەیبینین لەژێر ناوی ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان، کە لەزۆربەی بابەتەکاندا ڕاوسەرنجەکانی نووسەر ئایرۆنین، هەرچەندە جەخار لەکوردی واتایەکی دیاریکراومان بۆ چەمکی ئایرۆنی نییە، لەکوردیدا وەک گەپ و گاڵتە و تەوس، بەتایبەتی بە شانۆی گاڵتەئامێزەوە گرێ دراوە. لێ ئایرۆنییەت واتە دەستکەوتنی حەقیقەت لەڕێگەی جیاواز، یان کە نووسەر لەسەر ڕووداوێک و تەوەرێک دەنووسێت، بە تەواوەتی مەبەستی شتێکی ترە، یاخۆ ڕێک پێچەوانەکەی تەواوە، دوو نموونەی زەقی ئایرۆنی لەمێژوو دەبینرێن (جیۆردانۆ برۆنۆ) کەسێکی ئاییندار و بڕوادار بوو، کەچی وەک ئەستێرەناسێک خۆی دەناساند، کڵێسایش وەک بێ باوەڕێک سزای کوشتنیاندا. (مایکڵ ئەنجیلۆ) بە پێچەوانەی ئەو، کەسێکی بێ باوەڕ بوو، کەچی بۆ ڕازیکردنی کلێسا خۆی وەک کەسێکی باوەڕدار نیشان دەدا، بەم جۆرەش پیاوانی ئایینی کڵێسای تەفرەدا و لەخشتەی بردن، کە لەبەرهەمەکانی بەڕوونی باوەڕنەبوونی دەردەخات.

ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان لەپاڵ ئەوەشدا خستنەڕووی ئەزموون و کۆمەڵێک وتار و دید و بۆچوونی تایبەتیی فکری و مەعریفیی نووسەرە، لەسەر کۆی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە کە بە زمانێکی ئەدەبیی چیرۆکئامێزی قشت و تەوس نووسراوەتەوە.

## پەیام لە ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان:

لەپشت هەموو دەقێکی ئەدەبی، بە گشتی و تەنز بەتایبەتی پەیامێکی شاراوە هەیە، دەبێت خوێنەری زیرەک بیدۆزێتەوە، لەماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان عەبدولڕەحمان فەرهادی لە هەموو بابەتێکی ناو کتێبەکەیدا پاشخانێکی مەعریفیی بەهێز هەیە، لەخۆڕا فەرهادی خاڵی نەخستۆتە سەر پیتەکان، بەڵکوو زۆرترین پەیامی شاراوە و ئاشکرای لە خستنەڕووی بابەتەکاندا هەیە، دروستە عەزیز نەسین ئازا دەمانخاتە پێکەنین، لێ لەپشتی دەقەکان نووسەر پێمانئێژێ، ژیان تەنیا تریقانەوە نییە بەڕووی مرۆڤ، ئازار، چەرمەسەری، نەزانی، دواکەوتوویی، نادادی کۆمەڵایەتی، نایەکسانی ڕامیاری، خراپەکاریی، ئیرەیی و لاسایی، دەروون نەخۆش و ڕووخاوی، دەستی ناوەتە بینایی تاکەکانی کۆمەڵگە و ئازارێکی قورسە نیشتیمان پێیەوە دەناڵێنێت.

## گێڕانەوە لە ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان:




تەکنیک و گێڕانەوە لەکتێبی ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان، بە تەکنیک و شێوە و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، نیشاندانی داهاتووی ڕووداوەکان و کات و شوێن و کارەکتەرانی نێو ڕووداوەکان، هەبوونی پاڵەوان لەهەر گێڕانەوەی ڕووداوێکدا، شێوازی دارشتن و گەمەکردن بە گێڕانەوەکان و دەستنیشانکردنی پەیام و بوونی گرێچن و سەرەتا و کۆتایی نێو بابەتەکان، بەتەواوەتی بنەماکان و بونیادی ڕەگەزی کورتە چیرۆک و هەندێکجار چیرۆکیلەی لێدێتە دی. ڕاستە نووسەر لەناونانی ژانرەکەی لەنێوان چیرۆک و سەربردان و یادەوەری، خۆی یەکلایی نەکردۆتەوە، لێ بەڕوانینی من، لەهەموو بارێکەوە ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان لەکۆمەڵە چیرۆک نزیکترە، نەوەک یادەوەریی.

## زمان له ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان:

ئەوەی کە بەلای من جوانترین بەشی نێو کتێبەکەیە و زۆرترین سەرنجی منی بۆ خۆی قاو داوە، بەرزی و لێهاتوویی و زمانزانیی نووسەرە، کە کتێبەکەی بەزمانێکی زۆر تایبەتی نووسیووەتەوە، دەتوانین بڵێین: عەبدولڕەحمان فەرهادی لە ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان، زمانی لەهیچ کەس ناچێت، بەڵکوو زمان لای فەرهادی لەبەرزترین ئاستی زمانزانی دایە و زۆرترین وشە و ئیدیۆم و زاراوە و شێوەزمان، سەرزمان و بنزمانی بەکاربردووە. زمان لەماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان، نەزمانی ستانداردی گشتییە و نەزمانێکی خۆجێییە، بەڵکوو زمانێکی تێکەڵە و تایبەتە بە خۆی، لەهەر جێگاییەک ئەم زمانە لەنووسین دەناسرێتەوە.

هەرچەند فەرهەنگۆکێکی بچووک لەدوا لاپەڕەکانی کتێبەکەدا هەیە، لێ ژمارەی ئەو وشانەی ئاخێندراونەتە نێو فەرهەنگەکە، لەچاو دەوڵەمەندیی و زەنگینی وشەسازیی ناو بابەتەکان، جەخار ئێجگار کەمە، پێویست بوو نووسەر سەرجەم وشە نائاشناکانی ڕاڤە بکردایە و زۆرتر گرنگیی بە فەرهەنگۆکەکە دابوایە، نەوەک وا بەسانایی لەکۆڵ خۆی بکردایەتەوە، چون چەندین وشەی خۆجێیی هەولێریان و گۆتە لەبیرکراوەکانی کۆنی هێناوەتەوە سەرزمان و زیندووی کردوونەتەوە. هەروەها لەهەندێ شوێن فەرهادی خاوەنی وشەسازیی خۆیەتی.

ئەوەی کە زۆر نیگەرانی کردم لەگەڵ ئەم هەموو توانایە لەبن نەهاتووەی نووسەر، بەهیچ کلۆجێک خۆی لەوشە و زاراوە بیانی و عەرەبییەکان نەپاراستووە، بە تایبەتی لە ناوونیشانی کتێبەکەی یەکەم وشەی بە (ماجەرا) کە بە شێوەزاری هەورامی واتە ڕووداو، هەرچەند نووسەر لەفەرهەنگۆکەکەیدا، بردوییەتە سەر (ما جری) ی عەرەبی، لێدەکرا بیکات بە سەربردەی دختۆر کاکۆی سەگەوان، کە زۆر کوردی و جوانتر دەبوو. جگە لەوشەکانی ئیسراحەت، ماسیحە، عەمۆ، عادی، عەیب، سەعات، یەعنی، وەزع، زروف، سەفەر، عیلاج، عەسکەر، مەعادن، کەعبولعالی، عەمەل، مەحەلئومییە، مەرحەلە، فەقیروفوقەرا، ئەشراف، تەکلیف، فایدە، تەجنید. مەکتەبلی، ڕاستە دەمێکە لەناو کورد بەکاردێت، وەلێ مەکتەبلی ڕەگەزی وشەکە، پێکهاتەی هەردوو بەشی یەکەم: مەکتەب عەرەبییە و پاشگری لی تورکییە، بەداخەوە کە نووسەر توانایەکی باشی لەوە هەیە، کە زاراوە و واتای هاوتا کوردییەکانی دەزانێت، لێ بێ هەواڵ لەوەی کە نووسەرانی گەنج و نەوەی دوای خۆی بەکاری دەبەن و زمانی کوردی هەر بەشێواوی بە بێنازی دەمێنێتەوە.

هەرچی نووسەر نایشارێتەوە کە باوەڕی بە پەتی بوونی کوردی نییە و هەبوونی وشەی بێگانان لەزمانی کوردی بەئاسایی دەبینێت، بۆیە لەبەشی (تۆفیق پەتپەتۆک) لە لاپەڕە (١٠٧) دا، سەرزەنشتی تۆفیق دەکات کە لەتامی بردۆتە دەر، هەر کەسێک وشەیەکی بێگانانی بەکار هێنابا، تۆفیق ڕقی هەڵدەستا و جنێوی تێدەسرەواند، بۆیە دەنووسێت: ئێخۆ لەخەبات و تێکۆشان کەمی نەدەکرد. شیمانە ئەمە بۆ خەباتی سیاسی ڕاست بێت و هیچ لەبابەتەکە ناگۆڕێت، لێ بۆ زمان ڕێک پێچەوانەیە، هەر وشەیەکی بێگانە، جێگا بە وشەیەکی کوردی لەق دەکات و وشە کوردییەکە ون دەکات.

لەهەندێک شوێن، فەرهادی دەکەوێتە هەڵەی ڕستەسازییەوە، وەک لەبابەتی (چۆن بووم بە حەمید ڤانکۆخ) لە لاپەڕە (٧٦)دا دەنووسێت: خەڵک ئەو ساڵانە بە لێشاو لەکوردستان هەڵدەهاتن و سەرەڕۆیانە بەرەو ئەوروپا ڕێیهات و نەهاتیان هەڵدەبژارد و تێیان دەتەقاند. لێرەدا نووسەر وشەی سەرەڕۆ بۆ کۆچی کوردان بەکاردەهێنێت، سەرەڕۆ بۆ کەسانی بەڕەڵا و بێکەڵک و لادەر بەکاردێنێت، مەرج نییە هەموو کۆچبەرێک سەرەڕۆ و بەڕەڵابێت، بەتایبەتی ئەو کاتانەی لەکوردستان هەژاری و برسییەتی و کوشتن و بڕین هەبوو، زۆربەی ئەوانەی کۆچییان دەکرد لەناچارییان بوو، نەوەک لەسەرەڕۆییان بێت.

لە بەشی (پرێمزچی) لە لاپەرە (١٠٢)، دبیژێت: تاهیرە فەندیم ئێستا کە بە ئینگلیزی دەدوێ دەڵێی حەیرانان دەخوێنێتەوە. بێئاگا لەوەی کە حەیران دەگوترێت، نەک دەخوێندرێتەوە، ڕەنگە ئەمەی لەسەر زاران وەرگرتبێت، هەروەک زۆرێک ئێژن: مەولوودێکم بۆ وەخوێنە. ئەمە ڕێی تێ دەچێت، ڕاستە مەولوودنامە ئەزبەر دەکرا، لێ مەولوودنامە نووسراوەتەوە و خوێندەوارەکانیش دەیانگوتەوە، کەچی حەرانبێژان زۆرینەیان نەخوێندەوار بوون و حەیرانیش گۆتراو بووە، نەوەک نووسراو، بۆیە بە هیچ پێیەک خوێندنەوە بۆ حەیران ناگونجێت.

### ئەنجام:

کتێبی ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان، ژانرێکی ئەدەبیی بێ ناونیشان وەک بابەت، هەنووکەییە و ناوەڕۆکێکی فرەچەشن و فرەڕەهەند و مەعریفەیەکی بەهێزی نووسەر دەردەخات، هەروەها لەدەقدا قووڵبوونەوەیە لەگرفت و ئارێشەکانی کۆمەڵگە. زمان تێیدا زۆر کارایە و جگە لەوەی کەخۆی وەک چیرۆک و تەنزە چیرۆک دەناسێنێت، لێ ئیسکلۆپیدیاییکی زمانەوانیی ناوچەیی و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی ژیانی کوردەواریی چەند دەیەیەکی قۆناغەکانی ڕابردووە، وەک بیرهێناوەیەک بۆ خوێنەر خۆی دەنوێنێت. دەتوانم بڵێم کتێبی ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان یەکێکە لە باشترین کتێبەکان، خوێنەر بۆ خۆی پەلکێش دەکات و شایانی خوێندەوەیە و خۆی دەرگای خوێندنەوە بەسەر خۆیدا دەکاتەوە.

# خواندنەکا دەروونی- جڤاکی بۆ کورتە چیرۆکا «ژ دەفتەرا سەرهەلدانێ...»



د. عارف حیتۆ

**ژ دەفتەرا سەرهەلدانێ**

چیرۆکا ژ دەفتەرا سەرهەلدانێ(1) بەحسی رۆژانێن دوماهیێ ژ سەرهەلدانا باژێرێ زاخۆ دکەت. ژ پێنج پەرەگرافان پێک دهێت و ئەڤ پەرەگرافە دگەل هندەک فلاشبک و میناکێن دلینی و مشت ژ شاعرییەتێ، وەکو سنسلەیان پێکڤە گرێداینە. بۆیەرێن ڤەگێرایی د چیرۆکێدا دەربارەی رەوشا شەڕی و دەسپێکا رەڤا ملیۆنی یا سالا 1991ێیە، کو مینا ریپۆرتاژەکا رۆژنامەڤانییە و کراسێ کورتە چیرۆکەکا هونەری کرییە بەر. هەلبەت ئەڤ چیرۆکە ل سەردەمێ سەرهەلدانێ هاتییە نڤیسین و دەربڕینێ ژ وی سەردەمی دکەت. ب رێکا بۆیەر و دانوستاندنا کەسانێن دناڤ چیرۆکێدا، دەربرینێ ژ رەوشا خوەییێ رەخنەگر و ئالۆز و خوینگەرمی یا نڤیسەری دکەت. ئەم د کارین ڤێ کورتە چیرۆکێ د چوارچۆڤێ چیرۆکەکا وەسفکرنێدا شرۆڤەکەین. چونکو ژبلی هندەک هەڤۆکێن شعری یێن هونەری و ڤەگێرانەکا رێکوپێکا سنسلە یا بۆیەران، هەمی دەربرینێن دی یێن ڤی دەقی، شێوازێ ریپۆرتاژەکا رۆژنامەڤانی یا دەربارەی بۆیەرەکێ گەرمە کو ل جهـ و سەردەمەکێ گەرمدا هاتییە ڤەگێران.

د پڕانییا جاراندا، نڤیسەر بۆیەرێن چیرۆکا وەسفکرنێ، ل گورەی ئارمانجا خوە رێک دئێخیت. خۆ دانوستاندنا دناڤبەرا پەهلەواناندا ژی، دکەفتە دناڤ جغزا تێگەهێ ئیدیولۆژی و مەرەما سەرەکی یا نڤیسەریدا. د ڤێ چیرۆکێدا، ئارمانجا سەرەکی یا نڤیسەری ئەوە کو هەمی کورد بەرخۆدان و بەرەڤانیێ ژ ئاخا کوردستانێ بکەن، یان ب کێمی خوە ژبۆ شەڕەکێ بەرەڤانیکرنێ بەرهەڤ بکەن. د پارچا چوارێدا، دەمێ پەهلەوان دانوستاندنێ دگەل رۆژنامەڤانێ بیانی دکەت، دێ بینین سەرەرای وان هەمی راستی یێن پەهلەوانی ب چاڤێن خوە دیتین، لێ ئەوا فەراتی یا ل گورەی هزرا وی بهێتە کرن، ئەو بۆ رۆژنامەڤانی گۆت. نەدوورە وەرگرەک وەسا هزرکەت کو نڤیسەری وەسا باوەر دکر و مەژێ خوە ل گورەی وێ باوەری یا چێکری گونجاندییە، ئەڤە ژی حالەتەکێ دلینی و دەروونییە. لێ نڤیسەر ڤێ پێشبینیێ ژی بۆ وەرگری ناهێلیت و ئاشکرا دکەت کو وی ب زانیبوون ئەڤ هزرا رەونەقدار ب نەوەیی بۆ گۆتییە. ئەڤە ژی بەرێ چیرۆکێ ددەتە ئەلەمێنتێ ریپۆرتاژەکا ئینشائی یا مەرەمدار:

«هێزێن وە، پێدڤی یێن شەڕی و بەرەڤانیێ ئامادە کرنە؟ سێ سەد ئاخ و ئاخ ل پەی ئێک ژ دلێ من دەرکەتن. چ بێژمێ و چ نە بێژمێ؟ بێژمێ ئەم نڤستیبوون و مە های ژ خوە نینە؟ بێژمێ بەرپرسێن مە ل چیایەکی بوون و مللەتێ خوەلی ب سەر، ل نوهالەک دی بوون؟ چ بێژمێ و چ نە بێژمێ؟ دێ لاوو جارەکا دی، درەوەکا دی بکە و قورچکەک دی داعویرە.....».

ئەڤ درەوا پەهلەوان دگەل رۆژنامەڤانێ بیانی دکەت، وەکو راستییەکا ژیانا سەردەمێ چیرۆکێ دهێتە هژمارتن. چونکو هەروەکو عەباس عەبد جاسم دبێژیت: «راستی یێن ژیانێ، ئەوێن د بیردانکا نڤیسەریدا هەین، ب شێوەیەکێ ئاشکرا هەڤبەندی کەساتی و تێگەهێ هزری یێ نڤیسەرینە. ئەو ژیانا نڤیسەر دەربرینێ ژێ دکەت، نە ژیانەکا کەتواری یا راستەقینەیە ب هەبوونا چیرۆکنڤیسەکی، لێ نڤیسەر بۆیەرێن ل گورەی ئارمانج

و زەوق و ئەرکێ سەر ملێ خوە ژ گێلەشۆکا ژیانێ هەلدبژێریت»(2). لەوا داکۆکیکرنا نڤیسەری ل سەر بەردەوامی یا خوە گێلکرنا پەهلەوانی ژبۆ بێ سەروبەری یا رەوشا هەیی، پێڤە دچیت و دبێژیت: «بەلێ بەلێ، تو ب هەردوو چاڤێن خوە ژی دێ بینی!...».

خەونەکە پەهلەوان دبینیت و نڤیسەری دڤێت ب تەعدایی بۆ ب جهبینیت. ئەگەر نڤیسەری ئەو ئیشارەتێن بەری ڤێ دانوستاندنێ خویا نەکربان، وەرگر ژی د شیا دگەل پەهلەوانی خەونێ ببینیت و هزرکەت کو دێ ژنشکاڤە بۆیەرەک چێ بیت و دێ خەون ب جهـ هێت. لێ ژبەرکو نڤیسەر د چوارچۆڤێ ریپورتاژەکا وەسفیدایە، فەرە هزرەکا ئیدیولۆژی یا دیارکری و د دەمەکێ دیارکری یێ بەرتەنگدا بگەهینیت. ژبۆ ڤێ چەندێ، فەرە هەمی هزر و بۆیەر و رەفتارێن نەپەن ژی، رۆهن و ئاشکرا بن کو هەمی خواندەڤان ب هەمی ئاستێن خۆڤە، نە تنێ تێ بگەهن، بەلکو پێ داخبار ببن و بکەنە رێکخەر و رێبەرێ پێڤاژۆیا خوە یا هزری. ئەڤە ژی ئەرکێ ریپۆرتاژەکا رۆژنامەڤانییە. لێ ژبەرکو حەسەن سلێڤانی چیرۆکنڤیسە و سەربۆرەکا درێژ د وارێ نڤیسینا چیرۆک و هەلبەستێدا هەیە، شیایە ڤان سنسلە یێن بۆیەران د بازنەیێ چیرۆکەکا کەتواریدا خرڤەکەت و جوانییەکا هونەری بدەتێ. هەرسێ قۆناغێن مە ل سەلال گۆتین تێکهەل کرینە، ئەڤە ژی رامانا وێ چەندێیە کو رەوشەکا

نوو یا بۆ کەتوار و ژیارێ پەیدا بوویی و ئەڤ رەوشا نوو، دگەل سەربۆرا تیۆری و هزری یا ژ خواندنا کتێبان و سەرەدەری یا رەوشەنبیریێ وەرگرتی، ناگونجیت و دووانییەکا هونەری و هزری ژێ پەیدا دبیت. نڤیسەر کورێ سەردەمێ خوەیە (لەحزە یا دیرۆکی یا کەتوارێ خوە) و خودانێ سەربۆرا خوە یا ئەپستمی و دەروونجڤاکییە ژی. د قۆناغا کەتواری یا شۆپپارێزدا دێ بینین پەهلەوان وەکو گۆتارخوینەکی ب رێکا مونولۆگ و حیوارێن دناڤ دەقیدا، شیرەت و ئاراستە یان بۆ وەرگری پێشکێش دکەت:

– ئەگەر ئەز و کورێن تە و خورتێن ڤی باژێری خوە ل بەر دوژمنی نە گرین، ما ئەم بۆ چنە؟!......

– نا روینم خوارێ و سەرێ خوە شۆرکەم و چاڤێن خوە حولیکم...

– دێ لاوینۆ دێ.. ئەڤە رۆژا مێرانە، ئەڤەیە رۆژا زەلامێن ب غیرەت و نامووس....

– کوردستان دێ سەرفەراز و ئاڤا بیت، هندی خورتێن وەکی تە هەبن...

هەلبەت ب کار ئینانا مەلای یان هەر ئۆلدارەکێ دی، نیشانا موکم و خورتی یا ئاراستەکرنا گۆتارێیە. چونکو د پرانییا جڤاکاندا، نەمازە د جڤاکێن کشتوکالی یێن ساکاردا ، ئۆلدار رۆلەکێ کاریگەر و سەرنجراکێش د شیرەتکرن و ئاراستەکرنا گۆتارێن مەرەمدار و ئیدیولۆژیدا دبینن. بێگومانە

کو ئەڤ شێوازێ دەربرینا کەتواری، مە ڤەدگەرینتەڤە سەردەمێ دەسپێکا سەرهەلدانا رەوشەنبیری یا نڤیسکی یا کوردی (ل داوی یا سەدێ نوزدێ). یان هەروەکو هندەک هەڤالێن مە یێن رەوشەنبیر دبێژن ڤەدگەریتەڤە سەردەمێ گۆتارێن دەسپێکا شورەشا ئیلۆنا مەزن.

بکارئینانا هندەک مونولوگێن نافخۆیی و ئاشکرایی یا ساخلەت و هزرێن پەهلەوانان و دەربازبوون ژ بۆیەرەکێ ساکار یان ڤەگێرانەکا رویت بەر ب شرۆڤەکرنا خوەییێ کەساتییان و هەلچوونێن دەربراندی، ئیشارەتا قۆناغا کەتواری یا رەخنەیی یا ئێکێیە. هەرچەندە ئەڤ قۆناغە ب شێوەیەکێ گەلەک ساکار و بلەز هاتییە دناڤ ناڤەرۆکا چیرۆکێدا. لێ ئەم د کارین بێژین کو بەرهەمێ سەربۆرا نڤیسەرییە و ب شێوەیەکێ عەفەوی یان نەهشیاری کەفتییە تێدا، چونکو مەرەما سەرەکی یا چیرۆکێ پێشکێشکرنا ڤەگێرانەکا کەتوارانەیا رەوشەکا نیاسییە دناڤ جغزا ئیدیولۆژەکا دیارکریدا. ئەگەر مەرەم ئەو بیت، شێوازێ ریپۆرتاژێ باشترین دەربرینا ڤێ مەرەمێیە. ژبۆ ڤێ چەندێ ژی، ناڤەرۆک و رۆخسارەکێ هەڤگونجایی دایە دەقی. ئانکو ئەم د کارین بێژین کو هەرچەندە نڤیسەر د قۆناغێن چیرۆکێدا بۆرییە، لێ ژبۆ هەڤگونجانا رەوشا هەیی و تێگەهێ ئیدیولۆژیێ خوە، ب شێوەیەکێ ئۆتوماتیکی ڤەگەرایە سەر سەردەمێ کەتواری یا شۆپپارێز. ئەڤە

ژی وێ بوچوونێ دپەژرینیت کو نڤیسەر خۆدیکا جڤاک و دەردۆر و هەڤرکی یێن خوە یێن دەروونییە. هەروەسا هندەک ساخلەت و ئیشارەتێن قۆناغا کەتواری یا هەڤچەرخ ژی تێدا دهێنە دیتن کو پەهلەوانێن ڤێ چیرۆکە ریپۆرتاژێ دکەڤنە دناڤ هندەک بازنەیێن دائێخستیدا و ب بێهۆدەیی رەفتار و لڤینان دکەن. خالەکا دی یا گرنگا ڤێ قۆناغێ، رەتکرنا کەتوارێ هەییە و ئاڤاکرنا کەتوارەکێ دی یێ چێکرییە د خەیالا نڤیسەریدا، کو دبێژنێ (Wishful Thinking). رامانا وێ ژی ئەوە کو کا نڤیسەری چ دڤێت وێ هزرێ دکەت و ل گورەی وێ حەزێ، رەفتارێ ژی دکەت.

- بابۆ ئەز ژی دێ دگەل تە هێم...

- بەلێ بەلێ تو ب هەردوو چاڤێن خوە دێ بینی...

- وەی بابۆ چەند خۆشە زاخۆکا وە...

ئەڤ نموونە و گەلەک نموونەیێن دی یێن د پرانییا پەرەگرافاندا، وەسا ددەنە خویا کرن کو حەز و ئۆمێد یان پێشبینی یا نڤیسەرییە. لێ ل گورەی پێزانینێن پێشکێشکری ژ دیتنا کەتواری یا نڤیسەری و دانوستاندنا پەهلەوانان، ڤەرێژ و بۆیەرێن کەتواری نەدگەل ڤان حەزێن چێکرینە د نەهشی و مەژێ نڤیسەریدا. هەر ژ پارچا ئێکێ، نڤیسەر مە ئاگەهدار دکەت کو خەلک ژ شەرێ چاڤ ترسایە و یێ قەرەباڵغەکا دلینی و هزری و رەفتاری دکەن. لێ ب ڤێ

چیرۆکێ یان ریپۆرتاژێ، نڤیسەری دڤێت بەرێ وان بدەتە شەرێ. ئەڤ بابەتێن هە یێن نڤیسەر ب هەلچوون و دلینییەکا فیرهایی دەردبڕیت، لایەنێ جوانکاری



یا کورتە چیرۆکێ کز و لاواز دکەت. دبیت ناڤەرۆکەکا مەرەمدارا دەربراندی بیت یان ژ رەوشەکا سیاسی یا کەتواری و تێگەهێ هزریێ خوەیێ نڤیسەری بیت. لێ نەشیایە ب شێوەیەکێ سەرکەفتی بکەتە دناڤ کورتە چیرۆکەکا هونەریدا. وەکو

هەمی کارڤەدانێن میکانیزما بەرگری یا مەژی، پەنا برییە بەر شێوازێ ریپۆرتاژەکا رۆژنامەڤانی دناڤ کراسێ کورتە چیرۆکەکا پەسنکرنێدا، داکو سەرکەفتنەکا هونەری

ب دەست خۆڤە بینیت و مەرەما خوە یا ئیدیولۆژی بگەهینیت. ئەو ب خوە هەروەکو عەباس عەبد جاسم دبێژیت: «چیرۆکا پەسنکرنێ تێکهەلەیەکە ژ رۆژنامەڤانی و نڤیسینا وێژەیی یا داهێنەرانە کو شێوەیێ رۆژنامێ و پیڤەرێن

جوانکاریێ د پێکهاتەیێ خوەدا هەلدگریت»(3).

هەروەسا د قۆناغا کەتواری




یا رەخنەگرانە یا هەڤچەرخدا ژی، کو سەرەدەریێ دگەل دیتنێن کەتواری و کەتواریێ جڤاکی و یێ گریمانکی دکەت. دیسا ب شێوەیەکی عەفەوی و نەهۆشداری دکەفتە دناڤ ڤێ قۆناغا رەخنەییدا. ئەڤە ژی وێ چەندێ دگەهینیت کو نڤیسەر وەکو چیرۆکنڤیس خودان سەربۆرەکا ل سەرێک کومبوویی یە د وارێ کورتە چیرۆکێدا. بکارئینانا خوەییێ خوە وەکو خوەییەکێ سەربەست و خۆدیکا خوەییێ کۆما جڤاکی، ساخلەتەکێ هەرە سەرەکیێ ڤێ قۆناغێیە. هەر بۆیەرەک یان تشتەکێ د ڤی بیاڤیدا دهێتە دەربراندن، دەربرینێ ژ هزر و هەلویستێن خوەییێ نڤیسەری دکەت. ب ڤێ چەندێ ژی، هەر سەرکەفتنەک یان شکەستنەکا تۆشی پەهلەوانی دبیت، دەربرینێ ژ سەرکەفتن یان شکەستنا خوەییێ نڤیسەری ب خوە دکەت.

د دیتنا خوە یا کەتواریدا کۆمەکا پەهلەوانێن بارکری ب هزر و هەلویست و خەمێن جڤاکی و رامیاریڤە بکار دئینیت کو هەڤرکی یێن ساکارێن دناڤ جەرگێ کەتواریدا خویا کەت. ل دەسپێکا چیرۆکێ؛ ڤێ هەڤرکی یا دناڤبەرا شۆرەشڤانێن تازە هاتینە دناڤ جڤاکیدا و ئیدیولۆژیستێن هەیی دناڤ جڤاکیدا دەستنیشان دکەت. بێگومانە کو ئەڤ هەڤرکی یا هەیی یان ئەوا کو دێ چێ بیت، ژ جەرگێ دانوستاندنێن رۆژانە یێن کەتواری پەیدا بوویە. د نەهشیا نڤیسەریدا هاتییە گوگراندن، کو ل سەر دەڤێ پەهلەوانەکێ دەڤی بهێتە گۆتن. وەسا بۆیەران د دۆمینیت کو دەستپێکێن هەڤرکیێ ب دوودلی دهێتە خویا کرن. ئەڤە ژی مە دئینتە دناڤ کەتواری یا گریمانکیدا کو دویفچوون و چاڤدێرییەکا هووربین ژبۆ پەهلەوان و هەلویستێن وان دکەت. ئوو کریارا هەبوونێیە بەردەوامیێ ددەتە هەڤرکیێ، د ڤی بیاڤیدا کاک حەسەنی ل

سەر دوو ئاستان کار کرییە:

أ. ئاستێ خواندنا رەوشا هەیی کو ب دەستنیشانکرن و خویا کرنا هەلویستێ نەتەوەییێ پەهلەوانان و ساخلەت و ژێوەرێن رەوشا هەیی، هاتییە دەربراندن.

ب. ئاستێ رەنگڤەدانا رەفتارێن پەهلەوانان ژبۆ رەوشا هەیی کو ب گلی و گازندە و دیتنێن جودا ژ تەخا هەڤرک، هاتییە دەربراندن.

کەتواری یا حەسەن سلێڤانی ل سەر شەنگستێ هەڤرکی یا نەتەوەیی و هەڤرکی یا خوەیی یا دناڤبەرا هەمان گرۆپێن نەتەوەییدا هاتییە خویاکرن. ل جهەکی دبێژیت ئەز ب تنێمە.. یان دگەل گرۆپێن هەمەجۆرێن راگەهاندنێمە.. ل جهەکێ دی ژی، پەهلەوان قەستا بارەگایێ پارتی دکەت ژبۆ دابینکرنا ترۆمبێلەکێ ژبۆ رۆژنامەڤانێ بیانی. د ڤێرەدا دڤێت بێژیت گرۆپێن هەڤرک ژبۆ هەمان رێباز و هەڤرکی یێن نەتەوەیی هەنە. ڤێ چەندێ ژی، گرنگییەکا مەزن دایە کەتواری یا جڤاکی کو کەتوارێ کوردییە. ئەڤ رەوشا نوو یا کەفتییە دناڤ قادا رەوشەنبیری و جڤاکی و سیاسی یا جڤاکێ کوردیدا، کارتێکرنەکا پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ کرییە سەر نڤیسەری و ئەڤ کارتێکرنە ب ئاشکرایی ل سەر پەهلەوانان هاتییە دیارکرن. هەبوونا گلی و گازندە و نەرازیبوونا ژ رەوشا هەیی، ساخلەتەکێ دی یێ ڤێ قۆناغا رەخنەگرتنا کەتوارکییە. پەهلەوان مشت گازندەنە ژ شۆرەشڤانان یان ژ دەستەلاتا ژنوو چێبوویی. ئەڤە ژی ل گورەی زانستێ دەروونجڤاکی، دەستپێک یان رەهێن هەبوونا هەڤرکییەکا دەروونی یا ڤەشارتی یا پێشوەختە. ژ لایەکێ دیڤە ژی، پرانییا مرۆڤان (ل گورەی هزرا د. عەلی وەردی) خوە کاملان دبینن و ب ڤێ چەندێ ئۆبالا هەر شاشییەکێ د هاڤێنە سەر لایێ بەرانبەر، چونکو نەشێن یان نەڤێن خوە شاش و بەرپرسیار ببینن. هەڤرکی یا دناڤبەرا کەڤن و نوویاتییێدا یان باژێرڤانی و گونداتییێدا، هەڤرکییەکا کەڤن و دێرینە. باژێری ب شێوەیێ چاڤلێکرن و سەربۆرێ فێری هندەک رەفتارێن نازک و دیپلوماسی دبن کو ل دەف گوندییان نەکەهینە. لێ شەهنازی یا گوندییان ب مێرانی و مەردینی و پێکڤەگرێدان و هێزا ئێکگرتی یا گەفدار، ئازادی یا کەسۆکی یا باژێرڤانییان دئێختە دبن مەترسییێدا. ئەڤ هەڤرکی و ژ هەڤ ترسیانا ڤەشارتی و بەرێخودانێن جودا یێن هەر لایەکی ب یێ دی، ژ هەڤدووربوونەکا پێشوەخت د هزرێن هەردوو لایەناندا پەیدا دکەت. لێ ژبۆ هەڤسەنگکرن و تەپەسەرکرنا ڤێ هەڤرکی یا ڤەشارتی، هەردوو لا هەولددەن کو چاڤلێکرنا هەڤ بکەن؛ گوندییان باژێرڤانی یا مودێرن و سەرنجراکێش دڤێت، باژێرییان ژی هێز و شەهنازی یا گوندییان دڤێت. ئەڤجا ئەڤ گلی و گازندە یێن ژ هەڤ پەیدا دبن و هەر ئێک شاشیێ یان بێ سەروبەریێ دکەتە ئۆبالا یێ دی. ئانکو ب چاڤەکی سەح دکەتە رەفتار و بوچوونێن یێ دی و ل گورەی هزرا خوە لاوازی یێن هەیی بەرچاڤ دکەن:

- حەق ئەو بو ژ سەرێ سەرهلدانێ، گەلی و سێمێل و دهوک ب خودان بان و هزرا ڤێ رۆژا رەش کر بان، نە وەک نوکە، تێک شێلای بان.

- پا کا هوین خودانێن ئەزمانێن سێ گەز و نیڤ؟ کا هوین تاژیکێن کولانا.

- پا کا هوین، خودانێن دەبانجە و تفەنگ و رەخت و فیشەک؟

- پا کا کوردێن مە، کا چەپەرێن مە؟!

لێ چونکو ئەڤ هەڤرکییە نە بەرچاڤ و بەلییە، هەردەم دناڤ ناخ و دەروونێ کووراتی یا مرۆڤیدا ڤەشارتییە. لەوا نە یا رێکخستییە و ب ئاوایێ خوە یێ ساخلەم دەرناکەڤیت. ئوو چونکو ل وی دەمێ گوندی سەردەریێ دگەل ئازادی یا کۆمێ دکەن، ئەوێن باژێری پتر سەرەدەریێ دگەل ئازادی یا کەسۆکی دکەن. د ڤێ ئازادی یا کەسۆکیدا، کەسەک ژ مرۆڤی ب خوە گرنگتر نینە و ژبۆ پاراستنا ڤێ گرنگیێ، کەسێن ژ هەمان تەخا خوە ژی گونەهبار دکەن یان ئۆبالا شکەستنێ دئێخنە ستوویێ وان. ئانکو میناکێ کاملانی یا مرۆڤی رۆلەکێ کاریگەر هەیە د بەرێخودانێن مرۆڤیدا ژبۆ یێ بەرانبەر (ئەڤ بەرانبەرە چ بیت و کی بیت)، چ هەڤرک بیت یان هەڤال بیت، هەر دێ هەمان بەرێخودانا مە یا بالبەر هەبیت، ل بەرانبەری گازینۆ یا وەرزشی ب شێوەیێ فلاشباکێ دهێتە پێش چاڤێن پەهلەوانی: «پا

کا ئەو مرۆڤێن لێ کومبووین و نەهێلاین باش باخڤیت ژ دەست قوتانێ پێڤەتر».

ژ بلی ڤان خالێن مە گۆتین، گەلەک خالێن دی یێن جڤاکێ کوردەوارییێ تێدا هەنە مینا ڤان خالێن ل خوارێ:

1. دانوستاندنێن خێزانا کوردی یا بەرفرەهـ و مەزن، پێڤەگرێدانا کەسی ب عەشیرەتگەریێ و خێزان و زارۆکانڤە، یان باشترە بێژین هەردەم هێجەتا پاراستنا زارۆک و ژنێ رێگر و ئاستەنگن د بیاڤێ بەهانەکرنا نەشەرکرنێدا. وەکو گەرەوتەژیکرنەک، پەهلەوان دگەل ژنا خوە د ئاخڤیت و دلەکدلی وێ ددەت:

– نە ترسە، یێن خوە ئامادە دکەن بۆ بەرگرییێ و نۆکە گەلی تژی مێرن و خەلکێ قەستا وێرێ دکەن.

– چ خەما نە خوە، گەلی ئاسێ یە و ب خودانە.

– کورێ من های ژ خوە هەبە، بگەهە بابێ خوە و هەر دوو برایێن خوە.

2. مەردینی و مێڤانداری یا کوردان کو هەردوو پەهلەوان داخوازێ ژ رۆژنامەڤانەکێ بیانی دکەن مێڤانا وان بیت، چونکو نابیت ئەو ل کوردستانێ بیت و مێڤانداریێ بکەت. ئەڤە ژی ساخلەتەکێ گوندانی یا کوردانە کو هەردەم شەهنازیێ ب مێڤانکرنێ دبەن: «کچێ دینا خودێ ناچێبت، تو یا دناڤ مەدا، ئوو ئەڤە مالێن مەنە«.

3. رێزگرتنا خەلکێ بیانی یان خوە کێمدیتن: یەک ژ ساخلەتێن هەرە گرنگێن کو جڤاکێ کوردی شەهنازیێ پێ دبەت، رێزگرتنا زێدەرۆیی یا کەسێن بیانییە. ئەڤێ چەندێ ژی دوو جەمسەرێن سەرەکی هەنە؛ رێزگرتنا کەسێ بەرانبەرە یان ژی خوە کێمدیتنا ل بەرانبەری بیانییانە. بابەتێ خوە کێمدیتنێ ژی گرێیەکا دەروونییە، جڤاکێن موسلمان دبێژنێ گرێیا خەواجەی، کو هەر کەسەکێ بیانی (خەواجە) ژ خەلکێ دەڤەرێ باشتر و جوانتر و ئاقلتر و گرنگترە! وەسا ددەنە خویاکرن کو ژێیاتییا کەسەکێ بیانی بۆ دەڤەرێ سەرکەفتنەکە یان ژی دەستکەفتەکە، چونکو وەلاتێن بێ ئالا هەردەم هەست ب کێماتییەکێ دکەن. ئەڤ هەستکرنە کریارەکا سروشتییە، چونکو ب راستی ژی تشتەک ژێ کێمە. ژبۆ تژیکرنا ڤێ ڤالاهیێ، پەنایێ دبەنە بەر قەبوولکرنا یێ بەرانبەر ب هەمی باشی و خرابی یێن وانڤە: «وەرە ببە یەک ژ مە و ل ڤێرێ بمینە، ما نە باشە؟»

زێدەباری ڤان خالێن جڤاکی و گەلەک خالێن دی یێن کو ئیشارەت نەدایێ، هندەک هەڤۆکێن جوانێن کورتە چیرۆکا هونەری د ئاستێ رێزکێن ب جەڤەنگ و مەرەمداردا هەنە مینا: «دەمێ ئەم کەتین د زکێ گەلیدا، بێهنا بارویتێ خوە ل دفنێن مە دا و دەنگێ پەقینا توپا خۆشتر لێ هات».

ل داویێ دبێژین کو ئەڤ کورتە چیرۆکا ب شێوازێ ڤەگێرانەکا کەتواری ژ ناخێ نڤیسەری و دەردۆرا وی دەرکەفتی، دکەفتە د خانا چیرۆکا وەسفکرنێدا. چیرۆکا وەسفکرنێ ژی شێوازەکێ چیرۆکێیە، مینا تویژاندنەکا زوهنی و رۆژنامەڤانییە. د کارین وەکو ریپۆرتاژەکا رۆژنامەڤانی سەرەدەریێ دگەل بکەین. ساخلەتێ هەرە سەرەکیێ ڤی شێوەیێ چیرۆکێ ئەوە کو ب شێوەیەکێ هونەری یان سەردی، بەحسی دەستێوەردانا پرسەکا جڤاکی دکەت. نڤیسەری شیایە ب شارەزایی سەرەدەریێ دگەل ڤی بابەتێ ریپۆرتاژکی بکەت و ب ئاوایەکێ هونەری یێ جوان داریژیت کو وەکو کورتە چیرۆکەکا هونەری بهێتە حسابکرن.

**ژێدەر و دەهمەن:**

1. حەسەن سلێڤانی (2008). ژ دەفتەرا سەرهەلدانێ. سایتێ ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد/ دهۆک (www.duhokwriters.net).

– هەروەسا ئەڤ چیرۆکە هاتییە وەرگێران ب زمانێ عەرەبی کو کۆمەکا داتراشین و هندەک پەرەگرافێن زێدەتر ب خۆڤە گرتینە و د کۆما چیرۆکێن (من دفتر الانتفاضة) دا هاتییە بەلاڤکرن (ل 41-77)، ل سالا 2012 هاتییە وەشاندن. لێ من پشتبەستن ب دەقێ ئێکەم کرییە، ئەوێ ئاماژە پێ هاتییە دان.

2. عباس عبد جاسم (1982). قضايا القصة العراقية المعاصرة. دار الرشيد للنشر، منشورات وزارة الثقافة والاعلام. بغداد، العراق.

3. ژبۆ پتر پێزانینان سەحکە ژێدەرێ (2).

# دەق

- **بادەی ئەلەست**

غەریب پشدەری

- **ئەو دڵەی لە جوانسەرایەکەوە گیری خواردووە**

موحسین ئاوارە

- **مەرگ.. هێندە ناشیرین نیە**

مەولود ئیبراهیم حەسەن

- **قەلنە**

ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی

- **دوژمنێکی نادیار**

مستەفا نادر



# بادەی ئەڵەست



**غەریب پشدەری**

کێ بێ بادەیەک ...
بۆ سەری کاسم ...
پڕکا لێواولێو
یەکێکی دیکەش
گوناهەکانمی، پێ بشواتەوە ...
لە شتی دزێو

* * *

کەس پێی وانەبێ ...
کە لێو دەنێمە سەر لێوی بادە
ئاگام لەخۆم و لە کەس دەمێنێ
من دارەبەنی ...
بوختان پێکراوی، سیامەند کوژم
شنەبای ئازار... بێ ئاگا لە هیچ
دەمبا و دەمهێنێ

* * *

هەر لەو ڕۆژەوە ...
کەوتوومەتە ناو، چاڵی ئەم ژینە ...
قووڵ و لاڕێیە
کەسێ بۆ کزەی هەناسەیەکی ...
ساردی حەسرەتم، لای نەکردەوە...
بپرسێ کێیە !

* * *

زۆر کەس پێی وایە ...
من شەوە زەنگی، ئەنگوستە چاوی ...
دەستی نەگبەتیم
یاخود هەورازی ...
پڕ دڕک و داڵی، سەر ڕێی کاروانی
ماندوو و شەکەتیم

* * *

با دڵنیابن ...
تاوانی من و یاسای ئەم ژینە
هەردوو هاوکێشەی ...
تای یەک تەرازوون
با ئەمڕۆش بەلای ...
مندا لاسەنگ بێ، ئەو بێدادییە
ئەو ڕۆژە دادێ، بۆ ڕاستکردنەوەی
دەستی درێژکا ...
سووڕانی گەردوون.

* * *

بۆیە تا ئەو دەم ...
ئەگەر با دەکەم، هاتە نیوە بوون
بۆم پڕکەنەوە
کام شادەماری ...
ناخی دەروونم، کەوتەوە لێدان
بۆم سڕکەنەوە.

# ئەو دڵەی لە جوانسەرایەکەوە گیری خواردووە

( ١ )
وەک عەلی شوون هەڵگر
شوێن پێیەکانتم هەڵگرت
بە دوایدا ڕۆیشتم
ڕۆیشتم .. ڕۆیشتم
پێم سەیر نەبوو گیرسایتەوە
لە هەمان سەرچاوە
لە ناو دڵمدا
( ٢ )
بەڵێ بەڵێ زانیم
بۆ وا دڵم قورس بووە
ئێ دە وایــە ، تۆم لە دڵدا هەڵگرتووە
( ٣ )
یەکێک لە ناو دڵمدایە ، دەزانم کێیە
خۆ ئەگەر بمرم ، ئەو دڵەم لە کار دەکەوێت
،ئەی ئەوەی لە ناو دڵمدایە
هەر لەوێ دەمێنێت ، یان لێیی دەردەچێت ؟
( ٤ )
گوڵەکەم
چەند جار بە خەیاڵ
سەرت بە سەر شانی من کردووە و خەوتووی
چەند جار بازی خەیاڵ تۆی فڕاندووە و
ڕاچڵەکێوی و بە ئاگا هاتووی
شریتی خەیاڵت پچڕاوە
کەچی وازت نەهێناوە ، هەر بە دووی کەوتووی
( ٥ )
تۆ دەتەوێت ،
لە سەر ئەو تیشێرتە تازەیەی کڕیوتە
لە نێوەندی دوو دوندی هەڵپەڕماوتا
وێنەی پڵنگێ وێنا کەم
هەورازتریش لە گۆشەیەکیا
لۆگۆیێ چەسپ کەم
لەو کاتەدا کە چاوم لە سەر
گردۆڵکەیەکی خز و هەڵدێرە
کەچی تۆش پێم دەڵێیت
لۆگۆیەکی نایابم بۆ هەڵبژێرە ؟!
( ٦ )
لەو کاتانەی لە خەو هەڵدەستم
باویشک ئەدەم و خۆم لێک ڕادەکێشم
وا هەست دەکەم سەر قاڵم و
دەست بەتاڵ نیم و پڕ ئیشم
وەک باڵندەیەکی ئەفسانەیی
بە سەر دۆسیەی (ئەوین)ت و
ئیشەکانی تۆدا هەڵدەنیشم
هەر کەس و کەسانێک
بۆ هەر کارێک ڕامبسپێرن
بیانەوێ بۆ هەر کارێک بمنێرن
دەڵێم سات و بوارم نییە
بۆ تۆش گشت ساتەکانم (فری)یە
لە سەر پێیە و باڵ دەگرێ
وەک مۆبایلەکەم کراوەیە و داناخرێ
بە سەر کەلوی ساتەکانمەوە هەڵدەگەڕێ
( ٧ )
خۆ ئەمشەو شەوی یەڵدا نەبوو
بۆ هێندە درێژ بوو
بە درێژترین شەوی بزانم
وەک ئەوەی تۆم لێ تۆرا بێ
ئاوا خەو تۆرا بوو لە چاوانم
وا بەیانییە و خۆر سەری دەرهێناوە
تەڵخە ژوورەکەم و هەست دەکەم
لە ژوورێکی ئینفرادی و لە زیندانم
بەڵام کاتێ زەنگی دەرگا ڕاپەڕاندم
تۆ بووی هاتی و دەستی (هەتاو)ت گرتبوو
لە ئینجانەکانی ماڵەکەمدا
خونچەکانی ئەوین پشکووت و کرانەوە
وەک تۆ بوون بە گوڵ و
کەوتنە سەما و جولانەوە
ماڵ ئاوەدانی تێکەوت
نمرەکانی ورەی دابەزیوم
وەک فڕۆکەیەکی تیژ ڕەو سەرکەوت



موحسین ئاوارە

# مەرگ.. هێندە ناشیرین نیە !!

بەماڵی خۆم ناکەومەوە
ئەو شەقامەی دەچیتەوە گەڕەکی ئێمە
لە سەر نەخشە نەماوە.
ژمارەی درەختی موبایلەکانم
لێ تێکەڵ بووەو
کێوی(ئیمەیل)ەکەم
ناکەوێتەوە بەرچاوم،
(پاسۆرد)ەکەم..
بەستوویەتی
هیچ ڕێگایەک
ناچیتەوە ماڵی
(فەیسبوک)ەکەم.
ئەو نامانەی دەیاننێرم
دەڵێ   تەنیا لە کاتی تەنگەتاوی دا  !!
ژیان هێندە شلۆغە ڕێم نیە بڕۆم
کەسێ نیە بەلەد بێت  !
ئەو دەنگانەی دەیانبیسم
بۆم شیناکرێنەوە.
(موو)ی هەر(ئەسپێ)ک دەسوتێنم
هاژە ی باڵێ هاتنیان لە ئاسمانەوە نایەت.
هەر(ئەنگوستیلە)یەک بادەدەم
گرمەی(دێو)ێک ناڵێ: لە خزمەتم  !
هەر(کڵاو)ێک لەسەر دەنێم،
بزرنابم !!
بەماڵێ خۆم ناکەومەوە،
گەڕەکەکان
چەند لە یەک دەچن،
شارەکان
چەند لە یەک دەچن،
ئەستێرەکان
چەند لە یەک دەچن !
شەو بەڕۆژ ئاوسە
ڕۆژ بە شەو.
کات..
تام و بۆن و ڕەنگی لەدەست داوە.
من کەی و لە کوێندەرەوە هاتووم ؟
بۆچی و بەرەو کوێندەر دەڕۆم ؟
ڕابردووم نەماوە
ئێستام ناناسمەوە
داهاتووم
لەوە ناچێ بێت !



مەولود ئیبراهیم حەسەن

شەقامەکانی ئەم ژیانە
چەند بێ هێمان
جەستەم (دارە بزمار)انە
برینم هەمووی دووبەدەرە
ئەو برینانە ئازارم نادەن
ئەو تیرانەی لەدوورەوە دێن
زۆر بە ژانن
هیچ(ئۆف)ێک
نابێ بە(کۆد)ی
کردنەوەی دەرگای هیچ ئەشکەوتێک
کە (دور)ی ئومێدی تێدا پەنهانە.
چراکەی ڕۆژم ناسوتێ
شەو هەناسەی لە ژیان بڕیوە
ئەستێرە لە سوور کەوتووە
ساڵ بێ وەرزە
بەری هیچ درەختێک پێ ناگات
تاریکی بە چەقۆ کووز کووزکە
زەمەن لە زەمەن بوون کەوتووە
چ سەرو سیمایەکی پەیداکردووە مرۆڤ!
گڵۆپی هەموو یاساکان کوژاونەتەوە
(گۆدۆ) بە تەمای هاتن نیە
کەس نە ماوە چاوە ڕێی بکات!
ئەوەی ئەستەمە
مردن نیە،
نەمانی هێماکانی ژیانە
لە شەقامەکانی مەرگ
بوون دۆزەخە
نەبوون بە هەشت
لە نێو ئەم نە بوونی ژینە
بە هەشتێکم دۆزیوەتەوە
بەهەشت چ غەریبستانێکە
ژیان تێیدا زۆر ئەستەمە.
دەتانبێنم فریشتەکانی ئازار
هەربەرگێک لە بەرکەن
بە هەرزمانێک بدوێن
لە هەر دەم و
لە هەرلایەوکەوە بێن،
من بە ئازارەکانم دەتانناسمەوە.
روحم جێ قامچی ئێوەی بەسەرەوەیە
جەستەم نا..
ئەوەی ئازارم دەدات
مردن نیە
برینەکانی جەستە نیە
ئەو تیرانەن کە بەرەو روحم دێن.
هەموو بەیانیەک من ناگەمە (زانکۆ)
هەموو ئێوارەیەک بە(ماڵ) ناکەومەوە !
چرایەکم دەست کەوتووە
ڕوناکیەکەی دەخەمە باخەڵم

لە جیاتی(گلگامش)
(گیای نەمریی) دە گەێنمە شاری (ئورووک).
نهێنی مانەوەم دۆزیوەتەوە
مەرگی(ئەنکیدۆ)ی روحی خۆم دیوە
دەمیکە کرم لە لوتم دێتە دەرەوە
مەرگ هێندە ناشێرین نیە
کە گلگامش باسی دەکات.
جوانیەکانی ژیان
لە دەمی ژنە مە یفرۆشەکە ببیسە،
ئەوەی نەمریی بەدەست هێنا
(ماری گیاخۆر) نەبوو
ئازارەکانی من بوون.
(ئەشتار) تەواوی ژین
من لە(بندونیایێ) بەند دەکات،
هیچ (نەورۆزو سەرەساڵ)ێکم نیە
بۆ ڕزگار بوون !
ئەو چرایە نەبوایە لە نێو دڵ
من زەمانێک بوو کوژابوومەوە،
هۆکانی نەمریی
ئازارەکانی منن
نەک گیای ژێر دەریا
ئەوە ئاوازی شمشاڵی ئەشقە
سرە بە مەرەکان دەگرێ
بۆ سەرکەوتن بە(پەیژەی مەرگ)
(کراسی ئاسودەیی)..منی لە بەرکردووە
ڕەشەبا دەستی پێی ناگا
من نهێنی ژیانم دۆزیەوە
ئاوی ژیان نا
نەمریی ئەوە نەبوو
گلگامش بەدوای دا دەگەڕا،
ژیان ئەوە بوو(ژنە مەیفرۆش)ەکە باسی دەکرد.
نەمریی ئەوە بوو(میرمح)
نەچێتە سەر (گرێ هەی هایێ)
ژیان ئەوە بوو میرمح
هەر(سێ سێو)ە کە ببەخشێ
من تەنیا سێوێکم بەدەستەوە ماوە
ئاسودەیی ئەوەیە
ئەو سێوە ش ببەخشم.
بۆنی کەس وکارو ماڵ و شارو وڵاتی خۆم دەکەم
پێویستە بەسەر
گردی هەی هایێ کەوم
بێ کەس وکار
بەهەشت ئێتر تامی نەما
پێویست بە خۆکوشتن ناکات
ساڵانێکە بڕیاری مەرگمان دراوە
بڕیاری جاری دووەم !

ئیتر جەستەم گوڵلە نایبڕێ
(کراسی ئاسودەیی).. منی لە بەرکردووە.
(سیزیف) ئێستا شاخ دێنێتە ژێربەردەکە
(دۆنکیشۆت) شەڕی با ناکات و
ڕاکشاوە سەری بە شمشێرە ئەلماسەکەی
کردووە
(نیقاپۆش) ئێستاش
کەس نیە جڵەوی ئەسپەکەی بۆ بگرێ !
سەرێک هێژای تاج بێت،
ئەوە سەری (مەستوورە)یە.
(ئەحمەد پاشا)..
لە (گەرماو)ە جوانەکەی (عەبدال خان)..
دڵی پڕبوو لە ترس !!
تۆپەکانی (وەستا ڕەجەب)..
بە فرمانی پاشای گەورە
ڕوویان لەهەر چوار کەنارە،
هەواری کوردان دوورە، ترک خائینە..
لە(هەڵەبجە) ژەهر ڕشێنە
لە گەرمیان منداڵ چاندنە..
لە(شنگال) چەقۆ بە ملان ڕاناگات،
لە (کۆبانی) بەرەڤانی..بە کەلەخانە !
لە (سنە) پەت خوێنی لیدەتکێ،
لە (ڕۆبۆسکی) شەهید قەتارەی بەستووە.
(ئەژدیها) بەری ئاوی گرتووە لە عەفرین،
لە دوورەوە چرایەک کز کز دەسوتێ
دەنگێک هەتا دێ نزیک دەبیتەوە
هەواڵی گەیشتنی (هەواڵ) بەڕێوەیە !!

**پەراوێزی هەندێک ناوو وشە :**

– گرێ هەی هایێ: گردی هەی هایێ ئەو گردەیە لەنیو ئەو بە هەشتە دایە کەمیرمح پاڵەوانی گەران بەدوای نەمرییدا لە ئەفسانەیەکی برا ئیزەدیەکان پاش گەرانیکی زۆر بەدەستی دێنێ و لەم بە هەشتە هەرچی دڵ بیخوازێ هەیە و دەتوانێ بیکاو بیخوا،بەلام تەنیا نابێ سەر ئەم گردە بکەوێ! دواجار سەر ئەم گردە دەکەوێ، گرد لە خۆوە بەرز دەبێتەوە..هێندە بەرز دەبێتەوە، پاش هەزاران ساڵ و لە دووری هەزاران کیلۆمەتر بۆنی کەس و کاری دەکاو ماڵ و شارو وڵاتی خۆی دەبینێ وغەریبی هەڵدەستێ و بەهەشت بە جیدێلی و دەگەرێتەو ئەو وڵات و شارو ماڵەی کە کەس نایناسێتەوە.
– موو و ئەسپ: لە زۆر لە ئەفسانە کوردیەکان لە پاداشتی چاکەیەک کە پاڵەوان لە گەڵ ئەسپی باڵداروسەر مرۆڤ دەیکات، سێ داوە موو دەدات بە پاڵەوان و لە کاتی تەنگانە پاڵەوان مووەکان دەسوتێنێ و ئەویش دەس بەچێ دەگەنە هاواری.

-ئەنگوستیلە: ئەمەش هەردیاری دێوە و لە کاتی پێویست پاڵەوان بایەداو دێو یەکسەر دەگاتە لای و دەڵێ : فەرموو لە خزمەتم.
-کڵاو:..مەبەست کڵاوی سەخرە جنە، ئەو کڵاوە بە پیی ئەفسانەکان هەرکەسێک بیکاتە سەر کەس نایبینێ
-دارە بزماران: لەکوردەواری زۆر داری پیرۆز هەن و بە بڕوای خەڵک مرازان ئادا دەکەن، زۆرتر کچ و کوڕی گەنج بۆ ژن هێنان و شوکردن بزماریک لە دارەکە دەکوتن و چاوڕێی کرانەوەی بەخت دەکەن، لە زۆر ناوچەی کوردستان ئەم جۆرە دارانە هەن و بزمارڕێژکراون.
-ئۆف: لە ئەفسانەی کوردیش هەندێک وشە هەن هێزی کاری گەریان هەیەو لە کاتی گوتنیان کاردانەوە ڕوو دەدەن، وەک ئەوەی پاڵەوان دەڵی: ئۆف. لە پر دێویک پەیدا دەبیت و دەڵی: ئەمرکە. هێندە هەیە ئەمە لە خۆرا ڕوودەدات
گۆدۆ: پاڵەوانی گرنگترین شانۆگەری (سامۆئیل بێکت)ە و هێمای چاوە ڕوانی کە سێکە کە نایەت.
-گیایی نەمریی گلگامش: ئەو گیایەبوو گلگامش لە ژێر دەریا هێنای و دەیوێست لە شاری ئۆرووک بیچێنێ و هەموو خەلکی ئۆرووک بیخون و نەمر بین. گلگامش پاشا پاڵەوانیکی دوولە سێ بەش خوداوەندبوو لە هەزارەی سێیەمی پێش زاین حاکمی شاری ئوروک بوو.
پەیژەی مەرگ: لە چیرۆک و بەسەر هاتێکی کوردەواریدا و لە ئاشق بوونی کوڕە شوان بە کچی ئاغاکەی، شوانە هونەرمەندێکی شمشاڵ ژەنی وای لیدەردەچێ، کە دەتوانی بە شمشاڵ قسە لە گەڵ مەڕەکانی بکات و بۆ هەموو ڕادان و لە وەڕاندن و خرکردنەوەیەک شمساڵ بەکاربێنێ. دواجار ئاغا کچەکەی نادات بە شوان و داوی لێدەکات بە شمشاڵ مەڕەکانی سەر کۆشکی چەند قاتە بخات.. شوانە بە ئەشقەوە شمشاڵ دەژەنێ و بانگی مەڕەکان دەکات بۆ سەربان و سەر پەیژەی دار بکەون! مەڕەکان یەک یەک سەرە دەگرن و سەر پەیژەدەکەون بەرەو شوانەی ئاشق..لەوڵاوە ئاغا پایەی چروکی لە پەیژەکە قایم کردووە هەرمەڕێک دەگاتە پەیژە چروکەکە بەردەبێتەوەو دەکەویتە بنی دۆڵە کە..کە شوانە سەیر دەکات هیچ مەڕێک ناگاتە لای ئەو سەرسام دەبێت، ئاغا پێی دەڵی نەتتوانی مەڕەکان بانگ بکەیتە لای خۆت. شوانە کە سەیر دەکات مەڕەکان هەموو کەوتوونەتە نیو دۆڵەکە و مردوون.. ئەوێش لەوبانە خۆ هەڵدەدێرێ و دەمرێ کە کچەش ئەمە دەبینێ ئەوێش خۆ هەڵداوێتە نێو دۆڵەکەو

دەگاتە شوانەی ئاشق و هونەرمەند و ئەویش وەک ئەوان دەمرێ.
-ئەنکیدۆ: ئەو کێوییە بوو خوداوەندانی سۆمەر بۆ نەدیمیی گلگامش ئەفراندیان و دواجار بوون بە برای گیای بە گیانی.
-ماری گیاخۆر: ئەو مارە بوو.. ئەو گیایەی خوارد کە گلگامش بە زەحمەتی زۆر لە ژێر دەریا هێنابووی، باوەڕ وایە کە مار بە خواردنی ئەم گیایە نەمریی بەدەس هێناوە.
-ئەشتار،عەشتار: خوداوەندی ژن ودەسە لاتدارو ئاشق بە دەمموزی، لە داستانی – دەمموزی و ئەشتار - سۆمەریدا.
-بن دنیایێ: جیهانی ژێرەوە لە ئەفسانە سۆمەریەکان، ئەو جیهانەیە کە دەمموزی شەش مانگ تێدا دەس بە سەرە.
-نەورۆزو سەری ساڵ: ڕۆژی هاتنە دەرەوەی دەمموزی لە جیهانی ژێرەوەو بن دنیایێ دەکاتە ڕۆژییەکەمی سەری ساڵی سۆمەری و دەکاتە ڕۆژی نەورۆزی ئێمە. هەر ئەمەشە کە٠(مەلای جزیری) لە شیعرێکدا دەفەرمووێ: نەورۆزو سەری سالێ دلا.
کراسی ئاسودەیی: شیعرێکی دی ئێمەیە و هەرلە فەیسبوکەکەم بلاو بووەتەوە.
ژنە مەیفرۆش : ئەو ژنەبوو کە گلگامش لە ڕێگای گەڕان بە دوای گیای نەمرییدا توشی بوو، لە مەیخانەیەکدا کاری دەکرد، کە زانی گلگامش بەدوای گیایی نەمریدا دەگەڕێ، زانی کارێکی بێهودەدەکات کەوتە ئامۆژگاری کردنی و گوتی : گلگامش برۆ دەست بە سەری منداڵە کەت دابینەو دەستی ژنە خۆشەویستەکەت بگرە بەختیاری لە وێندەرە.
-سێ سێو: ئەو سێوانە بوون لە بەهەشتی پەریان دایان بە(میر مح) بۆ ئەوەی هەتا ئەو سێوانەی لابێ نە مرێ، بەڵام : میرمح بە سۆزی مرۆڤ بوون دواجار هەرسێ سێو دەدۆڕێنێ و دەمرێ.
-سیزیف: سیسیفۆس بە پێی ئەفسانە ئەغریقیەکان یەکێ لە پیاوە هەرە فێلبازەکان بوو، توانی خوداوەندی مردن ثاناتۆس لە خشتە بەرێ، بەم هۆیە خوداوەندی گەورە زیوس لێی تورە بوو، بەوە سزای دا کە بەردێکی گەورە بگە یێنێتە سەر لوتکە، هەموو جارێک کە بەردەکەی دەگەیاندە نزیک لوتکە بەرد غلۆردەبووەوە..بە هوی بەردەوامی ئەم هێنان و بردنە بووە هێمای عەزابدانی هەمیشەیی.
– دۆنکیشۆت: پیاوێکی لەڕو لاوازی تەمەن پەنجا ساڵەیە، بە هۆی خوێندنەوەی زۆر ژنی نە هێناوە و بەزۆریش کتێبی سوارچاکان دە خوێێتەوە و دەیەوێ ڕۆژگاری ئەوان بژێنێتەوە، لەسەدەی شانزە دا دەژێ و لە ئەسپانیا،لەخۆی دەگۆڕێ و خودە دەکاتە سەرو زرێ دەپۆشێ و ئەسپێکی لەڕ پەیدا دەکات و کۆنە شمشێرێکی ژەنگاوی باوانی دەگرێتە دەست و دەچێتە شەڕی – ئاشی با – یان. دەیەوێ یارمەتی هەژارو هەتیوان بدات.ئێستا ئەو پیاوە نموونەی پاڵەوانی خەیاڵ پڵاوی لە واقیع دابڕاوە.
-نیقاپۆش؛ ژنە پاڵەوانێکی نێو ئەفسانەی کوردیەو بە دوای پیاوێکدا دەگەڕێ کە لەبەردەمی ئەشکەوت جلەوی ئەسپەکەی بۆ بگرێ و ئەویش بچێتە شەڕی دیوان و تۆڵەی براکەی لە چل دێوان بکاتەوە.
-مەستوورە: ژنە شاعیرو مێژوونووسی کوردە مەستوورە، ژنێکە لە ماڵباتی ئەردەلانیەکانەو زۆرێش لێهاتووە، لە شێعرێکدا باسی خۆی دەکات ودەنووسێ: ئەو سەرەی هێژای تاجە.
– ئەحمەد پاشای عوسمانی – گەرماو –عەبدال خان: ئەحمەد پاشای عوسمانی لە ساڵی ١٦٠٥ دا سەردانی شاری بەدلیس دەکات کە عەبدال خانی کورد تێدا حاکم دەبێت، لەو سەردانە عەبداڵ خان پیشوازیەکی شاهانە لە ئەحمەدپاشا دەکات و شارە پیشکەوتووەکەی خۆی پیشان دەدات، یەکێ لە و پێشکەوتنانە گەرمای بەدلیس دەبیت، ئەحمەد پاشا کە گەرماوە کە دەبینێ سەرسام دەبێت و دەست بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێ و دپاڕیتەوە و دەڵێ: خودایە گەرماوێکی ئاوا لە ئەستە مبۆل هەبوایە چی دەبوو !!؟ دواجار ئەحمەد پاشا نە چوو گەرماوێکی ئاوا لە ئەستەمبۆل دروست بکات لەشکری هێنا و شارەکەی وێران کرد !!
– تۆپ – وەستا ڕەجەب: پاشای ڕەواندز پاشای گەورە کە بەتەمای دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان بوو، لەگەڵ محەمەد عەلی پاشای میسر ڕێککەوت بوو بۆ ئەم مەبەستە، هەربۆیە دەیزانی پێویستی بە لەشکری بە هێزو چەکدار دەبێت بۆ ئەم مەبەستە وەستا ڕەجەبی هێناو چەکی پێ دروستکرد.. ئێستاش ئەو تۆپانە نمونەیان ماوە لە رواندزو لە بەغدا.
– هەڵەبجە و شنگال و کۆبانێ و سنە: شارو دێی هەرچوار ئاڵی کوردستانن و هێمای شارو دێی غەدر لێکراوو وێرانکراون بەدست داگیرکەران و کارەساتی گەورەی تێیاندا رووی داوە.
-ئەژدیها : لە ئەفسانە کوردیەکان زۆر جار ئەژدیها بەری ئاو لە شارێک دەگرێ و ئاو بەرنادات و هەر ڕۆژەی دەبێ کچێکی جوان و ڕازاوە بە سنیەک خواردنی زۆرەوە ی بۆ بەرن،..ئەوسا کەمێک ئاو بەردەدات، تادواجار پاڵەوانی چیرۆکە ئەفسانەییەکە دەیکوژێ.

## چیرۆک

# قەڵنە

ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی



(فەرەجی پیر) قەڵنەکەی داگرتەوە، بە درێژایی تەمەنیشی نەجگارەی دەفتەر و نەجگارەی قامیشی داگیراو و نەپاکەتی نەکیشاوە. تەنیا قەڵنە، ئەویشی لەوەتەی گەڕابۆوە مەفتەنی بە تووتنی خۆماڵی دەکێشا، ئەو تووتنەی کە دەیکڕی پێشتر لای تووتن فرۆشەکان ڕایسپاردبوو، کە دەیهێنایەوە ماڵەوە دەکەوتە بژارکردنی لە دارکە، لەو دەغیلانەش کە خزابوونە نێو تووتنەکەوە. پاشان ماوەیەکی کورت لەبەر خۆردا دەیهێشتەوە تا گەر نمەو شێیەکی کردبێت وشک بێتەوە، دوای ئەوە هەر خۆی چین چین دەیکردە سەر سینیەک و تەتەڵەی دەکرد، دوایی بە گوێرەی پێوستی ڕۆژانەی دەیکردە نێو کیسە بووزییەکەی و تۆزەکەشی لێدەتەکاند.

بەدەستەڕاستی قەڵنەکەی گرت و بە پەنجە ئەسپێ کوژەی دەستە چەپیشی تووتنی نێو سەرە قەڵنەکەی کەمێک پەستایەوە، دەسکی قەڵنەی خستە نێو ددانە شاش و بۆشەکانی، خدوو و سروشتی قەڵنەکێشانیشی وابوو کە هەردەم دەیخستە قوڵنچکی لای ڕاستی لێوەکانی، ئەم جۆرە قەڵنە بەلالێو گرتنەی لەگەڵ سمێڵە ئەستوورەکانی جوانی و کەشخەییەکی بە سیمای دەموچاوی دەدا و لێیدەهات و لێیدەوەشایەوە، لەم شێوەیەیدا لەبیانی دەچوو، قسەش هەبوو ئەم ڕەفتاری قەڵنە کێشانەی لەو سەردەمان کە سەربازی (لیڤی) بووە لەوێ فێری بووە و خووی پێوە گرتووە. بەهۆی سەربازی بوونەکەشی زۆر وڵاتان گەڕاوە و دیویەتی و کەسێکی دنیا دیتەو چاوکراوە و وشیار و قسەزان و بە ئاگای لێدەرچووە.

لەکاتی قسەکردندا وەک شێخ و مەلاکان چۆن ئایەت و حەدیس بۆ چەسپاندنی قسەکانیان دەهێننە ناو قسەکانیانەوە، جارجارە جێگەی بە وشەیەکی ئینگلیزی، یان ئیتاڵی، یان فەرەنسی دەکردەوە و تێهەڵکێشی نێو بابەتی قسەکەی دەکرد. دەیویست بۆیان بسەلمێنێت کە شت دەزانێت!.

شێوە قەڵنە کێشانەکەی کاریگەری بەسەر دەوروبەری لەکەسە نزیکەکان و هاوڕێیەکانیشی کردبوو، وایلێکردبوون ئەوانیش گیرۆدەی قەڵنەکێشان بن و لاسایی قەڵنە کێشانی فەرەجی پیر بکەنەوە و حەزیان بە هەنتەش و قسەکانی و دەمەتەقەکانیشی بکەن.

دەوروبەری (فەرەج) یان لەکن بە گەڕیدەی چاوکراوە و دنیا دیتە و مەشرەف خۆش و قسەزان دەزانی، کە هەرجارەی لێیکۆدەبوونەوە وەک ئەوەی لەوەپێش هیچ گوێیان لەبەسەرهاتەکانی نەبووبێتن و نەیگێڕابێتەوە دەیانخوراند و تیختیخەیان دەدا، تا لەڕووداو و بەسەرهاتەکانی سەربازییەکەی لە ئەم شارو ئەو وڵاتان کە تووش هاتبوو و دیتبوونی بۆیان تێهەڵچێتەوە و بگێڕتەوە.

ئەویش وەک حەکایەتخوان هەرجارە و بەنزموشێوەیەک، بە تام و بۆیەکی نوێشەوە، وەک

چیرۆک و بەسەرهاتەکانی هەزارو یەک شەوە لەمەراقدا دەیهێشتنەوە. بەدەم قەلنە کێشان و بەباکردنی دووکەڵە خەست و چڕەکە، کە لەکونە لووتەکانی و بەنێو سمێڵە ئەستوورەکەیدا کە پێش کونە لووتەکانی گرتبوو دەردەچوو، دەکەوتە گێڕانەوە تاچرکەیەکیش هەندێ لەدووکەڵەکە لەنێو مووی سمێڵە ئەستوورەکەیدا گیر و پەنگی دەخواردەوە و درەنگتر لەنێو مووەکاندا دەڕەویەوە.

مووەکانی پێش هەردوو کونەلووتی مەیلەو قاوەیی هەڵگەڕابوون و مووەکانی ئاست کرکراگەی نێوان کونەلووتی کاڵتر و مەیلەو زەرد دەچۆوە، لەدوو سایدی ڕێگای پێش توونێل دەچوون. دووکەڵەکە دەبووە تەمتومانێک و تاچەند چرکەیەک سیمای لەکەسەکانی دەوروبەری دەشاردەوە، بەزەوق و گوراح و تام و چێژێکیشەوە باسی شەڕ و بەسەرهات و ڕووداوو کارەساتەکان و کوڕێنی خۆی لە ئەم وڵات و لەو ئەو وڵات، لەو ئۆردی و لەم ئۆردی سوپا لیڤیەکە کە وەک چێشتی مجێور تێکەڵەی هەموو دنیای تێکەوتبوو دەگێڕایەوە، لەقسەکانیدا وای دەردەخست، یان وای بە کۆڕ و مەجلیسەکە نیشان دەدا کە سەربازێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو پلەداربووە، نەشیدەدرکاند کە ئەو پلەیە چ بووە، ئەوەشی هەر وەک قسەو باسەکانی دی لێیدەکردنە مەراق و بەسەر دەوروبەرەکەیدا دەیکردە تارماییەک و بەسەریانەوە جێیدەهێشت و دەمایەوە. جارجارەش بەئەنقەست دەلاقەیەکی بەلای کوڕێنی و هەوەسبازی لەگەڵ ژنانی ئەوێدا دەکردەوە و لیکاوی بەدەم گەنجەکاندا دەهێنایە خوارەوە.

فەرەج سەردەمی بەسەربازبوونە (لیڤی)یەکەی خورت و بەهێزو بەکاربوو، لەدڵەوە بۆ ژنەکەی وەک ئەو مەلایەی کە ئاخی بۆ هەرامەکەی سەردەمی(شەرحی مەغنی) هەڵدەکێشا، ئەویش ئاخی بۆ ئەو سەردەمان هەڵدەکێشا کە ئەوسا خۆی وەک بەرانەکانی نێو مێگەلی لای خۆیان دەهاتە پێشچاو کە بەردەدرایە نێو مێگەل، ئێستاش بۆتە قەشمەرزاری دەست ژنەکەی و تیز و پەلاری لێدەدات، لە حەژمەت پەلارەکانیدا هەر ئەوها باگۆی دەداوە و دەیگوت: قەلنە تێکردنەکانی کاتی خۆیت لەبیر چۆتەوە کە چ دکرەساتێکی پێکردووی؟! ژنەکەش لەڕەقاسەوە دەیگوت: نان ئەو نانەیە ئەوڕۆ لەخوانە، هەمبوو هەمبوو نایخوات، هەیتم هەیتم هەوە.

ژنە لەبەرامبەریدا چاوی لەدەست و پەنجەی قەلنە تێکردنەکەی و گرتنی بەلالێویەوە نەدەتروکاند، فەرەجیش لەدنیای قەلنە تێکردن و داگیرساندن دایە و ژنەش کە بەگوێرەی ئەو هێشتا تلپی تەڕاتی و هەوەسی تێدا ماوەو لەحەژمەتان کەوتووەتە خەیاڵکردنەوە بۆ قەلنە تێکردنێکی خوارێی، لەبەر هەندێ ئۆقرەی لێهەڵگیراوە. فەرەج لەغەریبایەتیدا ئەوەندەی ئەم باوەش و ئەو باوەشی ژنانی کردبوو، ئیستا لێی بەدیار کەوتووە و بە دەست ژنەکەیەوە تووشی داماوی هاتووە و گۆڕەپانی شەوانی لاروخوار و دەماریشی شلوخاو کەوتووە.

ژنەکەی هیچی بۆ نەماوەتەوە، بۆ تۆڵە و لەغەمی هەندێ تامەزرۆی قەلنەی شەوان (پیر)ی بەدوای ناوەکەیەوە لکاند و کردی (فەرەجی پیر) لەو گۆڕانکاریەشدا مەبەستی پەلارلێدان و شکاندنەوەی بوو، زووزووەش بەئەنقەست بە (فەرەجی پیر) بانگی دەکرد، لەناوەخنی بانگکردنەکەدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەوەی دەگەیاندە فەرەج کە لەکار کەوتووی و هیچت پێنەماوە و پەلار و بەردی قایمیش بوون لەقەپرغەی دەدا، وایلێهات نازناوە ڕەزا قوڕسەکە تەشەنەی بەنێو ناسیاو و نەناسیاودا کرد و(فەرەجی پیر) بووە تۆق و لە ملی کرا.

فەرەجی پیر چەرخی بۆ داگیرساندنی قەلنەکەی لێدا، ئەویش هەروا سەیری دەکات، چەرخەکە دەتگوت لەنێو ئاوەوە هێنراوەتە دەرێ و ئاوێکی زۆریشی قووت داوە پێنەبوو و پێنەبوو، دیسان لێیدایەوە دانەگیرسا، بۆ جاری سێ و چوار هەوڵی دایەوە، ئەو هەر دایە لاملی خۆی و ئاگری نەدا، لەحەیبەتاندا بەلا لێوێکیەوە گوتی: هەی دایکی خێوت ب..... .

لەگەڵ قسەکەیدا قەلنەکە لەنێوان لێوی هەڵبەز و دابەزیەوە، یەکدووجار چەرخەکەی ڕاوەشاند و دیسان چرکەی لێوە هێنایەوە، چەرخەکە خۆی لەسەر لاملی ڕاگرت و نەهاتە ژێر باری خواستی پیرەو چرووکی پێکرد، چەند جارێکی کەش هەوڵیداوە و ژنەش چاوی لەسەریەوەتی و لەهەناوڕا دەیگوت: نەکەیت داگیرسێی، ئەویش بێئاگا لەهەناوی ئەو هەر لێیدەداو دانەدەگیرسا، ژنە گرژییەوە و گوتی:»فەرەجی پیر ئاگریشت کوژاوەتەوەو دەستت لەهەردوو قەلنان بەربووە«.



# دوژمنێکی نادیار



مستەفا نادر

پێشکەشە بە: هەموو ئەوانەی بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان سپارد

لەبەرەکانی جەنگ نموونەی ئازایەتی و جوامێری و قارەمانیەتی بوو. لەمپەرێکی بەهێزبوو لەبەردەم هێرشی دوژمن. تەنها ناوهێنانی مایەی بەرزکردنەوەی مۆراڵی هاورێکانی، تەنانەت تەواوی هێزەکەیان بوو، بەهەمان شێوە بۆ دوژمنیش مۆتەکەی سەرسنگ و مایەی خەو زڕاندن و لەباربردنی حەزە گڵاوەکانیان بوو. خاکی و ماندوونەناس. بەبێ گوێدانە گەرمای تاوسان و سەرماوسۆڵەی زستان هەمیشە وەک یاساوڵێک لەمۆڵگە و چەپەرەکانی پێشەوە لەئەرکدا بوو. شەوە سارد و سڕەکانی زستان تفەنگەکەی توند بەئامێزیەوە دەنوساند و لەگەڵ خەودا پێشبڕکێی بوو. بەدەیان شەو خەو ڕوخسەتی لێدەخواست و دەخەوت، ئەو هەر بێدار بوو. پێچەوانەی دڵدارەکان، کەماوەیەکی دوورودرێژ سەرقاڵی داڕشتنی چەند ڕستەیەکی ئەڤیندارین، کاتێک لەناو پێخەفێکی گەرم لەپاڵ خۆشەویستەکانیان شەو بە ڕۆژ دەسپێرن، یان بازرگانە چڵێسەکانی وڵات، کاتێک شەوان لە ژێرزەمینە نهێنیەکان خەریکی گۆڕینی کیسەی ئەو خواردەمەنیانەن کە ماوەیان بەسەر چووە، یان ئەو سیاسییە داوێن پیسانەی کە لەئوتێلە پێنج ئەستێرەکانی ئەوروپا، یان ئەو ڤێلایانەی کە بەقوتی دزراوی ئەوان کڕیویانە، لەگەڵ سۆزانییەک شەهوەتی پیسیان بەتاڵ دەکەنەوە، ئەو لەژواندابوو لەگەڵ دڵدارە ڕەق و تەقەکەی. ئەو دڵدارەی مایەی شانازی هەزارانی وەکو ئەون. دڵدارەکەی ئەو پێویستی بە ڕستەی بریقەدار نییە. پێویستی بە گۆڕینی بارکۆد و بەرواری بەسەر چوون نییە. پێویستی بەسەفتە دۆلاری چاو سەوز نییە. تەنهاو تەنها پێویستی بە ئازایەتی و مۆراڵ هەیە.

کەچی ئێستا بەڕۆژی ڕووناک، لەناو شار و ئاوایی، لەگەڵ خزم و دۆست و کەسوکار. بەسکی تێر و چاوانی مەستی خەو لەدەست دوژمنێک ڕادەکا نەئەو و نە کەسێکی دی نەیبینیوە. لەبەر ئەو دوژمنەی بەتەواوی ناوەکەشی نازانێ، دەرگای ماڵەوەی داخستووە. تەنانەت حەزناکا دۆست و ئەحبابەکانیشی سەردانی ماڵەوەی بکەن، نەکا پەیامی ئەو دوژمنەیان پێ بێت، کە لەڕێگەی ئەمانەوە زەفەری پێببا. ئەو دوژمنی میللەتێکی تایبەتی نییە. دوژمنی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا نییە. نازانێ پیاو چییە ژن چییە، منداڵ چییە مەزن چییە. کاتی دیاریکراویشی نییە بۆ هێرش کردن. تەنها ناو هێنانی خورپە دەخاتە دڵی هەموو کەسێک. بەبێ ئەوەی مافێکی بەسەریەوە هەبێ بەبێ ئەوەی بیناسێ دەیکوژێ.

(کۆرۆنا ناوێکی ترسناک و دوژمنێکی ڕەزاگران)

کاتێک لەبەر خۆیەوە ئەمەی گووت، لەسوچێکی ماڵەوە هەڵکورمابوو، ترس سەرتاپا بیر و هۆشی داگیرکردبوو. بەبەردەوامی بەراوردی دەکرد. بەراوردی ئەو دوژمنە دڵڕەقەی کە ناوی (داعش) بوو و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوینی بەخۆیەوە سەر قاڵ کردبوو لەگەڵ ئەو دوژمنە نادیارەی کە تەواوی دونیای شلەژاندووە بەراوردی ئەو هەموو ئازایەتی و قارەمانیەتییەی لەڕووبەڕوو بوونەوەی داعشدا نواندی لەگەڵ ئەو دەستە وەستان و ترسنۆکییەی بەرامبەر کۆرۆنا هەیەتی، ئەوی بردەوە بۆ ڕۆژانی رابردوو. دوا نیوەڕۆی ئەوێ ڕۆژێ کە لەمۆڵەتی ئاسایی خۆیدا بوو، بەیانی خێزانی پێیگوت: ((نەبەز، نەبەرد داوای کولێرە بەگۆشت دەکا. بیرت نەچێ ئێوارە بۆی بێنە)) ((باشە بەچاوان)) ئەمەی گوت ودەرگای لەدوای خۆی داخست.

ڕۆژ نزیکەی سەعاتێکی مابوو، بەیان لەحەوشە جلە هەڵخراوەکانی کۆدەکردەوە، نەبەردیش وەکو نسێ بەدوایەوە بوو. لەدەرگا درا، نەبەرد دەرگای کردەوە. نەبەز بە هەڵەداوان هاتە ناوەوە، بەبێ وەستان بەرەو ژووری چوو((نەبەز خێرە. چ بووە؟)) بەیان کاتێک ئەمەی گوت لەبەر دەرگای ژووری لەگەڵ نەبەز بەرامبەر یەک بوون. نەبەز تاخم و تفەنگی بەدەستەوە بوو. لەسەرلا خۆی لەبەیان لادا، بەدەم لەپێکردنی پێڵاوەکانی گوتی: ((هەواڵی ئەوەم پێگەیشتووە کە دوژمن بە جموجۆڵ کەوتووە و لەوە دەچێ

هێرش بکات)) کاتێک بەدوایەوە دەرۆیشت پێیگوت: ((نەبەز گیان هێشتا سێ ڕۆژ مۆڵەتت ماوە)) بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە ((ئافرەت زەرووره)) نەبەرد هێشتا لای دەرگای حەوشە بوو، گوتی: ((بابە، ئەدی کولێرەم بۆ نایەنی؟)) هەوڵیدا دڵنەوایی بکات، نوتقی گیرا، چەمایەوە و ماچێکی لێکرد. ئاوڕێکی لەخێزانەکەی دایەوە، بە چاوێکی ئەبڵەقەوە و بەزۆر لەخۆکردنێکەوە گوتی: ((بەیان گیان، ئاگاداری خۆت و نەبەرد بە)) .

بەیان هەوکی پڕ گریان ببوو. چاوەکانی لەمۆڵەق وەستا بوون. نەبەرد، چوو لەپشت دایکییەوە لەباوکی دەڕوانی و دەنووسکایەوە. نەبەز لەچاوەکانی ژن و کورەکەی باش حاڵی بوو، کە داوایان لێدەکرد لایان بمێنێتەوە. نەیتوانی، زیاتر لەچاوەکانیان بڕوانێ. سەری داخست و بە وشتی خۆی خستەناو ئۆتۆمبێلەکەی کە لەپەلەپەلییان نەیکوژاندبۆوە. بەبێ گوێدانە مۆڵەت و گریان و پاڕانەوەی هاوسەر و تاقە کورەکەی بە ئۆتۆمبێلە شڕەکەی ملی ڕێگای گرت. دوای چەند پێچێک لەئاوەدانی دەرچوو. خشییە سەر شەقامە سەرەکییەکەی دەرەوەی شار. هەستی دەکرد ڕێگاکە لاستیک ئاسا لێک دەکشێ لەبەر خۆیەوە منگاندی ((ئەوە جاری سێیەمە ئەو نەفرەتییانە هێرش بۆ ئەو مۆڵگەیە دێنن. مۆڵگەیەکی ڕەقوتەق.. گەمژە.. وادەزانن بیرە نەوتی لێیە)) لەو دەمەیدا قسەکانی کارزانی هاتەوەیاد. کارزان پێشمەرگەیەکی گەنجی خوێندەوار و دڵسۆز بوو، بەڵام لەشەڕدا کەم ئەزموون بوو. جاروبار باسی وەزعی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی وڵاتان و ناوچەکەی بۆ دەکردن. جارێکیان باسی ئەوەی بۆ کردبوون، کە بۆچی دوژمن چاوی بڕیوەتە ئەو مۆڵگەیە. ئەو گوتبووی، بەهۆی بەرزی شوێنەکەوەیە کە موسەیتەرە بەسەر ئەو چوارڕیانەی کە لەدامێنی گردەکەوەیە. هەروەها موسەیتەریشە بەسەر هەموو مۆڵگەکانی دیو کەندولەند و تەپۆلکەکانی ئەو دەوروبەرە. فول لایتی ئۆتۆمبێلەکەی بەرامبەری خەیاڵەکەی پچڕاند. کە بەهۆی خەیاڵەوە دزەی کردبووە سایدەکەی دی.

بەقووڵی سەیری دوورترین خاڵی شەقامەکەی بەردەمی کرد، بەئومێدی ئەوەی زووتر بگاتە لای هاوڕێیەکانی، خێرایی لێخوڕینەکەی زیاد کرد. شەقامەکەی وەکو دەزوویەکی ڕەشی باریک لەدوای



خۆی بەجێهێشت. ئاسمان تەواو پرتەقاڵی ببوو، لەدوورەوە گردی (قەڵاتۆک) کە وەکو مەمکی زەوی خۆی دەنواند دەرکەوت. مۆڵگەکەیان لەترۆپکی ئەو گردە بوو، کە بەرزترین گردی ناوچەکەیە. هەر بۆیە خەڵکەکەش پێیان دەگووت (قەڵاتۆک). بەدووری چەندسەد مەترێک لەدامێنی گردەکە، خاڵی بەیەک گەیشتنی دوو شەقامی سەرەکی بوو. کە شێوەی خاچێکی درێژکراوەی دەنەخشاند. ڕێگایەکی سەرەکی بوو بۆ بەیەکەوە بەستانی تەواوی دێهات و ئاوایییەکانی ناوچەکە. هەرچەندە ئەو عەیامەی تاکوتەرا ئەو ئۆتۆمبێلە زرێپۆشکراوانەی پێدا دەهات، کە ئەرکیان گواستنەوەی پێشمەرگە و دابەشکردنی خۆراک و تەقەمەنی بوو. دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ. وەک پیشەی هەمیشەیی شوێنی خۆی قایم کرد و بەپێی پێویست ڕێنوێیی بە هاوڕێکانی دا. لەگەڵ خۆر ئاوابووندا مۆڵگەکەیان هاوەن باران کرا. هاوکات چەتەکان هێرشیان دەست پێکرد بە شێوەیەک ئەو گوللانەی ئەوان بە دوژمنیانەوە دەنا لەگەڵ ئەو گوللانەی دوژمن بەڕووی ئەواندا دەیتەقاند لەهەوادا تێکەڵی یەکتر دەبوون، بەدەر لەحاڵەتی شەڕ دیمەنێکی ناوازەیان دەنەخشاند.

شەڕ بەردەوام بوو. شەو ووردە ووردە ڕەشایی خۆی بەسەر زەوی پەخش کرد. دوژمن جموجۆڵەکانی خێراتر کرد و لەدەرفەت دەگەڕا دزە بکات. هاوسەنگەرەکانی تاکتاک و دوودوو پاشەکشەیان کرد. هاواری کرد ((خۆراگر بن، ڕامەکەن، نامەردینە ڕامەکەن)). گوێیان پێنەدا. ئاوڕی دایەوە تەنها بوو. دوودڵ بوو لەوەی ئەویش ڕابکات و بچێتە ریزی ئەو ترسنۆکانە، یان ڕووبەڕووی مەرگ ببێتەوە. غیرەتی دایە بەرخۆی و بەددان جیرکردنەوەوە گوتی: ((پیاو یەکجار دەمرێ، با ئەو مردنەش بەسەر بەرزی و شەرەفمەندانەیی بێت)) بڕیاریدا سەنگەر چۆڵ

نەکات. چاوی گێرا(BKC) یەکە بەبێ خاوەنی هەر لەسەر لێواری مۆڵگەکە بوو. لەولاتر (RBG) یەک بەکۆمەڵێک عەشوە بێ ناز و تۆزاوی کەوتووبوو. بریسکەی بیرێک مێشکی تەنی، هەم بۆ ئەوەی بێ فیشەک نەمێنێتەوە و هەم بۆ سەرلێشێواندنی دوژمن تا نەزانێ بەتەنیایە، بەهەرسێ چەک بەنۆرە شەڕ بکات. لەلایەکی مۆڵگەکە (RBG) یەکی تەقاند ولەولاتر بە (BKC) یەکە دەستڕێژێکی کرد و چەند هەنگاوێک هێوەتر بەکلاشنکۆفەکەی ڕیزێک فیشەکی تەقاند. چەند جارێک ئەمەی دووبارە کردەوە. ناوە ناوە لەتەقەکردن دەوەستا و بەدووربینەکەی سەرنجی جوڵەی دوژمنی دەدا تابزانێ لەمەیدان چ دەگوزەرێ. دووبارە دەستی کردەوە بەتەقەکردن .هەستێکی لادروست بوو، وەک ئەوەی دەنگێک لەئاسمانەوە پێیبڵێ (ئاگاداری خۆت بە) ئاوڕێکی لەدەوروبەری خۆی دایەوە، هیچ کەسێک دیار نەبوو. لەکولانکەی نێوان کیسە خۆڵەکانی سەر لێواری مۆڵگەکە، سەیری دەرەوەی مۆڵگەکەی کرد. چەتەیەک بەچەنگەڕنێ لەهەوڵی ئەوەدا بوو بەرەو مۆڵگەکە سەربکەوێ. لوولەی چەکەکەی تێکرد و ئاگر بارانی کرد. بەدەم خلۆر بوونەوە قیژەیەکی لێ بەرز بۆوە. پەنجەی هەر لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکەی بوو. لەپڕ نەبەرد لەبەردەمی قوت بۆوە و لەسەر لێواری مۆڵگەکە دانیشت. ((بابە بۆ کوشتت؟)) ((ئەگەر نەمکوشتبا ئەو دەیکوشتم)) ((ئەدی، ئەو بۆ تۆ دەکوژێ؟)) دۆش داما، نەیتوانی وەڵامی بداتەوە. ئەویش بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکات گوتی ((ئەویش منداڵی هەبوو؟؟)) پرسیارەکانی زۆر لەناکاو و قورس بوو، چاوەکانی خستە سەریەک بۆ ئەوەی وەڵامێکی گونجاو لەمێشکیدا گەڵاڵە بکات. پرسیارەکانی کورەکەی و وەڵامە ناکامەکانی ئەو لەمێشکیدا تێکچڕژان و ژاوەژاوێکیان دروست کرد، هەستی بەگەرمی جەستەی کرد. چاوەکانی کردەوە. نەبەرد لەبەر چاوان ونببوو. بەڵام هێشتا پرسیارەکان لەهزریدا ماخۆلانی بوو بۆ وەڵامێکی گونجاو ((ڕاست دەکا، ئێمە بۆ یەکدی دەکوژین؟ مادام لەدوای هەموو شەڕێک مێزی گفتوگۆ کۆیان دەکاتەوە و ئاشت دەبنەوە، ئێمە بۆ یەکدی بکوژین؟ هەر تەنها بۆ ئەوەی پێمان بڵێن ئازا و قارەمانن. ڕاستت دەفەرموو کارزان گیان، کاتێک دەتگوت، ئازایەتی و قارەمانیەتی و پاڵەوانیەتی چەند دەستەواژەیەکی فریودەرن مەگەر تەنها لەفەرهەنگی ڕووت و ڕەجاڵی وەکو ئێمەمانان بوونی هەبێ. تەنانەت بۆ بەدەستهێنانی ئامادەین گیانی خۆشمان بەخت بکەین، بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدەین لەدوای خۆمان چ ناسۆرێک بۆ خۆشەویستان و کەسە نزیکەکانمان بەجێدەهێڵین. کەچی لای دەست ڕۆیشتوو و دەسەڵاتدارەکان وەک هەر کاڵایەکی دی سەیریان دەکرێت. هەر ئەوانیش دایانهێناوە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان. ئەوەنییە خوێنی ڕژاومان بە پارە قەرەبوو دەکەنەوە)) دەستڕێژێکی گوللە دامێنی مۆڵگەکەی سمی، خەیاڵەکەی پچڕاند. بە دەستڕێژێک وەڵامی دەستڕێژەکەی دایەوە و بەبەردەوامی هەر سێ چەکەکەی بەکاردەهێنا. شەڕ بەردەوام بوو تا تاریک و ڕوونی بەیانی. بەر لەوەی خۆر تیشکی زێڕینی خۆی بەسەر زەوی پەخش بکات، دوژمن پاشەکشەی کرد و هێرشەکەیان سەری نەگرت.

بۆ ماوەیەک جووڵەی لەخۆی بڕی. پاشان لەدرزیکەوە سەیری پاشەکشەی دوژمنی کرد. دوای دڵنیا بوون، لەسەر لێواری مۆڵگەکە دانیشت و جگەرەیەکی داگیرساند. وەک ئەوەی خەون ببینێ، دیمەنەکانی شەوی ڕابردوو بەخێرایی بەمێشکیدا گوزەریان کرد. دەستێکی بە جەستەی خۆی داهێنا و بەئاهێکی قووڵەوە لەبن لێوانەوە گوتی: ئەوە موعجیزەیە، یان ئاهونزای بەیان و نەبەردە منی بە زیندوویی هێشتۆتەوە.

بۆ ساتێک هێمنی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا. تەنانەت دەنگی جریوەی چۆلەکەش نەدەهات، وەک ئەوەی زەمەن وەستابێ. بەڵام ئەو هێمنییە زۆری نەخایاند، گۆڕا بە غەڵبەغەڵب و هاتوهاوار و دەنگی ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکان و هۆتافی هاوسەنگەرە هەڵاتووەکانی کە تێکەڵی ئەو هێزە ببوون کە لەدوای دواوە خۆیان مەڵاس دابوو و بەبێ دەنگی لەدیمەنەکانی شەوی ڕابردوویان دەڕوانی .. فڕۆکەی هاوپەیمانان بەسەر سەریان لەقولایی ئاسمان دەخولایەوە. حەشاماتی خەڵکەکە لەمۆڵگەکە نزیک کەوتنەوە. تەپوتۆز وەک گەڕاپێچە بەرەو ئاسمان هەڵکشا. بەشێک لەهاوسەنگەرەکانی خۆشحاڵ بوون بەسەلامەتی و دەستیان کردە ملی. بەڕووزەردییەوە ئافەرین و دەست خۆشییان لێکرد. لەولاتر چەند کەسێک وێنەی سێلڤییان دەگرت، هەندێکی دی لایڤیان کردبۆوە سڵاوییان بۆ کەسوکار و هاوڕێکانیان دەنارد. بەرپرسی میحوەرەکەش لەبەردەم کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس و مایکی (تیڤی) یەکان باسی لە قارەمانیەتی و خۆڕاگری خۆی و هێزەکەی دەکرد، چۆن توانیویانە هێرشی دوژمن تێک بشکێنن و پارێزگاری لەو مۆڵگەیە بکەن (لە دەست دانی ئەو مۆڵگەیە، لەدەست دانی تەواوی ناوچەکەیە) ئەو وای گوت. هەروەها دەست خۆشی لەسەرکردەی حزب و ڕۆڵە قارەمانەکانی حزبەکەی دەکرد کەچۆن بەشەوورۆژ درێغی ناکەن لەبەرگرییکردن لەخاکی نیشتمان. ئەویش بەهۆی ماندووبوون و گرمە و تەقەی شەوی ڕابردوو پێڵوی چاوەکانی قورس ببوون لەناو ئەو حەشامات و غەڵبەغەڵبە لەسوچێکی مۆڵگەکەدا لێی خەوت .

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- **ڕۆشنبیر و ئەرک و بەرپرسیاریەتی**

شاناز هیرانی

- **ژەنگی ئایدیۆلۆژیا و ئاوێنە کریستاڵەکانی ئەدەب**

نەجات ئەسپیندارەیی

- **زمانی چاوپێککەوتن لە ڕۆژنامەدا**

بورهان قادر

# ڕۆشنبیر و ئەرک و بەرپرسیارێتی



شاناز هیرانی

مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی ڕۆشنبیر دروستکەری کەلتوورە، لەهەمان کاتدا خۆشی لەرێی ڕوشنبیری و هۆشیاربوونەوە دروست دەبێت. عەقڵ بەئەندازەی گەشەکردنی ئەو فەرهەنگەی لەناو ژینگەکەیدا دەژی و گەشە دەکات. ئەو فەرهەنگە منداڵدانی عەقڵە و ڕەفتار و خەسڵەتی مرۆڤەکان دیاری دەکات و ئاراستەی دەکات. بەمەش لەدەوڵەتێکی دیموکراسی بەهێزدا ئازادیی و فرەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە دەبووژێتەوە، کاتێک کە ڕۆشنبیران لەنێو کایەکەدا جێگەیان بۆ کراوەتەوە، دامەزراوەکان دەتوانن لەپێناوی هاندانی ڕۆحی لێکتێگەیشن و سازان و پێکەوە کارکردنی هەموو لایەنەکان بەشێوەیەکی ئاشتییانە ناکۆکییەکان بەڕێوەبەرن.

هەرشتێک لەسەر گریمانەیەکی ڕاستودروست دامەزرێنرا، دەرئەنجامی باشیشی لێدەکەوێتەوە. ڕۆشنبیر خامەی ئازادە و ڕەخنە لەکەسایەتیی سیاسی و دەسەڵاتدار دەگرێت و بە بەکارهێنانی میتۆدی گومانی هزریی، توانایی و ناتواناییان هەڵدەسەنگێنێت. ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە «ڕۆشنبیر» دروستبوونە، بەناوی خۆیانەوە قسە دەکەن، دوور لەبەکارهێنانی زمانی ئایدیۆلۆژیا و بەرگریکردن لەشوناسە چەقبەستووەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ڕوشنبیر هێشتا وەکو پاشکۆیەک لەپاش سیاسەت هەنگاو دەنێت و خۆی لەناو دووتوویێیەکی دیکەدا دەبینێتەوە، بەبێ ئەوەی خاوەنی سیما و ڕوخساری خۆی بێت. ئەمە وا لەکەلتوور و ڕووناکبیریی دەکات کە بەردەوام لەبەردەم سیاسەتدا هەرەس بهێنێت. کەواتە پێویستە ڕۆشنبیر، کە لەپەیوەندییەکی ڕەخنەگرانەدایە لەگەڵ خود و ناخی خۆیدا، زیندوویێتی و باڵادەستی خۆی لەرێگەی ئەو توانا لەڕادە بەدەرەیەوە کە هەیەتی بهێڵێتەوە و بەردەوام ناخی خۆی بگۆڕێت، چونکە تەنها لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت بابەتی نوێ و داهێنەرانە و ڕەسەن و پێگەیشتوو وەکو داڕشتن و نموونە و یاسا و ڕێسا بەرهەم بهێنێت لەژێر ڕۆشنایی ئەو وەرچەرخانەی ڕوودەدەن.

لەبواری ئەو بیرو چەمکانەی کە ئاراستەی دەکرێن، پێویستە تاکی ڕۆشنبیر هاوبەشبێت لەبەرهەمهێنانی چەمک و دیدگاکان و لەبەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا. ڕوشنبیربوون شێوازێکە لەبوون، لەناو نەستدا ڕەگ دادەکوتێت و لەناو قووڵایی بیرەوەرییدا سەقامگیر دەبێت و دەبێتە شوناسێک کە مرۆڤ لەسەری ڕادێت و بەلەدەستدانی ئەو شوناسەش، مرۆڤ هەست بە کێماسی و بۆشایی و تەنهایی دەکات. ڕوشنبیری لە دەق و وتار و دەزگا و پڕۆژە و ڕەفتارەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. ڕوشنبیر لەسەردەمی پەیوەندییدا پشکدارە لەدرووستبوونی فەزایەکی هزریی و کەش و هەوای هاوبەندبوون و جیهانیی

چەمکەکان. ئەرکی ڕووناکبیر نییە نەفرەت و بەردباران بکات، یان بە شان و باڵدا هەڵبڵێت، بەڵکو کاری ئەو دووبارە بیرکردنەوەیە لەسیستمی هزر و بەها و دەرئەنجامەکانی، بۆ دووبارە پێکەوەنانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەکەی.

پاش بەرجەستەبوون و سەرهەڵدانی دیاردەی بەجیهانیبوون ئیدی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ پەیوەستن بە جووڵە و بزاوتی ڕۆشنگەریی و کەلتووریی و عەقڵی مرۆڤ و ئەو شاکار و بەرهەمانەی کە مۆری بیر و زەینی مرۆڤە باڵاکان و شارستانییەتە دەوڵەمەندەکانی بەسەرەوەیە، لەهەموو بوارێکدا مرۆڤیان کردۆتە سەنتەری کار و تێڕوانین، نەک هیچ بابەتێکی دی.

بەرهەمی ئەو بزاوتە ئێستا ژیانێکی ئارام و سیستمێکی سیاسیی عەقڵانی تاڕادەیەک مرۆڤدۆست و بونیاتنەرە کە بەگژیی دەمارگیردا چووەتەوە و سەرجەم کایەکانی ژیانی لەپاراستنی بەهاکانی مرۆڤدا کۆکردۆتەوە و ڕێکیخستوونەتەوە. زۆرێک لەسنوورەکانی جیهان بەم چرایە ڕووناکییان بەرکەوتووە و ئێستاش لەقۆناغی گەشەی بەردەوامی مرۆڤ سەنتەریدان، لەوبوارەشدا چەردەیەک دەستکەوتی مەزنیان دەستەبەرکردووە، وەک کردەیەکی موگناتیسیش لەکەلتوورە دواکەوتووەکاندا، هەزاران مرۆڤیان لەگێژاوی تەسکبینی و دەمارگیریی دوورخستۆتەوە و بەجیهانی ئارامی و سەقامگیریی ئاشنایان کردوون و ڕایان هێناون.

ئێمەش تانەچینە سەر ئەورێچکە و ڕێگەیە، نابێت چاوەڕوانیی لەم دۆزەخە باشتر بکەین. ئێمە تازەینمان دوور نەخەینەوە لەو جیهانە بچووکەی پێوەی گیرۆدە بووین، ئەستەمە بتوانین وەک مرۆڤ ژیان وەک خۆی دەرک پێبکەین و بیبینین و دیدگامان پاک ببێتەوە. ئێمە ئێستا وەک جەنگاوەرێکی بێدیدگا واین و لەتابلۆیەکی هونەریی جەنگیدا نەقش و ڕۆڵی شەڕانگێزیی دەگێڕین. ڕۆڵی کوێرکردنەوەی سەرچاوەکانی مەعریفە و هۆشیاربوونەوە دەگێڕین. ڕەنگە باجی دوورکەوتنەوە لەهۆشیاریی و عەقڵ سەنتەریی و مرۆڤناسی بۆهەر بوونەوەرێک، هەربۆ ئەودۆزەخە سووتێنەر و تونێلە تاریکە بگەڕێتەوە کە جڵەوی خەون و دونیابینی مرۆڤ دەداتە دەست قەدەرێکی دوکەڵاویی و هەموو شتە جوانەکانیشی لێوەردەگرێتەوە.

ڕۆشنبیریش بەمانا ئەنترۆپۆلۆجییەکەی، واتە شتێکی بەدەست هاتوو، پەیوەست بە کۆمەڵگە. چونکە بەومانایەی بەخۆیەوە هەڵیگرتووە، بەگەنجینەیەک لەبیرۆکە و بەها و بیروباوەڕ و ڕێسای ڕەفتاری کەڵەکەبوو دادەنرێت. بەڕێگەی ماوەیەکی زەمەنیش لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی دەگوزارێتەوە و ناوی دەنرێت پەروردەی کۆمەڵایەتی. بەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ناسنامەی نەتەوە و کەسایەتی تاکەکان و وێناکردنیان لەسەر خودی خۆیان و ئەوانی دیکەش دەبێت. هەروەها ڕەنگدانەوەی لەسەر شێوەی بیرکردنەوە و شێوازی ژیانی و میکانیزمی کارتێکردنی نێوانیشیان بەهەمان ڕادە دەبێت.

تالکوت بارسونز: پێیوایە بێ ڕۆشنبیربوون مەحاڵە کۆمەڵەیەکی مرۆیی تەندروست لەشێوەی ڕۆشنبیرییەکی هاوبەش بێتەدی وەک (مەرجێکی وەزیفی پێشوەختە، یان پێویستییەکی سەرەکی بۆ کۆمەڵگایەک کە ویستی مانەوە و گەشەکردنی هەیە).

چونکە ڕۆشنبیری وەک ئاوێنەیەک وایە و پێچەوانەی ناسنامە و ڕێگەی بیرکردنەوەیە لای تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆیە ڕەنگە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ

**ڕۆشنبیریش بەمانا ئەنترۆپۆلۆجییەکەی، واتە شتێکی بەدەست هاتوو، پەیوەست بە کۆمەڵگە. چونکە بەومانایەی بەخۆیەوە هەڵیگرتووە، بەگەنجینەیەک لەبیرۆکە و بەها و بیروباوەڕ و ڕێسای ڕەفتاری کەڵەکەبوو دادەنرێت**

ڕووبەڕووی پوکانەوە ببێتەوە. بەوهۆیشەوە چەندین نەتەوە و شارستانییەت دەکەونە حاڵەتی چەق بەستنی فیکری و بیروباوەڕ، دوایش هیچ جۆرە پێشکەوتنێک لەو کۆمەڵگەیانەدا بەدی ناکرێت.

**یەکێک لەو ڕۆڵە گرنگانەی ڕۆشنبیریی دەیگێڕێت لەو نێوەندەدا، نوێکردنەوەی روئیایە لای کۆمەڵگە و سەرجەم پێکهاتە جیاجیاکانی هاوشانن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمی فیکری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان**

ڕۆشنبیریی بەئاراستە گشتییەکانیدا، وەک گوزراشتێک لەناسنامەی کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیر بەدیار دەکەوێت. ناسنامەیەک کە لەچەندین جۆر و شێوازی هۆشیاری بەجیماوی یەک لەدوای یەک بەدرێژایی مێژوو. یان وەک فاکتەرێکی بەرهەمهێن بۆهەر کەلەپورێکی سەرزارەکی و بەنوسینیش، هەموو شێوەیەکی گوزارشتی زمانەوانی و ڕەمزی دەردەکەوێت. دوای ئەمانەش هەمویان، دەبنە میراتێکی مێژوویی بەجێماو بۆ ئەو نەتەوەیە. کە هەڵدەستێت بەوەزیفەی پەیوەندیکردن لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا، لەهەمان کاتیشدا ئاسۆی داهاتووش دیاری دەکات. چونکە لەوانەیە ئەو نەتەوەیە بگەیەنێتە ئەوپەڕی شارستانییەت و گەشەیەکی ڕۆشنبیری یەکجار باڵا، یان دەپوکێتەوە، بەهۆی کەموکوڕییەکانی کە لەقۆناغێک لەقۆناغەکانی دروستبونیدا دێتە سەر ڕێگەی، سەرباری جیاوازییەکانی کە لەکلتورەکاندا هەن، بەڵام خاڵێکی بەیەک گەیشتن هەیە لەنێو ئەو کلتورانە و بەهۆی کاریگەری ئاڵوگۆڕکراو دروست دەبن، بەمەش ئەوە دروست دەبێت کە ئەنتەرپۆلۆجییەکان ناوی دەنێن (ڕۆشنبیربوون) کە خۆی لەخۆیدا بە بەرهەمێک لەبەرهەمە ئیجابی و بونیادییەکانی نێوان نەتەوەکان دادەنرێت و لەمێژووشدا تۆمار دەکرێت.

یەکێک لەو ڕۆڵە گرنگانەی ڕۆشنبیریی دەیگێڕێت لەو نێوەندەدا، نوێکردنەوەی روئیایە لای کۆمەڵگە و سەرجەم پێکهاتە جیاجیاکانی هاوشانن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمی فیکری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. ئەویش بەرێگەی پاڵنان بەرەو هۆشیاربوونەوە و بەرەو درک کردن بەو گۆڕانکاریانە و ڕادەی شایستەبوونی لەبەدەرخستنی توانای زاتی، بۆ گۆڕانکارییەکانی عەقڵ و پاڵنانی بەرەو دژایەتیکردنی سەرجەم شێوەکانی کەموکوڕی و ئەو لەمپەرانەی دێنە بەردەم بوژانەوەی کۆمەڵگە. لێرەدا ڕۆڵی پێشەنگانی ڕۆشنبیر بەدیار دەکەوێت، کەخۆی لەجولاندنی خاڵە جێگیرەکانی کۆمەڵگە و بەها بنەڕەتییەکەی و ئاراستەکردنی گۆڕانکارییەکان بەرەو ئاراستەیەکی ڕاستودروست دەبینێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە سەرجەم هەوڵەکانی ڕۆشنبیرانی فیکری پرسیارێکی ڕۆشنبیرانە دەربارەی ناسنامە و قولبوونەوە لەئاراستەی گۆڕانکارییەکان و ڕادەی کارایی ئەو گۆڕانە قوت بکەنەوە لەپێناو پەروەردەکردنی تاک و کۆمەڵ. هاندانی سەرجەم مەرجعییەتە جیاوازەکان، چ ئایینی، یان سیاسیی، یان کۆمەڵایەتی، یان یاسایی، بۆ خولقاندنی چوارچێوەیەکی ڕوون و ئامانج گیر و فراوانکردنی بەرێگەی کلتوریی و جیهانگیریی و هاولاتیبوون، وەک مافێکی دەستبەرکراو لەناو دەولەت و یاسا، لەچوارچێوەی تەرخانکردنی بەها مرۆییەکان، بەهای یەکسان بوون و دادپەروەری و لێبوردەیی.

ناتوانین باس لەکۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بکەین، لەکاتێکدا ڕۆشنبیرییەکەی پوکاوەتەوە و هیچ کەرەستەیەکی بوژانەوەشی لەبەردەستدا نییە. هەروەها هەوڵی بوژانەوەشی نادات، نەلای تاکەکان و نە لەلای کۆمەڵگەکەیەوە. لەهەمان کاتدا ناتوانین پێی بڵێین ئەوە ڕۆشنبیرییەکی کارایە، ئەگەر نەتوانێت نوێبونەوە بە خۆیەوە ببینێت و بەرەو گۆڕان و نوێبوونەوە و بوژانەوە نەچێت.

# ڕەنگی ئایدیۆلۆژیا و ئاوێنە کریستاڵەکانی ئەدەب



نەجات ئەسپیندارەیی

عبدالکریم سروش دەڵێ: (ئایدیۆلۆژیا بریتییە لەمەعریفەیەکی درۆزنانەی ئایدیۆلۆژیست، بەوکەسانە دەڵێن کە لەڕێگای فرتوفێڵی فیکری و لۆژیکییەوە خەڵک فریو دەدەن).

ئایدۆلۆژیست کەسێکە کە بیروبۆچوونێکی خەیاڵپڵاوی دور لەواقیعی هەبێت و خاوەن ویژدانێکی خەڵەتێنەری درۆزنانە بێت، لێرەدا خەڵەتاندن دەبێتە مەبەستێکی شاراوەی ئەو هزرانەی کە بەئایدۆلۆژیا گۆش کراون، ئایدیۆلۆژیا تەنها بیرۆکەیەک نییە، بەڵکو ڕابەرایەتی کۆمەڵێک بیرۆکە دەکات بۆدروستکردنی ئاراستەیەک کە توانای گۆڕانکاری و کارکردنی هەبێت. مرۆڤی ئایدیۆلۆژی خاوەن ئەندێشەیەکی سیاسییەو زۆرجار پەلکێشی دەکات بۆ ڕێگای چەوت.

(گرامشی) دەلێ: (ئایدیۆلۆژیا زەمینەیەکە کە مرۆڤ لەسەری دەجولێت و بیروبۆچون و بەرژەوەندی و پلەوپایەی خۆی لەسەری بەدەست دێنێ و جێگاو مەرتەبەی خۆی دیاری دەکات).

بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤی خاوەن هەڵوێست و ڕاستگۆ خۆی نەخاتە نێو تەونی ئاڵۆزی ئایدیۆلۆژیاوە، چونکە ئایدیۆلۆژیا سەرەداوەکانی لەدەستی حیزب دان و حیزبیش لەژێر دروشمی ئازادیدا ئازادی خەڵکانی دی زەوت دەکات و دەیان چەوسێنێتەوە، هەندێک کەس هەن لەبنەڕەتدا بێئەزموون و بێتوانان، بەڵام لەبن چەتری ئایدیۆلۆژیادا دەبن بەکەڵەشێر و بانگی خۆیان بە گوێچکەی هەموو کەسێکدا دەدەن، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئایدۆلۆژی دۆخێکی سایکۆلۆژییە و مرۆڤ لەسەر بونیادی خۆپەرستی و خۆبەزل زانین پەروەردە دەکات، لەقووڵایی ناخی ئەوکەسانەدا ڕۆحێکی گەورە و خۆبەزلزان نوستووە، مرۆڤی ئایدۆلۆژی سەر بە هەر ڕێبازێک بێت خاوەنی خەسڵەتێکی خۆ بەزل زانە و لەسەری بورجەوە تەماشای خوارەوە دەکات و ئەو خەڵکەی بەبچووک دێتە بەرچاو کە لەگەڵ ئەودا جیاوازن، ئەوەی زۆر جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە زۆربەی ئایدۆلۆژیستەکان نوێنەرایەتی ئەو لایەنانە دەکەن کە بەدرێژایی تەمەنیان ئازادی مرۆڤیان دیل کردووە و شەرعیەتیش دەدن بە دەسەڵاتی سەرکوتکەر و ناڕەوا.

(مارکس) سەبارەت بە ڕۆڵی دزێوی ئایدیۆلۆژیا دەڵێ: (ئایدیۆلۆژیا شەرعیەت پێدانە بە دەسەڵات جا ئەو دەسەڵاتە ڕەوابێت یاخود ناڕەوا، ئایدیۆلۆژیا هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە کە ئەو ناڕەواییەی لەدەسەڵاتدا هەیە بەپێچەوانە نیشانی خەڵکی بدات و سیمایەکی شەرعی بداتێ، بەڵام دەسەڵاتی ڕەوا پێویستی بە شەرعیەت پێدان نیە).

ئایدۆلۆژیا هەڕەشەیە بۆسەر پڕۆسەی داهێنان و مەترسیش بۆسەر ئازادی فیکر دروست دەکات. بەهۆی زاڵ بوونی ئایدۆلۆژیاوەیە کەوا ئێمە لەهەژارییەکی فیکری و کلتوریدا دەژین، چونکە ئایدۆلۆژیا هەمیشە ڕۆشنبیریەکی بێ مەعریفە دروست دەکات، ئەو ڕۆشنبیرییەش بەو مەعریفە لاوازەی کە هەیەتی ئەستەمە بتوانێ جەوهەری مەسەلەکان وەرگرێت و لێیان تێبگات، ئایدۆلۆژیا بەهرەی داهێنان خەفە دەکات و هەست و سۆزو خەیاڵ کپ دەکاتەوە بەجۆرێک کە مرۆڤ نەتوانێت ئەو

شتەی لەناخیدا پەنگی خواردووە بە فۆڕمێکی هونەری دەری ببڕێ، ئەدیب و نووسەرانی ئایدیۆلۆژی پەیوەندییان بەهیچ دیدێکی فیکرییەوە نییە بەڵکو ئەوەی دەیکەن و ئەوەی دەیڵێن لەچوارچێوەی ستایش و پیاهەڵداندا دەرناچێ، چونکە ئەدیبی ئایدیۆلۆژی هەمیشە تیۆری حیزب و دەسەڵات پراکتیزە دەکات و بۆ قووڵایی مەعریفە شۆڕ نابێتەوە، ئێمە پێویستیمان بە فیکرو مەعریفەیەکی خالس هەیە کە دووربێ لە تەم ومژی ئایدیۆلۆژیا، چونکە ئایدۆلۆژیا ناتوانێت ببێتە هۆی دروستکردنی تێڕوانینێکی قووڵ لەڕەهەندی جۆراوجۆری بیرکردنەوەی ئێمەدا، فیکرو مەعریفەی ڕۆشن زیاتر ئارەزووی زانین و دەرک پێکردنی ئەو ڕەگوڕیشە قووڵانە دەکەن کە زەمینەیان لەبارە بۆ زیاتر ڕۆچوون و نەشونماکردن، بەڵام فیکری ئایدیۆلۆژی هەندێک هەست و سۆزی لێبارکراوە و ڕەپێش کراوە بۆ نێو دونیای مەعریفە، بێگومان ئەوجۆرە فیکرە، واتا فیکری ئایدۆلۆژی لەژێنگەیەکی ئەوتۆ بەرهەمهاتووە کە لەڕووی مەعریفییەوە دوگمایی پێوەدیارە و لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە پاشکۆیەتی و گوێڕایەڵییەکی کوێرانەی پێوە دیارە، بۆیە فیکر لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕەچەڵەکی مەعریفی خۆی ون کردووە و لە گومان و سەرگەردانییەکی تاریکدا دەژی، بێگومان ئەودۆخە ناسروشتییەی کە بریتییە لەبەخێرایی دەرکەوتن و پەیدابوونی کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیر لەمنداڵدانی ئایدۆلۆژیادا جۆرێک لەسستی و سڕبوونی لەبواری فیکر و مەعریفەدا لێکەوتۆتەوە، هەندێک نووسەر و ڕۆشنبیر هەن لەبنەڕەتدا خاوەن بەهرە نەبوون، بەڵام ئەوە مێژووە دروستی کردون، کە بیری ئایدۆلۆژی تێیدا لەگرۆگڵپە و پەرەسەندن دابوو، ئەوجۆرە نووسەر و ڕۆشنبیرانە لەئەنجامی پەرەسەندنی بیری ئایدۆلۆژیدا توانیان لەگەڵ بیروبۆچون و پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەکان خۆیان بگونجێنن و ناوێک پەیدا بکەن کە تائێستاش نانی پێوە دەخۆن، واتا لەسەر بنچینەی مەعریفە و زانین و ناسیندا پێنەگەیشتوون، بەڵکو فراژی ئایدۆلۆژی بەرهەمی هێناون، بۆیە کە تەماشا دەکەی ئەگەر لەڕووی فیکریشەوە لێک جیاوازبن بەڵام بەرژەوەندی هاوبەش لەسەر یەک هێڵ کۆیان دەکاتەوە. پێویستە ئەدیب یاخود نووسەر خۆی ڕزگار بکات لەو شوناسانەی کە بوونەتە بارێکی قورس بەسەر شانییەوە کە بریتیین لەشوناسی حزبی و ئایدۆلۆژی و مەزهەبی، چونکە ئەو شوناسانە بەرەو ئاقارێکمان دەبەن، کە ڕەهەندەکانی ڕوون و ئاشکران هەرکاتێ ئایدۆلۆژیا خۆی سەپاند بەسەر هەست و نەست و بیرکردنەوەی نووسەر و ڕۆشنبیراندا ئەو کاتە دەقێکی مردوو لە دایک دەبێت، بە تەجرەبەش دەرکەوتووە هەروەکو ئەو ئەدیب و نووسەرانەی کاتی خۆی لەبن سێبەری ئایدۆلۆژیای ڕیالیزمی سۆشیالیستی کاریان دەکرد، دەقەکانیان ئەوەندە مەودابڕ نەبوو کە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە بەزیندووی بمێنێتەوە، چونکە ڕیالیزمی سۆشیالیستی لەڕواڵەتدا دەیویست هەموو نووسەر و ڕۆشنبیران پەروەردە بکات و ئاسۆی داهێنانیان بۆ بکاتەوە، بەڵام لەبنەڕەتدا دەیویست هەموویان وەکو پورەی هەنگ لەیەک شانەی حزبیدا بئاڵێن و کاربکەن، مارکسییەکان دوای ئەوەی کۆماری سۆڤیەتیان دامەزراند (ڕیالیزمی سۆشیالیست)یان کردە پێوەرێک بۆهەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری، لەدیدی ئەوانەوە هەر بەرهەمێک گەر نەیتوانی لەقالبی ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا بجولێتەوە ئەوە بەرهەمێکی لادەرە و ناچێتە چوارچێوەی ئەدەب و هونەری ڕەسەنەوە، ڕیالیزمی سۆشیالیستی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ و سیاسەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو، واتا ئەدەبی چینی پرۆلیتاریا بوو، ڕێبازێکی نەخشە بۆ کیشراو بوو، بەهرەی داهێنان دروستی نەکردبوو، بەڵکو ئایدۆلۆژیا هێنابوویە ئاراوە، بۆیە ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی لەسەر ئەو ڕێچکەیە ڕۆیشتن بەرهەمەکانیان تەمەن کورت بوون و وەکو گۆشتی قوتو زوو ئێکسپایەر بوون، ڕیالیزمی سۆشیالیستی دژی ڕوئیای نووسەر بوو دژی بیروڕای ئازاد بوو، دەیویست داهێنانی

ئازاد ڤانگ بدات و لەبەری بچووێنی، بەڵام ئەو شاعیر و نووسەرانەی خۆیان نەدایە پاڵ ئەو ئایدۆلۆژیایە و قەڵەمە تیژەکانی خۆیان بەسەرە داوەکانی ئەو ئایدۆلۆژیایە نەبەستەوە و پابەندی هیچ بیرو بۆچونێکی لەقالب دراو نەبوون، بەرهەمەکانیان وەکو گەنجینەی پڕ گەوهەر لەسەدەیەکەوە بۆ سەدەیەکی دی هەر بەزیندوویی مایەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەڵگەی مێژووییمان لەبەردەستە .

بۆ نمونە ((لە یەکێتی سۆڤیەت بزاڤێک هەبوو بەناوی (برۆلیتکوڵت) واتا ئەدەبی پرۆلیتاریا، کە هزرڤانی ڕوسی (بوجدانوف) بەڕێوەی دەبرد، بوجدانوف دەیویست ئەدەبێکی چینایەتی دابمەزرێنێت کە بناغەکەی لەسەر فەلسەفەی مارکس دابمەزرابێت، ئەوە بوو لەسەرەتای شۆڕشەکەدا زۆربەی ئەدیب و نووسەران چوونە سەر ئەو ڕێچکەیە، برۆلیتکوڵتەکان شانازیان بەوە دەکرد کەهەر ئەوان دەتوانن لەو بەرەبەیانە نوێیەدا هەڵگری پەیامێکی مەزن بن بۆ گەلی شوورەوی، پاشان کاربەدەستانی میری ویستیان ئەو بزافە بە حزبەوە ببەستنەوە، ئەوە بوو فلادیمیر (لینین) پێیڕاگەیاندن کە دەبێ پەیڕەوی میتۆدی حزب بکەن و هەموو وزە و توانایان لەو چوارچێوەیەدا بەکاربێنن، بەڵام بوجدانوف ئەو داوایەی ڕەتکردەوە، هەر لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەو پێشنیازەدا لەهەموو لاوە تەنگەی پێهەڵچنرا.

ئەوە بوو (لینین) گوتی: بوجدانۆف کەوتۆتە بن کاریگەری میسالی و دەیەوێ ئەدەبێکی بۆرجوازی کۆن زیندوو بکاتەوە، بەو تۆمەتەی کە خستییە پاڵییەوە هەموو ئەوانەی هاوبیروڕای بوون پەشیمان و پاشگەز بوونەوە. پاشان بە بڕیارێکی حیزبی لە ٢٣ ئەپریلی ١٩٣٢ یەکێتی نووسەرانی سۆڤیەت دامەزرا ئەو یەکێتییەی هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە خەریکی پڕۆڤەکردنی بیری سۆشیالیستی و داکۆکی کردن لەدەسەڵات و چەسپاندنی پرنسیپەکانی حزب بوو، هەربەو هۆیەوەبوو ئەدەبی ڕوسی بڕێکی زۆری لەهاوسەنگی خۆی لەدەستدا، بەتایبەتی لەماوەی دووەم جەنگی جیهانی، تا مردنی ستالین ئەو ماوەیەی (ئەدریە جدانۆف) سەرپەرشتی ئەدەب و فەرهەنگی ڕوسی دەکرد، لەو ماوەیەدا ڕیالیزمی سۆشیالیستی ببووە ڕیالیزمی سیاسی، زۆربەی ئەدیب و نووسەرانی کومونیستی ئەو سەردەم پێیان وابوو کە ئەدەب دەبێ هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەک بێ و لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا ئەو پەیامەی پێیەتی بیگەیەنێ، لەڕاستیدا ئەوەش نەخۆشییەکی ڕۆشنبیری بوو تێکەڵ بە فیکری گەلانی سۆڤیەت کرابوو. یەکێتی سۆڤیەت خۆی و ئایدۆلۆژیا قرپۆکەکەی لەلایەکەوە پڕوپاگندەی ئەوەی دەکرد کە پاڵپشتی چینی پرۆلیتاریا و گەلانی چەوساوە دەکات، لەلایەکی دیکەیشەوە هاوکاری ڕژێمە دکتاتۆرەکانی دەکرد بۆ قڕکردنی (گەل)ە ژێردەستەکان و سەرکوتکردنی بزاڤە ڕزگاریخوازەکانیان، لەهەموو بزاڤ و شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی (گەلی کورد)دا یەکێتی سۆڤیەت یارمەتی هێزە داگیرکەرەکانی (کوردستان)ی دەدا بۆ سەرکوتکردن و دامرکاندنی ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد، حزبی شیوعی سۆڤیەت لەبنەڕەتدا باوڕی بەبوونی کورد نەبوو، بۆئەوەی کێشەی نەتەوایەتی و چینایەتی کوردی لەکۆڵ بێتەوە، دەیگوت کورد خاکێکی دێرینیان نییەو میللەتێکی گەڕۆکن، بۆیە دەیویست کوردەکانی سۆڤیەت ڕاگوێزێ بەڵام

**ئایدۆلۆژیا هەڕەشەیە بۆسەر پڕۆسەی داهێنان و مەترسیش بۆسەر ئازادی فیکر دروست دەکات**

تەمەنی کورتی (لینین) بواری ئەو نەخشە ئەمپریالیستەی نەدا.

حزبی شیوعی سۆڤیەت لەنەخشەی داگیرکردن و بەرفراوانییەکەی خۆیدا چەندین گەل و وڵاتی، نەک بە بیروباوڕ، بەڵکو بە ئاگروئاسن داگیرکرد.

لەسەرەتای هەشتاکانیشدا ئەفغانستانی بەئاگروئاسن داگیرکرد و ژێرخانی ئابوری و پێکهاتەی نەتەوایەتی و مەزهەبی و ئایینی ئەم وڵاتەی شێواند و جیاوازی ئایدۆلۆژی لە نێوان ئەو پێکهاتانەدا دروست کرد کە تائێستاش پێیەوەی دەناڵێنن، هەر ئەو داگیرکردنەی ئەفغانستان بوو داگیرکردنی دیکەی لێکەوتەوە، ئەوەبوو ئەمریکاش لەلای خۆیەوە کەوتە نەخشەدانان بۆ داگیرکردنی ئەم ناوچەیە.

یەکێتی سۆڤیەت لەلایەکەوە داوای مافی چارەنووسی گەلانی دەکرد و باسی ئازادبوونی چینی پرۆلیتاریا و نەتەوە ژێردەستەکانی دەکرد، لەلایەکی دیکەیشەوە بەزەبری ئاگروئاسن چەندین نەتەوەی جیاجیاو حکومەتی پێکەوە لکاندبوون و خستبوونییە ژێر ڕکێفی خۆی، بەڵام چونکە پێکەوە لکاندنەکە بە ویست و ئارەزووی ئەو نەتەوە و حکومەتانە نەبوو، بۆیە ساڵی (١٩٩٠) ئەم ئەمپراتۆریەتە گەورەیە لەبەریەک هەڵوەشایەوەو حکومەتەکان ئازادی خۆیان وەرگرتەوە.

لەهیچ قۆناغ و سەردەمێکدا ئایدیۆلۆژیا گیانی تەبایی و لێبوردەیی و بەخشندەیی نیشان نەداوە، بەڵکو هەمیشە گیانی هێرەش بەرانە و ڕکوکینەی لەمرۆڤدا جولاندووە.

هەر لەسایەی ئایدیۆلۆژیادا لێرەدا دەتوانین نمونەی ئەدەبیاتی چین وەربگرین. لەسەدەی بیستەمدا ئەدەبیاتی (چین) جارێکی دی لەجوولە کەوتوو تووشی شەلەل بوو، چونکە سیاسەت ڕێ و شوێنی بۆدیاری دەکرد، ئەوەی پێی باش بوایەو لەبەرژەوەندی خۆیدا بوایە پشتگیری دەکرد و بەرزی دەکردەوە، ئەوەشی لەبەرژەوەندی خۆیدا نەبوایە کۆسپ و تەگەرەی بۆ دروست دەکرد، جموجۆڵێکی سەقەت بەناوی ئەدەبیاتی شۆڕەشگێڕانە لەئارادابوو لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا هەڵکوتانە سەر فەرهەنگی کۆنی چین بەناوی شۆڕەش بووە هۆی قاچاغ کردن و سوتاندنی کتێبی زۆر، ژمارەیەکی زۆر نووسەر کوژران و خرانە بەندیخانەوە، یان لەژێر باری قورس و تەنگ پێهەڵچنیندا ناچاری دەربەدەری و ئاوارەیی بوون، وەها زەنگێک لەسەردەمی ئەمپراتۆریەتی (چین) دا وێنەی نەبوو، بێگومان سانسۆرێکی تەواو خرابووە سەر ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی نووسین و ئازادی بیر کردنەوە، سروشتی ئەدیب و نووسەرانیش وایە ئەگەر مەودای قسەکردن و ڕادەربڕینیان لێبگیرێ بە ناچاری هەڵەتەی مەملەکەتان دەبن.

پاش کوشتارەکەی ١٩٨٩ ی مەیدانی (تیان ئان مێن) زۆربەی ئەدیب و نووسەرە (چین)ییەکان ڕێی غوربەتیان گرتەبەر، هەڵبەت ئەوەش هەڵوێستی ئەو ئەدیب و نووسەرانەیە کە خاوەن مەبدەئن و نایانەوێت دەنگی ڕەسەنیان خەفە بکرێت، لەو ساڵانەی کەوا (مانۆ سیدۆنل) حکومەتی دیکتاتۆری بەسەر خەڵکادا سەپاندبوو ئابلوقەی تەسکتری لەسەر چالاکی نووسەران دانابوو، تەنانەت ڕێی هەڵاتنیشیان نەمابوو، ئەوەش بەرهەمی ئایدۆلۆژیا بوو کە نووسەرانی خستە قەفەزێکی تەسکەوە، یاخود دەیانخاتە زیندانێکی بێ چراوە.

هەروەها ئەگەر قسە لەسەر نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردیش بکەین چ لە ڕابردوودا و چ لە ئێستادا بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد لەنێو چوارچێوەی ئایدۆلۆژیادا کاریان کردووە، یاخود با بڵێین ئایدۆلۆژیا پانتاییەکی فراوانی لەئەزمونی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا هەبووە، ئەگەر تێبینی بکەن بۆتان دەردەکەوێ کە ئەو شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانەی کە نەتوانن لەبواری بەهرە و داهێناندا برەو بە ئەزموونی خۆیان بدەن، هەوڵدەدەن لەچوار چێوەی ئایدۆلۆژیایەکدا بوونی خۆیان بسەلمێنن، نوسەر و ڕۆشنبیرە لاوازەکان ئەوانەی کە لەفیکر و داهێناندا کەم ئەزموونن ناووناوبانگی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە لەبن چەتری ئایدۆلۆژیایەکدا کار بکەن و درێژە بەکاری

خۆیان بدەن، لەلایەکی دیکەیشەوە زۆربەی نوسەر و رۆشنبیرانی وڵاتی ئێمە لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانەوە لەژێر هەژموونی ئایدۆلۆژیادا کاریان کردووە و دەیکەن، لەزۆربەی قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی خەباتی (کورد)دا ئایدۆلۆژیا بۆتە بزووێنەرێکی بەهێزی بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیری گەلی کورد، چەمکی ئایدۆلۆژیا لەکۆمەڵگەی ئێمە و هەرکۆمەڵگەیەکی دیکەدا ئاماژەیە بۆ واقیعێک کە تاکتیکی سیاسی جێگای زانست و مەعریفە دەگرێتەوە و کۆمەڵگە تووشی لێکترازان دەکات، حەقیقەتی کۆمەڵگا یەک شتە ئەویش پێکەوەژیانە، بەڵام کەسانی جیاواز بەدیدی جیاوازەوە لەم حەقیقەتە دەڕوانن.

پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگەدا، بنەمایەکی ئەخلاقی بۆ هەموو کردەوە و چالاکییەکی مرۆڤ پێکدێنێ، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە خاوەن پێکهاتەی جۆراوجۆرن، بونیادی کۆمەڵایەتی لەسادەترین مانایدا واتا پەیوەندییە بەردەوامەکانی نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، بەڵام نەک ئەو پەیوەندییەی کە لەسەر بنەمایەکی ئایدۆلۆژی دامەزرابێت، کە ئەمە لەباشترین حاڵەتدا زەنگێکی خەتەر و مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر ئێستاو ئایندەی مرۆڤەکان، بونیادی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و بەرژەوەندی هاوبەش ئەوەیە کەگشت پێکهاتە و هێز و گروپەکان لەکۆمۆنیکاسیۆنێکدا کۆبکاتەوە، واتا زەمینەیەکی بەرفراوان سازبکات بۆ پێکەوە ژیان و پەیوەندی بەردەوامی چینە جیاوازەکان، ئەگەر وانەبوو ئەوکاتە ئافاتە سیاسییەکان جێ بە بونیادی کۆمەڵایەتی لەق دەکەن، مرۆڤ بەشێکە لەو ژینگە و لەو واقیعەی کە تێیدا دەژی، یاخود ئەو واقیعە رۆڵێکی گرنگی هەیە لەچۆنێتی پەروەردەکردنی ئەومرۆڤە، مرۆڤی کوردیش لەنێو چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژیدا پەروەردە بووە و لەقالب دراوە، بۆیە بیرکردنەوە و هەڵوێست و بۆچوونەکانیشی رەنگدانەوەی ئەو عەقڵیەتەن کە ئایدۆلۆژیا هەڵگریەتی.

لەلایەکی دیکەیشەوە زۆربەی ئەدیب و نووسەرانی دوای راپەرین بەهۆی شەپۆلی جیهانگەرییەوە لەژێر کاریگەری ئەدەبی خۆرئاوادا جۆرە رۆشنبیرییەکیان بەرهەم هێناوە کە تێکەڵێکە لەنێوان رۆشنبیری خۆرئاوا و رۆشنبیری کوردی، بۆیە بەرهەمەکانیشیان لەهەر رووێکەوە بۆی بچی هیچ سەرەدەریەکی لێدەرناکەیت و خوێنەر لەنێوان دوو چەمکی نامۆ و دژ بەیەک خۆی دەبینێتەوە، ئێمە ئێستا لەحاڵەتێکی نەگۆڕ و چەقبەستوو داین و ئایدۆلۆژیاش بۆتە دەلیلی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی ئێمە، پەم پێیەش دەتوانین بڵێین کە جیهانبینی ئایدۆلۆژی لێپرسراوی سەرەکییە لەقەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی ئێمە، چونکە لەهەموو لایەکەوە بونیادی عەقڵی ئێمەی کۆنترۆڵ کردووە، پێویستە ئەوەش بزانین کە ئایا هەلومەرجی سیاسی رێگرە لەبەردەم گۆڕین و گەشەپێدانی ئەم کۆمەڵگایە، یاخود هەژموونی ئایدۆلۆژیا؟ بەدڵنیاییەوە هەیمەنەی ئایدۆلۆژیا بووەتە ئاستەنگێکی گەورە و هیچ دەرفەتێکیان نەهێشتۆتەوە بۆ بوژانەوە و گەشەکردنی ئەم کۆمەڵگایە ئەگینا لەسەدەکانی رابردوودا کە تەم ومژی ئایدۆلۆژیا بەری ئاسۆی نەگرتبوو کۆمەڵگای ئێمە پڕبوو لەزاتی گەورە گەورە، پڕبوو لەشاعیر و نووسەری خاوەن مەعریفە و لێهاتوو، وەکو مەحوی و مەولەوی و نالی و سالم و پیرەمێرد و ئەمین زەکی بەگ و شەرەفخانی بەتلیسی و مەلای جەزیری و خانی و دەیانی دیکەش

**سەرچاوەکان:**


١- ئەدەبی روسی و کێشەی باسترناک دکتۆر مارف خەزنەدار

٢- پلۆرالیزمی ئایینی عبدالکریم سروش

٣- عیرفان بەرانبەر بەئازادی دکتۆر عەلی شەریعەتی وەرگێرانی هەژار

٤- الایدیولوجیا والوعی المتابق عدنان عوید

٥- التشکلات الایدیولوجیه فی الاسلام بنسالم حمیش

٦- مفهوم الایدیولوجیا عبدالله العروی

٧- النقد والایدیولوجیه تیری ایجلتون ترجمه فخری صالح

# زمانی چاوپێکەوتن لە ڕۆژنامەدا





بورهان قادر

**پێناسەی زمان**

زمان سیستەمێکی تێکچرژاو و ئاڵۆزە، ئەستەمە بە پێناسەیەکی سادە بتوانرێت شرۆڤەی تەواوی بۆ بکرێت، زماناسانیش لەبەرانبەر پێناسەی زمان دەستەوەستان دەوەستن، ئەمەش وایکردووە چەندین پێناسەی جیاواز لەخۆ بگرێت و هەر یەک لەو پێناسانەش لەدیدگا و ڕوویەکی زمانەوە توێژینەوەیان بۆ کردووە.

بۆ نموونە: فردینارد سۆسێر دەڵێت: ((زمان بەرهەمی کۆمەڵایەتی و هاوزمانانە و کۆمەڵە ئاکارێکی زۆر پێویستە، کە کۆمەڵ دایهێناوە، بۆ ئەوەی لەبەکارهێنانیدا یارمەتی تاکەکانی بدات)).

«زمان بریتییە لەکردەی قسەکردن، بەواتای پەیوەندیکردن لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک هێمای کۆکراوە».

ئەندریە مارتین دەڵێت: زمان سیستەمێکە لەهێما بەکارهێنراوەکان، بەئامانجی دابینکردنی پەیوەندی بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ یاساکانی زماندا ڕێکخراوە «زمان ڕێکخستنێکی بنچینەییە بۆ پێکهێنانی پەیوەندی»

**زمان وەک زانست**

زمان وەک ئامرازێکی ئاڵۆزی پەیوەندیکردن لای مرۆڤ، لەسەرەتای درووستبوونییەوە جێگەی وردبوونەوە و تێرامان و لێکۆڵینەوە بووە، لەهەرچی زاراوەی زانستی زمانە بەرامبەر هەموو ئاستەکانی زمان دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و کارەکی دەکۆڵێتەوە.

زمان وەک زانست دوو لقە، ئەوانیش ( تیۆری و کارەکی ) لقەکانی زمانەوانی تیۆری بریتین لە: دەنگسازی گشتی (فۆنەتیک) دەنگسازی تایبەتی (فۆنۆلۆجی) زمانەوانی مێژوویی، واتاسازی، ڕێزمان کە وشەسازی و ڕستەسازی دەگرێتەوە.

هەرچی لقەکانی زمانەوانی کارەکییە بریتین لە: فەرهەنگسازی، زمانەوانی ئامێری، زمانەوانی دەرونی، زمانەوانی کۆمەڵایەتی، فێرکردنی زمان، نەخۆشییەکانی گوتن.

لەبەر ئەوەی زمان بریتە لەپەیڕەوێکی پەیوەندیکردنی مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا و لەو ڕوانگەیەوە زمانەوانی بایەخ بەزمان و لێکۆڵینەوە دەدات، ئەم دیاردەیە واتە زمان لەدێر زەمانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بەڵام وەک زانستێکی سەربەخۆ سەیر نەکرابوو، بەڵکو لەپاڵ زانستەکانیتر وەک فەلسەفە، لۆجیک، کۆمەڵناسی و دەروناسی لێی کۆڵرابووەوە. بەڵام لەدوای لێکۆڵینەوەکانی (فردیناد دی سۆسێر) قاڵبی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی وەرگرتووە، ئێستا بەزانستێکی سەربەخۆ دادەندرێت و بواری لێکۆڵینەوەکانی دەست نیشان کراون وەک سیستەمی دەنگی و فۆنۆلۆژی و سیستەمی ڕستەسازی و سیستەمی واتاسازی و پراگماتیک و ئەرکەکانی زمان.

**زمان و ڕاگەیاندن**

زمان جگە لەتێگەیشتن و پەیوەندیکردن، لەگەیاندنی پەیام و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و پەیوەندیکردن لەهەموو ئاستەکانی ژیان و گەیاندنی مەبەست و پێداویستییەکانی خۆیەتی بۆ سەروتر و ئاڵوگۆڕی بیرورا، کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەو ئاڵوگۆڕییە گشتییەدا.

ڕاگەیاندن، بوارێکی فراوانی پەیوەندیکردنە و زمانیش چالاکیترین و دیارترین هۆکارە تیایدا،

بۆیە زمان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەراگەیاندندا و لەگەیاندنی پەیامی ڕاگەیانراودا، ئەمە جگە لەو ڕۆڵە گرنگەی کەبەسەر جەماوەردا هەیەتی و دەتوانێ لەدوووتوێیدا بەهۆی گۆڕینی هەست و زانیارییەکان بۆ وشەی (نووسراو، بیستراو، خوێنراو) بەرێگای هۆکارێک لەهۆکارەکانی پەیوەندیکردنەوە بیگەیەنێتە جەماوەرێکی فرەوان. جەماوەری ڕاگەیاندن وای لەرۆژنامەنووسان کرد کە بەدوای زمانێکی وادا بگەڕێن لەلای هەموو نەوە جیاجیاکان بە ئاستە ڕۆشنبیرییە جیاجیاکانەوە تێگەیشتوو بێت، چونکە هەموو جۆرەکانی ڕاگەیاندن تەنها بۆ جەماوەرێکی تایبەت نییە، بەڵکو گشتیەو هەوڵ دەدات بگاتە فراوانترین کەرتەکانی کۆمەڵ، بەزووترین کات و کەمترین نرخ.

زۆربەی زانست و هونەر و چالاکیە مرۆییەکان، زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەگەری ئەوە هەیە لەهەموو زانستەکاندا زمان خۆی بسەپێنێ و بەپێی ڕۆژگار کاریگەری بەسەر تەواوی کایەکانی ژیان و مرۆڤ و ژینگە بسەپێنێت، بەڵام لەزمانی ڕاگەیاندندا بەپێچەوانەوەیە و زۆر جیاوازترە، لەپەیوەندی زمان و ڕاگەیاندندا، زمان لەهەڵۆستێکی لاواز دایە، ڕاگەیاندن باڵ بەسەر زمان دەکێشێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندن گشتگیر و فراوانە و دەچێتە هەموو کون و کەلەبەرەکانی ژیان و کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر هەموو کایەکانی ژیان دادەنێت.

زمانی ڕاگەیاندن: زمانی ڕاگەیاندن لەسادەترین پێناسەیدا دەکرێ بڵێین زمانێکە، زۆر بەخێرایی دەوترێ و دەنووسرێ وردی و گەمەی زمانی و ڕەوانبێژی تێدانییە، چونکە بۆ جەماوەر دەنووسرێ و دەبێ ڕەچاوی کورتی و پوختی و سادەیی ئەوەی تیابکرێت کە زۆرترین کەس تێبیگات، زمانی ڕاگەیاندنیش زمانێکی کارەکییە، دوورە لەهەردوو زمانی تیۆری - زانست و زمانی ئەدەب و هونەر.

## پێناسەی ڕاگەیاندن

وشەی ڕاگەیاندن ( communication ) لەبنەرەتدا لەوشەی (communis )ی لاتینییەوە وەرگیراوە کە بەواتای بڵاو، یان باو دێت، بنچینەی پرۆسەی هێنانەدی گشتگیری و هاوبەشییە، ئەمەش نایەتەدی، ئەگەر لایەنی کەم جۆرە لێک تێگەیشتنێک لەنێوان بواری ئەزموون و شارەزایی نێرەر و وەرگردا نەبێت.

## چەمک و زاراوەی ڕاگەیاندن

(ڕاگەیاندن ناوێکە لە کاری (ڕایگەیاندن) کە لەبنچینەدا لەکاری (علم) واتا زانست وەرگیراوە) لەکتێبی ( لسان العرب )ی ئیبن مەنزووردا هاتووە» زانست پێچەوانەی نەزانینە، زانستێکی زانی و ئەویش پێی زانی، مرۆڤێکی زانا و شتێکت زانی، زانستێکم زانی، واتا دەیزانم و پێیگەیاند واتە زانستی پێگەیاند.

لەزانستی زمانی نوێگەر، یان زمانەوانە ئەوروپییەکان، لەسەر زمانی (ئەلغیرداس جولیانا غریماس) وشەی ڕاگەیاندن بەمجۆرە پێناسە دەکەن» واتە گەیاندنی هەر بابەتێک بتوانی گوزارشت لە هێمای جۆراوجۆر بکات.

(فرنان) لەکتێبەکەی خۆی (اعلام)دا دەڵێ: ”ڕاگەیاندن بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگەیە (وقائع – فاکت) یان کۆمێنت و ڕا بەشێوەیەکی گونجاو لەرێگای وشە و دەنگ و وێنە، یان هەر پەیوەندییەک بە جەماوەر“

## ڕاگەیاندن کردەیەکی پەیوەندیکردنە

پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی فرەوان و هەمەچەشنە، پەیوەندیکردن چەمکێکی گشتییە، دەکرێ بەچەندین شێوە پەیوەندیکردن ئەنجام بدرێت، بۆنموونە: بەگفتوگۆی نێوان تاکەکان، یان بەنامەنووسین، یەکێک لەشێوەکانی دیکەی پەیوەندیکردن ڕاگەیاندنە، ڕاگەیاندنیش بڵاوکردنەوەی زانیاری گرنگە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە لەرێی دەزگایەکی ڕاگەیاندنەوە، چ ڕادیۆ بی، یان تەلەفزیۆن، یان ڕۆژنامە، یان ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکان.

هەندێجار ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن دووچاری ئاستەنگی تێکەڵاوبوون دەبنەوە، لەگەڵ ئەو تێکەڵاوبوونەش هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، پەیوەندیکردن لەسەر دوو ڕەهەند کاردەکات، کە ئاوێتەی یەکترن و تەواوکەری یەکترن، یەکێکیان ڕەهەندی وەزیفییە و خۆی لەپرۆسەی گواستنەوەی زانیاریدا دەبینێتەوە، ئەوەی تریشیان ڕەهەندی بەستنەوەیە، خۆی لەوەرگرتنەوەی کاردانەوەی ئەوانیتردا دەبینێتەوە، کە بەبێ ئەم ڕەهەندە، بازنەی پەیوەندیکردن تەواو نابێت. بەڵام ڕاگەیاندن، ئەم ڕەهەندی بەستنەوەیە لەخۆناگرێت، زۆر بەدەگمەن نەبێت، مەرج نییە بۆ تەواوبوونی کارەکەی بەزۆری تەنیا لەسەر ڕەهەندی گواستنەوە کار بکات.

ڕاگەیاندن سازدانی پەیوەندییە، کە تاکێک، یان گروپێک، پەیامێکی هەیە و دەیەوێت بیگەیەنێت بەیەکێک، یان گروپێکیتر، ئەویش وەری دەگرێت، یان ئەو پەیوەندییەیە، ئاراستەی جەماوەرێکی

بەرفراوان دەکرێت، بەجیاوازەکانییەوە، لەئاستی ڕۆشنبیری و بیروبۆچوونەوە. ڕاگەیاندنی جەماوەری، پێویستی بە گوێزەرەوەکی ناوەندگیرە بۆ زانیارییەکان، یان بەهۆکارێکی ڕاگەیاندنی وەک ڕۆژنامە و گۆڤار و فیلم و کتێب و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ هەیە. کەواتە پەیوەندییە جەماوەرییەکان لەبنەڕەتدا پەیامن، لەڕێی هۆکارێکی ڕاگەیاندنەوە دەگاتە خەڵکێکی زۆرەوە.

## پێناسەی پەیوەندیکردن

لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا پەیوەندیکردن، گەیاندن و گواستنەوە بەگرنگترین ئەرکەکانی زمان دادەندرێت، ئەمەش بەمەبەستی پەیوەندیکردن و لەیەکترتێگەیشتنی تاک و کۆمەڵگە بەیەکترییەوە، کە لەپێداویستییەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵک خۆی دەبینێتەوە. زمان لەهەر کۆمەڵگەیەکدا سیستەمێکی گشتییە بۆ پەیوەندیکردن، کە تاکەکان پەیڕەوی دەکەن بۆ لەیەکتر گەیشتن و گوزارشتکردن لەو بابەتەی لەبیریاندایە.

فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، پێناسەی پەیوەندیکردن دەکات بەوەی کە «بریتییە لەپرۆسەی دەربڕینی بیروهەست، یان پێدانی زانیاری بەخەڵک، بەشێوەی قسە، یان نووسین، یان بە ئاماژە».

(لوسیان بای) دەڵێت: پەیوەندیکردن چنراوی کۆمەڵگەی مرۆییە، لەلایەکەوە ڕاستییەکە لەڕاستییەکانی بوونی کۆمەڵایەتی، لەلایەکیتریشەوە ڕەگەزێکی تەوەرییە لە بوونیادی پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا».

پەیوەندیکردن لەگەڵ هەستی مرۆڤ بەبوونی خۆی پەیدابووە، کۆنی پەیوەندیکردن هاوشانە لەگەڵ کۆنی کۆمەڵگەی مرۆیی، لەهێماوە دەستی پێکردووەو، بە چەند قۆناغێک گەیشتۆتە زمان، ئێستاش گەیشتۆتە ئاستی زمانی ڕاگەیاندن، زمانی ڕاگەیاندنیش شارستانییەتی کۆمەڵگە دادەڕێژێ.

بەپێی ئەم پێناسانە لەکاتی ئەنجامدانی پەیوەندیکرن، کە مەبەست پێدانی زانیاری بێت، یان دەربڕینی هەست و بیرورا، کەناڵێکیان پێویستە تاپەیوەندییەکە لەشوێنی خۆی ڕوودات و تێگەیشتن بێتە ئاراوە، ئەو تێگەیشتنەش لەئەستۆی زمان و زمانی هاوبەشدایە.

واتا زمان بۆ پەیوەندیکردنە بە هاوزمانەکان و دەوروبەردا، بۆ بیروراگۆڕینەوە، هەواڵ، پرسیار و داوکاری، چی داوکاری و داوا جێبەجێکردن هەیە لەکاتی پویەندیکردن لەڕێی زمانەوە بڕیاری یکلاکەرەوەی لەسەر دەدرێت، کەواتە بەبێ بوونی زمان پەیوەندیکردن نایەتە ئاراوە، جا زمانی قسەکردن و ئاخاوتن بێت، یان زمانی نووسراو.

## کەناڵەکانی پەیوەندیکردن

پرۆسەی پەیوەندیکردن چەند کەناڵێک لەخۆ دەگرێت، کە هەندێکیان لەهەموو جۆرەکانی پەیوەندیکردن بوونیان هەیە و مەرجی سەرەکی پرۆسەی پەیوەندیکردنە، هەندێکیشان بەپێی کات و شوێن و ژینگە و دەوروبەری پەیوەندیکردنەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، کەناڵەکانیش بریتین لە:-

١-.نێرەر:- دەستپێک و یەکەم کەناڵی پەیوەندیکردنە و کرداری پەیوەندیکردنەکە لەو دەست پێدەکات، جا چ تاک بێت یان گروپ، دواتر ئەو پەیام و زانیاریانەی کە لەلایەتی و دەیەوێت بیگەیەنێت بەوەرگر، دەکرێت نێرەر کەسێکی ئاسایی بێت و دەکرێت ڕۆژنامەنووس، یان دەزگایەکی ڕاگەیاندن بێت.

٢-.وەرگر:- دووەم کەناڵی پەیوەندیکردنە، ئەویش دەکرێ تاک، یان گروپێک بێت و لەلایەن نێرەرەوە پەیامەکەی ئاراستە دەکرێت.

٣-.پەیام: - ئەو پەیام و زانیاری و بیرۆکانە لە خۆ دەگرێت کە لەلایەن نێرەرەوە بۆ وەرگر دەنێردرێت لەڕێگەی کەناڵێکەوە.

٤-.کەناڵ:- هەرکەرەستەیەکی پەیوەندیکردن کە نێرەر بەکاری بێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بۆ وەرگر پێی دەڵێن (کەناڵ) کەناڵی پەیوەندیکردنەکەش هەر یەک لەبیستن و بینین لەخۆ دەگرێت، کە پەیوەستن بەوشە و ڕستەوە، یان بزاوتن و هێما (زمانی و نازمانی).

٥-.دەوروبەر: دەوروبەر هەموو هۆکارە ژینگەییەکان و ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری لەخۆ دەگرێت، هەموو ئەمانەش بەپێی کات و شوێن کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر چۆنیەتی گەیاندنی پەیام لەنێرەرەوە بۆ وەرگر دەبێت.

## ئەرکەکانی نێرەر

١- ئەرکی وروژاندن: ئەم ئەرکە ڕاستەوخۆ لەسەر ناخی وەرگر ورد دەبێتەوە، بەتایبەتی هەڵوێستی وەرگر دەربارەی ئەو کەیس و ڕووداو و بابەتانەی کە ئاراستە دەکرێن

٢- ئەرکی کانگا: ئاماژە بەناوەڕۆکێکی دیاریکراو دەکات، بوار بۆ وەرگر بەجێدەهێڵێ، کە بتوانێت بابەتەکان و پرسیارەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە.

٣- ئەرکی پەیوەندیکردن: لێرەدا نێرەر بوار بەوەرگر دەدات کە گوزارشتەکانی ڕووخساری بەڕوونی بخوێنێتەوە، تاوەکو بتوانێت بەردەوام بێت، یان کۆتایی بەچاوپێکەوتنەکە بهێنێت.

٤- ئەرکی پشت زمان: نێرەر وا لەزمان دەکات کە ببێتە بابەت، پەسنی زمان دەکات و شرۆڤە و بنیات و سیماکانی دەردەخات.

٥- ئەرکی ئاگادارکردنەوە: نێرەر لەشێوەی چەند ڕستەیەکی داواکاریدا پەیامەکە دەخاتەڕوو، کە تیایدا داوای جێبەجێکردنی هەندێ کار دەکرێت، لەشێوەی ئاگادار کردنەوە و هۆشیارکردنەوە دا دەبێت، ڕەنگە هەندێکجار ئەو پرسیارانە نەخوازراو بن.

## بەشی دووەم

## جۆرەکانی ڕاگەیاندن و تایبەتمەندییەکانی

ڕاگەیاندن پرۆسەیەکی کارلێکەری واقعییە، جەوهەری پرۆسەکە پەیوەندیکردنە، بەمەبەستی گواستنەوە و پێدانی زانیاری و بیروبۆچوون لەنێرەرەوە بۆ وەرگر، ئەو زانیاریانەش بەپێی جۆر و تایبەتمەندی ڕاگەیاندنەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، جۆرەکانیش بریتین لەبیستراو (ڕادیۆ)، بینراو ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن، ڕیکلام و سەردیوار لەخۆ دەگرێت، هەندێجاریش دەوترێت بیستراو و بینراو و خوێنراو، ئەمانەش وادەکەن بەئاسانی هەواڵ و زانیاری و بیروبۆچوونەکان بگەن بە هەموو تاکێک لەهەر ئاست و چین و توێژێکی کۆمەڵگادا بن. لێرەوە دەتوانین جۆرەکانی ڕاگەیاندن و تایبەتمەندییەکانیش بخەینەڕوو:-

### ١- بینراو ( تەلەفزیۆن ) :-

تەلەفزیۆن وەک یەکێک لەئامراز و جۆرەکانی ڕاگەیاندن لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، دەکرێ بڵێین بە کاریگەرترین جۆر دادەندرێ، چونکە بەئاسانی لەدەرگای هەموو ماڵێک دەچێتە ژوورەوە، تابەتمەندی ئەمجۆرە پشت بەوێنە و دەنگ و جووڵە دەبەستێت، ناوەڕۆکەکەشی هەواڵ، میوزیک، فیلم، شانۆ و تەواوی بەرنامە جۆراو جۆرەکان، هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت.

### ٢-بیستراو ( ڕادیۆ ):-

ڕادیۆش جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕاگەیاندن و زۆربەی ژانرەکانی ڕۆژنامەگەری لەخۆ دەگرێت، وێنە و ڤیدیۆ هیچ ڕۆڵێک لەو جۆرە نابینێ و ئەوەی زیاتر پشتی پێدەبەستری تەنها دەنگە لەنێرەرەوە کە ڕادیۆکەیە و بۆ وەرگر کە گوێگرە، هەر ڕادیۆیەکیش لەسەر شەپۆلێکەو جگە لەناوی تایبەتی خۆی شوێنی پەخشەکەشی دیاری دەکرێت.

### ٣-ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی ( سایتەکان ):-

بە بەراورد بەسێ جۆرەکەیتر ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی نوێیە و لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەدایکبووە، یەکێکە لەبەرهەمەکانی ئێستا بە یەکێک لەڕکابەرەکانی تەلەفزیۆن دادەندرێت.

ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیا لەسادەترین پێناسەیدا میدیایەکی هەمەجۆر و تێکەڵە لەڕۆژنامەگەری بینراو و بیستراو و خوێنراو، تایبەتمەندییەکانی هەریەکەیانی لەخۆدا کردۆتەوە، لەڕۆژنامەگەری خوێندراودا تێکست و نووسینی وەرگرتووە، لەڕادیۆش دەنگ و لەتەلەفزیۆنیش وێنە.

لەم جۆرەیاندا کات هیچ گرنگییەکی نییە، وەک ئەوەی لەسێ جۆرەکەیتر کات گرنگی هەیە، چونکە ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی دەوەستێتە سەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێت، خوێنەر بڕیار دەدا کە چ کاتێک تەرخان بکات بۆ سایتەکان.

ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی پانتییەکی فراوانی بۆ دەربڕینی ڕای تاکەکەس تەرخان کردووە، بەوەی کە کەمتر دەتوانرێت نووسین و دەنگ و ڤیدیۆکان لەپەخش کردن ڕێگەی لێبگیرێت، وەک ئەوەی لەسێ جۆرەکەیتر هەیە.

### ٤- خوێندراو ( ڕۆژنامە و گۆڤار ):-

بڵاوکراوە، یان چاپەمەنییە ڕۆژنامەوانییەکان دەکرێن بەدوو بەشەوە، ئەویش ڕۆژنامە و گۆڤارەکانن، ئەو دووانە زۆر لەیەکتر دەچن، وەک هەردووکیان ناوبەناو و لەکاتی دیارکرادا لەژێر ناوێک دەردەچن و ناکرێت هەر جارەی لەکاتێک و ناوێکی جیاواز دەربچن، لەیەکتریش جیاوازن، مەبەست ئەوەیە کە گۆڤار لەشێوەی کتێب بەرگی هەیە، بەڵام ڕۆژنامە بەرگی نییە. بەگشتی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە لەلاپەڕەکانی گۆڤار گەورەترن، ڕۆژنامە لەگۆڤار گشتگیرترە بۆ دابەشبوون بەسەر خوێنەران، ڕۆژنامە زۆر زیاتر لەگۆڤار گرنگی بە هەواڵ دەدات، بەڵام بەردەوام کوالیتی کاغەزی گۆڤار باشترە لە ڕۆژنامەکان.

ڕۆژنامە واپێناسە کراوە کە ( بڵاوکراوەیەکی بەردەوامە بە هۆی ئامێرێکی چاپکردن و بەکارهێنانی هونەر و ژانرەکانی ڕۆژنامەگەرییەوە دەردەچێت، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی زانیاری)

ڕۆژنامە بە پێی کاتی دەرچوون و بڵاوکردنەوەی دەکرێت ڕۆژانە، یان دووهەفتەجارێک، یان هەفتانە بێت، لەهەندێ حاڵەت زیاتریشە، بەڵام لەو حاڵەتەدا نابێتە ڕۆژنامەیەکی کاریگەر و گشتگیر.

**ژانرەکانی هونەری ڕۆژنامەگەری**

ئەوەی لێرەدا دەخریتەڕوو ڕۆژنامەیە، کە ڕۆژنامەی ڕۆژانە و دوو هەفتە جارێک و هەفتانەشمان هەیە، هەر ڕۆژنامەیەکیش لەدووتوێی لاپەڕەکانیدا چەندین ژانر لەخۆ دەگرێت و لەوانە (هەواڵ، ڕاپۆرتەهەواڵ، بەدواداچوون، ڕیپۆرتاژ، چاوپێکەوتن، پۆرترێت، ستوون، بیرورا، ڕیکلام، ئاگاداری، ڕوونکردنەوەو پۆزش)، هەر بەشێک لەو بەشانە گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە لەهەر ڕۆژنامەیەکدا، ئێمە بەکورتی باسی هەموویان دەکەین، بەڵام ئەوەی زیاتر تیشکی دەخەینە سەر چاوپێکەوتن و (زمانی چاوپێکەوتنە لەڕۆژنامەدا).

- هەواڵ (News).
- ڕاپۆرتەهەواڵ (Feature) .
- ڕیپۆرتاژ (Reportage) .
- بەدواداچوون (Investigate).
- پۆرترێت (Portrait) .
- بیرورا (Opinion) .
- ستوون (Colom) .
- ڕیکلام، ئاگاداری، ڕوونکردنەوەو پۆزش.
- چاوپێکەوتن (Interview) .

**هەواڵ (News):-**

دەکرێ وەک یەکێک لەگرنگترین بەشی ڕۆژنامە دابنرێت، ئەمەش ڕوونتر دیار دەکەوێت لەوشە ئینگلیزیەکەی کە کورتکراوە و ئاماژەیە بەهەر چوار جەمسەرەکەی گۆی زەوی (باکوور، باشوور، خۆرهەلات، خۆرئاوا)، بۆیە لەگەڵ یەکەم سەیرکردنی هەر ڕۆژنامەیەک لاپەڕەی یەکەم دەبینین کە هەمووی بە هەواڵ نووسراوەتەوە.

یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی هەواڵ ئەوەیە، کە کورتوپوخت بێت، هەواڵ پێناسەی زۆر هەڵدەگرێ، هەواڵ زانیاری و ڕووداوێکی نوێ و هەندێجار نائاساییە، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە لەهەواڵ ئەو زانیاریانە بڵاو دەکرێنەوە کە پێشتر بڵاو نەکراونەتەوە، بە گشتی دەبێ هەواڵ وەڵامی پرسیارەکانی (کێ، کەی، لەکوێ، بۆچی، چۆن، چی، چەند) بداتەوە. هەواڵی دووبارە کاریگەری سلبی لەسەر تەواوی ڕۆژنامەکە دادەنێت، لەهەموویشی گرنگتر هەواڵ دەبێ تەواو بێلایەن بێت و لێدوانی لەهەموو لایەکان وەربگیرێت، لەبەر دڵی کەس و لە دژی کەس نەنووسرێت، ماناکانی ڕوون و ڕاست بێت و خەیاڵی نەبێت.

**ڕاپۆرتە هەواڵ (Feature):-**

هەواڵێک کە بڵاو بکرێتەوە و زانیاری تەواوی تێدا نەبێت، یان ڕۆژنامەکان لەبەر کۆتایی هاتنی کاتی چاپی دواژمارەیان نەتوانن هەموو زانیارییەکیان دەست بکەوێ، لەڕاپۆرتە هەواڵ ئەو زانیارییانە دەخرێنەڕوو کە لەهەواڵی پێشوو بڵاو نەکراونەتەوە، جگە لەوەش ژمارەی وشەکانیشی زیاترە، لەڕاستیدا هیچ پێوەرێک نییە بۆ ژمارەی وشەکان، بەڵام دەکرێت لەنێوان (٢٠٠ تا ٢٥٠) وشە بێت، لەڕاپۆرتەهەواڵدا زۆرترین زانیاری و لێدوان وەردرەگرین، بۆنمونە کەسەکان وەسفدەکرێن، لەڕاپۆرتەهەواڵدا باکگراوندی هەواڵ، شایەتحاڵ و هەواڵە بەدواداهاتووەکان باسدەکرێن، مەرج نییە وێنەی لەگەڵدا بێت.

**ڕیپۆرتاژ (Reportage):-**

دەکرێ بڵێین ڕیپۆرتاژیش جۆرێکە لەبەدواداچوون، یان ڕاپۆرتەهەواڵ، بەڵام مەرج نییە ڕیپۆرتاژ تەنها لەهەواڵێکەوە سەرچاوە بگرێت، بەڵکو کێشە یان دیاردەیەک لەشار، یان گوند، یان گەڕەکێک هەیە، بۆنموونە کەمی ئاوی خواردنەوە لەوەرزی هاویندا، گیرانی ڕێگەی قوتابیانی چەند گوندێک بەهۆی باران بارین، کەمبوونەوەی ئێشوکار، ئەمانەش لەنێوان (٤٥٠ بۆ ٥٥٠) وشەدا دەنووسرێن، لەڕیپۆرتاژدا ڕۆژنامەنووس پشت بەوەسفکردنی کەسەکان و شێوەی جووڵە و کێشەکانیان و دەرەنجامی ئەو کێشەیە دەبەستێت، نابێت وەسفێکی وشک و ڕەق بێت، کە خوێنەر ڕیپۆرتاژەکە دەخوێنێتەوە دەبێت وێنەیەکی لا دروست بکات و بە خەیاڵ کەس و شوێن و کێشەکە ببینێت، بەواتایەکی دیکە لەڕیپۆرتاژدا ڕۆژنامەنووس دەبێت زمانی ڕازاندنەوە و ڕەنگکردن بەکاربێنێت تاخوێنەر لەبابەتەکە بێزار نەبێت و بەردەوامی بەخوێندنەوەکە بدات و هاوکات وێنەی شوێن، یان کێشەکەی لەگەڵدا بڵاوبکرێتەوە.

**بەدواداچوون (Investigate):-**

ئەگەر ڕاپۆرتەهەواڵ زانیاری زیاتر و بڵاونەکراوەی لەهەواڵ تێدابێت، دەتوانین بڵێین

بەدواداچوون لەڕاپۆرتەهەواڵ زۆر وردتر و چڕتر و گشتگیرترە، هەندێجار ڕۆژنامەیەک بەدواداچوون لەسەر هەواڵی ڕۆژنامەکەی خۆی دەکات، زۆرجاریش بەدواچوون لەسەر هەواڵی ڕۆژنامەیەکیتر دەکات، بەڵام دەبێ سەر لەنوێ لێدوان لەکەسانی پەیوەندیدار وەربگیرێنەوە، چونکە بۆی هەیە ئەوانیش ڕاوسەرنج و تێبینی نوێ بدەن.

لەوڵاتانی پێشکەوتوو، ڕۆژنامەگەری بەدواداچوون (بنکۆڵ)، لەسەردەمی ئێستادا بە یەکێک لەپایە گەورەکانی ڕۆژنامەگەری دەژمێردرێت، ئەمەش کاتێک بە پێویست زانرا لەسەر دووبارەبوونەوەی هەڵەکان بەدەست مرۆڤ و چارەسەرنەکردنی کێشەکان، لەڕۆژنامەگەری بەدواداچووندا ڕۆژنامەنووس پێویستی بەکاتی زیاتر هەیە، ئەمەش بەپێی سەختی بەدواداچوونەکە ڕەنگە لەمانگێکەوە بۆ ٦ مانگ کات بخایەنێت و ژمارەی وشەکانیشی لەهەزار تێپەڕێت، لەو ژانرە ڕۆژنامەگەرییە دەبێ وردودرشتی کێشەکە، دۆکیومێنتەکان، شایەتحاڵەکان، لایەنی بەرپرس، بەشداربووان، پۆلیس، لەبەدواداچوونەکەدا هەبن، بەمەش دەتوانرێ چارەسەری کێشەکە بکرێت.

**پۆرترێت (Portrait):-**

وشەیەکی فەرەنسیە، بە واتای وێنەکێشانی کەسێک دێت، بەڵام وێنە کێشانەکە بە وشە دەبێت، هەموو کەسێک ناکرێ ببێتە بابەتی پۆرترێت، واتە ناکرێ ڕۆژنامەنووس پۆرترێتێک لەسەر مامۆستایەک بکات کە هەموو ڕۆژ دەچێتە قوتابخانەکەی، بەڵکو دەبێت ئەو کەسە ناسراو بێت، بەپرسێکی باڵا، هونەرمەندێک، ڕۆماننوسێک، شاعیرێک، وەرزشوانێک، کە کەسی دیار و ئەستێرە بن، کەسەکە هەر چەند ناسراو تربن، پۆرترێتەکە پڕ خوێنەرتر دەبێت، لەپۆرترێتدا ژیان و سروشتی کەسەکە لەژیانی ڕۆژانە و ئیش و کارەکانی و بیرکردنەوەو جووڵە و بەرهەمەکان و تەواوی وردەکارییە سەرنجڕاکێشەکان دەنووسرێنەوە، نووسینەکەش لەشێوەی وەسفی و چیرۆکەوە دەبێت.

لێرەدا پێویستە هەموو دەزگایەکی ڕۆژنامەوانی دۆسییەی تایبەتیان هەبێت لەسەر کەسایەتییە بەناوبانگەکان، لەمەلەفێک لەئەرشیفی دەزگاکە پارێزراو بێت لەکاتی پێویست بەکاری بهێنن، زۆرجاریش پۆرترێت دوای مردنی کەسەکە بڵاودەکرێتەوە، وەک ئەوەی ڕۆژنامەیەکی هۆڵەندی پۆرترێتی لەسەر قەشەیەک بڵاوکردەوە کە گوایە مردووە، بۆ ڕۆژی دواتر قەشەکە نامەیەکی بۆ ڕۆژنامەکە نارد نووسیبووی «من نەمردووم و لەژیاندام، بەڵام سوپاستان دەکەم زۆر بەجوانی وەسفی منتان کردبوو»، جگە لەمانەش پۆرترێت لەسەر کەسێک دەنووسرێت کە گۆڕانکارییەکی تەواو بەسەر ژیانی دا هەبێت، بۆ نموونە بۆیاغچییەک دەبێتە ئەندامی پەرلەمان، کەسێکی سیاسی کە لەزیندانەکانی بەعس سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبێت و ببێتە سکرتێری حیزبێک، یان سەرۆکی پەرلەمان.

**بیروڕا (Opinion):-**

هەموو ئەو وتار و نووسینانەی کە کەسێک بە ویست و تێڕامانی خۆیی و بەناوی خۆیەوە لەسەر هەر بابەتێک دەینووسێ جا بابەتەکە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، هەر شێوازێک بێت پێی دەڵێن بیروڕا، نووسەر خۆی بەرپرسە لەوەی کە دەینووسێت، نووسەر کە بابەتێک دەنووسێ بە مەبەستی بڵاو کردنەوە، بۆ ڕۆژنامەیەکی دەنێرێت، بەڵام دەبێ سەرنووسەر، یان جێگری سەرنووسەر، یان بەڕێوەبەری نووسین بابەتەکە بخوێننەوە و بڕیاری لەسەربدەن، هەندێجار بەهۆی درێژی، یان لاوازی لەنووسین، یان ناوزڕاندن بڵاو ناکرێتەوە .

**ستوون (Colom).**

ستوونیش هەر دەچێتە خانەی بیروڕا، بەڵام ستوون دارێژراو و ڕێکخراوە، ستوون لەناوەکەی دیارە کە لەدیزاینکردنیدا شێوەیەکی ستوونی لەلای چەپ، یان ڕاستی لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەکەی پێدەدرێت و جگە لەناوونیشانی وتارەکە ستوون ناوی خۆی هەیە، هەندێجار هەرجارە و نووسەرێک لێی دەنووسێت و هەندێجاریش یەک نووسەر بە بەرنامەدانان و لەکاتی دیاریکراودا دەبێت وتارەکەی بۆ ستوونەکە ئامادە بکات، واباشترە ستوون درێژ نەبێت و وشەکانی تەنز ئامێز و زۆر توندبن لەڕەخنەگرتن، بەڵام نەگاتە ئاستی ناوزڕاندن، درێژی و کورتی ستوونەکە بە ڕێککەوتن لەگەڵ سەرنووسەری ڕۆژنامەکە دەبێت.

**ڕیکلام، ئاگاداری، ڕوونکردنەوەو پۆزش:**

ڕیکلام، ئاگاداری، ڕوونکردنەوە و پۆزش شوێنیان لەلاپەڕەکانی ڕۆژنامە دیارنییە، بەڵام بوونیان هەیە، ڕیکلام بەشێکی سەرەکییە بۆ هەر ڕۆژنامەیەک، چونکە سەرچاوەیەکی داراییە، بەتایبەت بۆ ئەو ڕۆژنامانەی کە داهاتیان لەسەر فرۆشتنە.

ڕوونکردنەوەش هەندێجار لەسەر وتارێک،

***زمانی ڕاگەیاندن لە سادەترین پێناسەیدا دەکرێ بڵێین زمانێکە، زۆر بەخێرایی دەوترێ و دەنووسرێ وردی و گەمەی زمانی و ڕەوانبێژی تێدانییە***

یان چاوپێکەوتن و هەواڵێک دەنووسرێت، بۆنمونە ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە ڕوونکردنەوەیەک لەسەر قسەیەکی خۆی دەدات کە لەلای خوێنەران بەشێوەیەکیتر ڕاڤەی بۆ کراوە، یان کەسێک ڕوونکردنەوە لەسەر قسەی کەسێکیتر دەدات کە باسی ئەو کرابێت.

پۆزشیش، ڕۆژنامەکە خۆی دەینووسێت لەکاتێک ئەگەر هەڵەیەکیان بەسەر تێپەڕبووبێت، لەناوی کەسەکان، یان ڕۆژنامەنووسێک هەواڵێک، یان ڕاپۆرت، یان چاوپێکەوتنێکی کردبێت و وەک خۆی نەیگەیاندبێت.



## چاوپێکەوتن (Interview)

### چەمک و پێناسەی چاوپێکەوتن:-

چاوپێکەوتن بە یەکێک لەزیندووترین ژانرەکانی ڕۆژنامەنووسی دادەندرێت و لەگەڵ دۆزینەوەی ڕۆژنامەنووسیشدا بەشێوەیەک لەشێوەکان چاوپێکەوتن دانراوە، چاوپێکەوتنیش وەک بەشەکانی پێشوو کە باسمان کرد لەهەواڵ و ڕاپۆرت، مەبەست لێی پێدانی زانیارییە بە خوێنەران، هەر چاوپێکەوتنێکیش ئەگەر زانیاری نوێی تێدا نەبێت، ئەوە چاوپێکەوتنێکی لاوازو بێ بەهایە، لەبەر ئەوەی تازەیی، یاخود زانیاری نەخوێندراو ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لەڕەگەزەکانی سوود گەیاندن لەهەر کارێکی ڕۆژنامەنووسیدا.

چاوپێکەوتن وەک ژانرێکی سەربەخۆی ڕۆژنامەنووسی، لەسەدەی هەژدە لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بەریتانیا سەری هەڵدا، ئەو ژانرە لەوکاتەدا زیاتر لەدادگاکان و پۆلیسخانەکان سوودی لێوەردەگیرا، دادوەر و پۆلیس پرسیاریان ڕووبەڕووی تاوانبار دەکردەوە، تاوەڵام و زانیاری لێوەربگرن، دواتر پرسیار و وەڵامەکان وەکو خۆی بێ دەستکاریکردن بۆ خوێنەران بڵاودەکرایەوە، ئەو کات ڕۆژنامەکان و ڕۆژنامەنووسان پرسیاریان لەتاوانبارەکان نەدەکرد و بەوە ڕازیبوون کە ئەو چاوپێکەوتنانە بکەنە سەر کاغەز و لاپەڕەی ڕۆژنامەکان.

چاوپێکەوتن، یان دیدار، واپێناسە دەکرێت کار، یان هەنگاوی هەرڕۆژنامەیەکە، کە ڕۆژنامەنووسێک ئەنجامی دەدات، ئەمەش لەو کاتەیە کەچەند پرسیارێک لەکەسێکی خاوەن پێگەی سیاسی، بەڕێوەبردن، کۆمەڵایەتی، هونەری، وەرزشی، یان زانستی هەبێت، وایلێبکات کە زانیاری و لێکدانەوە و بۆچوونی هەبێت.

مەرج نییە هەموو ئەو پرسیارو وەڵامانەی لەچاوپێکەوتنەکاندا دەیانخوێنینەوە، بەتەواوی ئەو مەرجانەیان هەبێت، هەندێجار ڕۆژنامەنووس چەند پرسیارێکی کورتی سادەی دووبارە دەکات تەنها بەمەبەستی ئەوەی بگاتە ئەو پرسیارە گرنگەی کەلای خەڵک چاوەڕوانکراوە، هەندێجاریش چەندین چاوپێکەوتن دەخوێنیتەوە، کە زانیاری تازەی تێدانییە، یان دووبارەکردنەوەی زانیارییەکانی پێشووە، یان ئەو زانیارییەی تێدانییە، کەلای خەڵک گرنگی هەبێت، ئەمەش بۆ لاوازی ڕۆژنامەنووسەکە دەگەڕێتەوە، هەندێجاریش بۆ ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ کراوە. خوێنەر لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکەش دەزانێت کە ڕۆژنامەنووسەکە پەلەی کردووە یان بێ توانابووە لەچوونە قوڵایی چاوپێکەوتنەکە و ونکردنی شێوازی دیالۆگ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەگەڵ میوانەکە، لەبیریشمان نەچێت هەندێجار ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێت خۆی دوور دەگرێت لە وەڵامدانەوەو پێدانی زانیاری، لەو حاڵەتانەدا زیرەکی ڕۆژنامەنووس و زمانی قسەکردن کاریگەری و ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەوەرگرتنی زانیاری، هەموو چاوپێکەوتنێکیش دەبێت وێنەی کەسەکەی لەگەڵدا دابندرێت.

### هۆکاری سازدانی چاوپێکەوتن:-

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسایەتیانەدا دەکرێت کە لەبواری جیاجیادا کاردەکەن، وەکو:-

١-بۆ بەدواداچوونی ڕووداوێکی دیاریکراو و ڕونکردنەوە و وەرگرتنی زانیاری لە ڕووداوەکە و وردەکاری و لێکدانەوەی.

٢-بۆ وروژاندنی و بایەخدان بە کەسێکی سیاسی، ئابووری، وەرزشی و هونەری.... تاد، چونکە هەموو چاوپێکەوتنێک بەشێکی بایەخدانە بەو کەسە.

٣-بۆ کردنەوەی گفتوگۆ و وروژاندنی بابەتێک کە بەلای بەشێکی زۆری کۆمەڵگە و خوێنەر گرنگی هەبێت، هەندێجار گروپێک لەکۆمەڵگە بایەخ بەوچاوپێکەوتنە دەدەن.

٤-هەندێجار ڕۆژنامە پێویستی بەدیدارێکە بۆ یەکێک لەلایەڕەکانی بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ چاپ، لەوکاتەدا دەبێتە کارێکی ڕۆژنامەنووسی بێ ئامانجی دیاریکراو.

ڕۆژنامەنووس چاوپێکەوتن لەگەڵ کێدا بکات؟

هەڵبژاردنی ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەرکرێت هەڕەمەکی نییە و بنەمای خۆی هەیە، نابێت چاوپێکەوتن لەگەڵ هەر کەسێک و لەسەر هەر بابەتێک بێت بکرێت، ئەگەر بمانەوێت چاوپێکەوتنەکە دەنگدانەوەی هەبێت و ببێتە بابەت لای خوێنەران، کە دڵنیاین مەبەستی هەموو چاوپێکەوتنێکیش دەنگدانەوە و سوودبەخش نییە، بۆیە هەڵبژاردنی کەسەکان بۆ سازدانی چاوپێکەوتن کارێکی ئاسان نییە، بۆنمونە ئەگەر ویستمان چاوپێکەوتن لەڕووداوێکی بەپەلە و گەرم بکەین، ئەو کەسانەی کە دەتوانین قسەیان لەگەڵ بکەین، ئەمانەن:-

١-کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕووداوەکەوە هەبێت، وەک ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزیری دارایی بکەی لەسەر دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران، یان لەگەڵ وەزیری کارەبا لەسەر کەمبوونەوەی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا بە هاوڵاتیان.

٢-کەسایەتییەک توانای لێکدانەوەی ڕووداوەکەی هەبێت، بۆنموونە پسپۆڕێکی ئابووریناس قسە لەسەر قەیرانی دارایی بکات.

٣-کەسایەتییەک پەیوەندی بەڕووداوەکەوە هەبێت، وەک سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان کە خۆیشی مووچەی دواکەوتووە، یان نوێنەرێکی مامۆستایان لەکاتێکدا کە مامۆستایان لەخۆپیشاندادابن.

٤-کەسایەتییەک کە ڕەنگە بەشێوەیەک لەشێوەکان کاریگەری بەسەر ڕووداوەکەوە هەبێت، وەک وەزیری سامانە سروشتییەکان، یان گوتەبێژی حکومەت.

## جۆرەکانی چاوپێکەوتن:

کە چاوپێکەوتنێک ئەنجام دەدرێ بۆ ڕۆژنامەیەک، هەمووی پرسیار و وەڵامە، زۆرترین جاریش دەنگەکە تۆمار دەکرێت، دەتوانرێت بە چەندجۆرێک ئەنجام بدرێت، بۆ نووسینەوەشیان کاتیک لەڕۆژنامە بڵاو دەبێتەوە، گۆڕانکاری بەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان دێت، ئەوانیش بریتین لە:-

### ١-چاوپێکەوتنی بەدواداچوون (چاوپێکەوتنی قووڵ):

مەبەست لێی وەرگرتنی زانیاری زیاترە لەڕاستی ڕووداوێک و چوونە قوڵایی ڕووداوەکە و بەدەستهێنانی زانیاری زۆر ورد و تازە، یان پرسێک کە پێشتر ڕوویداوە و بڵاوکراوەتەوە و زانراوە، بەڵام لەو چاوپێکەوتنەدا ئەو پرسیارانە دەکرێت کەپێشتر ڕۆژنامەکانیتر پشتگوێیان خستووە و بڵاویان نەکردۆتەوە، بەمەش ئەو چاوپێکەوتنە لەهەموو ئەوانەی پێشوتری خۆی جیا دەبێت کە بەشێوەی هەواڵ، یان ڕاپۆرت ڕووداوەکەیان بڵاوکردبێتەوە، ئەو چاوپێکەوتنەش هەندێجار بە سەردانیکردنی کەسەکە و هەندێجاریش بە تەلەفۆن دەکرێت، لەمجۆری چاوپێکەوتنە دەبێت ڕۆژنامەنووس توانای درێژکردنەوەی پرسیار و زانیاری هەبێت.

### ٢چاوپێکەوتنی ڕیپۆرتاژی (چاوپێکەوتنی بەربڵاو):

ئەو جۆرە لەچاوپێکەوتن بەشێوەی پرسیار و وەڵام نانووسرێتەوە، بەڵکو ڕۆژنامەنووس پرسیار و وەڵامەکان تێکەڵ دەکات و خۆی دادەڕێژێتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە کە لەهەموو چاوپێکەوتنێکدا دەبێ وریای نووسینەوەی قسەکان بین، هەست و بیروڕای خۆمان تێکەڵ نەکەین، ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ کەسێکدا دەکرێ کە ڕووداوێکی بەچاوی خۆی بینیبێت، یان ڕاستەوخۆ لەناو ڕووداوێکەوە بێت و زانیاری تەواوی هەبێت، یان لەبارەی پیشەیەکەوە بدوێت، ئەمجۆرە لەچاوپێکەوتن زۆر درێژ نابن.

### ٣چاوپێکەوتنی درێژ (چاوپێکەوتنی تاکەکەسی):

ئەمجۆرە لەهەموو چاوپێکەوتنەکان درێژترە، لەمجۆرەیاندا چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێکی دیار و پێگەداری سیاسی، ئیداری، هونەر و ڕۆشنبیری دەکرێت، واتە دەبێ ناوبانگی هەبێت

و لەلایەن خەڵکەوە ناسراو بێت و سەرنجڕاکێش بێ، هەندێجار پرسیاری زۆر تایبەتی لێدەکرێت، ئەم چاوپێکەوتنانە درێژ دەبن، بەڵام دەبێ ڕۆژنامەنووس ڕەچاوی ئەوەش بکات کە خوێنەر حەز بە بابەتی زۆر درێژ ناکات.

جۆرێکیتر لەچاوپێکەوتنمان هەیە لەوانە دۆکیومێنتاری، بەڵام ئەمجۆرەیان زیاتر بۆ تەلەفزیۆن گونجاون، چونکە لەم حالەتەدا واسەرکەوتوتر دەبێت کە وێنەی ڤیدیۆیی بەبینەر نیشان بدرێت، بۆنمونە چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆرێک بکەی بۆ دۆزینەوەی دەرمانێک، یان فیتەرێک ئۆتۆمبێلێک دروست بکات، یان مامۆستایەک وانەیەکی نمونەیی بڵێتەوە کە بووبێتە هەواڵ لای هاوڵاتیان....... تاد.

کێ چاوپێکەوتنەکە ئەنجام بدات؟

دەبێ پێش داواکردنی چاوپێکەوتنەکە سەرنووسەر بزانێت کە ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکە ئەنجام دەدات ئاستی ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەوانی چۆنە، جا ئەگەر سەرنووسەرەکە خۆی داوا لەڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەکەی بکات، یان بەپێچەوانەوە ڕۆژنامەنووس بە سەرنووسەرەکەی بڵێ بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ هەر کەسێک بێت، واتە ناکرێت ڕۆژنامەنووسێکی وەرزشی چاوپێکەوتنی هونەرمەندێک بکات، یان ڕۆژنامەنووسێکی هونەری چاوپێکەوتنی کەسێکی سیاسی، یان ئیداری بکات، بە گشتی دەبێت ئەو ڕۆژنامەنووسە زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر بابەتەکە.

ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێت ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لەسەر سەرکەوتن و دەنگدانەوەی چاوپێکەوتنەکە، چۆن ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە چاوپێکەوتن دەکات، دەبێ سەرنووسەر بزانێت کەتا چ ئاستێک گونجاوە، بەو شێوەیەش ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەین گونجاو بێت بۆ بابەت و پرسیارەکان، چونکە زۆرجار کە چاوپێکەوتنێک دەخوێنینەوە هەستی پێدەکەین کە ڕۆژنامەنووسەکە لەچاوپێکەوتنەکەدا سەرکەوتوو نەبووە، لەهەمانکاتدا زۆرجاریش سیاسییەکان، ئیدارییەکان، هونەرمەندەکانیش لەچاوپێکەوتنەکان سەرکەوتوو نین، کەسانێک هەن لەشوێن و پێگەو بەرپرسیاریەتی بەرز و هەستیارن، بەڵام توانای دەربڕین و گوزارشتکردنیان لاوازە، کەسانی دیکەش هەن نایانەوێ زانیاری بدرکێنن و بێدەنگن، کەسانێکی دیکەش هەن لەڕاستیەکان دەترسن.

## خۆ ئامادەکردن بۆ چاوپێکەوتن:

بەر لەئەنجامدانی چاوپێکەوتن، پەیوەندی بە کەسەکە دەکەین، دەبێ بەهەر شێوازێک بێت ئەو کەسە ڕازی بکەین بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە، ئەمەش لەسەر شێوازی قسەکردنی ڕۆژنامەنووسەکە دەوستێت، کە چۆن پەیوەندی دەکات و چۆن گفتوگۆ دەکات.

ڕۆژنامە یا ڕۆژنامەنووس کە دڵنیابۆوە لەئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە و کاتەکە دانرا، دەبێ زانیاری تەواو کۆ بکاتەوە لەسەر کەسەکە و پۆستەکەی کە هەیەتی، ئەمەش بە چەند هەنگاوێک دەست پێدەکات، لەوانە پرسیارکردن لەخۆمان کە بۆ ئەو دیدارە دەکەین و بابەتەکان چین، دواتر دەبێ وردتر زانیاری لەبارەی ئەو کەسە کۆبکەینەوە، ئەویش بە خوێندنەوەی دیدار و لێدوانەکانی پێشووی، تا لەکاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکەدا دیاربێت کە ڕۆژنامەنووسەکە زانیاری تەواوی هەیە، یان پرسیار لەهاوڕێی ڕۆژنامەنووسەکانمان بکەین کە چ زانیاری، یان پرسیارێکی گرنگیان لایە.

پێش چوون بۆ چاوپێکەوتنەکە دەبێ ڕۆژنامەنووسەکە پرسیارەکانی لەبەربێت نەوەک پرسیارەکان بخوێنێتەوە، لەڕووی جلوبەرگەوە ئامادەیی تێدابێت، لەهەمووی گرنگتر دڵنیابوون لەڕیکۆردەر واتە ئامێری دەنگ تۆمار کردن و کامیرا، زۆر گرنگیشە ڕۆژنامەنووس ١٠ تا ١٥ خولەک زووتر لەکاتی دیاریکراودا لەو شوێنە ئامادە بێت کە چاوپێکەوتنەکەی تیا ئەنجام دەدات.

لەکاتی چاوپێکەوتنەکەشدا سەرەتا لەپرسیاری ئاسایی دەست پێبکرێت تا کەسەکە ڕابکێشرێت بۆ ناو چاوپێکەوتنەکە و بە شێوازێکی وا پرسیار بکرێت کە کەسی بەرامبەر هەست بە ئیستفزاز بوون نەکات، چونکە دەبێ ڕۆژنامەنووس خۆی لەبیر نەکات، کەدەبێ هەوڵبدات زۆرترین زانیاری لەگەڵ خۆی بباتەوە، دەبێت ڕۆژنامەنووس بە شتی دیکەوە خەریک نەبێت، دەفتەری تێبینی لابێت تائەگەر پرسیارێکی لەوەڵامەکان لا دروست بوو بینووسێت، ئەگەر ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێت لەکاتی قسەکردندا وەڵامەکەی درێژ بوو یان خۆی دوور گرت لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە، دەبێ ڕۆژنامەنووسەکە وریابێ و قسەکانی بەشێوەیەکی گونجاو پێ ببڕێت و پرسیارەکەی بەشێوەیەکیتر لێبکاتەوە، بۆ دەستکەوتنی ئەو زانیارییانەی کە ڕۆژنامەنووسەکە مەبەستیەت.

# دیدار

- **لەگەڵ (کەژاڵ ئەحمەد)دا**

دیداری بێکەس حەمە قاد ر



## کەژاڵ ئەحمەد:

# یەک شتم کرد، کە پێش من نەکرابوو، زمانی ژن، ئەو زمانە بەکارنەهاتووە تۆقیوەم هێنایە قسە

کەژاڵ ئەحمەد، نێویکی دیاری شیعری کوردییە و خاوەنی ستایلێکی تایبەت و قەڵەمێکی ژنانە و بوێر و دیارە، لەم دیمانەی گۆڤاری (دیوان)دا کۆمەڵێک بابەتی وروژاندوە و لەبارەی هەندێ شاعیر ڕای خۆی دەربڕیوە.

کەژاڵ ئەحمەد جیا لە شاعیرێتی، ناوێکی دیاری نێو بواری ڕاگەیاندنیشە و لە زۆر بواری میدیای نووسراو و بینراو ساڵانێک خزمەتی کردووە.

**بێکەس حەمە قادر**

*** شیعری کوردی لە ڕووی گەیاندنی ئەو پەیامە شیعریی و ئینسانییەی کە هەیەتی لە چ ئاستێکدایە؟**

– باشترین پێوەر بۆئەوەی ئاستی گەیشتنی پەیامە شیعریی و ئینسانییەکانی شاعیرانی کوردی پێ بپێوین ئەوەیە، لەکاریگەریی ئەو شیعرە کوردییانە بکۆڵینەوە کە وەرگێڕدراونەتە سەرزمانە زیندووەکانی دونیا بەپێی ڕاوبۆچوونی شاعیر و خوێنەرانی بیانی بێت شیعری شاعیرانی کورد زۆر باش و پێرفێکت خەون و ئازارەکانی ئێمەی گەیاندووە. ئەگەرچی گەیاندنی پەیام تاکە کار و ئامانجی شیعر نییە، بەڵام بۆ شاعیرانی کورد کە هەردەم میللەتێکی ستەملێکراوبووە، پەیام بۆتە یەکێک لەخەسڵەتەکانی ئەو هونەرە کۆن و جیهانییەی کە ناوی شیعرە.

**شیعری (من دەبێت خۆم بسمیلبکەم) بەر لەچوونم بۆ ئوردن نوسراوە**

هیچی لە ژیانم نەگۆڕی، لەبەر ئەوەی شیعر قەدەرمە نەک کۆشکەکان.

*** شیعرێکی زۆری کەژاڵ وەرگێڕدراونەتە سەرزمانە زیندووەکانی جیهان، کەژاڵ لەئاستی دونیادا وەک قەڵەمێکی ژنی کورد ناسراوە؟**

– دڵنیام خوێنەرانی من دەزانن بەهۆی ژنبوونمە نییە کە شیعرەکانم وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان، تەنانەت زۆرکەم لەشاعیرانی کورد

چانسی ئەوەیان هەبووە لە لەندەن و واشنتۆن و ئۆسلۆ واتە لەبەریتانیا و ئەمریکا و نەرویج دیوانی وەرگێڕدراویان بەزمانی ئنگلیزی و نەرویجی بۆ چاپ و بڵاوبکرێتەوە، لەلایەن دامەزراوە ئەکادیمییە دێرینەکانی ئەو وڵاتانەوە.

ڕوانینی ڕۆشنبیران و خوێنەری بیانیی سەرسوڕهێنەرن، بەپێی ئەو نووسینانەبێت کە لەڕۆژنامە و گۆڤاری ئەو وڵاتانەدا بڵاوکراونەتەوە و لەپەیج و کەناڵەکانمدا ئاماژەم پێداون و بڵاومکردوونەتەوە گەرمییەک لەقووڵبوونەوەی ئەواندا بە ناو دەقی کوردیدا بەدیدەکرێت، بەحەزی کەسێک دەکات بۆ دۆزینەوەی کیشوەرێکی لەیادکراو.

دڵخۆشم کە گرنگیی بە شیعرەکانم دەدرێت لەبەر ئەوەنا کە شیعری منن بەڵکو لەبەرئەوەی شیعری ژنێکی کودی بێ دەوڵەتن و وەک شاعیرانی خاوەن دەوڵەت و هەندێجار زیاتریش ڕێزیان لێدەنرێت.

*** کەژاڵ لە زۆر بواردا کاری کردووە (ڕۆژنامەنووسی، نووسین، هونەری نواندن، بێژەریی) بەڵام بۆ کەژاڵ ئەحمەد وەکو شاعیر ناسراوە؟**

- بۆخۆشم وام پێ باشترە هەر وەک شاعیرێک بناسرێم، لەبەرئەوەی تەمەنی خۆم بەشیعر بەخشیوە، کایەکانی دیکەم وەک بژێوی ژیان و پێویستی سەردەم سەیرکردووە.

*** ئەو زمانە شیعرییە چییە کەتۆ لەشاعیرانی دیکە جیا دەکاتەوە، تۆ چۆن ئەو جیاوازییەت دروست کردووە؟**

- یەک شتم کرد، کە پێش من نەکرابوو، زمانی ژن، ئەو زمانە بەکارنەهاتووە تۆقیوەم هێنایە قسە، ژنە شاعیرەکانی دی شیعریان خۆشویستووە بەڵام من شیعر خۆشویستم. بۆ خۆشتان دەزانن ئەوەی خۆشیبوێین باشترین هەل دەخاتە بەردەممان. ئەوەی جیام دەکاتەوە ژنبوونی دەقەکانمە لەپانتاییەکی تەواو پیاوانە و هەندێجاریش شەرمنانەدا.

*** ئەگەر شیعر نەبوایەتە ئەو پەنجەرەیەی خەم و هەستەکانی کەژاڵ بەیان بکات، کەژاڵ چی دەکرد؟**

- ئەگەر شیعرنەبووایە هەوڵم ئەدا خەلقی بکەم و پێشکەشم دەکرد بە مرۆڤایەتی بۆئەوەی نەبێتە ئامێرێکی بێ گیان.

*** هەولێر وێستگەیەکی جیاوازی ژیانی تۆیە، دوای جێهێشتنی هەولێر بە شیعری (لۆت دەمرم هەولێرە ماست) هەستی خۆتت دەربڕی، هەولێرو ژیان لەهەولێر بۆ تۆ چی بوو؟**

- ئەتمۆسفیری ئەو شارە دڵگیرەی ناوی هەولێرە جێگەی ڕامانە، ئەوەی لەهەولێر ژیابێت



## دڵنیام، خوێنەرانی من دەزانن، بەهۆی ژنبوونمە نییە، کە شیعرەکانم وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان

نەخشەی قەڵاو کوچە و کۆڵان و شەقامەکانی لەقووڵاییەکانی ناخیدا دەمێنێتەوە. شار هەیە غەریب فرێدەداتە دەرەوەی خۆی، بەڵام هەولێر غەریبەکانی لەئامێز دەگرێت تەنانەت کە لێشی دوور دەکەویتەوە لەیادت ناکات و ناتوانیت لەیادی بکەیت. شار هەیە دەتوانێت عاشقی خۆیت بکات، هەولێر لەو شارانەیە. ئیدی پێویست ناکات هیچی دیکە بڵێم لە قەسیدەی (لۆت دەمرم هەولێرە ماست) هەموو شتێکم وتووە.

*** ئوردن وێستگەیەکی جیاوازی ژیانی تۆ بوو، لە شیعرێکتدا دەڵێی دەمەوێ خۆم بسمیل بکەم، چۆن باسی ئەو وێستگەیەی ژیان دەکەی؟**

- شیعری (من دەبێت خۆم بسمیلبکەم) بەر لەچوونم بۆ ئوردن نوسراوە، پەیوەست نییە بەهیچ ڕووداوێکی ژیانم لەئوردن، چونکە بەر لەڕۆشتنم لەیەکێ لەڕۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاومکردۆتەوە. کاری شاعیر بەرگریکردن نییە لەشیعرەکانی و پێویستیش ناکات مەبەستەکانی بۆ خوێنەران ڕوونبکاتەوە. هەر هێندە دەڵێم زنجیرە شیعرێکم هەیە کە کارم لەسەر ئیدیۆم و میسۆلۆژیای کوردیی کردووە



و ئەم شیعرەش درێژکراوەی ئەو شیعرانەیە.

*** لەهەولێرەوە بۆ سلێمانی، لەوێوە بۆ ئوردەن و دواجار گەڕایتەوە بۆ سلێمانی، سلێمانی چی ئەگەیەنێ بۆ تۆ؟ کوێ شارێی گەیشتن بە خەونەکانتە؟**

- سلێمانی ئەو شارەیە کە ناتوانم بەبێ ئەو بژیم، نەک هەر چووم لەکەرکووک لەدایکبووم و گەڕاومەتەوە بۆ سلێمانی، بەڵکو چووم بۆ هەولێر و گەڕاومەتەوە بۆ ئەوێ، چووم بۆ ئوردن و گەڕاومەتەوە بۆ ئامێزی سلێمانی چووم بۆ ئەڵمانیا و هۆڵەندا و سوید و هەر گەڕامەوە بۆ سلێمانی، تەنانەت چوومەتە ئێران و تورکیاو سوریا و لوبنان و گەڕاومەتەوە بۆ ئەو شاری شاعیرانەی زۆربەی شەقامەکانی ناوی شاعیرانیان هەڵگرتووە.

*** ئیستاش وەک جاران (چاوت لە باران تەڕترە و دڵت ئەڵێ ئاخۆ کەی دێت) یان گۆڕاویت و ژیان چاوی وشک کردووی؟**

- (دڵم هەر ئەو دڵەی جارانە ئێستاکەش ئەناڵێنێ

هەناسەی ساردی ناکامی لە سینەمدا ئەتاسێنێ)

ئەخول

*** بیری شەقامی شەست مەتری ناکەی؟ کوران و سەیداوە و پاسی شەست مەتری چیت بیر دێننەوە؟**

- غەریبیت ئەکەم، سەعات نۆ

بلیتێکی پاسی شەستیم بۆ وەرگرە.

یادت بەخێر پاسی شەستی...

چەند بەتام بوو خولانەوەی درێژخایانی ڕێگا،

کە هەر ئەتوت سەفەرە بەرە و هەسارەی کاکێشان.

چەند خۆشبوون تامی نیسکافێ و

تەعلیقی پیاوە کەنەفت و خەڵەفاوەکانی قەڵا

یادت بەخێر ...

سێبەری پرچی درەختە عەیارەکانی گڵکەند و

هەتاوی ویستگە پیسەکەی بەرامبەر پەرلەمان.

لۆت دەمرم گوڵەباخ

دڵم هەروەکو زەمبیلەی بن هەنگڵی

ژنەکانی شێخەڵڵا کون کونە و

ئازارم وەک عەرەبانەی

کەرەستەی دۆڵمە ئەگەڕێ.

من لەعەشقی تەنزەوە بوو پێم ئەوتی (هەولێرە ماست)

کەچی تۆ وەک بۆینباخەکەی هادی چاوشلی

بەردەوام هەر بە ویقار بووی

بۆیە سەری پەشێمانیم وەختە دوو شاخی لێ بڕوێ

تازە ئیدی

گوڵەکانی سلێمانی و تاران و ئەنقەرە بەمن چی

کەهیچیان بۆنی پەنا گوێی

گوڵەکەی خۆمیان لێ نایە

یار و دیارم چەند دوورن

وەرزی دڵم چەند تەنیایە .

* ژیان لە ئوردن و لەنێو کۆشکەکانی شاهانە چی لەژیانت گۆڕی، بۆ نەتتوانی بە یەکجاری لە شیعر دوورکەویتەوە؟

- هیچی لە ژیانم نەگۆڕی، لەبەرئەوەی شیعر قەدەرمە نەک کۆشکەکان.



**بۆخۆشم وام پێ باشترە، هەر وەک شاعیرێک بناسرێم، لەبەر ئەوەی تەمەنی خۆم بەشیعر بەخشیووە**

# هونەری

**تیپی شانۆی ئەزموونگەریم چۆن دامەزراند؟**

هیوا سوعاد

- **شانۆی پۆڵەندی لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا**

**١٩٤٥-١٩٨٨**

نیهاد جامی

# تیپی شانۆی ئەزموونگەریم چۆن دامەزراند ؟



**هیوا سوعاد**

هەرکە چوومە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی، دوای ئەوەی سەرنجمدا گرۆتینێک و خۆشەویستییەکی زۆر بۆ هونەر و خوێندنەوە هەیە، زۆربەی قوتابییەکان لەهەوڵی ئەوەدان بوونی خۆیان بسەلمێنن ئینجا چ بەلایەنی تیۆری بێت، یان پراکتیکی.

ئەوەبوو هەرزوو بڕیارمدا کە هاتنم بۆ پەیمانگا بێ پاساو و بێبایەخ نەبێت، بەڵکو دەبێ شوێن پەنجەم دیار بێت و ئەوانەی هەوڵیان بۆدام لەپەیمانگە وەربگیرێم شەرمەزار نەبن، لەسەرووی هەمووشیانەوە باوکی ڕەحمەتیم و هونەرمەند سەعدون یونس کە بەمامۆستاکانی گوتبوو برازام دێتە لاتان، ئەوەبوو یەکەم هەوڵم دەرهێنانی شانۆیی (گوندەکەم بەجێ ناهێڵم) لە نووسینی هەردوو هونەرمەند موئەیەد فەقێ و سەلام کۆیی بوو، کە ئەو کاتە واتە لە ساڵی (١٩٨٤) ڕژێمی بەعس گوندەکانی خاپوور دەکرد و خەڵکەکەی ناچار دەکرد چۆلی بکەن.

هونەرمەند موئەیەد فەقێ زۆر هاوکاری کردم لە کۆکردنەوەی ئەکتەرەکان و وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆکارەکە، ئەوەبوو لەهەولێر و سلێمانی نمایش کرا، دوای ئەوە هەمیشە گۆڕانکاری کردن و نوێکاری لەنمایشەکانی شاری هەولێر ببووە خولیایەک لەلام، سەرەتا دەستمکرد بە خوێندنەوە و دواتر نووسین لەسەر دیاردە نوێیەکانی شانۆی هاوچەرخ چەندین وتارم لەڕۆژنامەی پاشکۆی عیراق و هاوکاری بڵاوکردەوە لەسەر دیاردە نوێیەکانی شانۆ، ئەوەبوو لەساڵی (١٩٨٦) هونەرمەند (مەکی عەبدوڵا)م لە هەولێر بینی گووتی: کراوم بە سەرپەرشتیاری بەشی شانۆ لەخانەی هونەر، بۆ نایەیت بەشداریمان لەگەڵدا بکەی، گووتم: ناوەڵا دەرفەت هەبێت تیپێک دادەمەزرێنم، ئەوەبوو ڕۆژێک چوومە خانەی هونەر کۆمەڵە گەنجێکی لێبوو کە لەچل کەس زیاتر بوون، ئەوانە حەزیان دەکرد تیپێکی میلی دامەزرێنن، بەڵام من سوور بووم لەسەر تیپی ئەزموونگەری، ئەوەبوو گوتیان باشە ئێمە تیپی (بەڵێن) دادەمەزرێنین تۆش بانگەشە بۆ تیپەکەی خۆت بکە بزانە کێ دێت لەگەڵت.

ئەو کاتە ئەوەندە سەخت بوو گەنجێک بڕیار بدات بێتە ناو شانۆی ئەزموونگەری هەم لەبەر ئەوەی ناوەکە زۆر نامۆ بوو، بگرە هەر ماناکەشیان نەدەزانی هەمیش من ڕامگەیاندبوو کەبەر لەهاتنیان تاقی کردنەوەیان لەگەڵ ئەنجام دەدەم.

زۆر بە گەرمی و بەتواناوە



هاتنە لام و ئیدی دەستمان بە مەشق و ڕاهێنان کرد، نۆبەرەی کارەکانمان شانۆیی (شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە) بوو، ئەویش سێ ڕۆژ لەهۆڵی ڕۆشنبیری نمایش کرا و بینەرێکی زۆری هەبوو، بەبیرمە هەر لەگەڵ کۆتایی نمایشەکە هونەرمەندی گەورە تەڵعەت سامان بە مەبەستی پیرۆزبایی هاتە سەر تەختەی شانۆ و بە گوێما چرپاندی و گوتی: ئاگاداربە وردەکاری ئیشەکە بە کەس مەڵێ، ئەوەبوو هەر دوای ئەو کەسێک بەجلی سەربازی هاتە سەر تەختەی شانۆ و گووتی: تۆ دەرهێنەرەکەی گوتم بەڵێ وتی: وەرە لەگەڵم، بەدوای کەوتم تا ژووری بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری ئەو کاتە، ئەمینداری گشتی لاوان و کۆمەڵە بەرپرسێکی ئەوساکە لەژوورەوە دانیشتبوون، تا گەیشتمە ژوورەکە ئامۆژگاری مامۆستا تەڵعەت لە گوێما دەزرنگایەوە، کە دانیشتم دەستی کرد بە پیاهەڵدان بە شانۆگەریەکە و گوتی: من لە کوێت و سوریا ئەمجۆرە نمایشەم بینیوە، حەز دەکەم لەهەموو شارەکانی عێراق نمایش بکەن، بەڵام یەکەمجار دەبێ لە دهۆک نمایشی بکەن، ئەوەبوو لەدهۆک لەبەر ئەوەی بینەرێکی زۆر ئامادەبوون دووجار نمایشمان کرد، دوایی شانۆگەری (خەون و ڕاستیمان) پێشکەش کرد، کۆتا شانۆیش کە بەر لەڕاپەڕین پێشکەشمان کردبێت شانۆگەری (سەگی جەنەراڵ) بوو، دوای ڕاپەڕینیش هەردوو برا (سالار عوسمان و حەمەسوار عەزیز) بە مۆنۆدرامایەک بەناوی تیپی شانۆی ئەزموونگەریەوە لەشاری سلێمانی بەشداریان لەفیستیڤاڵی مۆنۆدرامادا کرد، گرنگییەکەی تیپی شانۆی ئەزموونگەری بەو چەند کارە کەمەی توانی سەرنجی بینەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان بۆلای خۆی ڕابکێشێ هەر لەیەکەم نمایشەوە چەند هونەرمەندێک و ڕۆژنامەنووسێک زۆر بەخۆشحاڵییەوە پاڵپشتی کارەکانیان دەکرد و هەمیشە هەوڵیان دەدا سوود لەتوانای گەنجە بەشداربووەکان وەربگرن، کە ئەمانە بوون (ئازاد سادق، حەمەسوار عەزیز، شەرمین ئەحمەد، سالار عوسمان، بورهان حەمەدئەمین، نایف ئەحمەد، فەرهاد ئیسماعیل، تارق حەمەد، هەڵمەت تاهیر، پشتیوان بەرزنجی، هەژار دەرویش) دواتر چەند کەسێکی دی هاتن لەوانە (حەسەن جەبار، حەسەن شێخانی، حوسێن سێودین، دڵشاد هیرانی).

ئەو هونەرمەند و نووسەرانەی کە زۆر پشتیوان بوون لەسەرەتادا ئەمانە بوون: (تەڵعەت سامان، فەرهاد شەریف، سەعدون یونس، وەلید مەعروف، موئەیەد فەقێ، سەفوەت جەراح، شێرزاد عبدلڕەحمان، لوقمان بەرزنجی، جان تۆماس، وریا ئەحمەد، ئامانج غازی).

ئامانج چی بوو لەدامەزراندنی تیپی شانۆی ئەزموونگەری:

١.تێکشکاندنی ئەو ستایلەی ئەوساکەی پێشکەشکردن و نمایشی شانۆیی.

٢.بایەخدان بە بەهرەی گەنجان و زەمینە سازی بۆ دەرخستنی بەهرەکانیان.

٣.هەوڵدان بۆ ڕۆشنبیرکردنی هونەرمەندان بەتایبەتی ئەکتەرەکان.

٤.دانەبڕان لەڕەوتی شانۆی جیهانی و هەوڵدان بۆ بە ئاگابوون لەدیاردە نوێیەکان.

٥.هەوڵدان بۆ بە ڕۆشنبیرکردنی بینەران و ڕاهێنانیان لەسەر ستایلی نوێی نمایش.

# شانۆی پۆڵەندی لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا ١٩٤٥-١٩٨٨



نیهاد جامی

**بەشی یەکەم**

کاتێک بمانەوێت لەبارەی شانۆی پۆڵەندی بدوێین ناکرێت بابەتی داگیرکاری و شەڕ لەم وڵاتەدا فەرامۆش بکەین، کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم هەرچەندە دەبێتە مژدەی سەربەخۆیی ئەم وڵاتە، بەڵام ئەو مژدەیە ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەم ئەو کۆمەڵگەیەدا ناکاتەوە بەهۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٩ دوای ڕێکەوتنەکەی ئەڵمانیا و ڕووسیا و پاشگەزبوونەوەی هیتلەر لەڕێکەوتنەکە، شەش ملیۆن پۆڵەندی دەبنە قوربانی جەنگ، دیسان پۆڵەندا دەکەوێتەوە بەر شاڵاوی جەنگ، ئیدی هەریەکە لەیەکێتی سۆڤیەت و ئەڵمانیا هێرشیان لەدژی یەکتری، هێرشکردن دەبێت بۆ سەر پۆڵەندا، لە ساڵی ١٩٤٤ سەرلەنوێ سۆڤیەت ئەو وڵاتە داگیر دەکاتەوە و ئەڵمانیا دەکاتە دەرەوە، ساڵی دواتر حکومەتی پۆڵەندی سەر لەنوێ دروست دەکرێتەوە، حکومەتێک لەژێر چاودێری یەکێتی سۆڤیەت بەڕێوە دەچێت تا ڕووخانی کۆمۆنیزم پۆڵەندا لەژێر سایەی سۆڤیەتدا دەمێنێتەوە.

چەند ساڵێک بوو پۆڵەندا لەژێر حوکمی یەکێتی سۆڤیەتدا بوو، کاتێک جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی دەهات، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٥٢ لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەستوور، ئەو کۆمەڵگایە لەبەردەم خەونی ژیاندا بوو، بەڵام بەدرێژایی ساڵەکان گرفتی سیاسی و ئابوری زیانی گەورەی لەو کۆمەڵگایە دەدا، نەیدەهێشت بەرەو پێش چوون بەخۆیەوە ببینێت، بەڵام لەگەڵ ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، سەرکەوتنی سەندیکای کرێکارانی پۆڵەندی لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٩ توانیان یەکەم حکومەتی دوای کۆمۆنیزم دروست بکەن، ساڵی دواتر دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆک کۆمار دەرگایەکی نوێتری لەبەردەم ژیانی ئەو کۆمەڵگایەدا کردەوە، بەڵام شانۆ بەدرێژایی ساڵانی ١٩٤٥-١٩٨٨ئەو ساڵانە دەبوو لەژێرهەیمەنەی یەکێتی سۆڤیەتدا کار بکات، کاتێک پاڵەوان لەو وێنە کۆمۆنیستییە یاخی دەبێت، ئەوا سزایەک هەیە و ڕووبەرووی دەبێتەوە.

لە ناوەڕاستی دەیەی چلەکانی سەدەی بیستەم تەواوی شارەکان هۆڵی شانۆیان تێدابوو، ئەوەش وایکرد مرۆڤی پۆڵەندی تەواو بەشانۆ ئاشنا ببێت، لەڕووی دروستکردنی بیناسازی هۆڵی شانۆ گەشەسەندنێک لەو وڵاتەدا لەئارادا بوو، شاری ئوچ لە ساڵی ١٩٤٥ وەک ناوەندێکی شانۆیی زۆربەی کارە شانۆییەکانی دەگرتە خۆی، لەماوەی پێنج ساڵی یەکەمدا واتە تاوەکو پەنجاکان، سێ شانۆ گرنگی خۆیان وەدەستهێنابوو، شانۆی سەربازی کەوا لەلایان شیللەر(١) بەڕێوە دەچوو، شانۆی شیعریی لەلایان هەردوو شانۆکار (ڤیرچینیسکی) و (کۆژێنیڤسکی) بەڕێوە دەبردرا، هەروەها شانۆی ژوور کە لەلایان (ئێرڤین ئەکسێر)(٢)و (م.مێلینا) سەرپەرشتی دەکرا.

تەنیا ئەو سێ شانۆیە نەبوو کە دەرکەوتن، بەنمونە هەندێک شانۆ هەبوو کەزیاتر کۆمیدیا بوون، بەڵام لەناو ئەو سێ شانۆیەشدا کارەکانی (شیللەر) گرنگی و تایبەتی خۆی هەبوو، وەک تێبینی دەکەین لەلایەک واقعی بوونی شانۆکەی بەشێک بووە لەتینویەتی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا کە خۆیانی تیا بینیوەتەوە، لەلایەکیتریش شانۆیەکی سەربازی پێویستیەکی دی ژیانی کولتووری بوو کە لە لایەن سوپاوە بەگرنگەوە تەماشا دەکرا بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بپارێزێت، ئەو دوو هۆکارە وایکردبوو شانۆکانی (شیللەر) لەنەخشەی ئەم شانۆیەدا بەگرنگیەوە لێیبڕواندرێت.

لەپاڵ ئەو دەرهێنەرە کارە دەرهێنانەییەکانی ئێرڤین ئەکسیریش ببووە سەرنجی بەشێکی دیاری بینەرانی شانۆ کەشانۆیەکیان دامەزراندبوو بەناوی ژوور، بەتایبەت لەیەکەم سەرکەوتنی لەنمایشێکی نووسەر شانیاڤسکی، دواتر شانۆگەری «ئەڵمانەکان» ی کروچکۆڤسکی، هەر لەو کاتانەدا بوو گالا شانۆیەکی ڕاگەیاند بەناوی کەنار دەریا، شاری وارشۆش بەدوای

هەڵمەتی چاککردنەوەو بنیاتنان لە ساڵی ١٩٤٦ ژیانی شانۆیی بۆ دەگەڕێتەوە کە یەکەم کار، کاری دەرهێنەر ئۆستێرڤی بوو.

شانۆنامە ڕووسییەکان تائاستێکی دیار توانای ئەوەیان هەبوو شانۆکانی پۆڵەندا داگیر بکەن، بۆیە بەشێوەیەکی فراوان ئەو شانۆنامە ڕووسیانەی نمایش دەکران، زیاتر بەرهەمی شانۆنووسانی وەکو چیخۆڤ و گۆگۆڵ و تۆلستۆی ومەکسیم گۆرکی وئیڤانۆڤا وئۆستروڤسکی بوون، بۆیە شتێکی سەیر نییە کەوا لە ساڵی ١٩٤٩ پۆڵەندا فێستڤاڵی هونەری ڕووسی ساز بکات، کەوا ٣٠ نمایشی شانۆیی لەم ڤێستڤاڵە نیشان دران، هەر لەو ساڵەدا وەزارەتی کولتوور یەکەم کۆنفرانسی شانۆکارانی ساز کرد، ئەم کۆنفرانسە دەبێتە هۆی یەکەم مەترسییەکانی کۆمۆنیزم بۆ سەر شانۆ، کەدەبێت شانۆ لەخزمەتی واقعی سۆسیالیستیدا دەربکەوێت، بۆیە زۆر شانۆنامەی شانۆنووسان ئیدی دەکەونە ناو هێڵی سوورەوە، لەوانە شانۆنامەکانی میتسکییڤیچا و کراشینیسکی وڤیسپیانیسکی.

بڕیارەکانی کۆنفرانس هەر بەوەندە ناوەستێت، بەڵکو کۆمەڵێک گریمانە دەسەپێننە سەر شانۆکاران لەوانە دەبێت پابەندی شانۆی واقعی ببن، هەر شتێک بەناوی هونەری نوێیە نابێت بۆ فریودان لێی نزیک ببنەوە، هەروەها ستانسلاڤسکی دەبێتە شێوازی سەپێنراو لەشانۆی پۆڵەندی ئەو ڕۆژگارە، داوا لەئەکتەرەکانیش دەکەن کەوا لەجووتیار و کرێکارەکان نزیک ببنەوە تا هەست بەشێوازی ژیانیان بکەن و لەسەر شانۆکان ژیانی ئەوان ڕەنگ بداتەوە، ئەوە سەرباری ئەوەی لەسەرەتای پەنجاکان شانۆیەکی نوێ لەشاری ئۆچ دەکەنەوە، کەوابەستەی جوانیناسی واقعی سۆسیالیستی بێت، وەک دەزگایەکی کولتووریی شانۆیی بۆ کۆمۆنیزم.

ئەو سەپاندنە لەشانۆدا هۆکارەکەی ئەوە بوو دەیانزانی شانۆ دەتوانێت بەرەنگاری دەسەڵاتەکەیان ببێتەوە، بۆیە دەیانوویست ئاراستەی شانۆ بۆ ئەو شوێنە بێت کەخۆیان دەیانەوێت، بۆ ئەوەی مەترسی نەخاتە سەر ژیانی دەسەڵاتەوە، بۆیە بەگژ لیستێک لە شانۆنامەی پۆڵەندی و جیهانیدا دەچنەوە و دەیانەوێت لەو ڕۆژگارەدا ئەو کارانە نمایش بکرێن کە واقعی سۆسیالیستین، ئەو بڕیارانە ڕەنگدانەوەکەی تەواو فراوان دەبێت، بەتایبەت ئەو دەرهێنەرانەی گۆڕانکاریان لەئاستی هۆشیاری سیاسی و کولتووریی بۆ کۆمەڵگا خولقاندووە لەکاری شانۆییان دووریان دەخەنەوە لەوانە شیللەر و گال و شییفمان، دوای چەند ساڵێک دەستیان لەو بڕیارانە هەڵگرت، بەڵام هەوڵیان دەدا ئەو ترسە نیشان بدەن، پاشگەزبوونەوە لەو بڕیارانە شکستی دەسەلات نییە، بەقەد ئەوەی سزایەکە بۆ ئەوەی بزانن لادان لەو دەسەڵاتە دوورخستنەوەیانە لەشانۆ، هەڵبەت بەجۆرێکی دی ترساندنی دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی دیکەیشە.

ئەو دۆخە بەردەوامی هەیە تا کۆتایی جەنگ و ئاسایی بوونەوەی دۆخی پۆڵەندا، لە ساڵی ١٩٥٥ یەکەم نمایشی دوای جەنگ لەشاری وارشۆ پێشکەشکرا لەژێر ناوی «باپیران» لە دەرهێنانی ئەلێکساندێر باردینی، ئەو سەرەتایە دەرگا لەکۆمەڵە شانۆنامەیەکی نوێ دەکاتەوە



مەیدانی شانۆی وارشۆ

بەتایبەت شانۆنامەکانی برێخت وسارتەر و دورێنمات، لەپاڵ کاری شانۆنووسانی پۆڵەندی وەکو مرۆژێک وبرۆشکچێڤیچا وروژێڤیچا، ئەو مێژووە سەرەتایەکی گرنگی شانۆی پۆڵەندی پێک دێنێت، بەوەی دەرگا لەدونیای جیاوازی شانۆنووسان دەکرێتەوە، دەتوانن کار لەتێکستەکانیاندا بکەن، بەتایبەت لەشانۆنامەکانی ژان ژینیە و یۆژین یۆنسکۆ و سامۆئێل بیکێت، بەدوای ئەوە بۆ یەکەمجار لە ساڵی١٩٥٧ شانۆگەری (لەچاوەڕوانی گۆدۆ)دا نمایشکرا، بەرهەمی ئەو نووسەرانە چەندە لەدوای جەنگ ڕێگای نمایشکردنیان درا، بەڵام کۆمەڵە نووسەرێکی پۆڵەندی بەر لەجەنگەوە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەوان، لەشانۆنامەکانیاندا ڕەنگی دابۆوە لەنموونەی ئەبرامۆڤ نێڤێرلی وبریلی

**شانۆنامە ڕووسیەکان تائاستێکی دیار توانای ئەوەیان هەبوو شانۆکانی پۆڵەندا داگیر بکەن**

ودرۆزدۆڤسکی وگرۆخۆڤیکا وئیردینیسکی کراشنیسکی ریمکییڤیچ و سیتۆ.

چەندە لەو شانۆ نوێیەی جەنگدا نووسەرانی پۆڵەندی ڕۆڵی گرنگیان دەرکەوت، لەپاڵ ئەوەدا کۆمەڵە دەرهێنەرێکیش بەهۆی نمایشەکانیان ناوبانگێکی دیاریان پەیدا کرد، کارەکانیان بوونە جێی سەرنجی بینەران وناوەندە شانۆییەکە، لەوانە ئەکسێر ودۆزینەوەی شێوازە شانۆییە نوێیەکەی لەشاری ئوچ بەناوی ژوور، ئەو لەو شانۆیەدا زیاد لە دەساڵ بوو کاری تیادەکرد، بەڵام لەو دۆخەی دوای جەنگدا کاریگەری لەسەر مرۆڤی پۆڵەندی بەتەواوی دەرکەوتبوو، هەوڵی دەدا لەنێوان شانۆی کۆنی پۆڵەندی و شانۆی سونەتی پەیوەندیەک ڕێکبخاتەوە، بەتایبەت لەنمایشەکانی «شارەکەمان لەساڵی ١٩٥٧، کاروان-برێخت ١٩٦٢، تانگۆ ١٩٦٥»

لەوەی دواییان «تانگۆ» وێنەیەکی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە دەخاتەڕوو، ئەوە ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتییە، هاوبەشیکردنی دونیای نووسراوی نوسەر و دروستکردنەوەی پەیوەندیی ئەکتەرە وەک کۆمەڵگەی سەر شانۆ بۆ کۆمەڵگەی بینەر، کە کۆمەڵگەی ڕاستەقینەی پۆڵەندییە، بەڵام نایەت لەوێنەی کۆمیدیەوە ئەو ڕەخنەیە بخاتەڕوو، هێندەی ئەو کۆمیدیایە دەگۆڕێتە سەر وێنەیەکی گاڵتەجاری، لێرەوە دونیای واقعی و سوریالیەتی ئەو دەرهێنەرە بۆ شانۆ دەردەکەوێت.

گەڕانەوەش بۆ ناو شانۆی تۆماری پیتەر فایس و بەتایبەت لەکارکردنی لەتەک شانۆگەری (لێکۆڵینەوە) لەبنەڕەتدا لێکۆڵینەوەیە لەیادەوەری کۆمەڵگایەک کە فاشیزم جەنگی بۆ هێناوە، ئەگەر پیتەر فایس پرسیاری ئەخلاقی ڕووبەڕووی مرۆڤگەلێک بکاتەوە کە لەکۆمەڵگەی ئەڵمانیدا بە پۆشاکێکی قەشەنگەوە دەردەکەون و تاوان دەکەن، ئەوە دەبێتە پرسیاری ئەکسێریش، کە لێرەدا چەمکی قوربانی بوون لەناو شانۆکان سەر لەنوێ خۆیان دەخەنەوەڕوو.

بەتایبەت بۆ ئەو ڕۆژگارە بەشداریکردنی سەرۆکی دادگا لەناو بینەران، لەپاڵ پشت نەبەستنی ئەکتەرەکان بە ئارایشت، وادەکات نمایشە شانۆییەکە وەک وێنەیەکی ڕاستەقینەی ناو ئەو کۆمەڵگایە خۆی بخاتەڕوو، ئەو وێنەیە پەیوەندییەکی کۆمەڵناسیانە دەبەخشێتە کارەکانی ئەو دەرهێنەرە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی «ئەو نمایشە شانۆییە بەهەموو پێوەرەکان جۆرێک بێت لەئەزموونی شانۆیی، چ لەکارکردنی دەرهێنەر لەگەڵ بابەتێکی درامی/ بەڵگەنامەیی، چ لەگەڵ موفرەدەکانی نمایشی شانۆییدا»(٣)

ئەو پەیوەندیە لەشوێنێکدا ناوەستێنێت، بەڵکو دەبەوێت لەگەڵ تێکستی دیکەدا ئەزموونی بکات، بەڵام نەک بەفۆرمی شانۆی تۆماری، بەڵکو ئەوەی بەلایەوە گرنگە، چۆنیەتی بونیاتنانەوەی کۆمەڵگای دوای جەنگە، بۆیە دەبەوێت دیدێکی دی بە دونیای یۆژین یۆنسکۆ ببەخشێت.

بۆ قسەکردن لەخوێن و کوشتار وکۆمەڵگایەک کە دەبێت لەو دۆخە دەربازی بێت، ئەمجارەیان شانۆگەری(ماکبێس)ی شکسپیر دەردەهێنێت، ئەوەش سەرباری ئەوەی نزیکبوونەوەیە لەچەمکی ناپاکی وکوشتن، بۆ ئەوەی لەو زەمینەیەوە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی سەردەمی جەنگ بنووسێتەوە، بەدوای کارکردن لەیۆژین یۆنسکۆ و ئیشکردن لەسەر ماکبێسی شکسپیر، ئەو دیدە ڕەخنەییەی یۆنسکۆ بەتەواوی دەخاتەڕوو، کاتێ باس لە شکسپیر دەکات وەک باوکی شەرعی شانۆی ئەبسێرد.

ئەوەش وەک پرۆژەیەک لەتەک شکسپیر درێژ دەبێتەوە، ئەمجارەیان ڕووبەڕووی تێکستی شالیر دەبێتەوە، پەیوەندیی ئەو وەک دەرهێنەر لەتەک شکسپیر بەرجەستەکردنی وێنەیەکی شالیر نییە بەپێی گریمانەی تێکست، بەڵکو لەشیکردنەوەی بۆ تێکست کۆمەڵێک جیاوازیی خۆی دەخاتەڕوو، هۆکارەکەشی ئەو دیدە کۆمەڵناسیانەییە کە بۆ کۆمەڵگەی پۆڵەندی لەشالیر دەیخاتەڕوو.

ئێرڤین ئەکسێر بەپێی کارکردنی کۆمەڵناسیانەی بۆ شانۆ دیدێکی ڕەخنەیی بۆ یادەوەری جەنگ و چۆنیەتی بنیاتنانەوەی مرۆڤەکان لەکۆمەڵگادا دەخاتەڕوو، کە ئەزموونکردنی لەتەک کۆمەڵگا لەناو تێکست دەبێتەوە دەرهێنەرێک کە سەر لەنوێ بەشداری لەنووسینەوەی تێکست دەکات.

لەلایەکیتر شانۆی شارەکانی ڤرۆسواڤ و وارشۆ و کراکۆڤ توانیبوویان بەهایەکی گرنگ بەهونەری شانۆ بدەن، شانۆنامە جیهانییەکان لەسەر شانۆکان نمایش دەکران، سارتەر ودۆرینمات و لەپاڵ ڕۆمانەکانی دستۆڤسکی دەخرانە سەرشانۆ(٤).

تەواوی ئەو بزووتنەوە شانۆییە بنەمایەکی بۆ دامەزراندنی شانۆکە دەخوڵقاند، کە لەگەڵ هەفتاکانی سەدەی بیستەم ببێتە دەرگایەک بۆ لەدایکبوونی چەندین شانۆی ئەزموونی ئەوە لەپاڵ ئەوەی هۆشیاری شانۆیی لەهەفتاکان دەگاتە ئاستێک ئەو شانۆیە بەهیچ شانۆنووسێک نامۆ نەبێت بەتەختەی شانۆکانی، دیارترین لەو کارانەی لەسەرەتای هەفتاکان نمایش دەکرێت شالیری شکسپیر و تاوانی کوشتنی ئەلیۆت،

ئەوە لەپاڵ ئەو گەشەسەندنە دەرهێنانیەی بەشانۆی پۆڵەندی لەهەفتاکان دەردەکەوێت وەک لەکارکردنی ئاندژێی ڤایدا لەڕۆمانەکانی دستۆڤسکی لەوانە» شەیتانەکان، تاوان وسزا» هەروەها لەنمایشی شاکارە گرنگەکەی بەناوی «شەوی نۆڤێمبێر» دواتریش لەگەڵ کارەکانی شکسپیر لەوانە هاملێت و ماکبێس.

ڤایدا کەناوبانگیمان زیاتر لەسینەمادا بیستووە وکەمتر وەک شانۆکارێک باسی کراوە، بەڵام ئەو نەک تەنیا لەسەرەتادا بەشانۆ دەستی بەکاری هونەری کرد، بەڵکو لەپاڵ سینەماش هەر دەستبەرداری شانۆ نەبوو، لێرەدا هەوڵ دەدەین ڕوانینێکی گشتی لەسەر شانۆگەریەکانی بخەینەڕوو.

ئاندژێی ڤایدا لەدایکبوی ساڵی ١٩٢٦ و لەتەمەنی ٩٠ ساڵیدا واتە لە ساڵی ٢٠١٦ ماڵئاوایی لەژیان کردووە، سەرەتا وەک نیگار کێشێک دێتە بواری هونەری دواتر لەنێوان شانۆ و سینەمادا دەمێنێتەوە، ئەو کارانەی بۆشانۆ دەریدەهێنێت زۆربەی جار ڕۆمانە دیارەکانە لەجۆری ڕۆمانەکانی دستۆفسکی و ئەلبێر کامۆ، ئەوە ڕوانینی سینەماییانەیە بۆ چۆنیەتی کارکردن، چونکە بەتایبەت دستۆفسکی بۆخۆی سەرکێشی کارکردنە لەشانۆدا، بەوەی چۆن ئەتوانین وێنەیەکی دستۆفسکی لەئاستێکی هونەری دوور کە لەڕەگەزی گێڕانەوە دەیگۆڕین بۆ ڕەگەزی دیالۆگ بەرهەم بێنین؟

ئێمە کاتێک لەبارەی کەسێکی وەکو ڤایدا قسە دەکەین، مانای وایە لەسەر دەرهێنەرێک دەوەستین کە هەر لەسەرەتاوە دیدی بۆ شانۆ لەوانی دی ناچێت، زۆرجار لەگفتوگۆکاندا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە بەوەی ئەو کارانەی نمایشی دەکات دەبێت وێنای بکات لەسەر شانۆ ئەوسا بیر لەدەرهێنانی دەکاتەوە، ئەو هەر لەسەرەتاوە خەیاڵی سینەمایی وای لێدەکات دەبێت ئەو تێکستانەی دەیەوێ بۆ شانۆ دەریبهێنێت، تەواوی دیمەنەکە و پێکهاتەکانی وێنە بەبەرچاوی خۆی ببینێت، ئەوە تێگەیشتنێکی فیلمسازە بۆ وێنە، کە دەرهێنەری شانۆیی بەدەگمەن بەم شێوەیە بیر لەوێنەی شانۆیی و نمایشەکەی دەکاتەوە، ئەوەش وای لێدەکات سەرسامی خۆی بەرامبەر ئەو دەرهێنەرانە بخاتەڕوو، کە کەسانێتر کاری سینۆگرافیایان بۆ ئەنجام دەدەن، چونکە هەر خۆشی کاری سینۆگرافیای دەکرد.

ئەو ئەگەر بۆ سینۆگرافیا و دیمەنەکان پێویستی بەوە بێت لەسەرەتاوە هەموو شتێک ببینێت، بەڵام تاکە شتێک کە نایەوێ لەسەرەتاوە بیخاتەڕوو، تەواوی وردەکاری نواندن و کەسایەتییەکانە بۆ ئەکتەر، دەیەوێت لەئەتمۆسفێری شانۆکەدا ئەکتەرەکان بەدوای بونیادی کەسایەتییەکان و ئەو دیدگایە بگەڕێن کە ڤایدا دەیەوێت بیخاتەڕوو، بۆیە کاتێ بەم شێوەیە لەتەک ڕۆمانی (سەگەکان) ی دستۆفسکی کار بکات، ئەو گریمانە سەرەتاییانەی خۆی ناسەپێنێت، هێندەی دەیەوێت ئەکتەر لەپرۆژەیەکی هاوبەشی مەشقدا بتوانێ بگات بە بونیادی کەسێتی کارەکتەر.

ئەو هەندێکجار ئەو دەقانە هەڵدەبژێرێت کە هەر لەناوونیشانیانەوە هەڵگری تانوپۆیەکی شیعرین، وەکو شانۆگەریەکەی میشێل ڤینست گازۆ بەناوی (شەبقەیەکی پڕ لەئاوی باران) سەیر نییە لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم ئەوە یەکەم کاری شانۆیی ئەو بوو بێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەر لەسەرەتاوە ئەو ڕوانینە شیعرییە لەناوونیشانەوە دەبێتە جێگای سەرنجی، وەک چۆن ئەوەی بۆ ئێمە دەبێتە جێگای تێڕامان سەرکێشی و کارکردنە لەگەڵ ئەو تێکستانەی سەختن بۆ کارکردن، یاخود بونیادی پێکهاتەکانیان گوتاری فەلسەفی و ئاستی بەرزی هونەرین، ئەوانە دەبنە پرۆژەی دەرهێنانی ڤایدا لەشانۆدا، وەک شانۆگەریەکانی (هاملێت) ی شکسپیر و (با تەمسیل بکەین سترەندبێری) دۆرینمات.

ئەو زانیویەتی کەشانۆ دەردەهێنێت.. ئەوە شانۆیە سینەما نییە، دەبێت هەڵگری سیستم و گوتاری شانۆیی بێت، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوەشی نەشاردۆتەوە، کە شانۆ پێویستی بەزمانێکی سینەمایی هەیە، ئەوە وادەکات شانۆکەی لەئاستێکی بەرزی هونەریدا بێت، بۆ خۆشی ببێت بە یەکێک لەناوە گرنگەکانی شانۆی پۆڵەندی، لەهەمانکاتدا ویستویەتی پەیوەندییەک لەنێوان دیدی سینەمایی و شانۆیی بەرجەستە بکات وەک کاتێ یەکێک لەڕۆمانەکانی ئەلبێر کامۆ بۆ شانۆ دەردەهێنێت، لەجلوبەرگی ئەکتەر و پێڵاوەکانیان کە قوڕاوین، پەیوەندییەکی لەگەڵ دیمەنەکە دروست کردووە کە دیمەنێکی قوڕاویی بێت، ئەوەش تەنانەت پەیوەندیی بەئاسمانی شانۆکەشەوە هەیە، ئەو دیمەنە ئەگەر زیاتر لەسینەماوە نزیک بێت، بەڵام لەهەمان کاتدا بۆ ئەو دیمەنە ویستویەتی لەشانۆی بونراکی ژاپۆنی نزیک ببێتەوە.

لەرووی تەکنیکیەوە دەشێت شانۆگەرییەکانی ڤایدا لەشانۆی شێوەکاری پۆڵەندی نزیک بێت، بەتایبەت لەبوونی شیعریەتی شانۆکەی و دابەش بوونی بەسەر خەون لەشانۆگەری (شەوی نۆڤێمبەر) بەڵام ئەو وێنە شانۆییە نابێتە

شانۆیەکی شێوەکاری، بەقەد ئەوەی ئەزموونێکی تایبەتمەند دەخولقێنێت، ئێمە لەگەڕانەوەمان بۆ ڤیدیۆ تۆمارکراوەکەی ئەم شانۆگەریە بۆ تەلەڤزیۆنی پۆڵەندی کە ساڵی ١٩٧٨ تۆمار کراوە، وێنەی ڕوونی دونیا شانۆییەکەی ڤایدا دەبینین، شانۆگەرییەکە باس لەشەوی ٢٩ ی نۆڤێمبەر دەکات، ئەو شەوەی لە ساڵی١٨٣٠ بە شەوی ڕاپەڕین ناسراوە، تێکستەکەی ستانیسواڤ ڤیسپیانیسکی دەبێتە پرۆژە خەونی ڤایدا بۆ ماوەیەکی درێژ تاوەکو لەدنیابینیەکی سینەمایی شانۆیی بەرجەستەی دەکات، شیعرییەتی ئەو نمایشە چەندە وێنەیەکی سینەمایە هێندەش شیعرییە، بەو پێیەی دەیەوێت دیمەن بۆ گێڕانەوەی ڕووداو لەسەرەتاوە چڕ بکاتەوە لەشێوە کۆرسی شانۆی کلاسیک، بەڵام وەزیفەی کۆرس دەگۆڕێتە سەر شێوەیەکی ڕیتواڵی تایبەت، لەنێوان شانۆی گۆرانی و ئۆپێرا ئاوێتە بوونێک بەرجەستە دەکات، کە دیمەنی شانۆیی ببێتە ئاهەنگێکی شانۆیی، بۆیە گێڕانەوەی ڕووداو لەشێوەی کۆڕس دەردەکەون، بەڵام گۆرانی ئۆپێرایی و فۆڕمی شانۆی گۆرانی بەرجەستە دەکەن، تا دەگاتە سەر دیمەنی شا وشاژن، لەوێوە ململانێی درامی و ترس و توندوتیژی جەستەیی شا لەگەڵ ئەفسەر و دەست وپێوەندەکان لەلایەک و لەلایەکیتر لەپەیوەندی جەستەی لەگەڵ شاژن، دەست وپێوەند شورەیەک دروست دەکەن بۆ پارێزگاری لەکۆشک، کە پڕە لەتوندوتیژی وسەرکوتکردنەوە لەپێناو تاکە مرۆڤێک کە نوێنەرایەتی دەسەڵات دەکات.

> **چەندە لەو شانۆ نوێیەی جەنگدا نووسەرانی پۆڵەندی ڕۆڵی گرنگیان دەرکەوت، لەپاڵ ئەوەدا کۆمەڵە دەرهێنەرێکیش بەهۆی نمایشەکانیان ناوبانگێکی دیاریان پەیدا کرد**

دیمەنی چاودێریکردن لەشەودا بیری شکسپیرمان دەخاتەوە لەدەرکەوتنی تارمایی لەنیوە شەودا، هەروەها بوونی تارمایەک لەشێوەیەکی باڵا لەساتی دەربڕینی دەنگی ئۆپێرایی لەئاگادارکردنەوەی کارەکتەرەکان لەوەی ڕوودەدات، دەرخەری حەقیقەتێکی دی شکسپیریە لەکاریگەری شانۆنامەی هاملێت بەسەر ئەو نمایشەوە.

ئەگەر لەهاملێتدا دیمەنێکی نمایشی شانۆیی هەیە کەشانۆ لەناو شانۆیە و چۆنیەتی کوشتنی چیرۆکی تارمایی دەگێڕێتەوە، ئەوا لێرەدا نمایشێک لەناو نمایشەکە هەیە ڕووتی دەسەڵاتی شا دەگێڕێتەوە، دەست وپێوەندەکان ڕووتن، هەرچەندە ئەو ڕووتییە دەرخەری وێنەیەکی هۆمۆسێکسوالیتی ئەو دەسەڵاتەش دەردەخات، کە شا ئارەزووی دەکات، بەبەڵگەی ئەوەی لەدیمەنی پێش ئەو نواندنە لەئامادەبوونی شاژنیش لەخۆشی هەواڵی سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران یەکێک لەدەستە ڕاستەکانی خۆی چەند جارێک ماچ دەکات.

سەرەنجام ترسێک کە بوونی هەیە دەبێت ڕووبدات، پارێزگاریکردن لەشا بەپارچە قوماشێکی سپی نیمچە ڕووتەوە دەریدەخات، دەسەڵات چەند ڕووت و چەندە ئامادەبوونی وابەستەی دەنگیەتی نەوەک پەیوەندیەکانی هێز، ئەگەرچی ئەوە خۆ ڕووتکردنەوەیە لەپلە سەربازیەکەی تا نەناسرێتەوە، بەڵام تا کوێ شاژن (پۆلکا) دەتوانێت پارێزگاری لەدەسەڵاتی شا بکات؟

کاتێک دوو شۆڕشگێڕەکان دەخاتە ژوورێکەوە، بەبیانووی شاردنەوەیان، بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی بەتاڵی تۆقێنەر بتوانێت درێژە بەزەبروزەنگ بدات، دەسەڵاتێک بوونی تەنیا وابەستەی ساتی ئارامییە، دەنا لەبنەڕەتدا ترسێکی پتەو بەدی دەکات.

ئەو شانۆ لەناو شانۆیە بەشێکی دیاری نمایشەکەی دەکەوێتە ئەستۆ و ڤایدا تەواو پشتی پێ بەستووە، لەو ڕووەدا چەندە سوودی لەو دیمەنەی شکسپیر وەرگرتووە، بەهەمان شێوە ئەو فۆڕمە براندیللۆیە قوڵ دەکاتەوە، کاتێک براندیللۆ لەشانۆگەری «شەش کارەکتەر بەدوای نووسەرەکەیان دەگەڕێن» لێرەدا گەڕان پرۆسەی توێژینەوەیە لەدەسەڵات وتێگەیشتنەکان، تاوەکو دوو ئاراستە لەنمایش بەدەسەڵات ببەخشێت، ئاراستەی یەکەم وابەستەی سیستمی ئۆپێرایی وەک گێڕانەوە و بوونی شاو شاژنە لەکۆشک، ئاراستەی دووەم وابەستەی نمایشە شانۆییەکەی ناو شانۆگەریەکەیە، ئەوەی ئەو دوو ئاراستە بەیەکەوە دەگەیەنێتەوە، یەکێک لەو ژنە گۆرانیبێژە ئۆپێرایانەیە کە دەنگی ئاگایی مێژوویە لەئێستای ڕووداوەکاندا، بینەران لەمەترسی دۆخەکە ئاگادار دەکاتەوە کەبڕۆنەوە ماڵەوە، سەرەنجام ئەو

ژنە دەمێنێتەوە لەگەڵ ئەو پیاوەی کە لەپشت ڕووداوی خۆپیشاندانە، ئەو پیاوەی بەدرێژی شانۆنامەکە کاغەزی قوماری بەدەستەوەیە، سەرەنجام کە دەدۆڕێت کاغەزەکان فڕێ دەدات وهۆڵەکە بەجێ دێڵێت.

ئەو وێنەیە کە کۆتا وێنەی نمایشەکەیە لەشانۆگەریەکەدا ئاماژەیەکی گرنگی کۆتایی ڕاپەڕین وشکستێکە کە لەڕۆژەکانی دوایی ڕوودەدەن، وێنەیەکی دی شۆڕش بەرجەستە دەکات، کە هیچ نییە جگە لەقوماری قوماربازەکان کە دەدۆڕێن و هەڵدێن و ئەوێ جێدێلن، بەڵام ئەوەی لەناو شانۆ لەناو شانۆ خستۆتەڕوو، کاتێک دەگەڕێینەوە ناو ڕووداوەکان هێشتا مردن لەناو شەقامەکاندایە، هەندێک گەیشتنە کۆشکی پاشایەتی و لەوێدا مردن و خەڵکانێکیشیان کوشت، لەولاوە شەقامەکان هەر توێژێک دەیەوێت داکۆکی لەدەسەڵاتی خۆی بکات، قەشە پیاوانی دەسەڵاتیان پێ دەناسێنێت تا خۆپیشاندەران بیانکوژن، لەولاوە خۆشی چارەنووسی لەکوژراوەکان باشتر نابێت و پەتی سێدارە چاوەڕوانیەتی.


وليام شكسپير

لەکۆتاییدا ڕاپەڕین سەرکوت دەکرێت و شاری وارشۆ دەبێتە گۆڕستانی مرۆڤەکان بەدەستی دەسەڵاتی خۆیانەوە، دەسەڵات سەردەکەوێت بەسەر هاوولاتییەکانی، ئەوەش بۆخۆی سەرکەوتن دەگۆڕێت بەشکست، شاژن وەک ئۆفیلیای هاملێت پاکیزەیی بەرەو شێتی دەبات، شا لەگەڵ کۆمەڵێک پاسەوان لەدەرەوەی کۆشکە و دەیەوێت عەرشەکەی بەجێ بێڵێت، بڕیاری بەدەستی جەنگ بەرپرس دەکات، وەک چۆن جێبەجێکارێکی دی بۆ کوشتنی هاوولاتییەکان بۆ خۆی کەلەپچە دەکاتە دەستی خۆی و دەچێتە بەردەم لوولەی تۆپەکە، ئەو وێنەیە لەڕێگەی گۆرانیەکی ئۆپێرایی لووتکەی ئاستی درامی شکستی دەسەڵات و کۆتایی هاتنە لەڕێگەی مەرگی خۆیەوە، کە لەکوشتنی هاوولاتییەکانی بەرجەستە بووە.

لەئەزموونێکتری ڤایدا لەگەڵ هەمان نووسەر ئەمجارە وەک خۆی مامەڵەی لەگەڵ تێکستەکەدا کردووە تەنانەت یەک دێڕ چییە لای نەبردووە لەتێکستی «ئاهەنگی ژنهێنانی» ستانیسواڤ ڤیسپیانیسکی، کەچی لەهەمان کاتدا وێنە لەنێوان خەون وشیعر و مۆسیقاوە نزیکە لەتەکنیکی شانۆی شێوەکاریی، ئەو نزیک بوونەش زادەی دیدی سینەماییە بۆ وێنە، بەتایبەت لەدیمەنە بێدەنگەکان، مۆسیقا کاریگەری تەواو بەسەر وێنە جێدێڵێت.

ئەو تێگەیشتنە هونەریانەی وای کردووە دوو لەکارەکانی بۆ شانۆ بتوانێ دیدگای شانۆکاران بەتەواوی بۆلای خۆی ڕابکێشێت، شانۆگەری (کاتێ تێگەیشتن دەخەوێت) ئەوە زیاتر لەتەکنیکی شانۆی شێوەکاری نزیک دەبێتەوە، کە دەتوانین بەشانۆیەکی وێنەیی زیاتر ببینین، بەهۆی بوونی وێنە وەک پێکهاتێکی سەرەکی ناو سینەما و شێوەکاری کە مۆسیقا بەشداری ئەو هونەرانە دەکات و لەنمایشێکی شانۆییدا چڕ بوونەتەوە، کارەکەش لەبارەی کارە شێوەکارییەکانی (گۆیا) یە، ڤایدا بەم نمایشە توانی خەڵاتی کۆنراد سڤینارسکی بباتەوە کە گۆڤاری شانۆی پۆڵەندی ئامادەی کردبوو، بەهۆی ئەوەی ئەم نمایشە بە باشترین شانۆگەری ساڵی ١٩٧٦ی پۆڵەندا ناو براوە.

هەروەها شانۆگەری (دوو کۆچەر)ی مرۆژێک، کە بە بڕوای توێژەران باشترین کاری دەرهێنانە بۆ ئەو تێکستە کرابێت لەسەرانسەری جیهاندا، ئەو دەرهێنانەیە کە لەهۆڵێکی سینەمایی نمایشکراوە، تەختەی شانۆکە و شاشەی سینەماییەکەی داپۆشیوە، شێوە کادرێکی سینەمایی دروست کردووە، ئەکتەر و کەسایەتیەکان لەهۆڵی بینەران نزیک دەبنەوە، ڕووداوەکانی شانۆگەریەکە لەناو کادرە سینەماییەکەوە ڕوودەدەن.

ئەو هەوڵانەی ئاندژێی ڤایدا لەشانۆدا وایکردووە ڕۆڵی ئەو هێندە گرنگ بێت لەشانۆی نوێی پۆڵەندی کە بەهیچ شێوەیەک دەرکردنی ناوی ئەو لەو شانۆیە وێنەیەکی تەواومان پێ نەبەخشبێت لەو شانۆیەدا، لەڕاستیدا دەتوانین ڤایدا بۆ شانۆی هەفتاکانی پۆڵەندی بەتابلۆی ئەو ژنەی مۆدیلیانی ناوی بەرین کە ڕووخساری ژنێکە تەواوی فیگورەکەی کێشراوە، بەڵام نیگای چاوەکانی بە بەتاڵی جێهێشتووە، ئەوە شێتی نییە دیدگای هونەرییە وادەکات بەبێ ڤایدا نەتوانین نیگاکان و دیدگا هونەرییەکانی ئەو شانۆیە ببینین.

ئەگەر لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا ڤایدا دەنگێکی گرنگی ناو شانۆی پۆڵەندی بێت،



دیوی ژوورەوەی هۆڵی گەورەی شانۆ لە وارشۆ

ئەوا بەدوای ڕووخانی سۆڤیەتیش دیسان دەرکەوتنەوەی لەشانۆدا بەهێزێکی نوێی خەون بینییەوە لەم دۆخە نوێیەی مرۆڤی پۆڵەندی تیای دەژیا کاری دەکرد، بەتایبەت دوای مەرگی زیگمونت هوبنێر، لە ساڵی ١٩٨٩ کاتێک لەشوێنی ئەو کرا بە بەڕێوەبەری شانۆی گشتی لەوارشۆ، کە بۆماوەی ساڵێک بەڕێوبەری ئەو شانۆیە بوو، گرۆچالاکی بۆ شانۆ زیاتر پەرەی سەند و تا ساڵی ٢٠٠٤ کۆمەڵێک شانۆگەری نمایشکرد لەوانە «سۆناتای تارمایی» سترێندبێری، «نەفرەت»ی ستانیسواف ڤیسپیانیسکی، «میشیما»ی یۆکیۆ میشیما، «کڵاوی حەسیری» یوگینیا لابیخی، «ڕاگوزەرێک لە وارشۆ» و «گۆرانییەک لەگەشانەوەی ئاودا» و «چۆنت ئەوێ» ی شکسپیر و «ئەهریمەن جارێکی دی»

دوا شانۆنامەش کە پێشکەشی کرد، شانۆگەری «ماکبێس»ی شکسپیر بووە.

بانگەشەکردنی گرۆتۆڤسکی(٥) بۆ لابۆرە شانۆییەکەی لە ساڵی ١٩٦٨ بەشێکی دی ئەو گەشەسەندنە دەرهێنانییە بوو لەشانۆدا، کە چەند هەوڵێکی دی هەمان شێوە هەبوو بۆ شانۆ لەوانە شانۆی ستۆدیۆی یۆزیف شاینا، بەتایبەت لەنمایشەکانی «ریبیلکا، دانتی» کە چەندە لەڕووی هونەرییەوە ئاستێکی باڵایان دەبێت لەهەمان کاتدا لەسەر ساتەوەختی مەرگی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایە دەوەستێت، کە چۆن مەرگ لەهەموو شوێنێک یەخەی دەگرێت، بەبێ گوناهباری گوناهبار دەکرێت و سزای مەرگ بەسەریدا دەسەپێنرێت، هەر لەدرێژەی ئەو هەوڵانە نمایشە بانتۆمیمەکانی تۆماشێڤسکی(٦) دەرخەری جەستەی مرۆڤی پۆڵەندی بوو جەستەیەک کە ڕووبەڕووی لەناوچوون ببۆوە لەشانۆدا دەیویست ئازادی بکات، بەتایبەت لەنمایشەکانی «پێچاو پێچ، کراس، نۆڤێمبەر شەوی خەون»

دۆزینەوەی میکانیزمی نوێ بۆ شانۆیەک کە تایبەت بێت بەجەستەوە، بەتەنیا بنیاتنانەوەی ئەزموونێک نییە تایبەت بێت بە پانتۆمایمەوە، بەڵکو بەلای تۆماشێڤسکی ئەوە ئەزموونکردنی جەستەیە لەتەک سەماو درامادا، بۆیە شانۆکەی ئەو ئەگەر لەپرۆسەی ناونان پانتۆمایم بێت، بەڵام لەجەوهەردا پانتۆمایمێکە کە هەڵگری سەما و درامایە، جۆرێکی نزیکە لەسەمای بالێ، ئەوەش سەرەتا ناکۆکی بۆ دروستکرد لەگەڵ یەکێک لەپێشەنگەکانی شانۆی پۆڵەندی کە مامۆستای خۆشی بوو ئەویش ئیفۆ کاڵ بوو، کەپێی وابوو تۆماشێڤسکی بەم نزیکبوونەوەی پانتۆمایم لەسەمای بالێ لەڕاستیدا ناپاکی لەشانۆ کردووە، هەڵبەت تۆماشێڤسکی بەهۆی ئەوەی ئەکتەرێکی بەتوانا بوو هەروەها خەریکی خوێندنی سەمای بالێش بوو، ئەوە وایکردبوو لەشانۆکەیدا تەوزیفی بکاتەوە.

ئەم شانۆیە بووە کۆڵەکەی پانتۆمایمی هاوچەرخی پۆڵەندی، بەهۆی ئەوەی ئاراستەیەکی دی لە پانتۆمایمی شانۆی پۆڵەندی دۆزیەوە، کە پانتۆمایم لەم شانۆیەدا هونەرێکی گوزارشتی بوو، کە نەیدەتوانی سنوورەکانی خۆی تێپەڕێنێت، بەڵام بەکارکردنی تۆماشێڤسکی ئاراستەیەکی دی و ڕووبەرێکی فراوانتری ئەم شانۆیە دەرکەوت، کە بووە سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەی جەستە لەشانۆدا.

هەڵبەت لەڕووی ستراتیژی پرسیارە شانۆییەکان و هەندێک لەچەمکەکانی کارکردن ئەو لە

گرۆتۆفسکی نزیکە، بەتایبەت لەبوونی جوولەکردن کە دیدێکی هونەری ڕووت نییە بۆ شانۆ، بەقەد ئەوەی گوتارێکە بۆ مرۆڤ وبایەخدانیانە بە مرۆڤ وبینەری ئامادەبوو، ئەوەش کارکردنێکی جیاوازە لەگەڵ بینەر، هەوڵدانە بۆ گوتارێکی هاودژ کە پێشتر بایەخدان بە بینەر پەیوەست نەبووە بە جەستەوە، بەڵکو بایەخدان بە وشە بووە، زۆربەی جار وشە ڕۆڵی کاریگەری بینیوە لە فریودان وسەرگەرمکردنی.

هەڵبەت نزیکی نێوانیان بەو مانایە نییە، بونیادەکانی ئەم دوو شانۆیە لەیەکەوە نزیک بن، وەک ئەندرە هازبرانت لەتوێژینەوە فراوانەکەی لەبارەی شانۆی تۆماشێڤسکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەنووسێت «شانۆی پانتۆمایمی تۆماشێڤسکی وشانۆی لابۆریی گرۆتۆفسکی دوو شێوەی لەیەکچوو نین لەشانۆدا، بەقەد ئەوەی بەرەو نزیکبوونەوەیەکی ڕوون دەچن یاخود دەیانەوێ یەکدی تەواو بکەن، لەمیتۆد و هەڵوێستدا هەریەک لەم دوو هونەرمەندە خاڵی تایبەت بەخۆیان هەیە»(٧)

هەوڵە سەرەتاییەکانی شانۆی تۆماشێڤسکی هەوڵی تاکگەرایانە بوون لەشێوەی شانۆی مۆنۆدرامی نمایشی دەکرد، یەکەم کاریشی بەناوی (پیانۆژەن) بوو کە مۆنۆدرامایەکی بێدەنگ بوو لە چارەگێک تێنەدەپەڕی، بڕوای وابوو لەڕابردوودا پۆڵەندا شانۆی وەک هونەر نەناسیوە، ئەو تێگەیشتنە پەیوەست بوو بەسووربوونی لەسەر شانۆیەکی هونەری کە لەتەک خەونی ئەو نەوە شانۆکار یەکبگرێتەوە.

بەدوای ئەوە هەنگاوەکانی بردە ناو شانۆیەک کە پەیوەست بێت بە خەیاڵەوە، کاتێک هەوڵەکانی لەشانۆیەکی تاک ئەکتەری گواستەوە بۆ شانۆیەکی فراوان، پڕۆژەکەی فراوان کرد، ئەوە وایکرد بایەخدانیشی بە پێکهاتە هونەرییەکانی دی وەکو جلوبەرگ ومۆسیقا گرنگی خۆی هەبێت لەشانۆکەیدا، دەنگ ئامادەبوونێکی پتەوی هەبوو وەک بونیادێکی سەرەکی ئەم شانۆیە، هەروەها بۆ پەیوەندیی نێوان جەستە و گوزارشتەکانی زۆربەی کات پشت دەبەستێت بەمۆسیقای کلاسیکی..

سەرباری پابەست بوونی بەخەیاڵی هونەری بۆ شانۆکەی، کە هەمیشە جەختی لەسەر خەیاڵی هونەری وفراوانبوونی ڕەهەندەکانی خەیاڵکردن و پەیوەندیی نێوان ئارەزوو وعەقڵ بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ ڕووبەری فراوان بۆ شانۆکەی تەرخان بکات، بەڵام ئەوە بەفەرامۆشکردنی نەبوو بۆ تێکستی ئەدەبی، بەڵکو تێکستی ئەدەبی دەکردە زەمینەیەک بۆ ئەوەی سەرلەنوێ کاری تێدا بکاتەوە و بەپێی پێداویستی شانۆکەی بەکاری بێنێتەوە، وەک لەکارکردنی لەتەک فیکتۆر هۆگۆ یاخود لە (پاڵتۆ)ی گۆگۆڵ، هەروەها کاری لەتەک ئەفسانەی گلگامش کردووە، ئەو دەمەی ڕووبەڕووی فاوستی گۆتە دەبێتەوە، دەیەوێ بەپێی ویستی هونەری و پێداویستی شانۆکەی کارێکی لێ دروست بکات، بۆ ئەوەش شانۆیەک نمایش دەکات بەناوی (ڕۆیشتنی فاوست).

**هەندێک لەڕەخنەگران بڕوایان وایە ئەدەبی ڕوژێڤیچ خاڵی نیە لەکاریگەری، بۆیە گەر لەشانۆدا کەوتبێتە ژێر کاریگەری شانۆی ئەبسێرد و شانۆنامەکانی بیکیت و یۆنسکۆ، ئەوا لەشیعریشدا کاریگەری ئیلیۆت و ئەزرا پاوند زۆر بەڕوونی بەسەریەوە دەبینرێت**

لە شانۆکانیدا جگە لەخۆی کەس ئامادەکار و نووسەر و دەرهێنەر نەبوو، تەواوی بەشداران ئەکتەر بوون، ئەوەش وای کردبوو بیرکەرەوەی ناو کارەکان خۆی بێت، چونکە دەیزانی پڕۆژەیەکی هەیە لەم شانۆیەدا دەبێت هەنگاوەکانی بەپێی هەوڵەکان تێپەڕێنێت.

ئاوێتە بوون چەمکێکی سەرەکی شانۆکەیەتی کە شانۆیەکی سەمای درامییە، ئەم شانۆیە لەڕێگەی ئاوێتە بوون سەما و پانتۆمایم لەگوتارێکی درامیدا چڕ دەکاتەوە، ئەوەش جوولە دەکاتە سێنترالی پانتایی و زەمەن، تیایدا جوولە وێنای ماتریالەکان دەکات، پانتۆمایم لەهونەرێکی گوزارشتی ناهێڵێتەوە، وەک چۆن سەماش بەتەنیا هونەرێک نییە لەناو کاری ئیرۆتیکی و جەستەیی، بەقەد ئەوەی جوولە پانتایی و زەمەنی کارەکە چڕ دەکاتەوە لەناو یەکدی و یەکگرتنێکی هونەری پێک دێنێت، کە گوتاری شانۆکەیە، ئەوەش بوو بە سیما تایبەتمەندیەکانی پانتومایمی هاوچەرخ لەشانۆی پۆڵەندیدا.

سڤینارسکی(٨) و باردینی(٩) لەباشترین ئەو دەرهێنەرانە بوون کەلەسەر شانۆکان دەنگیان دایەوە، باردینی لەو قۆناغەدا یەکێک لەباشترین کارەکانی شانۆنامەی «یان گابرێل بۆرکمان»ی

هینریک ئەپسن بوو، هەروەها کارەکانی ز. هوبنێر (١٠) لەسەر شانۆکانی کراکۆڤ هیچی لەڕۆڵی باردینی کەمتر نەبوو گەر زیاتریش نەبووبێت.

لێرەدا پێویست دەکات لەسەر سڤینارسکی بوەستین، هەڵبەت بەشێکی دیاری شانۆکارانی پۆڵەندی پێشتر لەبواری هونەری شێوەکاریدا کاریان کردووە، ئەویش کەسێک بووە لەوانەی لەو بوارەدا کاری کردووە، ئەو کارکردنە دیدێکی شێوەکاری بەکارە شانۆییەکانی بەخشیووە، کە وای کردووە ئامادەبوونی مرۆیی لەپاڵ ئەو هونەرە، دیدێکی هاوبەش دەخاتەڕوو لەپەیوەندیی نێوان هونەر و ژیان، کە خۆی بەدیدی پۆلیڤۆنی ناوی دەبات، ڕەنگە ئەوەیان ڕووبەڕووی وەستانمان بکاتەوە، کە بۆچی دیدی شێوەکاری و ئامادەبوونی مرۆیی دەبنە دیدی پۆلیڤۆنی؟

ئەو فرە دەنگییە (پۆلیڤۆنیەت) لەکاری شانۆییدا پەیوەستە بەتێکشکاندنی فۆرم لەمانای باودا، بەتایبەت لەبڕوا بوونی فۆرم لەوێنەی شانۆییدا، وێنە دیدێکی تەکعیبی بەخۆیەوە دەگرێت، ئەوەش پەیوەستە بەیادەوەری کارکردنی لەبواری هونەری شێوەکاریدا، لەو سۆنگەیەوە کاری تێدا دەکرد، کە فۆرم بەرەنجامی ئەو بابەتەیە کە تێکست خوازیاریەتی.

هەڵبەت پێویستە ئەوەمان لەیاد بێت کە ئەو لەژێر دەستی دوو هونەرمەند کاری کردووە، دەتوانین ڕوانینی ئەوان وەک جۆرە کاریگەرییەک لەسەر کارە هونەریەکانیدا ببینین، ئەو کاتەی وەک شێوەکارێک کاری دەکرد لەژێر دەستی ستگیمینسکی خەریکی نیگارکێشان بوو، کاتێ شانۆشی خوێند لەسەر دەستی یەکێک لەناوە دیارەکانی شانۆی پۆڵەندی ئەو هونەرەی دەخوێند کە ئێرڤین ئەکسێر بوو، ئەو دوو هونەرمەندە کاریگەریان لەسەر پێکهاتی عەقڵییەتی شانۆی ئەودا هەبوو.

کاتێ بەرەو ئەڵمانیاش ڕۆیشت و ڕاستەوخۆ ویستی نزیک بێت لەشێوازە شانۆییەکەی شانۆی داستانی برێخت، لەنزیکەوە برێخت ببینێت، تەنانەت چەند شانۆنامەیەکی برێختی بۆ شانۆ دەرهێنا، لەیەکێک لەنمایشەکانیدا برێخت خۆشی ئامادە بووە، جگە لەوە هەوڵیدا هەندێک تێکست کە بنەمای ئەرستۆیی بەتەواوی تیا بەرجەستە کراوە، یا بەدەقی نا برێختی ناسراون، وەک دیدی داستانی برێخت بۆ شانۆیان دەربهێنێت، لەوانە شانۆگەری (فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت)ی دۆرینمات.

کاتێ لەناوەراستی شەستەکان لەو سەفەرەی بۆ ئەڵمانیا و بەتایبەت لە بەرلین کە شانۆگەری (مارا- صاد) نمایش دەکات، ئەو کارە دەبێتە جێگای سەرنجی نێوەندە شانۆییەکە و دەتوانێت بەم نمایشە خەڵاتی ڕەخنەی شانۆی ئەڵمانی بەرێتەوە.

شوناسی شانۆ لەلای ئەو دەرهێنەرە پێکهاتووە لە ئامادەبوونێکی مرۆیی، ئەو تێگەیشتنە بۆ شانۆ، گەڕانەوەی بەهایە کە بەبیانووی کۆمۆنیزم، نەک بەتەنیا کۆمەڵگای پۆڵەندی بەرەو جۆرێک لەتوندوتیژیی بردراوە، تەنانەت بۆتە گوتارێک بەدژی فەلسەفەی مارکسیزمیش، بۆیە شانۆی سڤینارسکی گەڕانەوەی حورمەتە بۆ چەمکی مرۆیی، مرۆڤبوون خاڵی جەوهەری تێگەیشتنە لەشانۆ، ئەوەش دەرفەتی جۆرێکی دی کارکردنی بۆ کردۆتەوە، لەلایەک وادەکات ڕووبکاتە دەرهێنانی شانۆگەری (بالکۆن)ی ژان ژینیە، لەلایەکی دی گەڕانەوەی بۆ ڕۆمانتیک لەشانۆدا، ئەو ڕۆمانتیکی بوونە جۆرێکی دی گەڕانەوەی ماناکانی بوونە بۆ مرۆڤ، لەو سۆنگەیەوە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ شکسپیر و چەندین تێکستی شکسپیر دەردەهێنێت لەوانە (خەونی نیوە شەوی هاوین، هاملێت) دیارە لووتکەی ئەو تێگەیشتنەی بۆ شانۆ لە دواهەمین کاریدا دەخرێتەڕوو، کە بەناوی (مێشوولە) تێکستێکە لەنوسینی (مایکۆفسکی)یە

دیارە ئەو کارەی دوایی کە دواهەمین کاری بوو، تەنیا دوو هەفتە بوو شانۆگەریەکە نمایش دەکرا، ئەو دەمەی لە ئابی ١٩٧٥ دەچوو بۆ فێستڤاڵێکی شانۆیی لەشاری شیرازی ئێران، لەئاسمانی دیمەشق فڕۆکەکەیان دەکەوێتە خوارەوە، تەمەنی تەنها ٤٦ ساڵ دەبێت کۆتایی بەژیانی دێت، بۆیە بەلای توێژەرانی شانۆ ئەوە ڕۆژێکی مەرگەساتاویە بۆ شانۆی پۆڵەندی هاوچەرخ، کە دیارە دوای مردنیشی شانۆگەریەکەی بەردەوام دەبێت لەنمایشکردن، چونکە ئەو کارە وەک ڕەخنەگران ئاماژەی بۆ دەکەن، دەرکەوتنی تەواوی سیما ئەفرێنەرەکانی شانۆی سڤینارسکی بوو.

ئەو دۆخە لەبەردەم شانۆیەکی سیاسیدا خۆی دەبینییەوە، بەڵام دەبوو شانۆیەک بێت بزانێت چۆن چارەسەرییەکانی دەخاتەڕوو، بۆیە کاتێک کاژیمیێژ دێیمێک (١١) شانۆیەکی سیاسی شیعریی بنیات دەنێت، ئەوە وەستانە لەسەر ئەو میراتە کولتووریەی شانۆی پۆڵەندی، کەوا دەکات بتوانێ ئەو میراتە بەرەو کرانەوە و دیدی جیاواز بۆ شانۆ بەرێت، ئەو کە پێشتر وەک ئەکتەر لەژێر دەستی شیللەر کاری کردبوو، لەهەمان کاتدا

وەک هەر شانۆکارێکی سەردەمی خۆی سەرسام بوو بە ستانسلافسکی، ئەو دوو شێوازە شانۆییە جۆرە دەرباز بوونێکی بۆ هێنادی، بەڵام نەک لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی میتۆد و فیکر، بەقەد ئەوەی ئاراستەیەکی دی لەناو تیۆر بدۆزێتەوە، لەپێناو ئەوەی جیاوازبوون بێنێتە کایەوە، ئەو کە شانۆکەی شانۆیەکی سیاسی شیعریی بوو، برواشی بە واقعی سۆسیالیستی هەبوو، ئەوەش وایدەکرد لەلایان دەوڵەتەوە دژایەتی نەکرێت، چونکە ئەوان خۆیان پشتگیریان لەشانۆی واقعی سۆسیالیستی دەکرد، ئەو ئاراستە و ڕەوتانە دەبنە گوتاری پێکهاتەی شانۆی دێیمێک.

یەکێک لەکارە دیارەکانی کەوایکرد بە بایەخەوە لەم شانۆیە سەیر بکرێت، هەوڵدانی بوو لەتەک میکوای فیلکۆ فیتسک کە نووسەرێکی چاخی ناوەڕاست بوو، ئەو دەمەی شانۆگەرییەکی ئەو نووسەرەی دەرهێنا، بەناونیشانی (چیرۆکی هەڵسانەوەی حەزرەتی مەسیحی پیرۆز)، بەم شانۆگەرییە دەرگای بەڕوودا کرایەوە وەک دەرهێنەرێکی شانۆیی خاوەن توانایەکی بەرز، بەتایبەت بەدوای ئەوەی ئەو شانۆگەریەی لەچەندین وڵاتی دونیادا پێشکەش کرد، لەوانە (فەڕەنسا وبەریتانیا وئیتاڵیا وچیکسلۆفاکیا) هەر بەم نمایشە ساڵی ١٩٦٤ لەچوارچێوەی فێستیڤاڵی نەتەوەکان لە پاریس خەڵاتی ڕەخنەگرانی شانۆی فەڕەنسی وەرگرت، ئەگەرچی دە ساڵ بەر لەو کارە شانۆگەریەکی دی گرنگی نمایش کردبوو بەناوی (کۆترەکان) کە لەنووسینی مایکۆفسکی شاعیر بوو، کە بەیەکێک لەکارە هەرە گرنگەکانی شانۆ دادەنرێت.

بنەمای کاری دەرهێنانی شانۆیی لای دێیمێک پەیوەستە بە ڕاڤەکردن و تەئویل، ئەوەش پەیوەندیی نێوان تێکستی شانۆیی و تەختەی شانۆیە، ڕاڤەکردن بنەمای سەرەکی پرۆسەی دەرهێنانە، لەو سەرەتایەوە پەیوەست دەبێت بە ڕاڤەکردنی تێکستەوە، ڕاڤەکردنێک ناوی دەنێت دڵسۆزی بۆ تێکست، بەواتای دەیەوێت بگاتە ئەو بنەمایانەی دیدی نووسەر، ئەوانە ڕاڤە بکات، پرۆسەی تەئویلکردنیش لەسەر تەختەی شانۆ ئەنجام دەدرێت، کە بەدوای ڕاڤەکردنەوە دێتە دی، بەمانای دیدی دەرهێنانی لەوێوە دەگاتە لووتکە، ئەوەش پەیوەستە بە پەیوەندیی دەرهێنەر بە ئەکتەر و سینۆگرافیای شانۆوە.

لەڕووی میتۆدیەوە بۆ تەئویل ئەو ڕوانینەی دەرهێنەر ناتوانین بە دوو ئاراستەی کارکردن ناوییەرین، چونکە ڕاڤەکردن پرۆسەی تاکرەهەندی لێکدانەوەیە، تەئویلیش بەشداریکردنی ئاگاییە، ئەوەش ئامادەبوونی سێ ئاراستەیە لە ئاگایی کە جوانکاری و مێژوویی و زمانەوانین، بۆیە لێرەدا تەئویل و ڕاڤەکردن بۆ خۆی بەگژداچوونەوەی یەکتریە، چونکە گەر ڕاڤەکردن دڵسۆزبوون بێت بۆتێکست، ئەوا تەئویل بۆخۆی بەگژداچوونەوەی ئەو دڵسۆزییە.

بۆیە ئەوەی لەتەئویلدا ئەنجامی دەدات پەیوەندیی نییە، بەدونیای تێکست و کارەکتەرەکانییەوە، بەقەد ئەوەی پەیوەستە بەدیدی شێوەکاریانەی لە سینۆگرافیا و پێکهاتی جوولەی ئەکتەر، سەرەنجام ئەو ئاگاییە لەتەک ڕاڤەکردنی بۆ دەق وێنای کردەی دەرهێنان دەکات لەشانۆیەکی شیعریی و سیاسی، شیعرییەت بەرەنجامی ئەو



هاملێت لە سەر تەختەی شانۆی وارشۆ

مۆرکە شێوەکاری و زمانەوانییە، کە تا ئاستی ئەوەی بەرەو ئۆپەرێت وهەندێکجار دیدی دونیای نووسەرانی وەکو چێخۆف دەچێت، وەک لەشانۆگەری (لالۆ فانیا) کە تەئویل شتێک نییە، جگە لەوەی دەیەوێ ڕاڤەی سایکۆلۆژی بۆ کارەکتەر بخاتەڕوو، ئەوانەش لەناو دوو ئاراستەی گرنگی گوتارە شانۆییەکەیدا چڕی دەکاتەوە، کە سیاسەت وشیعرە، ڕەنگە ئەو دوانە لەبنەماوە جۆرە ناکۆکییەک بخوڵقێنن، بەڵام دێیمێک هەوڵ دەدات شانۆ سیاسییەکەی لەدیدی شانۆیەکی شیعرییەوە بخاتەڕوو، شیعرییەت بەتەنیا بەرەنجامی شیعر نییە، هێندەی شیعرییەت لەناو سینۆگرافیا و دیدی دەرهێنانی بەرجەستە دەکات.

**ئاماژەکان:**

١- لیۆن شیلەر «١٨٨٧-١٩٥٤» رەخنەگرو دەرهێنەری شانۆیی بوو، ناوێکی گرنگی شانۆیی پۆڵەندی بوو بەتایبەت وەک دەرهێنەر سەرباری ئـەوەی وەک رەخنـەگرێک بـەوە ناوبانگی دەرکرد کەتوانیویەتی شیکردنەوەی ورد بکات بۆ شانۆنامەکانی میچکیێڤیچا ، لەساڵی ١٩١٧ وەک دەرهێنەر دەستی بەکارکردن کردووە، ساڵی ١٩٣٣ کراوە بە سەرۆکی بەشی دەرهێنان لەپەیمانگای حکومی بۆ هونەری شانۆ، لە ١٩٣٥ خەڵاتی ئەکادیمیای پۆڵەندی بۆ ئەدەب وەرگرتووە بەهۆی بایەخدانی بە ئەدەبی شانۆ، ماوەیەک لای ئەڵمانەکان دیلکراوە، لە ١٩٤٦- ١٩٤٩ لەشاری ئوچ کراوە بەبەڕێوبەری خوێندنگای باڵای شانۆ،



لە ١٩٤٧- ١٩٤٩ بووە بەسەرنووسەری گۆڤاری شانۆ، لەژیانیدا بەهۆی شانۆوە چەندین مەدالیای ڕێزلێنانی لەلایان دەوڵەتەوە پێ بەخشراوە.

٢- ئێرڤین ئەکسێر«١٩١٧-٢٠١٢» دەرهێنەری شانۆیی ودامەزرێنەری شانۆی ژووری پۆڵەندی بووە، ١٩٣٩ پەیمانگای شانۆی تەواو کردووە، لە١٩٦٠ لەبەرامبەر هەوڵەکانی بۆ نوێکردنەوەی شانۆی پۆڵەندی خەڵاتی تادێوش بۆی پێدراوە، سەرباری کاری دەرهێنان چەندین وتاری لەبارەی شانۆو ئەدەب نووسیوە، لەگۆڤارەکانی دەیالۆگ و شانۆ بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە.

٣- حركة التجديد في المسرح العالمي.. أوجست جرودجيتسكى، ترجمة: د. هناء عبدالفتاح، الهيئة المصرية العامة للكتاب (القاهرة) 2010، ص29

٤- سەبارەت بە مێژووی ئەو ساڵانە لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەت وناوی نمایش و دەرهێنەرەکان بۆ تەواوی زانیارییەکانی ئەو مێژووە پشتمان بەستووە بە توێژینەوەیەکی ماڵپەری ئینسکلۆپیدیای شانۆی پۆڵەندی لەژێر ناونیشانی «
Polska. Teatr. Okres 1944–89 i lata 90»

بەواتای «شانۆی پۆڵەندی لەنێوان ١٩٤٤-١٩٨٩ و ٩٠ ساڵدا» کەتوێژینەوەیەکی بیبلیۆگرافیە تیشک دەخاتە سەر شانۆی دوای کۆمۆنیزم و تا دەگات بەنمایشەکانی ساڵی ٢٠٠٠

٥- یێژی ماریان گرۆتۆڤسکی (١٩٣٣-١٩٩٩) دەرهێنەرو راهێنەری شانۆییە، شانۆیەکی ئەزموونی کردۆتەوە بەناوی شانۆی هەژار، لەسەرانسەری جیهان ناسراوە، لەو کتێبەدا بەدرێژی لەسەر کۆی پرۆژەو چالاکییە شانۆییەکانی دەوەستێن.

٦- هێنریک تۆماشێڤسکی (١٩١٩-٢٠٠١) کیریۆگراف و دەرهێنەری شانۆییە، گروپێکی شانۆیی تایبەت بەشانۆی پانتۆمایمی لەپۆڵەندا دامەزراند، بەناوی شانۆی جووڵە.

٧- مسرح توماشفسكي.. أندرة هازبراندت.. ترجمة (يحيى صاحب) دار الشؤون الثقافية (بغداد) 2006، ص36

٨- کۆنراد سڤینارسکی (١٩٢٩-١٩٧٥) دەرهێنەرێکی شانۆیی وتەلەڤزیۆنی بووە لەبواری ئۆپێراشدا کاری کردووە، کاریگەری جێهێشتووە لەسەر دەرهێنەرانی پۆڵەندی بەتایبەت گرۆتۆڤسکی و کریستیانا لوپێۆم و یێژێگۆ یارۆچکێگۆ

٩- ئەلێکساندێر باردینی (١٩١٣-١٩٩٥) ئەکتەرو دەرهێنەرێکی شانۆییە، سەرەتا لەژێر دەستی شیلەر شانۆی خوێندووە، دواتر وەک دەرهێنەرێکی شانۆیی پێگەی خۆی دیاری کردووە، بەتایبەت لەشانۆنامەکانی چێخۆڤ کە سیمای تایبەتی بەکردە دەرهێنانیەکەی بەخشیوە وەک ئەوەی پێویست دەکات کە چۆن وشەی نووسەر دەگۆڕێت بە مرۆڤ.

١٠- زیگمونت هوبنێر (١٩٣٠-١٩٨٩) ئەکتەرو دەرهێنەری شانۆیی بووە، لە١٩٥٢ بەشی نواندنی لەوارشۆ تەواو کردووە، لە ١٩٥٦ بەشی دەرهێنان لەپەیمانگای شانۆ تەواو دەکات.

١١- کاژیمێژ دێیمێک (١٩٢٤-٢٠٠٢) ئەکتەرو دەرهێنەری شانۆیی، لەماوەی ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٦ وەزیری کولتوور بووە.

# خوێندنەوەی کتێب

- «تەونی بریا»

**خستنی دەمامکێکی دیکەی هیچوپووچیی!**

نووری بێخاڵی

# «تەونی بریا»

# خستنی دەمامکێکی دیکەی هیچپووچیی!



نووری بێخاڵی

کاتێک «پەنجەکان شتێک دەڵێن – کۆچیرۆک ٢٠١٣»م خوێندەوە، لە کورتە نامەیەکدا بۆیم نووسی: «پەنجەکانت زۆر شتی پێشتر نەگوتراویان گوت». ئەو ڕۆژەیش کە لەناو جانتای سەفەری هاوڕێیەکی وەک خۆی جوان (کارۆخ فەهمی) بەسەر پشتی فڕۆکەوە و لەدووریی سەدان کیلۆمەتر (لە کوردستانەوە بۆ تورکیا) ڕۆمانی «قیژە – ٢٠١٧»ی بۆ ناردم، دڵنیا بووم کە قیژە و دەنگ هەڵبڕینێکی شەرمن نییە، نووزەیەکی دەنگنووساو نییە و هەر واش دەرچوو. بۆیە تا ئێستا کە سێجار خوێندوومەتەوە، هێشتا بڕی تینوێتیم لەدونیای ڕەنگاڵەیی خەیاڵ و کانیی زمان و هونەری گێڕانەوەی ناشکێت. ئێستاش کە دوای پێداچوونەوەی بەر لەچاپکرنی و خوێندنەوەیەکی وردی دوای چاپ و بڵاوبوونەوەی، ئاوڕێکی خێرا لە «تەونی بریا – ڕۆمان ٢٠٢١) دەدەمەوە، هێندەی دی شۆکی ئەو زمان و خەیاڵ، هونەری گێڕانەوە و تەکنیکی چنینی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و ڕچەشکێنیی و بوێری نووسەرەکەی دەمگرێت.

جگە لەکانیاوی سازگار و مێرگی تەڕی زمانی پوخت و پاراوی «ڕۆمان»ەکە، کە تێکەڵەیەکی سەیر و ئاڵۆزی دیالێکت، دەڤۆک و بنزارە جیاوازەکانی کوردییە و نووسەر زیرەک، وریایانە و لەوپەڕی ئاگاییدا، ئاوێتەی کردوون و وەستایانە هەر وشەیەکی لەشوێنی گونجاوی خۆیدا بەکارهێناوە، کە ئاماژەیە بۆ گەنجینە و دەوڵەمەندیی پاشخانی زمانەوانیی گەنجێکی دوای ڕاپەڕین، گەنجێک کە تەمەنی ئاگایی، هۆشیاری و ڕۆشنبیرییەکەی زۆر وەپێش تەمەنە ئاسایی و فیزیکییەکەی کەوتووە، بەم کارکردنە ورد و مێشهەنگ ئاسایەی لەناو زمانی دایکدا، مرۆڤ هەر ئەوەندەی بۆ دەمێنێتەوە کە پێی بڵێ: ئافەرین و تەواو!

سەلیقە و لێهاتوویی لەچنینی ڕووداوەکان و بەیەکەوە بەستینەوەیان.. گەڕانەوەی هۆشیارانە بۆ هەنبانەی مێژوو و میتۆلۆژیا و کەلەپوور و یادەوەریی کۆمەڵایەتیی نەتەوەکەی و تەوزیفکردنەوەی زانایانەیان لەدووتوێی دەقێکدا.. مامەڵەی ماتماتیکییانە لەگەڵ ناوزەدکردنی کاراکتەرەکان و وێناکردنی وردەکاریی لایەنە سایکۆلۆژییەکەیان.. دەستڕەنگینیی لەگەمەکردن لەناو شوێنکات و ڕووداوەکاندا و سوودوەرگرتنی هونەریانە لەتوخمی فیدباک.. باڵادەستیی و تواناشکان بەسەر هونەری گێڕانەوە، کە هەریەک لەمانە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیە. هەموو ئەمانە وا دەکەن کە مرۆڤ کەم و زۆر دڵی بە نەوەی نوێ خۆش بێت، نەوەیەک کە ڕۆماننووس و وەرگێڕێکی بە سەلیقەی وەک (فەرهاد چۆمانی، کە چەندین بەرهەمی ناوازەی لە تورکییەوە کردوونەتە کوردی و بەرهەمی چەند ڕۆماننووسێکی کوردیشی لەکرمانجیی سەرووەوە گواستوەتەوە سەر کرمانجیی خواروو) تێدایە. (فەرهاد)ێک جگە لەتێپەڕاندنی ئەزموونەکانی پێشووی خۆی لەهەموو ئاستەکانی نووسین و گێڕانەوەدا، مرۆڤ دەتوانێ بوێریی ئەوە بداتە بەر خۆی و بڵێت: یەکێکیشە لەپێشەنگەکانی نەوەی خۆی لەبواری گێڕانەوە و بە فەرسەخ لەپێش هەندێکیشیانەوەیە!

«تەونی بریا» لە ئاستێکی باڵای زمان و خەیاڵ و دەربڕین و گێڕانەوەدا، ڕاپسکانێکی ئازا و بەرپرسانەیە لەدەست مێژوویێکی بریندار، لەتەوقی نەریتگەرایی و باوەڕسالاریی، لەکۆتی ئایین و ئایدیۆلۆژیا، لەسندمی گوتارێکی ساختەی کوردایەتی و سیاسیی ژیانکوژ. هاوکات هەوڵێکی ورد و ڕژدی دووبارە

پێناسەکردنەوەی چەمکەکانی (کوردبوون و وڵاتپارێزیی، شۆڕش و شۆڕشگێڕیی، یارونەیار، واعیز و ئایدیۆلۆژیست، ئەوین و سێکس، دۆست و دوژمن و....) ە. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، ڕاوەستانی بێ لایەنانەی ڕۆماننووسە لەئاست ڕووداو و کاراکتەرەکان و پاراستنی هاوسەنگی و هونەری نەبوونە بەشێک لەسەنگەر و بەرە جیاوازە ناکۆک و ڕکابەرەکانی ناو ڕووداوەکان.

«تەونی بریا» و پێش ئەویش «قیژە»، کە دەبوو پێش، یان هەرنا لەگەڵ «چۆمانی» و دوای ئەویش، بە چەندین ڕیتم و تۆن و لە دەیان قورگی قەڵەمی دیکە بمانژنەوتبا. تێگەیشتنێکی جیاوازی نەوەیەکی بێهوودەکراوە بۆ چییەتیی شتەکان و مانادانەوەیەکی دیکەیە بە (بوون و بەهای مرۆیی، بە خیانەت و ستەمکاریی، بە جەنگ و جەنگەڵی یاسا، بە خەون و سەفەر و...) لە دیدگای نەوەیەک کە ئاستەمە دروشم و هوتاف و هەراوهۆریا ڕامیان بکات (هەرنا بەشە هۆشیار و بە ئاگاکەی ئەو نەوەیە!).

«تەونی بریا» ڕووتکردنەوەیەکی بوێرانەی مێژووی شۆڕش، سیاسەت، کوردایەتی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیمانە لەبەردەم ئاوێنەی حەقیقەتدا.. داماڵینی جەسوورانەی دەمامکە لەسەر ڕووی شۆڕشگێڕ و بەکرێگیراو.. هێڵکاریی و سکێچێکی ورد و هونەرییانەی جەنگە، وەک ئەوەی کە شێوەکارێک، بەوپەڕی سەلیقەی هونەرییەوە، مامەڵە لەگەڵ بۆشایی و سێبەر و زۆر وردەکاریی دیکە لەکێشانی تابلۆیەکدا دەیکات.. مانا و بەهادانەوەیە بە مرۆڤ و مێینە، بە کوردبوون و نیشتمان، بە شەهید و قوربانیی، بە




میوزیک و جوانیی.

ئەوەی لەم ئاوڕدانەوە خێرایە لەڕۆمانەکەدا دەمەوێ بە چەند سەرەقەڵەمێک بە خوێنەری ئاشنا بکەم و وردەکارییەکانی بۆ شوێنکات و لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەڵبگرم، بریتییە لەوەی:

- نووسەر زۆر بە دیقەتەوە ناوونیشانی ڕۆمانەکەی هەڵبژاردووە و ئەمەش لە میانی خوێندنەوەی تەواوی ڕۆمانەکە و ئاشنا بوون بە گرتە و دیمەن و دیالۆگەکانی ناوی، ڕوون و زەلاڵتر دەردەکەوێت.

- لە تەک چنینی هونەرییانەی ڕووداوەکان و مامەڵەکردنی هۆشیارانە لەگەڵ کاراکتەرەکان و ڕەچاوکردنی دۆخی سۆسیۆ – سایکۆلۆژیان، ئیشێکی زۆر وردی لەسەر شوێن وەک توخمێکی دیاری ناو ڕۆمان کردووە و هەست دەکەیت نووسەر گەڕیدەیەکی شارەزایە و ئاشنای بست بستی ئەو شوێنانە کە لەڕۆمانەکەدا ناوی بردوون، بە جۆرێک کە بەهەموو وردەکاریی و ئەدگارەکانیانەوە وێنای کردوونەتەوە.

- بە زیرەکییەکی زۆرەوە ڕەچاوی ناونانی کاراکتەرەکانی کردووە، بەوپێیەی پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان ناوی کاراکتەر و ژینگە کولتووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت جوگرافی و ڕاددەی دووری و نزیکی لەڕووداوەکاندا هەیە.

- ئەگەر کاراکتەری سەرەکیی و هەموو شتزان ڕۆڵی گرنگ لەبونیادی ڕۆماندا بگێڕێت، بەڵام نووسەر هاتووە و زۆر سەرکەوتووانە کاراکتەری لاوەکیش دەکاتە

**«مرۆڤ کە جارێک لە حیکایەتێک دەرکرا، بۆ هەمیشە ئاوارەی دنیایەک دەبێت کە هی ئەو نییە – تەونی بریا»**

کلیلی کردنەوەی کۆد و قوفڵ و هەندێ گرێی سەرەکیی ناو ڕۆمانەکە. تەنانەت وەک دەستپێشخەری و ڕچەشکێنی (هیوادارم لەوەدا هەڵە نەبووبم و پێشتر و هەرنا لەناوە هاونەوەکانی خۆی، ڕۆماننووسی دیکە ئەم کارەی نەکردبێت)، بێ گیانێک (کتێب) دەکاتە کاراکتەرێکی کارا و لەڕێگایەوە خوێنەر دەتوانێت پەی بە کاریگەریی بوونی کاراکتەرییەکەی ببات.

- نووسەر لەبەکاربردنی زماندا و لەسەر ئاستەکانی (دەربڕین، ڕێنووس و خاڵبەندی) تا ئەوپەڕی سەلیقە و شارەزاییی ڕۆیشتووە. زمانێک کە کۆمەکی کردووە بۆ دروستکردنی وێنەی شیعریی زۆر جوان، بەڵام وێنەی بارگاوی بە مەعریفەیەکی قووڵ.

- نووسەر ئاگایی و هۆشیاریێکی زۆری بە مێژوو و میراتی ڕۆشنبیریی و سیاسیی نەتەوەکەی هەیە و لەتەوزیفکردنەوەی ئەو میرات و مێژووەدا وەستاکار و دەسترەنگین بووە، بەتایبەتی لەپەیوەست بە کاردانەوەی داگیرکەرانی کوردستان بەرامبەر زمانی کوردی. هەر بۆ نموونە لەناو فەزای ڕۆمانەکەدا ئامادەییکی سەیری (موسا عەنتەر) و چیرۆکی دەنگی باڵندە و فیکە هەیە، کە تائێستاش فاشیزم و شۆڤینیزمی تورکی پێی قەڵسە.

- نووسەر لەگێڕانەوەکانیدا، لەدیالۆگەکاندا، تائەوپەڕی بەرپرسیارانە مامەڵەی کردووە، وەک کەسیکی تەواو بێ لایەن لەڕووداو و پرس و بابەتەکان و ناکۆکی و جیاوازیی بۆچوونەکان ڕەفتاری کردووە و تەواوی ئازادی داوەتە کاراکتەرەکان تا وەک ئەوەی هەن، گوزارشت لە خۆیان بکەن.

- نووسەر زیرەک و هونەریانە بەشێکی یادەوەری خۆی لەناو ڕۆمانەکەدا تەوزیف کردووەتەوە، بە جۆرێک ئەگەر کەسێک لەنزیکەوە نەیناسێت، پەی بەم لایەنە شاراوەیە نابات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دوور و نزیک ڕۆمانەکە خودنووسینەوە نییە و ناچێتە خانەی ژیاننامە، بەڵکوو ئاماژەیە بۆ سەلیقە و لێهاتوویی نووسەر لەوەی توانیویەتی سوود لەهەر شتێک وەبگرێت و بیکاتە کەرەستەی پتەوکردنی بناغەی کارە هونەرییەکەی.

دەمێنێتەوە بڵێم: لەسەردەمی هیچوپووچیی و باڵادەستیی هیچوپووچەکاندا لەناو تەواوی کایەکانی سیاسەت و ئابووری، حزبایەتیی و حوکمڕانیی، کولتوور و فەرهەنگ، هونەر و ئەدەب، میدیا و مینبەر، وەرزش و کاری مەدەنی (وەک ئەوەی ئالان دۆنۆ ئاماژەی بۆ کردووە)، کە هەر دەنگی نەشاز و ڕەنگی ساختە و ڕووخساری فریودەری سپۆنسەر و سەپۆرت کراون و بەبێ ئەوەی هیچیان لەبواردا بێت، لەکۆمەڵگا کراونەتە کەڵەگا و پاڵەوان. لەسەردەمێکدا کە فەیکسازیی پرۆژەیەکی ستراتیژی ژیان و ئومێد کوژە و هەموو ئامانجێکی ئەوەیە مرۆڤ و بوون و بەها مرۆییەکەی بکاتە کاڵایەکی هەرزان، بوون و مانەوە و بەردەوامیی دەنگ و ڕەنگی وەک (فەرهاد)ەکان لەناو هەموو ئەو کایانەدا هەناسەیەکی ئۆخەی و مژدەیەکی دڵخۆشکەرە، ئەوە ئەگەرچی کە بۆ شکاندنی تابۆ و تەوتەم و تەلیسمەکانی ئەم هیچوپووچییە، کە وەک تۆڕی ماسیگر و تەونی جاڵجاڵۆکە کۆمەڵگایان لەپێ خستووە، (فەرهاد)ەکان پێویستییان بە وزەیەکی لەبن نەهاتووی دانبەخۆداگرتن، بە باوەڕێکی پتەوی متمانە بەخۆبوون، بە هێزێکی بە گوڕی بەرگریی، بە پشوودرێژی و حەوسەڵە و بڕستی لە بڕان نەهاتوو هەیە.

# لەبری بیرەوەری

- **ئەرێ کەس نامەیەکی باوکمی نەدۆزیوەتەوە**

فەرهاد جەمیل

- **بیرەوەری ڕەنگ، دوور لە دەنگ**

شێرزاد هەینی

- **بنەماڵەی سەید خەنجەر بەیەکێک لەدێرینترین بنەماڵەکانی شاری هەولێر ناسراون**

ڕەوەست نەوزاد

# ئەرێ کەس نامەیەکی باوکمی نەدۆزیوەتەوە؟!



فەرهاد جەمیل

باوکە گیان، ببوورە تەنها یادگارییەکی تۆ لای من مابێتەوە تاکە نامەیەک بوو، کەنەک تەنها بۆمن جێگای شانازی بوو، بەڵکوو وانەیەک بوو بۆگشت ڕۆڵەیەکی بە ئەمەک و بەوەفای ئەم نیشتمانە، گەر بمایە ئەمە وەک نامەی تۆ بۆمن نەدەما، دەبوو بە هەڵوێست و خۆڕاگری گەلێکی بەشمەینەت، دەخرایە ئەرشیفی نەتەوەیی، تاهەتایە جێی شانازی کورد دەبوو، باوکە من و تۆ زۆر بە یەکەوە نەژیاین، تا یادگاریەکانی یەکتربزانین بە حوکمی ئەوەی من تەمەنم چوار ساڵ بوو تۆ بووی بە پێشمەرگە. لەشۆڕشی ئەیلول لەگەڵ وهاب ئاغاو و ماموستا عارفی برات و حەمید کاوانی و مام وسووی باوکی شەهید تەحسین کاوانی و مەلا سلێمان و حەمید سۆفی جەوهەر و هاوڕێیەتیت لەگەڵ ئیسماعیل سەرهەنگ و ڕەحمان نەجاڕ و عەزیزی سوولی و ڕەسوولی کوڕی و مەلای مستێ و ئەکرەم حیدەری و حمەید ڕەشاش و عومەر مەلا زادە و مامۆستا حەمید باتاسی و میرکە خیلانی و عەزیز خۆشناو و ئەنوەر خۆشناو و زۆری دی، کە بەداخەوە ناویان بیر نەماوە.

باوکە تۆ و هاوڕێیانت تەنها دەتان توانی شەوی باراناوی و ئەنگوستە چاو کە دەیان گوت ئەمشەو شەوی گورگانە بێنەوە ماڵ، منیش لەبەر بچووکی هەستم پێنەدەکرد، دواییش ئەم میرات و سەروەتە گەورەیەت بۆمن جێهێشت، منیش بەشانازییەوە هەگبەم لە کۆڵنا و ڕێچکەی تۆم گرتە بەر دوانزە سیانزە ساڵێکم ڕاکێشا بەقەد تۆ و زیاتریش ئێش و ئازار و ژیانی کوولەمەرگیم خستە سەرخەرمانە دەوڵەمەندەکەی پڕ لە ئێش و ئازاری دایکە خێر لەخۆ نەدیوەکەم هەردوو شۆڕشمان بەڕێکرد.

باوکە جارێکی دیش ببوورە کەنەمتوانی نامەکەت بپارێزم و هەڵی بگرم بە هۆی ئەو بارودۆخە نەخوازراو و سەخت و دژوارانەی ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ - ی ڕژێمی دیکتاتۆری سەددام کە بە توندترین و دڕروار ترین چەک بەربووە گیانی گەلەکەمان و ئێمەمانان ئەنفال و کیمیا و زیندەبەچاڵ، هەموو شتێکی بەسەر هێنابن تا ئاوارەبوونم بۆ ئێران.

باوکە دەبوایە من نامەکەی تۆم لەخۆم خۆشتر بویستایە چونک زۆر گەورەتر بوو لە شعرەکەی موزەفەر نەوواب (پاکانە).

لە نامەکەدا بۆت نووسیبووم هاتم بۆ هەریر بەدوای وەیسی برادەرەکەتمدا نارد کە دەتزانی ئەو کات ڕێکخستنی ناو شار بوو دڵسۆز و جێگای باوەڕ بوو، بڕیارماندا شەو هەورازی سەخت و کووری چیای بەنی هەریر بگرینە بەر و سەرکەوین و بەقاچاغ بێم بت بینم بەڵام بە داخەوە (بروسک)ێک قۆڵنجی گرتم و نەم توانی بێم.

بابەگیان من دەزانم تەمەنی پێشمەرگایەتی خۆت هێندە سارد و سڕی و هەوراز و نشێو و چیاو گرد و دۆڵی پێ بڕی مەحاڵ بوو بتوانی جارێکی کە هەورازی بەنی هەریر لەو تەمەنە ببڕیەوە، مەگەر گرینگی پەیامەکەت و ترست لە خۆڕادەستکردنەوەی من و ڕەشبینی ئەو کاتەی ئەوێ ڕۆژێ هەبوو کە بە تاک و کۆ خەڵک خۆیان ڕادەستی ڕژێم دەکردەوە، هیوای ئەوەت خواستبوو نامەکەت بە هاتن وەربگرم و لەدەرفەتێکیتر سەردانم بکەیتەوە، ئەوە ئاخر بروسکە هەواڵی تۆ بوو بۆ من تۆ شکی ئەوەت دەکرد کە مەحاڵە یەکتر ببینینەوە من دڵنیام ئەگەر ئازارەکە هێندە بە سۆ نەبوایە و هەڵگری پەیامی مردن نەبووایە هەر ئەهاتی.

باوکە دەبوو نامەکەت لە ئەرشیفێکدا هەڵبگیرایە و ئێستا منداڵانی پێ پەروەردە بکرایە ئاخر کێ بۆ کوڕی خۆی ئەنووسێ: نەکەی ڕادەست ببیەوە، سەر شۆڕم نەکەی، خەیاڵ نەکەی من قەت بۆ ڕادەست کردنەوە بەدواتدا بێم تەسلیم بوونەوە لەئێمە ناوەشێتەوە، شەرمەزاری قبوڵنەکراوە لای ئێمە و نییە، ئەو باوکانەشم بینین کەهاتن بەدوای کوڕەکانیاندا و بە نابەدڵی و دڵەڕاوکێ کوڕەکانیان ڕادەست ڕژێم کردنەوە، زۆر سەرکز و مەلوول و پەشیمانیان پێوە دیار بوو. ڕۆڵە وەسیەتم بۆ تۆ ئەوەیە نەگەڕێیتەوە، بەهیچ شێوەیەک ڕادەست نەبیەوە، سەرم پێت بەرزە و لەوێ سەربەرز بمرە نەک هەموو ڕۆژێ لێرە بمری و چاومان بە کەس هەڵ نەیت و ڕووی ناو خەڵکمان نەبێت. ئاخر ئەو ژان و بروسکەی قوڵنجتی گرتبوو ژانی مەرگ بوو تۆ دەتزانی ئەو سەفەرە بێ کۆتایەت لە پێشە بۆیە پەلەت کردبوو بۆ سەردانم کە مخابن نەگەیشتییە لام و یەکترمان نەبینییەوە.



باوکە ڕاستە نامەکەتم وون کردووە، وەلی هەرگیز لە هزرمدا ڕەش نابێتەوە.

باوکە ئێستاش بە قەد ماڵئاوایی خۆت سووم لە نامەکەتە. باش دەزانم بەوونکردنی ئەو نامەیە، جارێکی دی تۆم مراندەوە.

نامەکەتم هەر لە گیرفاندا بوو کەهەواڵی مەرگتم پێ گەیی، بەڵام ئێستا ئەوە بۆمن کەسەرێکی گەورەیە، کە گەورەترین ئەمانەتی تۆم وونکردووە، دەبنوو ئاسوودەبە، چاو لێکبنێ.

باوکە بەوەش سەر بەرزم، کە نامەکەت زۆر کەس بینی و خوێندیەوە ئەوکاتیش وورەی بۆ زۆران گەڕاندەوە. باوکە بیرم دێ کەساڵی ١٩٨٥ بریندار بووم دوای نەشتەرگەری فیشەکەکەیان داوە دەستم، هەڵبەت وەک خۆی مابوو پارچە نەببوو لە ناو لەشما، منیش لەسەری گوللەکە کونێکم تێکردوو زنجیرێکی بچوکم تێخست ووتت ئەم مەدالیایە بۆ یەکێک لە خۆشکەکانت دەبەمەوە مەدالیایە با بکەنە ملیان بەڵام دەبێ بە شەڕیان، چونکە دانەیەکە. ڕووت وەرگێڕا وەک ئەوەی قسەکە خراب بێت نەتتووانی تەماشام بکەیت، فرمێسکە قەتیس ماوەکانتم بینی بۆت نەکرا گوتەکەت دووبارە بکەیتەوە دەمێکی خۆش بێ دەنگ مای، ئەو کاتیش من لەتۆ حاڵی دەبووم کەگەورەیی خانەوادەکەمان لەهەڵوێستەکانماندایە ئاخر نزار خەیلانی نووسەر و شاعیر گوتی: لەشەستەکان شەوێک باوکم کە بەرپرسی حزبی ناوشار بوو بە نهێنی گوتی کورم ئارەزوو دەکەیت پێشمەرگە ببینی گوتم هەر زۆرم پێ خۆشە بۆ یەکەمجار پێشمەرگەم بینیێ باوکی تۆ بوو، کە بە نهێنی هاتبووەوە ناو شاری ڕواندز، دەبێ تۆ چ شانازییەک بی بۆ ئێمە و میللەتەکەت باوکە یەک لەگەورەییەکانیشت ئەوەیە هەمیشە سەربازی وونبووی. باوکە تۆ سەروەری داستان و پاڵەوانی چیرۆک و ڕۆمانە ڕاستەقینەکانی. مێژووی پڕ لەسەروەری خۆت نەخشاندووە پاکی و دڵسۆزیت لەدەیان نامەی لەو جۆرە گەورەترە.

**« ڕۆڵە وەسیەتم بۆ تۆ ئەوەیە نەگەڕێیتەوە، بەهیچ شێوەیەک ڕادەست نەبیەوە، سەرم پێت بەرزە و لەوێ سەربەرز بمرە نەک هەموو ڕۆژێ لێرە بمری »**

داوام لە تۆ ئەوەیە بەگەورەیی خۆت بمبەخشە، ئەی ئەوەی کەدەیان ئاواتت هەڵچنی و نەگەیی بەهیچیان. تەنانەت فریای دیدارێکی کوڕەکەشت نەکەوتی منیش بەتاسەوە هەر چاوەڕێی هاتنی تۆم، نازانم گەر هاتی ئەوجارە چیم پێ دەڵێی تۆ هیلاکی باوکە کاریگەری ژانەکە ماوە چاوەڕێکە من دێمە لات ژانی تۆ ژانی منیشە باوکەگیان

# پیرەوەری

# ڕەنگ دوور لە دەنگ



شێرزاد هەینی

١

ئەوە بوو بە ٢٥ ڕۆژی تەواو، لە گەرمەی ڕەمەزان و جەژنەکەی و کەرەنتێن و ترسەکەی لە کۆرۆنا، لە ستۆکهۆلم هاتمە باشووری سوید نزیکەی ١٨٠ کم بەرەو باشوور، لە گوندێکی لاچەپ، نزیک دەریاچەیەک، لەناو دارستانێک، لەگەڵ تەنیایی، بێدەنگییەکی گەرم و بە ژاوەژاوی با و لقی دار و جریوەی باڵندە و سەمای ناسکی گوڵ، مامەوە، دەنووسم و پشوو دەدەم، سەیری هەور دەکەم، لەگەڵ باریکە ڕێگا نەرمەکانی ناو دارستانەکە، لەگەڵ سادەیی ناتوور و سەرسامبوون بە قەدی دارەکانی پیریش بن و بشکێن، لەوێ بۆ قەوزە و دڵسۆزییان دەمێنینەوە و دووبارە چەکەرەیەک دەکەنەوە و دەبنەوە بە دار، مامەوە و سەرفراز بەڕێدەکەم. ئەوە گوند نییە، سەرووی شارە! ئاوەدانییەکە بە هەموو خزمەتگوزارییەکان، بەڵام بە سەرژمێری کەم!

٢

ئەو دەڤەرە هەموو سرووشتەکەی جوانە، کەسکە، لەو سەوزاییە زۆر بەرینە، گۆمی ئاوی شین زۆرە، شەوانە هەور ڕەنگی قاوەیی دەبێت. لەگەڵ باران، بەردەرگا و بەرهەیوان و بەرپێیەکان؛ لەبەر لەرین و جووڵانەوەی ناکرێت ڕەنگەکەی بدۆزیتەوە! لە هەموو ڕەنگەکان جیاوازتر، ئەو گوڵە تایبەتەیەیە کە بۆ پیشەسازی ڕوون و چەوری دەیچێنن و ئاوی دەدەن و دەیدوورنەوە و دەیبەن و دەیکەنە ڕوون و دەیفرۆشنەوە، بەڵام بەر لەوانە، بۆ وێنەگرتن؛ بە پیادە،ئۆتومبێل، جووت جووت بە پاسکیلیش؛ دوو بولبول، دوو کەو، دوو عاشق، دوو تووڕەی شەو، دوو کەسی ماندووش بۆ وێنەگرتنی یادگاری سەردانیان دەکەن، بۆیەش لەنزیک ئەو تەبارە و کێلگانە ئاماژە کراوە، تکایە زۆر نزیک مەکەونەوە و ئەزیەتی ناسکییان مەدەن! وێنە دەگرن و ناوی دەنێم وێنەی گوڵە، ڕەنگ و سۆزەکەی سۆزت پێ دەبەخشێت، زووتر بچیت بەر لەوەی وەرز و دیمەنەکەی بەسەر بچێت، هەموو شت، چەکەرە و دەرچوون و بوون و گەورەبوون و گەشە و شانازی، دوایی ونبوونی هەیە، بۆیە با وێنەیەک لەناو ئەو گوڵانە بگرین!

٣

ئەو چەند ڤیلای لەو هەوارە سازکراون، لە بەشێکی موڵکی پیاوێک دروستکراون، تایبەت و ناوازەن، ئەو زوو، بۆ دڵنەوایی و جوانی و ژیان؛ چەند پارچەیەکی بۆ ئاوەدانی لێ فرۆشتووە. ئەو ئێستاش، بەو تەمەنە زۆرەوە_ وەک جاران_ بە کۆششی دەستەکانی و ماندووبوونی زۆری جەستە و کۆنە مەکینە و لەسەرخۆیی ئیش دەکات، لە هەمووش سەیرتر بەتەنیا دەژیت. خانەخۆییەکەم، هێمنی زاوا و باهۆی کچم گوتیان: بۆ کریسمیس چەپکێک گوڵمان بۆ برد، سەرسام ببوو، گوتبووی:

ئەو بیست ساڵە کەس جەژنانەی لە من نەکردووە. لەوەدەمە هیچم نییە پێشکەشتان بکەم، فەرموون ئەو کیسە پەتاتەیە، بەرهەمی خاک و ئاو و دەستی خۆمە، ئەوە ببەن!

ئەو پیاوە بە سەدان لاپەڕە ژیان و ڕۆژانەی تەواو نابێت، ئەوەندە دەڵێم نزیکەی دە جار Vasaloppet بەشدار بووە، بەخلیسکانی سەر بەفری ٩٠کم، لە Sälen تا Mora. ئەو کحولی نەخواردیتەوە و جگەرەی نەکێشاوە، ڕۆژانە هەموو ئیشەکانی ناو کێلگە گەورەکەی دەکات، جووتیاری بە هەموو جۆرەکانی.

پیاوێکە لەناو ئۆتومبێلە نوێیەکەی، لەسەر تراکتۆرە کۆنەکەی، لەسەر پاسکیل و پیکەبە شڕەکەی، زیندوو و نەرم دەجووڵێتەوە، زۆریش هیوادارە و تەمەنی نزیک بووە لە هەشتا ساڵ.

ئینجا هاوینانیش شوێنێکی بۆ سەماکردن داناوە، خۆی سەرپەرشتی دەکات، خەڵکەکە بە موزیک و قاوە دەخاتە

سەما و پارەیەکی کەمیش وەردەگرێت. چەند ساڵێک جارێک ڕووبەرێکی کەم لە زەوییەکەی بۆ ئاوەدان دەفرۆشێت، لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەن، دەیەوێ زۆرتر لە ئاوەدانی نزیکتر بێت، یان بیەوێ بڵێت:

تەنیا نیم، هەموو مرۆڤێکم خۆشدەوێت! با دوو کیژەکەشم سەردانم نەکەن و هەواڵیان نەزانم، ئەو ئاوەدانییە بەسە بۆ من!

٤

لەسەر ئەو دەریاچەیەی بەشێکە لە کەنداڵە ئاوەکەی یوتا»Göta Kanal درێژی ١٩٠کم»، ئێوارەیەکی درەنگ لەگەڵ هەردوو نەوەم «پێلوو» و «لەرین» و دایکیان، چووینە سەر؛ چاو و ڕوو و شیرینی و مەندی و جوانی ئاوەکە، چووین وێنە بگرین، قاوەیەک بخۆینەوە، ساتێکی تریش لە هێمنی بەڕێبکەین، لەوێ ژن و پیاوێکی سویدی بە یاریکردن و دار فڕێدان و هێنانەوەی لەلایەن سەگەکەوە ماندوو ببوون، کە دەزانن یەکێک لە منداڵەکان «لێرە بەو تەمەنە ناڵێن منداڵ» ئارەزوو دەکات لەجیاتی هەردووکیان سەگەکانیان بۆ بخافڵێن، ئیتر سەیران و شەوەکەمان بەو یارییە تەواو دەکەین، هەموومان، من و دوو دایکەکە، دوو هاوسەرە سویدییەکە و دوو سەگەکەش، سەرفراز دەبین.

٥

حیکایەتی ڕۆیشتنی من بەپێ کۆنە، یەکەم ئەزموونی پیادەڕۆییم دەگەڕێتەوە بەهاری ١٩٧٤، کازیوە بوو، گەیشتینە سەر زینی ئەستێرۆکان، ئیتر ڕۆژانەی سەیداوە و بن قەڵات و چوونە دەوام، تا ئەو ڕۆژەی لەو سویدە دکتۆر پێم دەڵێت کێشت زۆرە بۆ فشارەکەت خراپە، دایبەزێنە!

لە شارۆچکەی «Vimmerby» شوێنی پیادەیی ناو دارستانم دۆزیەوە، ڕۆژانە پیادەییم دەکرد، تا ١٢ کگم دابەزیم. لەو سەفەرەشم گوتم پیادەڕۆیی ناو دارستانم دەوێت، زۆرتر لە دوازدە سەعات بەدیار نووسینم و ناکرێ نەڕۆم، شوێنێکم دەوێت، بە نەخشە و ئاوەدانی و دیارکردن و نووسین و ڕەنگ و عاموودەی کارەبا و وردەدار و لم بێت، بوارێکم دەوێت خەڵک؛ ژن و پیاو و پیر و ژن بە سەگەوە، کچ بە هیدفۆنی گوێیانەوە، منداڵ، گرووپ گرووپ لەگەڵ مامۆستاکانیانەوە بە نەخشە بچووکەکانی دەستیانەوە، لەوێ هەبن، دەمەوێ ناو دارستان بێت، سەرەتا و کۆتاییەکەی هەبێت، بزانم لەکوێ دەڕۆم و چەند دەڕۆم و کەی دەگەمە هەوارەکەی پشوودان؛ ئاو، سێبەر، کورسی، تواڵێت. گوتیان هەیە، بەڵام تاقیمان نەکردیتەوە، ئیتر بەگەڵم کەوتن، ئەوان ماوەیەکی زۆرە ماڵیان لەو ناوچەیەیە، ئەوە یەکەمجارە ٥ کم لەگەڵم من لەناو دارستان بەپێی دەسووڕێنەوە، ئینجا خۆم زۆربەری ڕۆژەکان بەتەنیا، لەگەڵ دەنگی باڵندە و دەرپەڕینی ئاسکە کێوی و کەروێشک و ئارامی خەڵکەکە و جوانی سرووشت، پیادەکانی خۆم دەکرد. دوو سەعات، لەناو دارستانەکە دەبووم بە درەخت، قەوزە، قەد، سێبەر، تەنیایی، خەیاڵ، گەنج، سەرسام، ئازا و نمونەش بۆ ناسیارەکانم کە ماوەیەکی زۆرە لەو دەڤەرە لاچەپە دەژین.

٦

ماڵەکەی «هەژار» و «هەتان»ی کچم ئەگەرچی بە تەمەن و ساڵی دروستکردنی کۆنە بەڵام نۆژەنکراوەتەوە، کەوتووتە دەڤەرێکی ناسراو و دیاریکراو «Svartårmynnigens Naturrservart»، بێجگە لە من، کە میوانیان بووم، سەدان باڵندە، بە ڕەنگ، دەنگ، دەنووک، باڵ، جریوە، مل، شێوە، وەرز، پەڕ، بە ڕەنگ، باڵندەی میوان، لایەدی شەرمن، سەرنشینی بەڕێزی وڵات، ئەوانەی لە دوورگە و کیشوەرەکانەوە شەیدا و پەریشان هاتوون، باڵندەی قەڵەو، باریک، زراڤیش، باڵندەی شیرین، نوێ، بەجوولە، تەپ، بێگومان نێر و مێ.

باڵندەی زۆر و بەردەوام، لە ڕۆژە درێژەکانی هاوین لەو ناوچەکە دەفڕن، دەلەوەڕێن، ڕاو دەکەن، مەلە دەکەن، سەماش دەکەن، زۆریش بەجریوە دڵداریش دەکەن. باڵندەکانی لەسەر ئەو ئاو و گۆم و دەریاچەیە دەمێننەوە و دەژین، تێدا هەموو پێداویستییەکانی ژیان و مانەوە و پاراستینیان وەک خۆی و خۆرسکانە بۆ دابینکراوە، سرووشتەکەش هیچ دەستکاری نەکراوە. ناوچەکە هێمنە، کشوماتە، لە چەندان شوێن، بە دار و تەختە هەواری جوانیان بۆ سازکردون. باڵندەکان ئاسایی دەفڕن و دەژین و هاتوچۆیانە.

باڵندەکان سەخڵەت نابن، کە بە زوومە درێژەکانی فۆتۆگرافەرانی ئارەزووی وێنە و جوولە و ڕەنگ و ناسکی باڵندەن، دێن. ژن و پیاو، بەبێ دەنگ و بێ خشپە، بوار، نورینگە، ڕووانگە، سەیرانگەی جوانی تایبەتییان بۆ سازکراوە، ئارام و دوور لە هێلانە و باڵ و دەنووک و هێلکەکانیان و ... فۆتۆکانیان بگرن، ئەوان بە پاسکیل، ئۆتومبێل، بە ڤانە گەورە گەشتیارییەکان،

کە دوور ڕادەگرن دێن و دەگەڕێنەوە، مۆژدەی ئەوەش دەدەن، ئیمساڵ باڵندەیەکی نوێ هاتووە، دەتوانن وێنەیان بگرن! وێنەکانیان بەشادمانییەوە بڵاودەکەنەوە.

ئەو هەوارە تایبەتە بە حەواندنەوەی و مانەوەی ئەو باڵندانەی حەز بە ئاو دەکەن، لەناو قامیشەڵان و پووش و ئاوە نەوپییەکان دەژین، ژمارەی جۆری باڵندەکانیش دەگاتە ٢٠٠ جۆری هەمەڕەنگ و هەمەجۆر و هەمەئاوازیش.

## ٧

جەعفەر و مریەمی مەعرووفی، بەقەد ئێمە، «هەتان»ی بووکیان، کە کچی ئێمە، خۆشدەوێت، ئێمەش کوڕەکەی ئەوان «هەژار» و دانیشتن و دەعوەت و سەیران و خواردن و مەزە و پێک و شەوانە و گۆرانییەکانی ئەوان کە دەیڵێن و بۆمان لێدەدەن، خۆشدەوێت، کە دەچمە شارەکەیان، ئەو پیاوە بەوەندی بواری هەبێت هاوڕێیەتییم دەکات، دەچینە ناو دارستانەکان، سەر گۆمە ئاوەکان، بەرزاییەکان، ڕێگا باریکەکانی نێوان گوند و ئاوەدانییە لاچەپەکان، سەر زمانە دارە درێژە تەسکە نەرمە شلەکەی بۆ ناو دەریاچەکان دانراون، وێنەی زۆر دەگرێت، بەیەکەوە دەڕۆین و قاوە و وردە زاد و کەمێک ئاو و شیرینی و دوو گلاسە کاغەزیش لەگەڵ دەستی دەهێنێت، ئەو جارە زۆرتر چووینە ناو دارستانەکانی ئەو دووروونزیک دیبووی بەڵام کەم، چوینە ناو ئەو شوێنانەی کەم و زۆر خەڵک لەبەر سنووورداری و پارێزگاری سەردانیان کردووە. دەڕۆین و «مامڵێ» یەک سات لێمان دوور ناکەوێتەوە، لەوێ و لەودەمانە نەک «مامڵێ» نەمردووە و ماوە و دەنگی لە جارانیش خۆشترە، دەڕۆین و بەنزینی ئۆتومبێلە نوێیەکەی نە سەرف دەکات و نە تەواو دەبێت، چونکە کارەباییە. دەڕۆین، دەڵێت خۆشە کە تۆ سەردانمان دەکەیت، ئێمەش ئارەزووی دەرچوون و پیادەڕۆیی دەکەین، دەڕۆین و دەگەڕێین و سەیر دەکەین و سوپاسگوزاری سوید و سرووشتەکەی دەبین، بەڵام دەڵێت:

هێشتا ناگاتە سەفەرەکەی چوارقۆڵی لە هەولێرەوە بە ئۆتومبێلە سپییەکەت چووینە؛ کەسنەزان، کۆیە، کانی وەتمان، دوکان، قەشقۆلی، پیرەمەگروون، سلێمانی، سیتەک، ماوەت، سەرگەلوو،باڵیسان، نازەنین، شەقڵاوە، سەفین، دووبارە کەسنەزان و گەڕەکی فەرمانبەران.

## ٨

دیارە ڕۆژ و شەوان زۆربەی کاتەکان بە دیار کۆمپیوتەرم، دەنووسم و دەخوێنمەوە و گوێ لە دیمانەی دوور لە سیاسەت دەگرم! ماندوو دەبم، بۆیە دەچمە ناو دارستان. لەو وڵاتە لە هەر گۆشەیەک بژیت، دارستانت لێوە نزیکە، چەند هەنگاو بڕۆیت دەگەیتە ناو قووڵایی دارستان، ئەگەر وریاش نەبێت، زوو و زۆر ئاراستە ون دەکەیت و دەبیتە گاڵتەجاڕی سێبەر و دار و جریوەی باڵندەکانیش.

دەڕۆیت و لەسەر بوارە باریکەکان، ڕێگایە سازکراوەکان، تێدا ئەوەی سەرنجی ڕادەکێشام ماوەماوە قەدی ئەستووری دارێک، نیوە براوەتەوە، هەمووی ماوەتەوە، وشک، ڕەق، سەرسام، ماندوو، زۆریش سەرکەش؛ قەدەکان چەند ساڵە لەوێ، بەو دۆخە ماونەتەوە، کەس نەهاتووە تەورێک، دەمی منشارێک بێنێت و بیبڕێتەوە، بیسووتێنێت و بیباتە ناو کارگەیەک، بیکات بە کەرەستەیەک، بچێتە ناو ماڵ و دەزگایەک! نا کەس نەهاتووە و بەفری ئەستوور، شەختەی زۆر لووس و تیژەکانیش دەستیان لە گەردەنی نەناوە و ئازاریان نەداون، ماونەتەوە، سەیرە، هەندیک لە قەدە وشکە کەوتووەکان، قەدە براوەکانی ڕووتیش بوونەتەوە، توێکڵ و ڕیشاڵەکانی دەرەوەشیان نەماوە، هەندێک لەوانە لقێک، دوو سێ لقیان لێ دەرچووە، لە قەدی تەمەن و شارەزایی و ڕەگ و ئاووهەواکە دەرچوون، دەیانەوێ ببنەوە بە دار و سێبەر، ببن بە پەرژینیش بۆ دوورخستنەوەی ڕەشەبا و زریانی زۆر هەڵدەکەن.

من زۆر بەدیار قەدە وشکەکان دەوەستام، ئەوانەی وشک وشک بوون، بەڵام قەوزە بەرگێکی کەسکی نەرمی تەڕی چەوری وەک داڵدە و بەرگیش بۆ زیندەوەری ورد وردیش بۆ سازکردوون، بوون بە بەرگ و جوانی و نازیش.

## ٩

نەرم وەک سروە، بە چرپەیەک ناسک وەک خۆیان، بە هەناسەی گەرمەوە، وەک یەک؛ ڕەشپۆش، بەتەنیا هاتن، لە گوندە ئارامەکەیان، لەناو ڤێلا گەورەکەیان دیارە بێزار بوون، قسەیان کردووە، گوتوویانە با بچینە سەر ئاو، لەوێ لەسەر پردۆکەکە، دانیشین، بەیەکەوە گوێ لە مۆزیک بگرین، گوتوویەتی:

من ڕازێکم لە دڵە، هەست دەکەم سەفەر نەماوە، کەنارە گەرمەکانی یۆنان و ئەسپانیا بوون بە خەون، با هەر لەنزیک ماڵەکەمان ئارام و ئاسوودە

گوێ لە موزیک بگرین!

ئەو دوو گوڵە، ئەو دوو نازە، ئەو دوو باڵە بەفڕین و شیرین پەیدابوون! نەرم پێیان لەسەر پردە دارەکە دانا، بەیەکەوە سەریان لەسەر شاشە بچووکەکەی مۆبایلێک نەوی کردبوو، سەیریان دەکرد، دەیانخوێندوە، کەمێک دانیشتن، بەڵام چۆن گوێت لە دەنگی ئاوی مەند دەبێت، چۆن هەست بە کەوتنی بەفر دەکەیت، کێ دەزانێت دڵ چۆن دەسووتێت، چاو دووکەڵی دڵ و هەناسەی دیوە!؟ کەمێک دەمینێنەوە، ڕەوەیەک قازی ملدرێژ لەوان نزیک دەبنەوە، هەست دەکەم باڵیان شل دەبێت، پەڵە هەورێک لەوێ بەرامبەریان ماوەیەک بوو، شانیان بەیەکتریەوە دابوو، باڵێکیان، کەزی زەردیان بەری هەتاوەکەی دەگرت! هەورەکە زانی ئەوانە هاتوون مەلە بکەن، شەرم دەکات، دەڕۆن، دوور دەکەونەوە، قازەکان دەڕۆن، موزیکەکە بێدەنگ دەبێت بەڵام نامرێت، چۆن موزیک دەمرێت!؟

ئینجا ئەوان بەیەکەوە بە کەمتر لە چرکەیەک، جلە؛ تەنکە ڕەشە نەرمە سادە کورتە شیرینەکانیان لەبەردەکەنەوە، نەرم نەرم لەبن پێیان دایاندەنێن، پارچە قوماشەکە وەک سێبەر بەردەبنەوە، هەستیان بە کەوتن و داکەندن و دانانەکە نەکرد! وەک دوو ماسی، وەک دوو مراوی، وەک دوو دڵی گەرم دەچنە ناو ئاوەکە، ئاوەکە وردە ناز و شەپۆلێکیان بۆ دەکات، دوایی ئەویش دەکەوێتە مەلەکردن، ئاوەکە ماوەیەک بوو خەوتبوو، چەند سەعاتێک بوو بە با و بەلەم و سەوڵیان گوتبوو:

بە یارمەتیتان بڕۆن، ماوەیەک پشوو دەدەین، با ماسییەکانیش پشوو بدەن! بەڵام ئاوەکە بە هاتنی ئەو دوو کیژە، دەکەوێتەوە مەلەکردن و لڤین، یەکتری تەڕ و خۆش و ئارام و شیرین دەکەن!

**کۆتایی**

ئەوەندەی لەوێ بووم، وەرگێڕانی ڕۆمانی «گۆرانییەکی ئارام»ی لەیلا سلێمانییم تەواو کرد، دەستم کرد بە ڕۆمانی «تیکتی ئاهەنگی ناوداران»ی عەلی بەدر.

لەوێ ڕۆژانەش سەرسام بە دیمەن و شەوە جوانەکانی، پەرۆش بۆ ژیانە ئارامەکەی ئەو چەند خێزانەی بە ژمارە کەم و ئاسوودە لەوێ دەژین، وەک ژنەکان زۆرتر لە پیاوەکان سەرقاڵی گوڵ و دار و هەتاون!

لەوێ بووم، دەبینم «لەرین»ی نەوەم، کە ناوم لیناوە گەورە بووە وەک پەپولە وایە لەناو ماڵەکە، کیژە و ڕۆژانە بیست جار خۆی دەگۆڕێت!

لەوێ شەوانە درەنگ پێکێکم دەکرد، لە پەنجەرەکان سەیری چواردەورە و ئاسمانم دەکرد!

لەوێ تێدەگەم ئەگەر سویدییەکان بزانن کۆچبەرەکان «سەر ڕەشەکان» وەک ئەوان دەژین، هاموشۆیان گەرمە! حەز بە؛ دیالۆگ و خواردن و گەمە و منداڵیان دەکەن، ئاساییە و لاساییان دەکەنەوە و داوای یارمەتیشیان لێ دەکەن!

ئەوەندەی لەوێ بووم، دەزانم و تێدەگەم چۆن ئەوانەی گوزەرانیان باشە لە گوند دەژین. ژنەکان گوندیان خۆشدەوێت، پیاوەکان ماندوو دەبن تا بتوانن لەناو ئەو دارستانە بۆ خۆیان لانەی جوان ساز بکەن!

لەوێ هەست دەکەم چەند بە کار و بە پارە گران کەوتووە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی ڕۆژانەیان، کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەپارتمانە بەرزەکانی ناو شارە گەورەکان!

لەوەتی هاتوومەتەوە غەریبی ئەو هەوارە و سرووشتە جوانەکە و جریوەی باڵندەکانی لەگەڵ زەردی بەیانی _کە زۆر زوو دەستپێدەکات_ دەجریوێنن و شەرم ناکەن و ناترسن!

> **باڵندەکان سەخڵەت نابن، کە بە زوومە درێژەکانی فۆتۆگرافەرانی ئارەزووی وێنە و جووڵە و ڕەنگ و ناسکی باڵندەن**

لەوەتی هاتوومەتەوە تامی قاوە تاڵەکانی «هێمن» دەیکرد، دەکەم، لەوەتی هاتوومەتەوە بیر لە «باهۆ» دەکەمەوە لە سەلیقە و دیزاینی ناوماڵەکەی، تابلۆ ناسکەکان، گوڵدانەکانی بێ گوڵ و بێ بۆنیش جوان بوون! سوپاس و ماڵتان ئاوا و سەرفراز بن.

# بنەماڵەی سەید خەنجەر بەیەکێک لەدێرینترین بنەماڵەکانی شاری هەولێر ناسراون

**ئا/ ڕەوەست نەوزاد**

شاری هەولێر چەندین بنەماڵەی دێرینی لەمێژوودا لەباوەش گرتووە کە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لەئاوەدانکردنەوە و بەرەو پێشبردنی شارەکە، یەکێک لەو بنەماڵانە بنەماڵەی (سەید خەنجەر) ە کە لەبنەماڵەیەکی بەڕەچەڵەک عەرەبی ناوچەی قەراج بووە بەڵام دواتر هاتوونەتە ناوچەی حەویجە و پاشان بەهۆی کێشەیەکی ژنخوازی لەگەڵ براکان و مامەکانی ناخۆشیان دەبێت و بڕیاردەدەن ناوچەکەی خۆیان جێبێڵن و دێنە گوندەکانی دەوروبەری هەولێر و دواتر لەناو شاری هەولێر نیشتەجێ دەبن، دواتر چەند بنەماڵەیەکی دیکەی عەرەب ڕوودەکەنە شاری هەولێر و لەو شوێنەی ناوشاری هەولێر دەژین کە ئێستا پێی دەڵێن (کۆڵانی عارەبان) کە یەکێکە لەگەڕەکە دێرینەکانی شاری هەولێر کە ئێستا بەهۆی کۆنی و دێرینی گەڕەکەکە لەدانیشتوانی چۆڵکراوە و وەکو شوێنێکی کەلەپووری دەستنیشانکراوە.

(سەید خەنجەر سەید نوری سەید عزەددین سەید خەنجەر) کە یەکێکە لەنەوەکانی سەید خەنجەری یەکەم باسی لەژیان و سەربردەی باپیرە گەورەی خۆی دەکات و دەڵێت: باپیرە گەورەم ناوی (سەید خەنجەر کوڕی سەید جەفال) بووە خەڵکی لەکۆندا باسی ئەوە دەکەن کە کەڕاماتی زۆری هەبووە و کەڕاماتیان لێ بینیووە .



دەربارەی شوێنی بنەڕەتی سەید خەنجەر بەر لەهاتنی بۆ شاری هەولێر و دەوروبەری، سەید خەنجەر سەید نوری دەڵێت: بنەماڵەکەمان لەبنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی (قەراج) بوونە و ئێستاش چوار بیری ئاومان لەو ناوچەیە هەیە، ئەوکاتەشی کە (سەید جەفال)ی باوکی سەید خەنجەر لەقەراج ژیاوە سەدەی حەڤدەیەمی زایینی بووە، کە ئەوکات شاری هەولێر قەزا بووە و نەببوو بەلیوا، بەڵام کەرکوک و موسڵ لیوا بوون، ساڵێکیان والی موسڵی عوسمانییەکان بڕیارێکی دەرکرد و گوتی هەموو کەسێک کە موڵکی هەبێت دەبێ باج بدات، بۆیە هەندێک کەس باجیاندا و هەندێکیش باجیان نەدا، والی موسڵیش بڕیاردەدات ئەو کەسەی باجی نەداوە دەبێت بەئەسپ بیبەستنەوە و بۆی بهێننە موسڵ یەکێک لەوانەی باجی نەدابوو (سەید جەفال) ی باوکی سەید خەنجەر بوو، دەستگیریان کرد و بەدەست بەستراوی لەئەسپێکیان بەست ویستیان بۆ لای والی موسڵی بەرن چەند هەنگاوێک ڕۆیشت ئەسپەکە وەستا و نەڕۆیشت، بۆیە پۆلیسەکانی والی وتیان لەبەر ئەوەی تۆ سەیدی وەرە خۆت ئەسپەکە بجوڵێنە سەید جەفالیش خۆی سواری ئەسپەکە بوو پێی گوت بەئیزنی خودا بڕۆ دواتر پۆلیسەکان ئەسپەکەیان ڕاکێشا کە گەیشتنە موسڵ، بارەگای والی لەجێگایەکی بەرز بوو کە (سەید جەفال) و پۆلیسەکان گەیشتن والی پرسی ئەو کەسە کێیە ئەوانیش گوتیان ئەوە سەیدە و شتێکی واش ڕوویدا بۆیە ڕێزمان لێگرت، والیش بانگی کرد و گوتی دەمەوێت تاقیت بکەمەوە دەبێت بچیتە سەر منارەی حەدبای موسڵ لەوێ خۆت فرێدەیتە خوارەوە، ئەویش خۆی فرێدەدات، سەید جەفالیش خوشکێکی هەبوو کە پێیان دەگوت (عرنە الزعیمە) هەواڵیان بۆ ئەو خوشکەی نارد گوتیان: فریاکەوە براکەت خۆی دەکوژێت، ئەویش دەچێتە موسڵ و چەند کەڕاماتێکی لێ دەبینرێت، هەر لەو ڕووداوەشدا چەند کەڕاماتێک لە (سەید جەفال) دەبینرێت، ئەوەش دەووترێت کە ئەو ئافرەتە سەیدە لەوێ کێشەیەکی لەگەڵ بەڕێوبەری باجی موسڵ بۆ دروست دەبێت، بۆیە ناوچەی قەراج چۆڵ دەکەن و دەچنە ناوچەی حەویجە.

سەید خەنجەر سەید نوری سەربردەی چوونی بنەماڵەکەیان بۆ ناوچەی حەویجە باس دەکات و دەڵێت: دوای ئەو ڕووداوەیان

لەموسڵ ماڵی سەید جەفالی باپیرە گەورەم دەبنە پەناهەندە لەناوچەی حەویجە، ئەوەبوو یەکەمجار لەگوندی (ماحوز) نیشتەجێبوون، سەید خەنجەری یەکەمیش لەساڵی ١٨٥٠ ی زایینی هەر لەوێ لەدایک دەبێت و گەورە دەبێت (سەید جەفال) ی باوکیشی لەناوچەی حەویجە کۆچی دوایی دەکات و لەگردێکی ناوچەکە بەناوی (قەبری سپی) لەگوندی (ئەلعەریشە) بەخاک دەسپێردرێت، دوای خۆی سەید خەنجەری کوڕی لەبەڕێوەبردنی تەریقەت و کارە ئاینییەکانی جێگای دەگرێتەوە .

سەبارەت بەهاتنی سەید خەنجەری یەکەم بۆ هەولێر و دەوروبەری، دەوترێت بەنزیکەی ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر واتا بەنزیکی ساڵی ١٨٧٠ی زایینی بووە کاتێک هاتووە بۆ ناوچەی هەولێر، لەوبارەیەوە یەکێکی دی لەنەوەکانی سەید خەنجەر کە ئێستا لەشاری هەولێر دەژیت و لیوای پۆلیسی خانەنشین سەید هاشم سەید نوری سەید عزەدین سەید خەنجەرە، ئەو دەڵێت: بەهۆی دروستبوونی کێشەیەکی ژنخوزای سەید خەنجەری باپیرە گەورەم لەگەڵ برا و مامەکانی لەوکاتدا ناخۆشیان دەبێت، کە ئەوکات چەند برایەکی هەبووە لەوانە سەید حەسەن و سەید حوسێن و سەید محێمی و دوو برای تر بوون، هەروەک دوو خوشکی دەبێت (سەید گەرحە) و (سەید حوسە) شوێنی نیشتەجێبوونیشیان ناوچەی حەویجە دەبێت تەنیا خۆی و ئەو دوو خوشکەی حەویجە جێدێڵن و ڕوودەکەنە گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێر بۆ دووەمجار ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە ئاوارە و سەرگەردان دەبن، سەرەتا لەگوندی (گعێتل) نیشتەجێ دەبن و خەڵکەکەی خانوویان پێداوە، بەڵام نەیتوانی لەوێ بژین و چەند مانگێک لەوێ ماونەتەوە، بۆیە ڕوویان کردە گوندی (خاڵند) بەهۆی ئەوەی لەوێ ناسیاوی خۆیانی لێبووە، ساڵێک تا دوو ساڵ لەوێ ماونەتەوە، لەوێش خانوویان بۆ کرد کە ئێستاش پاشماوەی خانووەکە ماوە و ڕووخاوە، لەوماوەیەش لەوێ هەندێک کاری جوتیاریان کردووە.

دوای ئەو ماوەیە، سەید خەنجەر لەو دوو گوندە دەژیت پاشان دێتە شاری هەولێر و تا کۆتایی ژیانی لەوێ دەمێنێتەوە، بۆ هۆکاری مانەوەشی لەهەولێر چیرۆکێکی سەیر باس دەکرێت، لەوبارەیەوە سەید هاشمی نەوەی چیرۆکەکە بەو شێوەیە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ڕۆژێک سەید خەنجەر لەگوندی (خاڵند) بەسەردانێک دێتە شاری هەولێر ئەوکاتیش دەسەڵاتی تورکە عوسمانییەکان حوکمی شاری هەولێریان بەدەست بووە ، عوسمانیەکانیش بەهۆی سیستمە ئاینیەکەیان گوتوویانە ئەو کەسەی سەید بێت ئێمە سەربازی ناچاری پێناکەین و مووچەی (خومس) یشی پێدەدەین، بەوتەی مام وادی کەشاف و خەزروم کە لەخەڵکی پێشتر بیستوویانە دوای ئەو بڕیارە بەشێکی زۆری خەڵکی هەولێر هەستان بەبەستنی پشتوێنی سەوز کە ئەوەی باوکی سەید بوایە پشتوێنێکی سەوزیان لەسەریان دەبەست، ئەوانەشی دایکیان سەید بوایە پشتوێنێکی سەوزیان لەکەمەریان دەبەست تا سەربازی نەکەن و خۆیان بەسەید نیشان دەدا، وایلێهات ئەو خەڵکانەی کە خۆیان بەسەید ناساند ژمارەیان ئێجگار زۆر بوو، بۆیە عوسمانییەکان بانگەوازێکیان بۆ خەڵکی هەولێر کردو گوتیان ئەوەی سەیدە بێتە تەکیەی شێخ محیەددین شێخ ساڵح لەگەڕەکی عارەبان و ناوی بۆ لێخۆشبوونی سەربازی دەنووسین، بۆیە هەرچی سەید بووبێت یا سەیدیش نەبووبێت ئەو ڕۆژە




بسم الله الرحمن الرحيم

چوونە ئەو تەکیەیەو لەوێ کۆبوونەتەوە کاتێک هەموویان لەوێ ئامادەدەبن دەبینن کارمەندی عوسمانییەکان ئاگر و مەنجەنیقیان هەڵکردووە و دەرگای تەکیەکەشیان داخست و گوتیان ئەو کەسی سەید بێت، ئەوا دەبێت کەرامەتی هەبێت بچێتە ناو ئاگرەکە ئەوەی بەزیندوویی لەئاگرەکە دەرچوو، ئەوا سەیدە ئەوەشی بەزیندوویی دەرنەچوو، ئەوا خۆی بەرپرسە، بۆیە هەموو خەڵکەکە لەترسی ئاگرەکە هەڵاتن تەنیا سەید خەنجەر و سەید گەرحە و سەید حوسەی خوشکەکانی لەوێ ماونەتەوە، دوو خوشکەکەی سەید خەنجەر بینیان کەس نەچووە ناو ئاگرەکە تەنانەت سەید خەنجەریش لەسەرەتادا نەیتوانی بچێت، بۆیە سەید حوسە و سەید گەرحەی خوشکەکانی سەید خەنجەر هاتنە ناو پیاوان و هاواریان کرد و گوتیان ئەو کارە کاری پیاوان نییە، بەڵکو کاری ژنانە و کاری پیاو دەبێت لەوە گەورەتر بێت، دواتر دوو خوشکەکەی عەبایان لەخۆیان لولدا و چوونە ناو ئاگرەکە و پاش ئەوانیش سەید خەنجەر خۆی دەخاتە ناو ئاگرەکە، کە دەوترێت لەناو ئاگرەکە دەرنەهاتوون تا خۆی کوژاوەتەوە دواتر ئەو کەسانەی لەوێ بوون دەبینن هەرسێ سەیدەکە عەباکەیان ڕادەشەکێنن و کاتێک لەناو ئاگرەکەش دێنە دەرەوە حاڵیان گرتبوو چەند جارێک ئەو وتەیە دەڵێن (یا نار کونی بردا و سلاما) واتا (ئەی ئاگر سارد سەلامەت بە) دواتر لەشی خۆیان لەپاشماوەی ئاگرەکە پاک کردەوە، کە ئەوکات چەند کەسێکی ئینگلیز و مەترانی عەنکاوە و عەبدوڵڵا سکۆتی بەریتانیش دانیشتبوون، ئێستاش مەزاری هەردووکیان گەرحە و حوسە لەگۆڕستانی ئیمام محەمەدی شاری هەولێرە.

بەوتەی سەید خەنجەر سەید نوری نەوەی سەید خەنجەر بەر لەئاگر کردنەوەکە هەندێک کەس بەخەنجەر و چەک و شتی دی لەخۆیان دەدا، ئینگلیزەکان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە نابێت سەیدەکان بەو شتانە تاقیبکرێنەوە، بەڵکو ئاگرێک بکرێتەوە هەرکەسێک بچێتە ناویەوە ئەوە سەیدی ڕاستەقینەیە، کە ئەوکات جگە لەبنەماڵەی ئێمە سەیدی دیکەی باش لەو سەردەمەدا لەهەولێر هەبوون و لەچواردەوری ئاگرەکە دەسوڕانەوە.

لەلایەکی دی سەید هاشم درێژە بەگێڕانەوەی ئەو چیرۆکە دەدات و دەڵێت: ئەو خۆخستنە ناو ئاگرەی سەید خەنجەر و خوشکەکەی بووە هۆی ئەوەی عەبدوڵڵا سکۆتی بەریتانی و مەترانی عەنکاوە ببنە موسڵمان و پاشان کچی مەترانی عەنکاوە دەدەن بەشێخ محیەددین و کچی حوسێن کەسرەش دەدەن بەعەبدوڵڵا سکۆت کە دوو کوڕی هەبوو ئەوانیش تەلاڵ و محەمەد بوون و ئێستاش نەوەکانی لەهەولێر دەژین کاتێکیش خەڵکی هەولێر بینیان سەید خەنجەر سەیدێکی خاوەن کەڕاماتە زۆر ڕێزیان لێگرت و نەیانهێشت بچێتە گوندی (خالَند) و لەگەڕەکی عارەبانی ئێستای هەولێر زەویەکیان پێدا و خانوویەکیشیان بۆ دروستکرد و تەکیەیەکیشیان بۆ دروستکرد، بەناوی تەکیەی ڕفاعیە، ٥٠ سەر مەڕیشیان پێشکەش کرد و دواتر عوسمانییەکانیش زەویەکەیان بەناوی سەید خەنجەر کردو پاشان یەکێک لەبنەماڵە دزەییەکانیش ژنێکی خۆیان لێی مارە کرد کە ناوی (شاناز) بوو، دەوترێت ساڵی ١٨١٥ ی زایینی بوو. دواتر سەید خەنجەر پێنج کوڕی هەبوو کە دەوترێت سێ کوڕی بەنەخۆشی تیفۆ مردن تەنیا دوو کوڕی مانەوە کە ئەوانیش (سەید عزەددین) و (سەید محیەددین) بوون لەگەڵ یەک کچ بەناوی (سەید فاتیمە) .

سەید خەنجەر خانوو و تەکیەی لەشاری هەولێر هەبوو کە ئێستاش ماون سەید هاشم لەوبارەیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: شوێنی خانووی باپیرە گەورەم کەوتۆتە نزیک تەکیەی ڕفاعی لەگەڕەکی کۆنی عارەبان کە کەنیسەیەکی کۆنی کریستیانەکانی هەولێریش لەوێ نزیکە کاتی خۆی مەترانی عەنکاوە زۆرجار سەردانی سەید خەنجەری باپیرە گەورەمی کردووە پێی گوتووە: هەندێک کریستیانی ئەرمەنی هاتوونەتە هەولێر دەمانەوێت کەنیسەیەکیان بۆ بکەینەوە، بەڵام ڕێگامان پێنادەن ئەویش بەمەترانی گوتووە وەرن لەپشت تەکیەکەی من زەوی

هەیە بۆخۆتان بیکەن بەکەنیسە کە دیواری ماڵی باپیرەم لەگەڵ دیواری کەنیسە بەیەکەوە نوساون سەید خەنجەر لەهەولێر تەنیا دوو خانووی هەبووە کە بینا کۆنەکەی ڕووخاوە دواتر باوکم دروستیکردەوە ئێستاش خانەوادەی دوو ئامۆزامان تێیدا دەژین کە کوڕەکانی (سەید غانم)ن.

سەبارەت بەپیشەی سەید خەنجەر دوای ئەوەی لەهەولێر ژیاوە ئەو نەوەیەی سەید گوتی: دوای دانانی تەکیەکە کاری زیکر و کەراماتی تێدا ئەنجامداوە، بەڵام بۆ بژێوی ژیانی خۆی ئەو چەند سەر مەڕەی پێیان بەخشیبوو بەوە بژێوی ژیانی خۆی دەکرد ئەوکاتیش خەڵکی شار کەسایەتی سەیدیان خۆشدەویست و زۆربەی کات شتیان بەخۆڕایی دەبەخشیە سەیدەکان و نەیاندەهێشت سەیدەکان نەبوون بن، هەرکاتێکیش یەکێک لەدانیشتوانی هەولێر نەخۆش کەوتبا، ئەوا دەیانهێنایە لای سەید و ئەوانیش بەمەبەستی چارەسەرکردنیان وتەی ئایینیان لەسەر دەخوێندن.

سەبارەت بەنەتەوەی ئەو سەیدە، سەید هاشمی نەوەی خەنجەر دەڵێت: سەید خەنجەری باپیرەم لەبنەڕەتدا عەرەبە و سەر بەهۆزی (ئەلنعێم) و لەتیرەی (حەفا) یا (حەفیان)یە کە بەهۆی ئایینداری و کەراماتیان لەناو هەموو تیرەی سەیدەکان ناسراوترن کە سەیدەکان ٧٢ تیرەن.

سەید خەنجەری دووەم کە نەوەی سەید خەنجەری گەورەیە و ئێستا هەر خۆشی سەرپەرشتی تەکیەکەیان لەگەڕەکی عەرەبان دەکات لەجیاتی هەموو بنەماڵە و کەسوکاریان کاری ئایینی و تەریقەت ئەنجام دەدات و چەندین موریدی هەیە دەڵێت: سەید خەنجەر جیاواز لەسەیدەکانی دی ، شێخی دوو تەریقەت بووە، ئەوانیش تەریقەتی (رفاعی) و تەریقەتی (قادری) بوون، چونکە هەردوو تەریقەت خیلافی هەبوو کە لەباب و باپیرانی وەریگرتبوو، لە (سەید جەفال) بۆ (سەید خەنجەر) ی گەورە و لەویشەوە بۆ (سەید عزەددین) و (سەید محیەددین) و دواتر بۆ (سەید نوری) ئینجا بۆ من ماوەتەوە کە تائێستاش کاری تەریقەت و تەکیەکە بەڕێوەدەبەم.

سەید خەنجەر ١٠١ ساڵ لەمەوبەر واتا ساڵی ١٩٢٠ زایینی کۆچی دوایی کردووە، بۆ ئەمەش سەید خەنجەری نەوەی دووەمی ئەو سەیدە دەڵێت: دەووترێت سەید خەنجەر لەدەوروبەری ساڵی ١٩٢٠ زایینی کۆچی دوایی کردووە و لەگوندی (کوشاف) ی ناوچەی (گوێر)ی پارێزگای موسڵ نێژراوە، هۆکاری ناشتنی تەرمەکەشی لەو شوێنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگای چوونی بۆ شاری موسڵ کۆچی دوایی کردوە و بەو هۆیەوە لەو شوێنە نێژراوە.

سەبارەت بەخزمەکانیان لەناوچەی حەویجەی کەرکوک، سەید هاشم سەید نوری ئەوە ئاشکرادەکات کە دوای دەیان ساڵ لەنەمانی پەیوەندیان و کۆچکردنیان بۆ هەولێر، ئەوان لەگەڵ خزمەکانیان بەردەوام هاتووچۆی یەکتریان کردووە و دەڵێت: لەساڵی چلەکاندا باپیرەم کە سەید عزەددینی کوڕی سەید خەنجەری یەکەمە لەگەڵ سەید نوری کوڕی بەمەبەستی نووسینی داری بنەماڵەکەیان و ناسینی کەسوکاریان گەڕانەوە ناوچەکانی باب و باپیرانیان لەحەویجە و خزمەکانیان



دۆزیەوە، ئێستاش زۆرجار ئێمە سەردانیان دەکەین و لەگەڵیان ئاشتبووینەوە کە خزم و کەسەکانمان نزیکەی ١٠ تا ١٥ گوندیان لەو ناوچەیە هەیە.

گەڕەکی عارەبانی شاری هەولێر بەهۆی هاتنی چەند بنەماڵەیەکی عەرەب ئەو ناوەی لێنرا، سەید خەنجەر سەید نوری ئاشکرای دەکات کە ئەو گەڕەکە بەر لەهاتنی بنەماڵە عەرەبەکان گەڕەکی خانەوادە جووەکان بوو، کاتێک سەید خەنجەری گەورە دێتە هەولێر دواتر بنەماڵەی دیکەی عەرەب دێنە هەولێر خەڵکی شار هەر بەکۆڵانی عارەبان بانگیان دەکرد و سەرەنجام ناوەکەی بووە گەڕەکی عارەبان، جگە لەبنەماڵەی ئێمە کە عەرەبین بنەماڵەی دیکەی عەرەبیش هاتنە ئەو گەڕەکە وەکو (عەساف)ەکان و (عوبێد)ەکان و (جومەیلی)یەکان کە هاتنە ئەو گەڕەکە و تێیدا ژیان.



خانەوادەکان بریتیبوون لەماڵەکانی (مام ئەحمەدان) و (مام وادی کەشاف) و (مام عەبۆش) و (حسێن کەسرە) و (خەلیفە یونس) و (مام ئەیوب نانەوا) و (مام ئیسماعیل نانەوا).

عەرەبەکانی ئەو گەڕەکە بەنانەوایی لەناو شارەکە بەناوبانگن، بەوتەی ئەو سەیدە ئەوکات ئەندامانی ئەو بنەماڵە سەید و عەرەبانە لەناو شاری هەولێر کار و کاسبیان نەبوو، بۆیە ڕوویانکردە کاری نانەوایی تاوایلێهات زۆربەی ماڵە عەرەبەکان ئەو پیشەیان دەکرد و نانەکەیان دەبردە بازاری هەولێر و دەیانفرۆشت.

دوای کۆچی دواییکردنی سەید خەنجەر هەردوو کوڕەکانی ئەرکی سەرپەرشتیکردنی بنەماڵەکەیان گرتە ئەستۆ، سەید هاشمی نەوەی دووەمی سەید خەنجەر دەڵێت: سەید عزەددین و محیەددینی کوڕەکانی کاری دوعا نوسینیان بۆ خەڵکی ئەنجامدەدا و کێشەی نێوان خەڵکیان چارەسەر دەکرد و خاوەن تەکیە بوون کاری زیکریشیان ئەنجام دەدا، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاری لەژیانی مرۆڤ منداڵەکانیان چوونە بەر خوێندن ئەوەبوو باوکم و مامم کوڕی سەیدەکانی دی خوێندیان، بەڵام تەکیەکە تائێستاش ماوەو ڕۆژی یەکشەممان زیکرمان هەیە و سەید خەنجەر بەڕێوەی دەبات و دەروێشەکان دێن بۆ ئەوێ کە نەوە دوای نەوە ئێمە کاری تەکیەمان بەڕێوەبردووە و بڕیاریشمانداوە دوای ئێمەش منداڵەکانمان لەو کارە ئایینیە بەردەوام بن.

ئێستا دوای ١٥٠ ساڵ لەهاتنی ئەو بنەماڵە ئایینیە بۆ هەولێر، ئەندامەکانیان زۆر زیادیان کردووە، بەوتەی سەید خەنجەر ئێستا ئەوان نزیکەی ٧٠ خێزانیان لەنەوەکانی سەید خەنجەر لەهەولێر دەژین، کە بریتین لەسەید عزەددین کە کوڕەکانی بریتین لەسەید نوری و سەید ئەنوەرو سەید بورهان، سەید نوریش سێ کوڕی هەیە کە سەید هاشم و سەید فەخرەدین و سەید خەنجەرە، کوڕی دووەمی سەید خەنجەری گەورەش سەید محیەددینە کە دوو کوڕی هەبوون ئەوانیش سەید غەنی و سەید غانم سەید غەنی کوڕەکانی بریتیبوون لەسەید ئیسماعیل و سەید سفیان و سەید سەعدو سەید ڕەعد و سامی ، سەید غانیمیش کوڕەکانی سەید ئوسامەو سەید بەسام و سەید مەیسەرو سەید ماهیر و سەید عامر و سەید موهەنەد و سەید سامر و سەید سەفا بوو کە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی حاجی مەحمود بوو، سەید ئەنوەریش سێ کوڕی هەیە کە سەید مەنار و سەید نەزار و سەید موسەنایە کە ئێستا لەشاری لەموسڵ دەژین .

سەید ئیسماعیل سەید عەبدولغەنی سەید محیەددین کە نەوەیەکی دی سەید خەنجەرە ئێستا ئەو بەتەمەنترین کەسی بنەماڵەکەیە کە تەمەنی لەئێستادا ٨٢ ساڵە، ئەو سەیدە جیا لەبەشێک لەسەیدەکانی بنەماڵەکەی تەنیا پیشەی خوێندن و کارمەندی دەوڵەتی هەڵبژاردووە کە ئەویش پیشەی ئەندازیاری بووە و دەڵێت: ساڵی ١٩٦٠ی لەزانکۆی بەغدا بەشی تەکنۆلۆژیام تەواو کرد و هاتمەوە هەولێر بەئەندازیار دامەزرام، من زۆربەی ژیانم کاری وەزیفیم کردووە تا پلەی بەڕێوەبەری گشتیم بڕیوە و دواتر خانەنشین کرام.

دوای گەورەبوونی شاری هەولێر و گۆرانکاری لەژیانی شارەکە، بنەماڵەی سەید خەنجەر و بنەماڵە عەرەبەکانی دیکەی گەڕەکی عارەبانی هەولێر بەجیا و لەکاتی جیاوازدا ئەو گەڕەکە دێرین و کۆنە بەجێدێڵن و لەگەڕەکەکانی دیکەی هەولێر نیشتەجێ دەبن، سەید ئیسماعیل دەڵێت: ساڵی ١٩٦٨ هاوسەرگیریم کرد بەهۆی گەورەبوونی خێزانەکەمان لەگەڕەکی عارەبان هاتمە دەرەوە و لەنزیک منارەی چۆلی نیشتەجێ بووم.

ئێستاش دوای نزیکەی دوو سەدە ژیان تێیدا، ژمارەیەکی کەمی خەڵک لەو گەڕەکە ماون حکومەتی خۆجێی شارەکەش بەنیازە لەچوارچێوەی بەکلتوریکردن و پاراستنی ناوچە کۆنەکانی شارەکە، ئەو گەڕەکەش نۆژەن بکاتەوە بەو هۆیەشەوە ئێستا لەدانیشتوانی چۆڵکراوە، بەمەش ژیانی ئەو بنەماڵە عەرەبانە و بنەماڵەی سەید خەنجەر دەبێتە یادگاری و کۆڵانە باریک و خانووە لەخشت دروستکراوەکان، بەسەرهاتی ئەوان دەگێڕنەوە.

# وێستگەی دیوان

- **شێرکۆ بێکەس بۆ شیعری نەنووسی؟**

- **گوڵە بەڕۆژەتان ناوێ**

محەمەد ئیسماعیل

- **نامەی مەلا عەولا بۆ محەممەدی ماملێ**

تاریق جەوهەر سارمەمی

- **سەبارەت بە نازناوی (بێزار)ی هونەرمەند ڕەسوڵ بێزار گەردی**

هەندرێن خۆشناو



# شێرکۆ بێکەس بۆ شیعری نەنووسی؟

لەسەرەتای ئەمساڵ دەستم دایە کتێبەکەی (ژیاننامە و بیرەوەری شێرکۆ بێکەس، نووسین بەئاوی خۆڵەمێش) هەر لەگەڵ خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکی بەرگی یەکەمی کتێبەکە، یەکسەر ئەو پرسیارەم لادرووست بوو (شێرکۆ بێکەس بۆچی ڕۆمانی نەنووسیووە؟) ئەوەی زیاتریش خەیاڵی بەلای ئەو پرسیارەدا بردم، شێواز و زمان و چۆنییەتی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی بوو، من هێشتا لەخوێندنەوەی بەرگی یەکەمی نەبووبوومەوە، کەچی ئەو پرسیارە لەمیشکمدا هەر دەخوولایەوە. تائەوەی گەیشتمە لاپەڕە (١٩٥) بەرگی دووەمی کتێبی (نووسین بەئاوی خۆڵەمێش) لەپڕ بەسەرسوڕمانەوە بەسەر خودی ئەو پرسیارەدا کەوتم، کاتێک شێرکۆ دەڵێ: (هاوڕێکانم پێم دەڵێن: ئەی باشە بۆ ڕۆمان نانووسی؟).

ئیدی ئەو پرسیارەم باشتر لاگەلالە بوو، چاوەڕوانی دەرفەتێک بووم بیکەمە پرسیار و ئاراستەی چەند نووسەر و ئەدیبێکی بەکەم. بەر لەخستنەڕووی وەڵامی ئەو پرسیارە لەلایەن شێرکۆ بێکەس خۆیەوە، وەڵامی ئەو پرسیارەتان لە لایەن هەر یەک لە(شێرزاد حەسەن و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و دکتۆر نەجم ئەلوەنی) بۆ دەخەینەڕوو لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامی ئەو سێ هاوڕێیەش بڵاو دەکەینەوە کە کاتێک ئەو پرسیارەم لە فەیس بووک خستەڕوو، هەریەک لە بەختیار زرار و کاروان ئەبوبەکر و شاخەوان پەشێو لەڕێی کۆمێنتەوە بۆچوونەکانی خۆیان نووسی.

**شێرزاد حەسەن:**

خۆت دەزانی لەئەدەبیاتی ڕۆژئاوایش هەیە، هەیە چیرۆک نووسە، نیگارکێشە، مۆسیقاژەنە، شیعر ئەنووسێ و ڕۆمانیش ئەنووسێ، بەڵام لە یەکێکیاندا درەوشاوەترە، بۆیە بڕوا ئەکەم شێرکۆ وەکو ئەوەی کوڕی (بێکەس)ی شاعیرە، لەگەڵ شیعر سەروسەودای ئەبێ، بەڵام من بیرمە چیرۆکی ئەخوێندەوە، ڕۆمانیشی دەخوێندەوە و مەراقی ڕۆمان بوو، بونیادی ڕۆمان لەبەرهەمەکانیدا هەبوو، دیوانی هەیە ڕۆمانە شیعر، یان شیعرە، ڕۆمان یان ناوی نابوو شیعری واڵا، لەبەرئەوە بڕوا دەکەم شتێک نییە ناچاربێ بینووسێ، بەختیار عەلی داهێنەرە لەڕۆمان، لەبواری تیۆرسازی و فیکریش دەوڵەمەندە، بەڵام بە هەموو ژیانی چیرۆکێکی نەنووسیوە، یانی خۆی ناچار ناکا چیرۆک بنووسێت، من دڵنیام چیرۆکیش بنووسێت دەکرێ بایی خۆی بەهرەمەندبێ، بەڵام هەست ناکا کێڵگەی ئەوە، لەبەرئەوە (شێرکۆ بێکەس)یش هەستی نەکردووە کایەی چیرۆک و ڕۆمان دونیای ئەوە.

دەتوانم بڵێم ئەو پرسیارە ڕەوایە و لەوانەیە کەسانێک هەبن ئەو پرسیارە بەزیاد بزانن، لەبەرئەوەی هەموو کەسێک ئازادە چ دەنووسێت، چۆن دەنووسێت، چ ژانرێک هەڵدەبژێرێ، زۆر بەکورتی



**شێرزاد حەسەن:**

*** زۆر ئەدیبی گەورە هەیە ڕۆمان بەشکستی دوای شیعر و چیرۆک دەزانن**

*** شێرکۆ بێکەس هەستی نەکردووە کایەی چیرۆک و ڕۆمان دنیای ئەوە**

هەستدەکەم (شێرکۆ بێکەس) زۆر کەیفی بەرۆمان و چیرۆکی داهێنەرانە دەهات، بیرمە لە ساڵی ١٩٧٧ یەکەمجار کە چوومە سلێمانی، بەهۆی برادەرێکەوە زانی من فلانە کەسم، گوتی: من زۆر سەرسام بووم بە(ریشۆڵە)ت ئافەرین زۆر کوردانەیە، بۆمن ئەو ستایشەی ئەو زۆر گرنگ بوو، شێرکۆ هەوڵیشیداوە لەبواری چیرۆک شتێک بنووسێت.

کڵاوقووچی هەیە، بیرمە زۆریش جوانە، چیرۆکی نووسیووە من ئاگادارم، ڕەنگە زۆر نەبێ، بەڵام نووسیوویەتی. دەبێ شتێکیش بڵێین، لەدنیادا باوی ئەوە نییە بڵێی تۆ بۆ چیرۆکت نەنووسیووە، ئەوە حەقیقەتێکە، وەکو ئەوەی من بە (جەلیل قەیس)یم گوت کە یەکێک لە شانۆنووسە جوانەکانی عەرەبە و من زۆر سەرسام پێی و ئەو فێری ئەوەی کردم چیرۆکی جوان یانی چی؟ چیرۆکی مانادار و ڕەمزی.

ڕاستە ئەوانە لەئەدەبی ئینگلیزی هەمووی فێربووم، بەڵام بە پراکتیک بەتایبەتی ئەو کتێبەی (زليخا البعدى يقترب- زولەیخا دووری نزیک ئەبێتەوە) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد کردوویەتی بە کوردی، بڕوابکە بە گەنجی دەیەهاجار ئەو کۆمەڵە چیرۆکەم خوێندەوە، جەلیل قەیسی پیاوێکی زۆر ڕۆشنبیریش بوو، مەسولێکی زۆر گەورەی کۆمپانیای نەوتیش بوو، لەسەردەمی (بەعس)یش تاکە کەسێک بوو خۆی نەفرۆشت، زۆر سەرسامی بووم، پێموت تۆ لەشانۆ و چیرۆکی کورت زۆر داهێنەری بۆ ڕۆمان نانووسی؟

وتی: ناچار نیم ڕۆمان بنووسم، بۆ نموونە کەس بە (بۆرخیس) ی ئەرژەنتینی نەوتووە بۆ بەس چیرۆکت نووسی لەگەڵ شیعر، بۆ ڕۆمانت نەنووسی؟




وەڵامیش ناداتەوە؟ پێشی بڵێی تێناگا و دەڵێ: مەبەستت چییە؟ بەڵام هەشە حەوت ژانری ئەدەبی تاقیکردۆتەوە، (دیچ لۆرانس) کە من زۆر سەرسامم پێی ڕۆماننووسی ئینگلیزی، نیگارکێش بووە، چیرۆک نووس بووە، ڕەخنەگر بووە، یانی فرە بەهرە بووە و زۆرانی دیکەش، یەک لەوانە (جەیمس جۆیس) (جان کۆکتوو)ی فەرەنسی هیچ ژانرێکی ئەدەبی و هونەری نەبووە تاقینەکردبێتەوە.

بیرمە کە پرسیارم لە (جەلیل قەیسی) کرد واوەڵامی دامەوە جارێکیان ٦٠-٧٠ لاپەڕەیەکم نووسی بوو، بینیم ئەوە نییە کە دڵی خۆم دەیخوازێت، بۆ نموونە (بۆرخیس) کەس نییە نەیناسێت و یەکێکە لە بلیمەتەکانی ئەدەبیات، بەڵام زۆرتر بە چیرۆک ناسراوە (ئەلیس مۆرۆ) ی کەنەدی بەس لە چیرۆک چوار ساڵ پێش ئێستا نۆبلی وەرگرت، من خوێندمەوە و سەرسام نەبووم پێی و هیچ لەزەتم لێوەرنەگرت، هیچ چیرۆکێکی ئەلیس مۆرۆ سەرنجی ڕانەکێشام، بەڵام (کاسرین مالسفد)ی نیوزلەندی کە 36 ساڵ ژیاو 36 چیرۆکی لەدوای خۆی جێهێشتووە، هەمووجار تەماع ئەمگرێ بچم چیرۆکەکانی بخوێنمەوە، بەسەدەها ڕۆماننووس دەناسم چیرۆک نانووسێ، سەدەها چیرۆکنووس دەناسم ڕۆمان نانووسێ، سەدەها شاعیر دەناسم پەل دەهاوێ بۆ شانۆ و چیرۆک و ڕۆمان و ژانرە ئەدەبییەکان.

لەبەرئەوە پرسیارەکە ڕەوایە و قسەیەکی ئەدیبە گەورەکانی وەک (فۆکنەر)ی ئەمریکی و هی دیکەش هەیە کە دەڵێ: خۆی هەموو کەس سەرەتا حەزدەکا شاعیر بێت، بەڵام کە دەرەقەت نابێت، دێت چیرۆک دەنووسێت، کە دەرەقەتی چیرۆکیش نایەت، کە دوو هونەر و ژانری گەورەن دەچێ ڕۆمان دەنووسێت، یانی زۆریان هەیە ڕۆمان بە شکستی دوای شیعر و چیرۆک دەزانن، ڕەنگە هۆکار ئەوەبێ ئینسان بە گەنجی بەردەوام شیعر ئەبیات، دواتر چیرۆک ئەبیات، ئینجا ڕۆمان قۆناغێکی دیکەیە لەپێگەیشتن و تێگەیشتن، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە چیرۆک پێی دەڵێن (minimal) یانی بچووکترین، پنتێک، خاڵێک، بەڵام دونیایەک شتی لەخۆی گرتووە، لەبەرئەوە

**شێرزاد حەسەن:**

**❊ شێرکۆ بێکەس ڕۆمانی دەخوێندەوە، لە ڕۆمان خوێندنەوە زۆر کەڵکی لە وێنەبینی، دەبینی شیعرەکانی وێنەدارن، وێنەیە، وێنە دوای وێنە، ئەگەر خوێنەری ڕۆمان نەبووایە نەیدەتوانی ئەو کارە بکات.**

تەماشادەکەم لە دونیای چیرۆکی کورت و درێژدا، لەدونیادا داهێنەر یەکجار کەمە، جاری واهەیە لەیەک کیشوەری گەورەدا ١-٢ چیرۆکنووسی بەناوبانگ هەیە، لەهەموو فرەنسا (جی دی




مۆباسان) هەیە (چیخۆف) لە روسیا هات بە ئێمە گەیشت (جاک لەندەن) و (ئادگار ئالان پۆ) لە ئەمریکا، لە ئوسترالیا یەک دانەم نەدیت، لە ئاسیا ئەو کیشوەرەی من و تۆ تێیدا دەژین زۆر دەگمەنە.

(شێرکۆ) چونکە بەهرەی بەشیعر دەتەقێتەوە و لە بنەماڵەیەکە کوڕی (بێکەس) ی شاعیرە، ئایا باوکی ئەگەر ڕۆماننووس بووایە ڕۆمانی ئەنووسی؟ نەخێر. باوکی بەختیار عەلی زۆر خوێندەوارە، بەختیار قەرزاری شێخ عەلی باوکییەتی، کە خوێنەرێکی

**ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل:**

**مادامەوایە بۆچێخۆف لەپاڵ شانونامە و چیرۆکدا دیوانە شیعرێکی بۆبەجێ نەهێشتووین؟ ئەوە شکسپیر بۆ ڕۆمانی نەنووسی؟**

زۆر باشە، من کە چوومەتە لای کتێبی زۆر قەبەم دیوە، بەردەوام ئەخوێنێتەوە، وەک فکر و فەلسەفە، وابزانم ١-٢ ڕۆمانیشی نووسیووە لەشێوەی یاداشتنامە و ئەدەب، بەڵام تائێستا بڵاونەکراونەتەوە، بۆنموونە بەختیار هەموو ژانرەکان تاقیدەکاتەوە لەبواری ڕۆمان، شانۆ، شیعر، وتاری زۆرباش، لەبواری فیکر کاردەکات، بەڵام یەک چیرۆکی کورتی نەنووسیووە، مانای وانییە توانای نییە، بەڵام جاری واهەیە تواناکانی مرۆڤ لەیەک شتدا وەک گڕکان دەتەقێتەوە، ناتوانێ لەژانرەکانی دی کایە بکات، بەڵام لەڕێگای ئەدیبەکانی ئەوروپا و خۆرئاوا بەگشتی دەزانم کە زۆر ڕەوایە تۆ چەندین ژانری ئەدەبی تاقیبکەیتەوە و تێشیدا سەرکەوتوو بی، من ئەناسم لەهەموو ژانرەکان بلیمەتە و هەر ئەو کەسەش نووسیویەتی، مەسەلەن هیچ شتێکی (دێ شۆرانس) نییە خۆشمنەوێ و مامۆستای ئەدەبیاتی منە لە ڕاستیدا، بەختیشم هەبوو لەزانکۆ خوێندم، ئەو پیاوێک بوو زۆر دژی (پاتریاک)ی ئینگلیزی بوو بەتایبەتی لەمەسەلەی باوکسالاری نێرسالاری کۆمەڵگای ئینگلیزی، ئەو یەکەم کەس بوو منی ناساند بە پەیوەندی ئاڵۆزی نێرومێ، ژن و پیاو، بەڵام هەموو ژانرەکانی تاقیکردۆتەوە، نیگارکێشێکی زۆر باش بوو، لە تەمەنێکی زۆر ناسک چل و شتێ ساڵ بە سیل مرد بەداخەوە.

(شێرکۆ بێکەس) ڕۆمانی دەخوێندەوە، لەڕۆمان خوێندنەوە زۆر کەڵکی لە وێنە بینی، دەبینی شیعرەکانی وێنەدارن، وێنەیە، وێنە دوای وێنە، ئەگەر خوێنەری ڕۆمان نەبووایە نەیدەتوانی ئەو کارە بکات، ئەوە قسەیەکی ناسراوە.

بێینە سەر مۆسیقا، مۆسیقاژەنەکان بە کەمان یان پیانۆ ناسراون یا باڵەبان، بەڵام مۆسیقاژەنەکە ٢-٣ ئامێری دی ژێداری و هەوایی دەناسێ و دەتوانێ بیژەنێ، بەڵام لەیەکێکیان داهێنەرە، ئەوە ڕاستیەکە.

**باشە بۆئەم پرسیارە دەکەین؟**

**ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل:**

من لە نزیکەوە ئەو شاعیرە گەورەیەم دەناسی، سەفەرێکی دوورودرێژمان پێکەوە کرد، بێگومان باسی زۆر شتمان کردووە، بەڵام پرسیارێکی وام ئەوجا و ئێستاش بەخەیاڵدا نە هاتووە.

ئەو بۆ شیعر خوڵقێنرابوو، بەسات شیعری خەیاڵی شیعری لێدوور نەدەکەوتەوە، لەرێکردندا، لەدانیشتنیدا، تا



لەخودا خەونی بە شیعرەوە دەبینی، خۆ دونیای ئەدەب گەلێ نموونەی تێدایە، ڕۆماننووسێک شیعری جوانی نووسیووە، شاعیرێکیش ڕۆمانی جوانی نووسیووە من هەندێ لەدیوانەکانی بۆنموونە (کۆچ) (دەربەندی پەپوولە) و (چراکانی گۆڕستان) بە ڕۆمنگەلێکی تراجیدی بەرزیان دادەنێم، ئەوەندە هەیە هەندێ ڕەگەز وتەکنیکی پێویستی تۆخمی ڕۆمانیان گەرەکە

(شێرکۆ) ڕۆمانی نەنووسی، بەڵام رومانی وەرگێراوە، ڕۆمانی نەنووسی، بەڵام چەندین چیرۆکی کورتی جوانی نووسیووە، شێرکو چرای گۆڕستانی نووسیووە، تاکو زامی ئەنفال بمێنێ، ئەو برینە قەت گۆشتەزین ناهێنێتەوە هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

شێرکۆ بۆ ڕۆمانی نەنووسی؟

**دکتۆر نەجم ئەلوەنی:**

پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە بزانین لە ڕووی ئیستاتیکاوە جیاوازی چییە لە نێوان شیعرو ڕۆماندا.

گرنگترین جیاوازی لە زمانی شیعرو ڕۆماندا دەردەکەوێ. تەنانەت بنیاتگەراکان زمان بەناسنامەی دەق دەزانن و بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو ژانرە، زمانیان بە پێوەری سەرەکی داناوە .

زمانی شیعر، چڕو داخراوە، یەک ئاستی هەیە، مۆنۆلۆگییە، واتە تەنیا ئاوێنەنمای زمان و دەربڕینی شاعیرە، ئەمەش لە هەموو جۆرەکانی شیعردا بەرجەستە بووە وەک شیعری لیریکی، و داستانی، و شانۆیی بە نموونەی شیعرەکانی وەفایی و داستانی مەم و زینی خانی و شانۆشیعرییەکانی شکسپیر. شاعیر ناتوانێ ئاستی زمانی خۆی داگرێ بۆ ئاستی زمانی کەسێکی نەخوێندەوار، یاخود بەگوێرەی ئاستی زمانیی جووتیارێک وێنەی وەسفی بۆ دیاردەو ڕووداوەکان بکێشێ. هەروەها شاعیر ناتوانێ زمانی شیعر بۆ گفتوگۆی ڕۆژانە یان ناو دادگا بەکاربهێنێ، چونکە ناچارە دەس لە هەموو هونەرەکانی ڕەوانبێژی هەڵگرێ ، کەچی بە پێچەوانەوە زمانی ڕۆمان بۆ هەموو ئەوانە بەکاردەهێنرێ بێ ئەوەی ببێتە مایەی گاڵتە پێکردن .

یەکێکی دی لە تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕۆمان ئەوەیە کە دەبێ پەیرەوی فرە زمانی بکات، تەنانەت لە چوارچێوەی یەک زمانی کۆمەڵایەتیدا. بەمانایەکی دی ڕماننووس بۆی هەیە زمانی جووتیارێک، یان کەسێکی نەخوێندەوار، یاخود زارەجیاوازەکانی زمانی کوردی لە گفتوگۆی کارەکتەرە جیاوازەکاندا بەکاربهێنێ بێ ئەوەی ئەمە بە خەوشێک لەڕۆماندا دابنرێ. جگە لەوەی زمانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەبێ لە لایەن ڕۆمانووسەوە بایەخی پێ بدرێ بۆ ئەوەی بتوانێ لەڕووی ڕۆشنبیری و باری بژێوی وئاستی کۆمەڵایەتییەوە کارەکتەرەکانی لە یەک جیابکاتەوە و وێنەیەکی وردی ژیان و بیرکردنەوەو ڕەفتاری ئەوان پیشانی خوێنەر بدات .

ڕۆمان هونەری شیکردنەوەو گەیاندنی دەنگە جیاوازەکانی کارەکتەرە، بۆیە ئەمە بە ئەرکێکی پێشینەی ڕۆماننووس دادەنرێ، بەڵام وەک (ڕۆمان یاکۆپسین)ی زمانزانی ڕووسی سەر بە میتۆدی بنیاتگەری ئاماژەی پێداوە: جوانیی دەربڕین لە شیعردا پێش گەیاندنی واتا دەکەوێ. لە بەر ئەوە دابەزینی ئاستی زمانیی شیعر بۆ مەبەستی گەیاندنی



واتایەکی ڕاستەوخۆ، دەبێتە هۆی لاواز بوونی شیعرەکە، هەر ئەمەش وایکردووە شاعیران پەنا بۆ هونەرەکانی ڕەوانبێژی، بەتایبەتی (خواستن) بەرن، چونکە لە خواستندا بە پێچەوانەی لێکچوواندنەوە مانا ئاڵۆز و شاراوە دەبێ .

ئەگەر لە ڕووانگەی ئەو بۆ چوونانەوە تەماشای شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بکەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی ئەم شاعیرە هەوڵی نەداوە ڕۆمان بنووسێ، ئەگەرچی بەوەرگێڕانی کورتە ڕۆمانی (پیرەمێردو زەریا) ی ئێرنیست هەمینگوای ئەوە دووپات دەبێتەوە کە شێرکۆ بایەخی بە ڕۆمانداوەو لەوانەشە بەشێکی خوێندنەوەکانی بۆ خوێندنەوەی ئەم ژانرە تەرخان کردبێ .

لە بەر ئەوەی من هەموو دیوانە چاپکراوەکانی شێرکۆم خوێندووەتەوە، بۆم ساخ بووەتەوە کە ئەم شاعیرە ئامادە نەبووە دەست لە هەموو جوانییەکانی شیعری خۆی

دکتۆر نەجم ئەلوەنی:

**پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە بزانین لە ڕووی ئیستاتیکاوە جیاوازی چییە لە نێوان شیعرو ڕۆماندا**



هەڵگرێ و بیکاتە قوربانی نووسینی ژانرێک کە زمانەکەی مامناوەندە لە نێوان زمانی ڕۆژانە و زمانی هونەریدا .

لە هەر دیوانێکی شێرکۆدا ڕوونە کە تا چەند هەوڵیداوە لەزمانی دەربڕینی ڕاستەوخۆی سادەی ڕۆژانە دوور بکەوێتەوەو بە دوای وشەی نامۆ و پاکیزەدا گەڕاوە بۆ ئەوەی زمانێکی شیعری دەوڵەمەند و تۆکمە داڕێژێ و خوێنەرەکانی بە وێنەی نوێ تووشی سەرسوڕمان بکات. ئەم دیاردەیەش لە دیوانی ( کازیوە ، دەربەندی پەپوولە، حەفتاوحەفت پەنجەرەی گەڕۆک، هەست و نەست ، ئێستا کچێک نیشتمانە، خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیر ...) بە ڕوونی بەرچاوی خوێنەر دەکەوێ. تەنانەت دیوانی (گۆرستانی چراکان) کە شاعیر گێڕانەوەی تێدا بەکارهێناوە، نەبووەتە ڕۆمان، بەڵکو پێداویستییەکانی زمانی شیعر لە چوارچێوەی داستاندا شێوەی پێداوە .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچی شێرکۆ بێکەس ڕۆمانی نەنووسیوە ئەگەرچی لەوانەیە لە ناخی خۆیدا بیری لێکردبێتەوە.

**بەختیار زرار ڕەحمان:**

بەشیعرەکانی ناسرا، نەفەسی ڕۆمان پێویستی بە هێز و تەکنیکی زیاتر بوو، ئەوەی شێرکۆ کردی لەخەیاڵدا خودی خۆی بوو، کارەکتەرەکانی نەدەبوو ببن بە پاڵەوان و مەزرای خەیاڵی.

شێرکۆ پێم وابێت نەکرا بگات بەڕۆمان، هەمومان دەزانین زمانی ڕۆمان و شیعر دوو ئاراستەن، هەرچەندە یەک زادگەی بیرن، بەڵام ڕیسای ڕۆمان لەناو خەیاڵدا زیاتر ڕۆدەچێتە ناوکات و نەدەکرا زمانی خەیاڵ و کارەکتەرەکانی لەناو وشەیەکدا بەرجەستە بکات، ڕۆمان، شیعر و پەخشانە شیعر وەسیلەیەکن بۆ درێژدادری شیعر، بەڵام خودی شیعر لاوازی ئەدەبییە هەرچەندە حەقیقەتی شیعرەکانی لەناو ئەدەبیاتدا دەری خستووە بۆچی دەنوسێت، وەلێ نایتوانیوە بگات بە کرۆک و بیخاتە ناو چەندان کارەکتەر هەڵبەت شێرکۆ زمانی سادەی شیعری بەکار دەهێنا، بەڵام بیرێکی جوانی دەویست تا لێیانی تێبگەن، شیعر و ڕۆمان دوو گەورەترین دونیای ئەدەبین، نێوانیان چیرۆک و نۆڤێلتە، هەڵبەتە شیعر سادەترینیانە لەژانرە ئەدەبییەکان کە مرۆڤ سەلیقەی نووسینی دەبێت، لەهەر فەزایەکدا بێت، بەڵام ئەوانی دی فەزا و دیدگای جیاوازتر هەڵی دەگرن ..

من وا لێی تێگەشتووم، پرسیارێکی زۆر ڕوون و کورت



بەڵام هەرگیز شیعرە ڕۆمان شوێنی ڕۆمان و تام و چێژی ڕۆمان نادات ..

کاروان ئەبوبەکر:

ئەو، سنووری ژانرەکانی ئەدەبی بەزاند و ڕۆمانە شیعر و پەخشانە شیعری نووسی....

**شاخەوان پەشێو:**

شیعریی کردبووە پردێک بۆ بەستانەوەی بەژانرە ئەدەبییەکانی دی و ڕەنگدانەوەی لەناو شیعرەکانیدا بەجوانی دیارە و پەخشانە شیعر و ڕۆمانە شیعریش گەواهیدەری ئەوەن.

**شێرکۆ بێکەس:**

(ماوەیەکە باش ئەخوێنمەوە، نووسینم کەمترە، خوێندنەوەی ڕۆمان بۆمن بووە بە هاوڕێیەکی هەمیشەیی، ئەو کتێبانەی لەسەفەری پێشووی لەندەن-دا لە دار الساقی کڕیبووم، یەک لەدوای یەک تەواومکردن.

لە فەزای ڕۆماندا هەست بە ئازادییەکی زیاتر ئەکەم. هاوڕێکانم پێم ئەڵێن (ئەی باشە بۆ ڕۆمان نانووسی؟!) ئەوەی ڕاستیبێ: « لەبەر ئەوەی زمانی مەجاز بەسەرمندا زاڵ و دەست ڕۆیشتووە، یەکدوو جارێ خۆم تاقیکردەوە، بەڵام هەرچییەکم ئەنووسی ئەبوونەوە بە شیعر، یان پەخشان»

ڕۆمان بەبێ پلان بۆ کێشان نانووسرێ، من تاقەتی ئەو پلان دانان و مەنتیقە عەقلیانەم نییە، کە هەموو ڕۆمانێ کەمتازۆر ئەبێ پەنایان بۆ بەرێ، بەڵام زۆر خوێندنەوەی چیرۆک و ڕۆمان کاریگەری خۆیان لەناو شیعرەکانمدا بەجێهێشتووە، دیارە بەو ئەندازەیەی قوڵاییەکی تر بدەن بە شیعرییەت و ئاسۆی تریان لەبەردەمدا بکەنەوە)

# گوڵە بەڕۆژەتان ناوێ

ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ سەربەست عومەری پەیکەرسازدا (ڕۆحی شاد) لە باخچەی گڵکەند دانیشتبووین، هەردوکمان خەریکی قسەکردن و سکێچات بووین، لەوکاتەدا مێردمنداڵێک لە بەردەماندا ڕاوەستاو گوتی:

گوڵەبەڕۆژەتان ناوێ؟

دیمەنی ڕاوەستانەکەی سەرنجی ڕاکێشام، پێم گوت ڕاوەستە مەجوڵێ!!

گوتی: لۆ؟

گوتم: ڕەسمت درووست دەکەم.

گوتی: لۆ؟

گوتم: ڕاوەستانەکەتم پێ جوانە دەینەخشێنم.

گوتی: ئاخر گوڵەبەڕۆژەم لێدەکڕن؟

گوتم دەتۆ کەمێ ڕاوەستە، ئیدی بەخێرایی هێڵکارییەکەم دەکێشا، ئەویش هەر خوڵەکێک جارێ دەیگوت دەڕۆم، منیش هەر دەمگوت دەتۆ ڕاوەستە وا تەواوی دەکەم.



گوتی: بەمەرجێک ڕادەوەستم گوڵەبەڕۆژەم لێبکڕن.

هێلکاریەکەم زۆر بەخێرایی کێشا و نەمویست زۆر ڕایگرم .

گوتم: تەواو.

لێمان نزیک بووەوە، گوتی: بایی چەند گوڵەبەڕۆژەتان دەوێ؟

دەستم خستە گیرفانم هاتە یادم کە بەڕێکەوت ئەوکاتە هیچ پارەم پێ نەمابوو.

گوتم: سەربەست پارەم پێ نییە دینارەکی بدێ.

ئەویش گوتی: وەڵا پارەم پێ نییە، گوتم: دە توخوا دینارەکی بدێ.

سەربەست ڕاکشابوو هەستاوە سەر چۆکان و گوتی: پێت دەڵێم پارەم پێ نییە هەردوو دەستی خستە گیرفانی پانتۆڵەکەی و پیشانی داین کە گیرفانی بەتاڵە.

گوڵەبەڕۆژەفرۆش کەمێ تورە بوو گوتی: (ئەدی لۆ دوو سەعاتە منتان ڕاگرتییە و گورەبەرۆژەشتان لێ نەکڕیم)

گوتم: کوا دووسەعاتە، هەمووی ١٠ دەقیقەی پێ نەچوو، ها ئەو هێلکارییە ببە، پێشکەشت بێت، بۆخۆت هەڵیگرە بۆ یادگاری.

گوتی: ئەو کاغەزەم لۆچیە.

بەتووڕەییەوە لای ئێمەی جێ هێشت و ڕۆیی.

بیرم لای ئەو مێردمنداڵە ما

نازانم ئێستا لە کوێیە و چی بەسەرهاتووە، ماوە نەماوە، ئەگەر مابێت چ کەسایەتیەکی لێدەرچووە.

منیش تا ئێستا ئەو هێلکاریەم پاراستوە.



محەمەد ئیسماعیل

# نامەی مەلا عەولّا بۆ محەمەدی ماملێ



تارق جەوهەر سارمەمی

مەلا عەولای حاجی سمایل ناسراو بە(مەلاماتۆڕ) ساڵی ١٩٢٧ یەکێک بوو لەو تیکۆشەرە دیرین و پێشمەرگە ئازایانەی کە لەماوەی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوو ڕۆڵیکی دیار و بەرچاوی هەبوو لەبزووتنەوەی کوردایەتی و ڕێکخستنەکانی پارتی لەناو چینی جوتیاران و هەژارانی دەشتی هەولێر و کۆیە و ڕواندز و هەلگیرسانی شۆڕشی ئەیلول.

وەک لەدەستنووسەکەی بەشی دووەمی سەربووردەی ژیانی سیاسی خۆیدا کە تائێستا چاپ نەکراوە، مەلا عەولّا نووسیوویەتی (بۆ منیش تەقاندنی یەکەمین فیشەک لەشۆڕشێ ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ دا مایەی فەخر و شانازیە)

لەکاتی قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لەساڵی ١٩٦٤ مەلا عەولّا لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد و مام جەلال و عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری وەک سەرکردایەتی باڵی مەکتەبی سیاسی لەمستەفا بارزانی جیابوونەوە، یەکێکیش بوو لەسەرکردە و فەرماندە مەیدانی و سیاسی و سەربازییەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٠.

پاش ڕێکەوتنامەی ١١ ئازار ی ١٩٧٠ لەسەر داوای حکومەتی عێراق باڵی مەکتەبی سیاسی چالاکییە سیاسییەکانی خۆیان ڕاگرت. دواتریش کە مام جەلال و برایم ئەحمەد و بالی مەکتەبی سیاسی ناوی خۆیان لەپارتییەوە بۆ پارتی شۆڕشگێرانی کوردستان گۆڕی و لەگەڵ مستەفا بارزانی ڕێکەوتن، خۆیان هەڵوەشاندەوە و گەڕانەوە ناو پارتی.

(مەلا عەولّا) و چەند سەرکردەیەکی دی وەک بابەکر پشدەری و حلمی عەلی شەریف لەبەغدا مانەوە و نەگەڕانەوە ناو پارتی.

ساڵی (١٩٧٣-١٩٧٤) مەلا عەولّا لەگەڵ هەندێک لەسەرکردە و کادیرە پێشکەوتووەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی کە هێشتا لەبەغدا مابوونەوە، بەنهینی هەوڵیاندا پارتی شۆڕشگێڕانی کوردستان دروست بکەنەوە، تا ١٩٧٤/٣/٨ وەک کارگێری یەکەمی ئەو پارتە کاری کرد و ئیمزای لەسەر نووسراوەکانی دەکرد، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەگەڵ عەبدولستار تاهیر شەریف کە داوای دەکرد پارتی شۆڕشگێران بەڕەسمی زیندوو بکەنەوە، مەلا عەولّا وەک یەکێک لەسەرکردە دیار و بەئەزموونەکانی کورد کە لەبەغدا مابوونەوە بۆچوونی جیاوازی هەبوو، لەو کۆبوونەوە فراوانەی لەبەغدا ڕێکخرا، مەلا عەولّا بەڕاشکاوی دژی زیندووکردنەوەی پارتی شۆڕشگیران بوو لەوسەردەم و لەو کۆبونەوەیەدا گوتی: ئێستا وەختێکی گونجاو نییە بۆ ئەوکارە، کاتی ئەوە نییە دووبەرەکی بخرێتەوە ناو بزووتنەوەی کوردایەتی و داوای کرد دەرفەت بدرێتە گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایتی شۆڕشێ کورد و حکومەتی بەعس و بزانیین چی بەسەردێت، دوای ئەوە قسەی خۆمان دەکەین، بەڵام عەبدولستار و هاورێیانی بەگوێیان نەکرد و دەستیان بەسەر پارتی شۆڕشگێڕاندا گرت.

دوای ئەوەی مەلا عەلا بووە وەزیری دەوڵەت لەگەڵ زەبیحی و شێخ لەتیف وبابەکر پشتدەری وعەبدولا کانی مارانی لە نیسانی ساڵی ١٩٧٤ پارتێکی سیاسی کوردییان دامەزراند، بەناوی (بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی کورد) کەناوەکەی لەلایەن مامۆستا (زەبیحی)یەوە پێشنیازکرابوو

لەبارەیەوە (مەلا عەولا) لەچاوپێکەوتنێکی تۆمارکراوی ڤیدیۆییدا کە ڕۆژنامەنووس عەلی کەریمی خوارزای مامۆستا (زەبیحی) لەگەڵیدا کردویەتی دەڵێ: "مامۆستا زەبیحی لەدامەزراندنی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی کورد لەگەڵمان بوو، زۆر جاریش وەک ئەندامێکی قیادی لەگەڵمەبوو، هێندە موقدەس بوو لای ئێمە نەماندەگوت مامۆستا وەرە کۆبوونەوەمان هەیە، بۆخۆی دەهات بۆ خۆی دەڕۆیی، تەگبیرمان پێدەکرد، باوەرت بێ ناوەکەش ناوی (حەرەکەی تەقەدومیی ئەکراد) ئەو لێینا، ئەگەر نەچووبایە ئەودیوی لەگەڵ خۆمان ئیشی دەکرد

پاش بەبنبەست گەیشتنی گفتوگۆکان، ساڵی ١٩٧٤ پارتی وەزیرەکانی خۆی لەحکومەتی عێراق کێشایەوە و شەڕ دەستی پێکردەوە، تالەئەنجامی ڕێکەوتننامەی جەزائیر لەئازاری ١٩٧٥ لەنێوان شای ئێران و سەدام حوسێن، ئێران پشتی لەشۆڕشی کورد کرد و شۆڕشی ئەیلول بەشێوەیەکی نەخوازراو و تراژیدی ودراماتیکی کۆتایی پێهات.

ساڵی ١٩٧٤ ئەحمەد حەسەن بەکر یەکلایەنە جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەناوچەی کوردستان ڕاگەیاند و هەوڵیدا چەند کەسایەتییەکی کورد لەشوێنی وەزیرەکانی پارتی بکاتە وەزیر، دوای ڕاوێژکردنی بەعسییەکان بەچەند کەسایەتییەکی کوردی وەک عەبدولڕەحمان زەبیحی کە ئەو کات لەبەغدا بوو، سەرکردایەتی حزبی بەعس داوای کرد ناوی چەند کەسایەتییەکی دیاری کوردیان بۆ دەستنیشان بکەن تا بیانکەن بەوەزیر. ئەوەبوو مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی ناسراو بە (عولەما) ناوی (مەلا عەولا)ی بۆ حکومەتی عێراق پێشنیاز کرد، لە ٧ی نیسانی ١٩٧٤ بەمەرسومێکی کۆماری پێنج لەوەزیرەکانی پارتی ئیعفا کران و لەشوێنی ئەوان پێنج کەسایەتی کورد وەک وەزیری نوێ دامەزێندران ئەوانیش: عوبەیدوڵلا مستەفا بارزانی، هاشم عەقراوی، عەزیز عەقراوی، عەبدولستار تاهیر شەریف، عەبدوڵلا ئیسماعیل (مەلا عەولا)بوون.

مەلا عەولا بۆ ماوەی ١٤ ساڵ لەپۆستی وەزیری دەوڵەتدا مایەوە، لەساڵی ١٩٨٩ خانەنشین بوو، بەیەکجاری گەڕایەوە کوردستان و لەشاری هەولێر نیشتەجێ بوو.

جگە لەژیانی سیاسی لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە مەلا عەولا کەسایەتییەکی دیار و بەپەیوەندی بوو، حەز و خولیایەکی زۆریشی بۆ حەیران ومەقام و گۆرانی ڕەسەن و دەنگی هونەرمەندە گەورەکانی کورد هەبوو وەک: عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و محمدی ماملێ و تایەر تۆفیق و محمد عارف جزیری و محمد شێخۆ و کاوێس ئاغا و حەسەن گەرمیانی و تەحسین تەها ..هتد هەبوو.

هەروەک لەگەڵ ئەدیبان ونووسەرانی کوردیش وەک: هێمن و مامۆستا زەبیحی و مستەفا زەڵمی و مەسعود محەمەد و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و شوکرمستەفا و محەمەد ئەمین پێنجوینی و زۆر کەسایەتی دی لەبەغدا پەیوەندییەکی باشی هەبوو.

لەزۆربەی کۆڕ و میهرەجانەکانی شیعر و ئەدەبی کورد و نووسەرانی کوردیش لەبەغدا و هەولێر بەشداری دەکرد. لەکاتی دەستگیرکردنی نووسەر و ڕۆشنبیری گەورە (شاکر فەتاح)یش مەلا عەولا داکۆکی لێکرد و هەوڵێکی زۆریشدا کێشەکەی بۆ چارەسەربکرێ.

(محەمەدی ماملێ) یەکێک بوو لەو گۆرانی بێژە دیارانەی کورد، لەلای مەلا عەولا پێگەیکی گەورە و تایبەتی هەبوو، بەقسەی کەسە نزیەکەکانی خۆی زۆربەی کات لەماڵەوە


وێنەی مەلا ماتۆڕ

و لە نێو ئۆتۆمبێلەکەشیدا بەشەوقەوە گوێی لەدەنگە بە سۆز و گۆرانییەکانی ماملێ دەگرت. هەرچەندە لەنزیکەوەش (ماملێ)ی نەدی بوو، بەڵام خۆشەویستیی مەلا عەولا بۆ ئەو هونەرمەندە مەزنە لەو نامەیەدا زۆر بەڕوونی

دەردەکەوێ کە ساڵی ١٩٩٧ بۆ مامڵێ دەنگخۆش ودڵخۆشکەری خۆی نووسیووە و تیایدا دەڵێ: دەنگوباسی نەخۆشیتانم پێگەیشت، لەلایەکەوە زۆری پێ نیگەران ودڵتەنگ بووم، لەلایەکی دیکەشەوە ئارەزووی سەردانی شارە تێکۆشەر و ڕەنگینەکەی سابڵاخ ، شاری چوارچرا و قازی نەمر و کاکە حەمەی خۆشەویستم بەرادەیەک هەڵچووە، خەریکە کەفوکوڵی بەرچاوم تاریک بکات، ترسی ئەوەشم لێنیشتی یە، کە ئەو ئارەزووە دێرینەم ببەمە بن گڵی!. بەڵێ... ئەمن زۆر لەمێژە بەحەزرەت دیتنی سابڵاخ وسەرجەمی دیتنی هەرێمی موکریانم، بەڵام ئەوە چەند ساڵێکە دیتنی روخساری جەنابیشتان بووەتە سەربار".

ساڵی ١٩٩٧ مەلا عەولا کاتیک هەواڵی نەخۆشکەوتنی محەمەدی مامڵێ دەبیستێ لەڕێی نووسینی ئەو نامەیەوە دەیەوێ خۆشەویستی وسەرسامی خۆی بۆ مامڵێ بەیان بکات. (عەبدولرەزاق)ی خاڵم نامەکەی لە مەلا عەولا وەرگرتبوو بۆ ئەوەی لەڕێی دۆستیکی خۆیەوە لەسابلاخ بگاتە دەستی مامڵێ. بەڵام لەبەر زەحمەتی سەفەر بۆ دیوی ڕۆژهەلاتی کوردستان ئاسان نەبوو، بەتێپەڕینی ڕۆژگار نامەکە لەلای خاڵم مایەوە و نەگەیشتە دەست مامڵێ. بەداخەوە ساڵی ١٩٩٩ مامڵێ لەتەمەنی (٧٤) ساڵیدا بەیەکجاری ماڵئاوایی کرد، مەلا عەولاش لە ٢٤ی نیسانی (٢٠٠٠) لەشاری هەولێر لەتەمەنی (٧٣) ساڵیدا بەنەخۆشی کۆچی دوایی کرد و لەگۆڕستانی گردەڕەشەی شاری هەولێر بەخاک سپێردرا.

لەبەشێکی دیی نامەکەیدا کە لەدووسەت و پەنجاوچوار وشە پێکهاتووە مەلاعەولا بۆ مامڵێ دەنووسێ: ئەمن لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیم دا بێ دڵی خۆمم قەت نەکردییە، چۆن وچیم بەراست زانیبێ، بەبێ ئەوەی گوێ بەهیچ کۆسپ وتەگەرەیەک بدەم، هەروام کردی یە، هەموو ئارەزوو نیازەکانی خۆمم بەجی هیناوە، ئێستا لەئاواتی سەرفیرازی هەموو کوردستان بەدەر لە دیتنی موکریان وسابڵاخ وئێوەی خۆشەویست بەولاوە، نیازێکی دیکەی وام نەمایە کە زۆری بۆ بەپەرۆش بم.

خوێنەر کە ناوەرۆکی نامەکە دەخوێنێتەوە، دەزانێ (مەلا عەولا) چ سۆز وخۆشەیستی و ڕێزێکی گەورەی بۆ هونەرمەند (محەمەدی مامڵێ) هەبووە، هەرچەندە پێشتر نەیدیوە و لەنزیکەوە ناسیاویان نەبووە، دەریشدەکەوێ کەچەند تامەزرۆی بینینی ناوچەی موکریان و سابلاخ بووە بەلام هەوڵی داوە ئەو نامەی کەبەدەستی (مامڵێ) نەگەیشت بکاتە پردی دروستکردنی پەیوەندی نیوانیان و دەربڕینی ئیعجابی بۆ دیتنی مامڵێ و ناوچەی موکریان و سابڵاخ وەک خۆی نووسیوویەتی، چونکە وەک خۆی لە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ (عەلی کەریمی) دا دەڵێ: (من سابلاخم نەدیتیە).

مەلا عەولا شەیدای دەنگە بەسۆزەکەی مامڵێ و هونەرە بەرز و ڕەسەنەکەی بوو. ئەو ڕاستییەش لەدەقی نامەکەی مەلاعەولا بۆ هونەرمەند محەمەدی مامڵێ بەڕاستی دەردەکەوێ کە لێرەدا بۆیەکەم جارە دەیخەینەڕوو، کە بێگومان پەردە لەسەر هەندێک ڕاستی هەڵدەداتەوە و زۆر شتی شاراوە و قسەی هەڵبەستراو و چیرۆکی نادروست لەسەر بوونی هەر جۆرە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و قسە و لێداونیکی نێوان ئەم دوو کەڵە پیاوە بۆخوینەران و شەیدایانی دەنگی مامڵێ ڕوون دەکاتەوە، ئەمەش دەقی نامەکەی مەلاعەولای حاجی سمایل ناسراو بە (مەلا ماتۆڕ)ە کەساڵی (١٩٩٧) بۆ هونەرمەندی گەورە محەمەدی مامڵێ ناردووە:

برای زیدە خۆشەویستم کاکە حەمەی بەڕیز

بەنزاوە لەخودای مەزن دەپاڕیمەوە، کەبەساغی وسەلامەتی وتەندروستیی باش و سازەوە تەمەنت زۆر درێژ بێت. دەنگوباسی نەخۆشیتانم پێگەیشت، لەلایەکەوە زۆری پێ نیگەران ودڵتەنگ بووم، لەلایەکی دیکەشەوە ئارەزووی سەردانی شارە تێکۆشەر و ڕەنگینەکەی سابڵاخ، شاری چوارچرا و قازی نەمر و کاکە حەمەی خۆشەویستم بەرادەیەک هەڵچووە، خەریکە کەفوکوڵی بەرچاوم تاریک بکات، ترسی ئەوەشم لێنیشتی یە، کە ئەو ئارەزووە دێرینەم ببەمە بن گڵی!. بەڵێ... ئەمن زۆر لەمێژە بەحەزرەت دیتنی سابڵاخ و سەرجەمی هەرێمی موکریانم، بەڵام ئەوە چەند ساڵێکە ئارەزووی دیتنی روخساری جەنابیشتان بووەتە سەربار.

ئەمن لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیم دا بێ دڵی خۆمم قەت نەکردییە، چۆن وچیم بەراست زانیبێ، بەبێ ئەوەی گوێ بەهیچ کۆسپ و تەگەرەیەک بدەم، هەروام کردی یە، هەموو ئارەزوو نیازەکانی خۆمم بەجی هیناوە، ئێستا لەئاواتی سەرفیرازی هەموو کوردستان بەدەر لەدیتنی موکریان و سابڵاخ و ئێوەی خۆشەویست بەولاوە نیازێکی دیکەی وام نەمایە، کە زۆری بۆ بەپەرۆش بم.

هیوادارم هەلێکی وام بۆ



برەخسێ بتوانم ئەو ئاواتەشم بهێنمە دی! بەڵام لەپێش رەخسانی ئەو هەلەدا، با بەنامە ئاڵوگۆڕکردن یەکدی بدوێنین و بەسەر بکەینەوە. ئەوا ئەم هەلەم بۆ رەخسا کە دوور بەدوورت بدوێنم، بۆیە ئەوا ئەو چەند دێرەم بەو هیوایە بۆنووسی کە بەخزمەتتان بگات وبکەوێتە بەرنەزەر و هەستی نازکتانەوە.

رێزوسلاوی بێ پایانم بۆ هەموو خزم و دۆست و برادەرانت هەیە.

هەربژین بۆ برای دڵسۆزتان

مەلا عەوڵای حاجی سمایل

هەولێر

١٩٩٧/١/٢١

**تێبینی:**

ئەوا دانەیەکم لەبەرگی یەکەم لە ( سەربردەی ژیانی سیاسییم)دا بۆ ناردی، هیوادارم بگاتە خزمەتتان و وەبەر نەزەرتان بکەوێ. بەم زووانەش بەرگی دووەمی بە چاپ دەگەیەنم، کە لەرۆژی چواردەی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨وە تا رۆژی ١٩٦١/٩/١٠ دەگریتە خۆی، کە رۆژی هەڵگیرسانی شۆرشی پیرۆزی ئەیلوولە، کە دەرچوو هەوڵدەدەم ئەویشتان بەخزمەت بگەیەنم.

عەلی کەریمی، ژیان وبەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی ( مامۆستا عولەما)، وەزارەتی رۆشنبیری بەرێوبەرایەتی گشتی چاپ وبڵاوکردنەوە، سلێمانی، چاپی دووەم، ٢٠٠٥، لاپەرە ١٨٩.

# سەبارەت بە نازناوی (بێزار)ی هونەرمەند ڕەسول بێزار گەردی


سەبارەت بە نازناوی (بێزار)ی
هونەرمەند ڕەسول بێزار گەردی

سەردەمانێک لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا واباوبوو، کە
نووسەران و شاعیرانی کلاسیک دەبوو نازناوێکی کوردیان
هەبووایە، لەنێو خەڵکیدا پێی بناسرێنەوە، هەروەکو
پەشێو، بێکەس، بێبەش، خەمبار، ناکام...
ڕەسول بێزار گەردیش لەگەڵ ئەوەی دەرچووی سەرەتایی
بوو، و زۆری نەخوێندبوو، بەڵام دەستی نووسین و
هۆنینەوەی هۆنراوەی هەبوو، بەتایبەتی لیریک
(هۆنراوەی گۆرانی) و هەروەها دانان و نووسینی حەیرانیش،
بۆیە پێویست بوو وەک ئەوانی دیکە نازناوێکی ئەدەبی
هەبووایە، و ئەو نازناوەش دووبارە نەبێت و هی
نووسەر و شاعیرانی پێشووتر نەبێت. ئەویش لەبەر ئەوەی
کە هەر لە تەمەنی منداڵی باوکی مردبوو، ولە ناز و
خۆشەویستی باوک بێبەش بوو، هەروەها هەردوو
براکانی هەر لەمنداڵییەوە بەنەخۆشی مردبوون، و
هونەرمەند بەتەنیا ماوەتەوە، و هاتۆتە هەولێر و
پلکی بەخێوی کردووە، و وازی لە خوێندن هێناوە،
هەر لە منداڵییەوە شانی داوەتە بەر کارکردن بۆ پەیداکردنی
بژێوی ژیان، ژیانێکی پڕ لە ناخۆشی و ناسۆری و پڕ
لە نەهامەتی و ماندووبوون ژیاوە، بۆیە نازناوی
(بێزار)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، هەروەها هەتا
جیا بێت لە نازناوی (گەردی)، کە زۆرێک لە خەڵکی
ئێستاش بە هەڵە ناوی بە (ڕەسول گەردی) دێنن،
چونکە خەڵکانێکی زۆر لەناو هۆزی (گەردی) ئەو
ناو و نازناوەیان هەیە.

هەندرێن خۆشناو
نەوەی هونەرمەند
١٨ / ٧ / ٢٠٢١ - هەولێر

سەردەمانێک لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا واباوبوو، کە نووسەران و شاعیرانی کلاسیک دەبوو نازناوێکی کوردییان هەبووایە، لەنێو خەڵکیدا پێی بناسرێنەوە، هەر وەکو (پەشێو، بێکەس، بێبەش، خەمبار، ناکام...)

ڕەسول بێزار گەردیش لەگەڵ ئەوەی دەرچووی سەرەتایی بوو، زۆری نەخوێندبوو، بەڵام دەستی نووسین و هۆنینەوەی هۆنراوەی هەبوو، بەتایبەتی لیریک (هۆنراوەی گۆرانی) و هەروەها دانان و نووسینی حەیرانیش، بۆیە پێویست بوو وەک ئەوانی دیکە نازناوێکی ئەدەبی هەبووایە، ئەو نازناوەش دووبارە نەبێت و هی نووسەر و شاعیرانی پێشووتر نەبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی کە هەر لە تەمەنی منداڵی باوکی مردبوو، لە ناز و خۆشەویستی باوک بێبەش بوو، هەروەها هەردوو براکانی هەر لەمنداڵییەوە بەنەخۆشی مردبوون، هونەرمەند بەتەنیا ماوەتەوە، هاتۆتە هەولێر و پلکی بەخێوی کردووە، وازی لەخوێندن هێناوە، هەر لە منداڵییەوە شانی داوەتە بەر کارکردن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، ژیانێکی پڕ لەناخۆشی و ناسۆری و پڕ لەنەهامەتی و ماندووبوون ژیاوە، بۆیە نازناوی (بێزار)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، هەورەها هەتا جیا بێت لەنازناوی (گەردی) کە زۆرێک لەخەڵکی ئێستاش بە هەڵە ناوی بە (ڕەسول گەردی) دێنن، چونکە خەڵکانێکی زۆر لەناو هۆزی (گەردی) ئەو ناو و نازناوەیان هەیە.

**هەندرێن خۆشناو**
**نەوەی هونەرمەند**
**هەولێر/٢٠٢١/٧/١٨**



# باخچەی دیوان

- ساڵۆنی لاپەڕە (٩)

# چالاکییەکانی ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان






**١-کۆڕی ناساندنی کتێبی (ڕەمزی نافیع ڕۆڵەیەکی فیداکاری هەولێر بۆ سەربەخۆیی کوردستان).**
**چوارەم بڵاوکراوەی ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیە**
**٢٠٢١/٨/١٤**






**٢-کۆڕی ناساندنی کتێبی (تۆ کێیت) بۆ نووسەر مەجید عەبدولڕەحمان خۆشناو. ٢٠٢١/٨/٢١**
**پێنجەم بڵاوکراوەی ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیە**





**٣-سەرپەرشتیاری مەکتەبی راگەیاندنی ی.ن.ک لەگەڵ ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندن کۆبۆوە . ٢٠٢١/٨/١٩**



سۆشیال میدیای
تەلەفزیۆنی گەلی
کوردستان-هەولێر
مینبەرێک بۆ
هەواڵی خێرا و
زانیاری دروست.

GK
HAWLER HD

fk.com/GK-Hawler-HD

لێرەوە خێراتر بەرنامەو بەرهەمە جیاوازەکانی تەلەفزیۆن ببینن

دوا لاپەڕە

# وەهمی نووسەرو ئەدیبی کورد



سمکۆ عەبدولکەریم

نووسەر و ئەدیبی کورد لەنێو وەهمی زماندا خنکاوە، بەدیوەکەی دیکەشدا خوێنەر و ڕەخنەگریش نووسەر و ئەدیبی کوردیان لە نێو زماندا زیندانی کردووە.

مەبەستم ئەوە نییە بڵێم زمان ڕۆحی دەق نییە، مەبەستم ئەوەش نییە بڵێم بەبێ زمان دەتوانرێ ئەفراندن بکرێ، وەک ئەوەی ناشمەوێ بڵێم، ناوەڕۆک و فیکری نووسەر بکرێتە قوربانی زمان، ئاخر ئێستاش کەباسی هەژار موکریانی دەکرێ هەر دەڵێن کوردی زانێکی بلیمەت بوو، کەس باسی فیکر و ئەندێشە و دونیابینی ئەو ناکات.

نووسەر و وەرگێڕێکی بلیمەتی وەک عەزیز گەردی، هەموو ئەوانەی ناوی دێنن جگە لە زمانە پاراوەکەی، ئاماژە بۆ هیچ دونیابینی و ناواخنی کتێبەکانی ئەو ناکەن، لەوەتەی کەریم کاکە دەقەکانی بڵاو دەکاتەوە هەر گوێم لێیە دەڵێن زمانێکی کوردی جوان و پاراوی هەیە.

کاتێک شەفیقی حاجی خدر کتێبێکی ئەدەبی، یان سیاسی، یان بیرەوەری سیاسییەک وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی هەموو ئەوەی گوێم لێدەبێت لە بارەیەوە، باس باسی زمانە کوردییەکەیەتی، کەس باسی ناوەڕۆکی کتێبەکانی ناکات.

وەختێک دەبینم نووسەرێک لە سۆشیال میدیا باسی کتێبی نووسەرێکی هاوڕێی بەدوو سێ ڕستە دەکات، دەڵێ: بەڕاستی نووسەر بە زمانێکی کوردی پاراو بیرەوەرییەکانی نووسیوەتەوە.

بیرمە کە ئازاد بەرزنجی ڕۆمانی چاوەکانی بزورگی عەلەوی کردە کوردی، ستایش هەر ستایشی ئازاد بەرزنجی بوو، هەربابا بوو دەیگوت: بەڕاستی جوانی کردۆتە کوردی، کەسم نەبینی ستایشی ڕۆمانەکە بکات، کە لەڕاستیدا ڕۆمانەکە بەقەد وەرگێڕانەکە و زیاتریش جێگەی ستایش بوو.

بۆیە پێم وایە، زمان ئەو زیندانەیە نووسەرو ئەدیبی کوردی لەماڵەکەی خۆیدا کوشتوە، ئاخر ئینگلیزێک، فارسێک، عەرەبێک، تورکێک، هەر بیانییەک چ کاری بە زمان پاراوی و کوردییە جوانەکەی ئێمەوە هەیە، بۆ ئەو ناوەڕۆکی دەق و فیکرەکەی جێگەی سەرنجە و ڕەنگە ئەگەر پێبگات هەر ئەوە پاڵنەری چوونە نێو دونیای ئەو بێت، هەر ئەوەش فاکتی وەرگێڕانی دەقە بۆ زمانەکانی دی.

نووسەر و ئەدیبی کورد هێندەی بەدوای وەهمی زمانەوەیە، مسقاڵێک بەدوای ئەفراندن و تێپەڕاندنی فیکرەوە نییە، بەشێوەیەک زمان گەمارۆی داوە، هێچ خەیاڵی بەلای ئەوەوە نییە تێبگات و بزانێت هونەری بڕینی سنوورەکانی دونیای ئەدەب، دونیای نووسین چین، ئەو بوێرییە چییە دەبێ هەیبێ بۆ ئەوەی باشتر و فراوانتر بخوێنرێتەوە؟

ئەو ئێستاش هەر تەنیا بۆ من دەنووسێت، ئەو ئێستاش هەر بەو خەیاڵەوە دەنووسێت کە خوێندیانەوە پێی بڵێن: بەڕاستی زمانەکەت، کوردییەکەت زۆر پاراو و جوان بوو.

من ئەو ستایشەی زمان کە لە ناو کورد-دا دەیبینم لە هێچ کوێیەک بەوشێوەیە نایبینم تێڕوانینی من وەک کوردێک بۆ هەندێ کتێبی کوردی هەر ئەوەندەیە، ئەگەر وەرگێڕان بن. هێچی لێ قووت نەکرابێ، مانای وەک خۆی وەرگێڕابێت، کە خوێندمەوە لێی تێبگەم، واتە بەلای منەوە هێندەی گەیشتنی ناوەڕۆکی کتێب گرنگە هێندە بە دوای سیحری زمانەوە نیم.

ئەو بۆچوونەم بەشێوەیەکی گشتییە، ئەگەرنا دەزانم، سحری زمان لە نێو دەقی ئەدەبیدا، بە تایبەتیش شیعر و پەخشاندا چ چێژ و جوانییەک بەدەق دەبەخشێ.